ژمارە: (٤٥)
ساڵی چوارەم، ئۆکتۆبەر، ٢٠٠٩

**گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە**
**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**مانگانە دەریدەکات**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**سەرنووسەر:**
**محەمەد کوردۆ**
mhamadkurdo@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:**
**محەمەد عەبدوڵڵا**

**سەرپەرشتیاری هونەریی:**
**ڕێبین مەجید**

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

**دەستەی نووسەران:**

**کارزان عەبدوڵڵا**
**ئەکرەم محەمەد ئەمین**
**نەورۆز جەمال**

**تایپیست:**
**پەیام ئەحمەد**

**هەڵەچن:**
**سنەوبەر کەریم**
**مونا عەبدوڵڵا**

**لۆگۆ:**
**حەمیدی ئازمودە**

**مۆتیف:**
**خالید محەمەد**
**ستار قادر**

**تیراژ**
**٥٠٠**

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە :** | | |
| ◆ زەمەنی هەتیوان | دیدارمەسیفی | ٧ |
| ◆ شانۆوسەرەتاکانی شانۆی منداڵ | لەتیفهەڵمەت | ١٥ |
| ◆ لەبەر دەرگای دەرەوە لەنێو جەنگدا.......... | هۆشەنگ شێخ محەمەد | ٢٥ |
| ◆ یەك دوو سەرنج لە بارەی شیعرەکانی باشبلاخی- یەوە | لەتیف فاتح فەرەج | ٣١ |
| **دەق :** | | |
| ◆ سەعات پێنج دەقیقەی دەوێ بۆ سێ | دلاوەر قەرەداغی | ٣٧ |
| ◆ حیکمەتەکانی شەوێك | بەرزان هەستیار | ٤٣ |
| ◆ مەخلوقێك لە ڕەنگ | کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٤٦ |
| ◆ کتێبێکی بچکۆلە - دەرەوەی قەلاکە | ڕێبین ئەحمەد خدر | ٥١ |
| ◆ نادیار | ڕابەر فاریق | ٥٤ |
| ◆ لەودیو چەمی دۆزەخەوە | بێستون حەسەن | ٥٥ |
| ◆ ئاوازی فرەك | سوارە نەجمەدین | ٦٢ |
| ◆ پەیکەر | دڵشاد حسێن | ٦٣ |
| **دیدار :** | | |
| ◆ د.دڵشاد عەلی: کەسانی ڕەخنەگری بەتوانا تائێستاش لە دەرەوەی زانکۆ دەبینرێن | شەمێران سلێمان | ٧٧ |
| ◆ دیدار لەگەڵ ئەمجەد شاکەلی | ستیڤان شەمزینانی | ٨٥ |
| ◆ جەهانگیر: پێویستمان بە ڕۆشنبیری یاخی هەیە یاخی لە شتە پیرۆزەکان | بەختیار کەریمی | ٩٩ |

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **وەرگێڕان :** | | |
| ◆ ڕۆمانی ریالیستی لە ئەوروپا | مستەفا زاهیدی | ١١٥ |
| ◆ جان دەمۆ شاعیری بێ قەسیدە...! | غەفور ساڵح عەبدوڵلا | ١٢٦ |
| ◆ ماریۆ ڤارگاس یۆسا: کاتێك ئەدەبیات دەبێتە قوربانیی سیاسەت | شەریف فەلاح | ١٣٥ |
| ◆ لە کافکاوە تا هێرتا موولێر | ئەنوەر عەبدوڵلا | ١٥٤ |
| ◆ سارتەر:لە نێوان شەیتان و خودادا مرۆڤ هەڵدەبژێرم | سەرگوڵ خودا یار | ١٥٧ |
| ◆ جیاوازی | مەریوان هەڵەبجەیی | ١٦٢ |
| ◆ لەماڵی نزار قەبانی-دا | ئاوات حەسەن ئەمین | ١٦٥ |
| ◆ چۆن ماچکردنێك | جەواد حەیدەری | ١٦٩ |
| **هونەر:** | | |
| ◆ عەبدولی حەمە جوان: ئێستاش کە دەچمە سەرشانۆ، دەترسم | موحسین یاسین | ١٧٥ |
| ◆ غەمگین فەرەج: سڵ لەوە دەکەمەوە بەرهەمێکی نوێ درووستبکەم و فرێبیدەمە نێو ئەو فەزا دژوارو ئاڵۆزەوە | شۆڕش محەمەد حسێن | ١٧٨ |
| ◆ موعجیزەی سینەما | دلێر محەمەد | ١٩١ |
| ◆ دەستگیرکردنی پۆلانسکی، سینەماکاران دووچاری شۆك دەکات | چنور محەمەد | ١٩٥ |

# لێکۆڵینەوە

## زەمەنی هەتیوان

دیدار مەسیفی



## شانۆ و سەرەتاکانی شانۆی منداڵ

لەتیف هەڵەت

## لەبەر دەرگای دەرەوە لەنێو جەنگدا، هەر لەنێو جەهەننەمدا

هۆشەنگ شێخ محەمەد



## یەك دوو سەرنج لە بارەی شیعرەکانی باشبلاخی-یەوە

لەتیف فاتح فەرەج

# زەمەنی هەتیوان

دیدار مەسیفی

(ئیتر با دووبارە پاڵ بکەوم.
من نەخشەکێش نیم، بەڵکو کەسێکم لە بەرد.
لێرە لە جووڵە کەوتووم و لە کەلێنی بەردێکدا گیربووم، ئەوەی لە دەستم بێت تەنها رامانە لە هێڵی ئەو دوکەڵەی کە بەرەو ئاسۆ دەکشێت. من لە هێڵە زیوینەکەی ئەو دوکەڵە ناسکترم. بۆیە ناتوانم لێرە وەك منداڵێکی گۆشکراوی نێو ئەو شاخانە لەسەر عەرشی بەردینی خۆم دابنیشم بڕوانە ئەو شاخە چەند شێوەی لە عەرشێکی ئارام






دەچێت؟- کە لە نێویدا، من دەمێك دەبم بە منداڵەکەی جاران و دەمێکی دیکە پیرە پیاوم و زەمەن خۆی بۆم جلەو دەکات تا بمگەڕێنێتەوە رابردوو. لەرزۆکم، پێیەکانم بەسەر زەمینێکی پتەودا وەستاون، کە بە جۆرێك دەخولێتەوەو هەرگیز باکی نییە ئێمە چەند دەجوولێین، چۆن و تا کوێ سۆزو پەیمانەکانمان بە جێدەگەیەنین، حەزدەکەین تا چ مەسافەیەك هەنگاو بنێین ئنیجا بمرین. زەمین لە ژێر پێیەکانمان هەر رۆژەو جارێك بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، لە ساڵێکیش یەك کەرەت بە دەوری خۆر، کەچی ئێمە هەر ئەوانەی جارانین بەسەر ئەودا، بەسەر مێژوو و مردووانمان. من جارێك مارشم بۆ شا کردو جارێکیش بۆ کوردان، کەرەتێك لەگەڵ تۆو کەرەتێکی دیکە بە تەنیا لەگەڵ نەغمەی بوولبوولانی نێو پەنجەکانم، بەڵام من هەر ئەو هەتیووەم کە زەمین بە خولانەوە هێواشەکەی لە دوای خۆی جێیهێشتووە. سەرەرای ئەوەی من هەنگاوەکانم لێرەو لەوێ جێیهێشتوون، ئێستاکە دەبێت دابنیشم. لەسەر ئەو عەرشە بەردینە بگیرسێمەوە، لە کەلێنی ئەو شاخانە دابنیشم و لە ئاسۆ بڕوانم. بمێنمەوە بۆ رامان، دووکەڵێك بە با بکەم و شتێك بدرکێنم و ئینجا بمرم، دواجار دڵسۆز بمێنمەوە بۆ شەماڵی وڵاتە کپ و بێدەنگەکەم).

ئەوەی نێو کەوانە، دوا پەرەگراف و کۆتاییە لە رۆمانی زەمەنی هەتیووان لە نووسینی لالە خەدیوی*. ئەو وشانە نزاو دەردە دڵی رەزا پەژمان خوردیین، کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە کە لە پیریدا دوای کۆڵێك لە پەشیمانی و خەفەت دەچێتە تاقی بووستانی کرماشان و بۆ دارو بەردو هەوا قسەدەکات. رەزا دوائیەوەی بە منداڵیی دەخرێتە بەردەم کۆمێك لە رووداو و بەسەرهاتی ناجۆر، لە گەورەبووناکەسێکی وێڵ و ناسنامە لەتبووی لێ دروستدەبێت. نازانێت چۆن لەنگەر بگرێت لە نێوان کوردبوون و سۆز بۆ زێدی باو و باپیران یان مانەوە لەگەڵ ئازارەکانی دەروون و ئێرانیبووندا.

دیارە ئەو رۆمانەی لالە لە بەرجەستەکردنی پاڵەوانێکی وەك رەزا پەژمان خوردی و نووسینێکی پڕ لە سیمبول و جوانیی دەچێتە نێو قوڵاییەکانی پرس و گرفتەکانی کورد؛ زۆر بە جورئەتەوە بۆچوونەکانی دەخاتە سەر کاغەزو پەردە لەسەر گرفت و شتگەلێکی دیکە لا دەدات کە نەزانراو و نادیارن.

رۆمانی زەمەنی هەتیوان کتێبێکی قەوارە ٢٩٣ لاپەڕەییەو لەو پێنج پەرتووکەی خوارەوەوە پێکهاتوون:

پەرتووکی یەکەم- خوارووی شاخەکانی زاگرۆس، کوردستان ١٩٢١.
پەرتووکی دووەم- مەتەرێزەکانی نەهاوەندو نێو شاری سەقز ١٩٢٩.
پەرتووکی سێیەم- تاران، ئێران ١٩٣٨.
پەرتووکی چوارەم- کرماشان، ئێران ١٩٤٩ بۆ ١٩٦٩.
پەرتووکی پێنجەم- نزای خوردی پیرە پیاو، تاق بوستان ١٩٧٩.

حیکایەتوان لەو ڕۆمانە جوانەی لالە بەپێی ڕووداو و پێشهاتەکان لە کەسێکەوە دەگۆردرێت بۆ کەسێکی دیکە، ئەوەش جۆرە تەکنیکێکە کە هەم نووسەر دەباتە بەردەم ئەزموونێکی قورس لە نووسینی ڕۆمان، هەم ڕامان و هەڵوەستەو ڕەنگ بارینێکی زۆر دەخاتە بەرچاوی خوێنەر.

سەرەتای ئەو ڕۆمانە بەوە دەستپێدەکات کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە منداڵێکی کوڕی پڕ لە خەون و سۆزە لە نێوان دەرەوە، کە ڕوانینە لە ئاسۆو فڕینی باڵندەو ژوورەوە، کە بریتییە لە ماڵ و باوەش و سۆزی گەرمی دایك. دواتر وەك مێردمنداڵێك بە پانۆرامایەکی پڕ لە دابونەریتی کوردەواریی بۆ ئەشکەوتێکی نێو شاخەکانی زاگرۆس دەبرێت و خەتەنە دەکرێت، ئیتر ژیانی سادەو ساکاری بەتەواویی دەگۆردرێت. لە نێو ئەشکەوتەکەدا بە ئاگرکردنەوەو ڕامان لەو وێنە کۆنانەی کە سەر بەردەکاندا نەخشێنراون، بیری بە جۆرێك گۆش دەکرێت کە ببێت بە پاڵەوانێکی کورد، کەسێکی خۆڕاگرو بەهێز.

بە وەسفکردنی منداڵەکەو باوك و دایك و مام و ئامۆزاکان، هەروەها ئەو کەش و کەتوارەی بناری شاخەکانی زاگرۆس، لالە خەدیوی دونیایەکی پڕ لە سیمبول بونیاد دەنێت و خوێنەر بۆ ماوەیەکی درێژ دەخاتە نێو سیحرێکی قووڵ و گەورەوە. دواتر بە زرنگترین شێواز کەلتوورو مێژوو و ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کورد لە دەورانی ڕەزا شا، شۆڕشی سمکۆ، کۆماری مهابادو ڕووداوەکانی دواتر دەگێڕێتەوە. لە دەروازەیەکی دیکەشەوە بە بەرجەستەکردنی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، لالە هەوڵیداوە کەسێتی کورد بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو دەرئەنجامی سەرکەوتن و شکستییەکانی بخاتەڕوو.

پاڵەوان لە تەواوی بەشەکانی سەرەتا بە کوڕەکە ناوزەد کراوە. ئەو لە نێو ئەشکەوتەکە بە بینینی ئەو نیگارە کۆنانەی شەڕو سەرکەوتنەکانی باو و باپیران، بیروهۆشی تەواو بە خۆشەویستی هۆزو نەتەوەو خاك پەروەردە دەبێت. باب و مام و ئامۆزاکان بە درێژایی شەوانی مانەوە لە نێو شاخەکان حیکایەت و بەسەرهاتەکان بە ئاخاوتن و گۆرانی دەگێڕنەوە، بەڵام کوڕەکە هێشتا ئەو گۆرانە لە ناکاوەی ژیانی ئەستەم بۆ هەرس دەبێت و هەستدەکات باوەشی دایك لە هەموو ئەو شوێنانە شیرینترە کە لەگەڵ ئەواندا بۆی دەچێت.

دوای ئەوەی کوڕەکە لەگەڵ باب و مام و ئامۆزاکان لە ئەشکەوتەکە بە سواری ئەسپ دەهێنرێتەوە نێو ئاوایییەکەو وەك کەسێکی هەراش ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت. دایك پێیدەڵێت کەوا ئەو لەمەودوا مەردێکی کوردەو دەبێت پارێزەری خاك و دایك و خوشکەکانی بێت. لەو دەمەدا دەنگوباسی گەمارۆدان و جووڵەی سەربازەکانی ڕەزا شا دەگاتە ئاوایییەکە، ئەوە باب و مام و ئامۆزاکان دەخاتە نیگەرانییەکی گەورەوە. شەو بەرلەوەی دوژمن دەستی بووەشێنێت، ئەوان هێرش دەبەنە سەر مۆڵگەی سەربازەکان.



بۆ ئەو شەڕە کوڕەکەش لەگەڵ خۆیان دەبەن هەتا لە تەك باوکیدا وەك قارەمانێك بجەنگێت.

لالە خەدیوی بە وشە ئەو دیمەنانەی بە جوانترین شێوە وێناکردووەو خوێنەر دەخاتە بەردەم ڕووداوێکی زۆر زیندوو و ڕاستەقینە کە هەست بکرێت وەسف و سیمبول و گێڕانەوەکان باشترین سەکۆن بۆ دروستبوونی ڕووداوەکانی دواترو قەدەری پاڵەوانەکە.

باب و مام و ئامۆزاکان دوای شەڕێکی خوێناویی بۆ بەرگریکردن لە خاك بەرامبەر لەشکری ڕەزا شا، دەبەزن و قەتل و عام دەکرێن. کوڕەکە دوایئەوەی باوکی لە حاڵەتی پاڕانەوە دەبینێت، کاتێك بە سەربازەکەی کە ئەسیریکردووە، دەڵێت، کەوا نەیکوژێت، تووشی شکستێکی ڕۆحیی گەورە دێت. ئەوەش بە جۆرێکی سەیر کار لە کەسێتی دەکات و وەهای لێدەکات کە گومانی لە گشت وێنەو حیکایەت و گۆرانییەکانی باب و مام و ئامۆزاکان بێت.

ئەو سیناریۆیە کەوتووەتە دوا پەرەگرافی لاپەڕە ٦٦، کاتێك کوڕەکە بە دەنگێکی کپەوە بەو شێوەیەی خوارەوە باوکی دەدوێنێت.

(باوکە! باوکە! بۆچی دەپاڕێیتەوە؟ باوکە، هەستە سەرپێ! هەستە! هەستە هەتا ئێمەش وێنەکانمان لە بەردی نێو ئەشکەوتەکە بنەخشێنرێن، باوك لە دوای کوڕ، کورد لە دوای کورد...).

کوڕەکە ئەسیر دەکرێت و لە ئۆردوی سەربازان دەبرێتە بەردەم سەرهەنگێك بۆ لێکۆڵینەوەو مێشك شۆرینەوە. لەو کاتە ئەو مێردمنداڵێکی تەمەن یازدە- دوازدە ساڵانی جوان و چاو سەوزە کە لە نۆستالژیا بۆ خاك و دایك، سەرکەوتنەکان و نیگارەکانی سەر بەردەکانی نێو ئەشکەوتەکەو تێکشکانێکی لە ناکاوی باب و مام و ئامۆزاکان چیدیکەی نییە بۆ وەڵام.

لێرە بەدواوە ئەوکوڕە کوردەکەی جاران نییە، بەڵکو سەربازێکی وەفادارە لە خزمەت شای ئەعزەم و ناوی ڕەزا پەژمانخوردی پێدراوە. لە ئۆردوگاکە سەربازە شارنشینەکان بە پلارو ئاخاوتنە ساردەکانیان هەردەم دەروونی ڕەزا ئازار دەدەن، بەڵام لەبەرئەوەی دیمەنی تێکشکانی باب و مام و ئامۆزاکان لە نێودڵ و دەروونی گرێیەکی گەورەو قووڵترە، ڕەزا زوو تەسلیم بە خواستی سەرکردەو سوپاسالارەکانی شا دەبێت و لەجیاتی هەڵگەڕانەوەو جێهێشتنی ئۆردوگاکە. دواتر دەبێتە درندەیەکی وەها کە بۆ چاکەو ئافەرینێکی ئەوان، ئەوەی خراپەکارییە دژ بەخەڵکەکەی دەیکات و ئەنجامیدەدات.

سەرەتای ئەو ڕاهاتنە لە نامەی حیکایەتوانێك بە ناوی جەمشید باسی لێوە دەکرێت کە لە نامەیەکدا بۆ دایکی وەها وەسفی ڕەزای کردووە:

(کوڕێکی عەشایری کورد هەیە کە دوو قەرەوێڵە لە دووریی منەوە دەخەوێت و فارسییەکەی باشە. لەوانەیە لەبەرئەوە لای سەرکردەکان بووە بە خۆشەویستترین کەس و بەر هەمووان تفەنگی پێدراوە، بەڵام لێرە هەموو بە خائین ناویدەبەن).

له پەرتووكی دووەم، كاتێك لەشكر خەریكە گەمارۆی شاری سەقز بدات وشەرڤانەكانی سمكۆ شكست پێبهێنێت، ڕەزا ئاخاوتنەكانی جەمشید دەسەلمێنێت، كاتێك لە پرس و پەرسڤی سەكردەكانی لەشكر لە لاپەڕە ١١٦ وەها دەدوێت:

( سەرباز!

بەڵێ ئاغا!

ئێمە گەیشتینە سەقز.

بەڵێ ئاغا!

بۆچی ئێمە هاتووین بۆ سەقز؟

بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕانگێزییە بە ناو و دەنگەی هەردوو جەردەی هەڵگەڕاوەی كورد سمكۆو دێزلی، ئەوانەی لەگەڵ داواكاری پڕ لە كوفری سەربەخۆیین. ئەو شتەی كە میللەتی مەزنی ئێمە بێهێز دەكات! ڕیسوامان دەكات هەتا بە سانایی داگیربكرێین و هێرش بكرێتە سەرمان!

ئافەرین، سەرباز. سبەینێ هێرش دەستپێدەكەین).

ڕەزا پەژمان خوردی لە نێو شاری سەقز كەسێكی تێكشكاو و داغ لە دڵەو بەشێوەیەكی هیستریی ڕەفتار دەكات. سەرەتا سەری ئەو منداڵە پاندەكاتەوە كە پێشتر بە دایكی وتبوو سەربازێك لە نێو لەشكرەكەی ڕەزا شادایە ڕووی لە هی ئەو دەچێت.لالە لە زاری ئەو منداڵە كە حیكایەتوانێكە بە ناوی یەكەمین ڕوو بە زمانێكی پڕ لە سیمبول جوانیی تراژیدیای هەبوون و كاریگەریی خیانەت دەگێڕێتەوە. بەو پێیە ڕەزا وەك خیانەتكارێكهەرگیز ئامادە نییە گوێ لە منداڵێك بگرێت كە بەوپەڕی دڵسافییەوە لێی هاتووەتە پێش و داوای لێدەكات هاوشێوەیی زمان و ڕوو و ڕەگەزی خۆی بۆ بسەلمێنێت. هەوڵدەداتو دەیەوێت بیگەڕێنێتەوە ڕابردوو و بیكاتە كوڕە كوردەكەی جاران.

بەڵام ڕەزا وەها پەروەردەو گۆشكراوە كە زۆر بە سانایی یەكەم تاوانی بۆ خزمەتی شا ئەنجام بدات؛ سەرەتا پێكەوە لەگەڵ كۆمەڵە سەربازێك منداڵەكە بەر شەق دەدەن. دوایی خۆی بەپێی لە پۆستاڵ دەیكوژێت و بەر لە گیاندانی لە سەروگوێی خوێناویی نزیكدەبێتەوەو پێیدەڵێت.

(سوپاس بۆ خوا كە ئیتر ڕووت وەكو هی من نییە).

وەك ئەوەی ڕووی پێشووی منداڵەكە ڕووی بەزیو و دووبارەی خۆی و باب و مام و ئامۆزاكان بێت، بۆیە زۆر بێبەزییانە دەیسڕێتەوەو دەیشێوێنێت.

دواتر لە ڕەفتارێكی گەلێك بەدكارو ناشیرینتر كچ و ژنێكی سەقز هەتك دەكات و دەیانكوژێت. گێڕانەوەو وەسفی ئەو دوو ڕووداوە وەك تراژیدیایەكی زیندوو هەرگیز



زەینی خوێنەر جێناهێڵن. لالە لەو ڕۆمانەی چەندە پەرۆش بووە بۆ دەرخستنی جوانییە شاراوەكانی سەردەمی منداڵی ڕەزا لە بنارەكانی چیایی زاگرۆس، دە ئەوەندە لە ناوەڕاستی كتێبەكەدا تاوان و خیانەتەكانی ڕەزای زەق و گەورە نیشانداوە، بەڵكو ببێت بە وانە بۆ دووبارە نەبوونەوە. دیارە ئەوەش هەم شتێك لە زەینی خوێنەرانی دەچێنێت، هەم باشترین ئامادەكاریشە بۆ پەشیمانكردنەوەی ڕەزاو گەڕاندەنەوەی بۆ ڕابردوو و زێدی باپیران.

لە ناوەڕاستی كتێبەكەداو دوایی داگیركردنی سەقز، تەلێگرافیك لە لایەن كارەكتەرێك بە ناوی كاپتن غولام عەلی ئەنساری بۆ ڕەزا شا دەنێردرێت. ئەنساری باس لە سەركەوتن دەكات و ڕەزا وەك پاڵەوانێكی ئەو شەڕە بەو دەناسێنێت. داوا دەكات كە ڕەزا بۆ ڕاهێنانی زیاتر بگوازرێتەوە بۆ تاران، هەروەها هاوسەرێكی ئەو شارەی بۆ بدۆزرێتەوە. دواتر بە پلەیەكی بەرز ڕەوانەی كرماشان بكرێت، هەتا باشتر بە شوناسی تازەی ڕابگات، هەروەها بە گوڕتر لە خزمەت شای ئەعزەمدابێت بۆ سەركوت و دامركاندنەوەی هەر جووڵەیەك كە بۆنی كوردو جوداخوازیی لێبێت.

ڕەزا پەژمان خوردی پاڵەوانی زەمەنی هەتیوان لە تاران یادەوەرییەكان دوایكەوتوون، بەڵام ئەو لەوپەڕی كۆششدایە بۆ گۆڕینی ئەو ڕووەی كە بە هۆی كوشتنی منداڵە، بە ویستی بیگۆڕیت، سڕینەوەی تارمایی ئەو دایك و خوشكانە لە زەینی ئەویش بە هەتككردنی كچ و ژنەكەی نێو شاری سەقز.

لە تاران ئەو بەنێو كوچەو كۆڵان و جادەكاندا دەگەڕێت، هەستدەكات كەسێكی دیكەیە لە شارو سەردەمێكی دیكەدا. پاش ئەوەی شەوانی درێژ هاتوچۆی ماڵی سۆزانییەكانی ئەو شارە دەكات، دوای نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێكیش لە چایخانەی حاجی ئاغا لە جادەی عەبادان دادەنیشێت. نزیك بەو شوێنە ماڵی پیاوێكی ڕۆشن هەیە بە ناوی ئیرەج عەبادی،كە خاوەن تاكە كتێبفرۆشییە كە كتێبی بیانیی بفرۆشێت. ڕەزا لەگەڵ مەرگی ئەو پیاوە كچی ماڵەكەی دەكەوێتە بەر دڵ، كە ناوی مینایەو لە ماوەیەكی كەمدا دەیخوازێت.

لەو بەشەی تاران لالە بە زمانێكی دیكە وەسفی شوێن و ڕووداوەكان دەكات، بۆ نموونە زۆر زیندوو و پڕ لە وردەكاریی شەوانی ڕاموسان و پێكەوەبوونی ڕەزاو مینا دەگێڕێتەوە. زمانی نووسین هیچ پەردەو شەرمێكی نەكردووەتە بەربەست لەبەردەم كاری گێڕانەوەدا، وەك ئەوەیە كە خوێنەر بە گشت هەستەكانی ئەو ڕووداوانە بخوێنێتەوەو چێژیان لێ وەربگرێت.

دوای ئەوە ڕەزاو مینا بە سواری شەمەندەفەر بەرەو كرماشان بەڕێدەكەون و شار بەشار لە ئێرانی ڕەزا شا ڕادەمێنن، بەڵام لە یەكەم ساتەكانی گەیشتنندا مینا ماڵەكەی كرماشان وەك ئەوەی تاران نابینێت و هەوڵ دەدات بە هەمان شەمەندەفەر بگەڕێتەوە. لە لایەكی دیكەوە سەربازێكی زۆر لە ژێر فەرماندەی شووە كوردەكەی وەستاون و

زۆر لەو ئامادەترە بۆ رۆڵە تازەکەی کە پێیبەخشراوە. رۆژانی دواتر رەزا بە جادەو کۆڵانەکانی شاردا دەسوورێتەوەو فەرمان دەدات، هەرچی وێنەو پۆستەری کوردایەتی هەیە بیدرێنن. لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەنج و پیاواندا دەکات و تۆمەتباریان دەکات بە پشتگیریکردنی کۆماری مهاباد. لالە لە دروستکردنی رووداوەکاندا هەتا خزمەت بە رۆڵی رەزا بکەن، زرنگیی و بیرتیژییەکی بێوێنەی نیشانداوە. بەوە خوێنەر دەچێتە نێو ناخی کەسی تێکشکاو و خائین و گرێکوێرەکانی دەروونی دەبینێت و شیتەڵیان دەکات، هەروەها لالە لە چەند شوێنێکدا پەنجە دەخاتە سەر رۆڵی سەرکردەی بیر تەسك و ناوچەگەر لە وەرگەڕاندنی کەسی خەباتکەر بۆ گەلەکەی، بۆ کەسی خائینی دژ بە گەل.

لەگەڵ رووخانی کۆماری مهابادو بینینی وێنە تراژیدییەکانی لە سێدارەدان، رەزا تۆزقاڵێك لە خەونی خیانەت بەئاگادێت و دەکەوێتە نێو خەم و نیگەرانییەکی گەورەوە، بەڵام سەرەڕای قەوارەی گەورەی کارەساتەکە، هەتا دەرنگ و پیربوون بەئاگای ناهێنێن و پەشیمانی یەکجارەکیی پێناسەلێنن. مینا دوای بەخشین و گەورەکردنی شەش منداڵ لە پڕ کۆچ دەکات و دەمرێت. هۆشەنگ و حەمید گەنجن و لەگەڵ خوشك و براکانیان بێ دایك دەمێننەوەو قەدەریان ئەوە دەبێت کە وەك کورد لە کرماشان گۆش و گەورە بکرێن، پشت لەو دوو خاڵە بکەن کە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەرگی خوشکیان بەرۆکی رەزایان گرتبوو نەوەك کوشتبیەتی.

دیارە ئەو کۆتاییە چۆن شکستی سەرهەڵدان و شۆڕشەکان دەگێڕێتەوە، بەو پێیەش رووخان و نەمانی کەسی تێکشکاو و خائین رادەگەیەنێت. رەزا دەچێتە تاقی بوستان، دوایئەوەی منداڵەکانی بە هەتیوویی دەمێننەوە، بەڵام ئەو ئومێدێکی گەورەی هەیە کە ئەگەر یەکێکیانیش بێت، ئەوا دەتوانێت رۆڵێك بگێڕێت و تێیدا گوناهەکانی ئەو پاك بکاتەوە.

دوا وشە بۆ زەمەنی هەتیووەکان بگوترێت، ئەوەیە کە ئەو رۆمانە سەرەڕای تەکنیك، سیحری گێڕانەوەو ئەو پانۆرامەیەی کە دەیخاتە ژێر چاوی خوێنەر، یەکەمین و تاکە دەقە کە بە ئینگلیزییەکی قووڵ و جوان نووسرابێت و زۆرترینجار ناوی کوردی تێدا دووبارەو دووبارە بووبێتەوە.

زەمەنی هەتیووەکان رۆمانێکە کە بەسانایی زەین و بیری خوێنەر جێناهێڵێت.

* لالە خەدیوی نووسەرێکی ئەمریکاییەو لە ساڵی ١٩٧٧ لە ئەسفەهان لە باوکێکی کوردو دایکێکی فارس هاتووەتە دنیاوە. لالە پرۆفیسۆرە لە ئەدەبیات و ئەو رۆمانەی یەکەمین بەرهەمیەتی



و خاوەن خەڵاتێکی بەناو و دەنگە.

لەو نووسینەدا لەوانەیە دوا ناوی لالە وەك خۆی نەنووسرابێت، من دوای خوێندنەوەی ئەو رۆمانەو گەلێك بەدواچووندا هەوڵی زۆرمدا، ناوەکە بەپیتەکانی کوردی یان فارسی ببینم کە چۆن دەخوێنرێتەوە، تەنها بۆ جارێك لە تەون و وێبە جیاوازەکان توانیم ناوەکە بە خەدیوی ببینم.

تێبینی:

من لەبەر بەردەوامبوون لە خوێندنەوەو گەلێك هۆکاری دیکە ناتوانم بەردەوام کتێب بکڕم. بۆیە کە کتێبکی تازە دەکەوێتە بازاڕەوە، زوو داوا لە پەرتووکخانە دەکەم بۆم بهێنن، هەرچەندە سەرەتا لەگەڵ بینینی زەمەنی هەتیوان لە ناخمدا جۆرە هەستێکی دیکەم هەبوو و پێمخۆش بوو ئەو کتێبەی لالە بکڕم کە نرخەکەی تەنها (٢٤ $)ە؛ دواجار نەمکڕی و چاوەڕوان بووم هەتا پەرتووکخانە هێنای.

کەچی دواتر ئەوە جگەرکۆشەکەم بوو یەك پەرداخ شەربەتی بەسەر ئەو لاپەڕەیەدا رژاند کە تێیدا رەزا پەژمان خوردی خەریکی پەشیمانبوونەیەوە. بۆیە دەبێت کۆپییەکی تازە بۆ پەرتوکخانە بکڕم و ئەوەی بە شەربەتەکەش کە هەندێك لە لاپەڕەکانی زەردو نارنجی بوون بۆ ئەلانە هەڵبگرم تا گەورە دەبێت و دەیخوێنێتەوەو تاوێکیش بەو یادگارە پێدەکەنێت!

dmasifi289@yahoo.ca

**با جوانییەکانی ئەو نووسینە بە لاڤین پێشکەش بێت**



# شانۆو سەرەتاکانی شانۆی منداڵ

لەتیف هەڵمەت

## پێشەکی

بۆ یەکەمجار هونەری شانۆو شانۆگەریی و نووسینی دەقی شانۆیی لە وڵاتی یۆنان سەریهەڵداو سەرەتا هونەرێکی پەیوەست بوو بە جەژنەکانی یۆنان و ئاهەنگەکانی (جیۆنیز)ەوە کە سەماو گۆرانی و چەپڵەرێزان و هەڵهەڵەی تێدا پێڕەودەکراو وەکو دابونەریت و سرووتێك بۆ شکۆمەندی خواوەندەکان و پیاوانی دەسەڵاتداری دەوڵەتی یۆنان لەکات و دەمی تایبەتی خۆیدا نمایشدەکرا..

ئەو شوێنەی کە بابەتەکانی تێدا نمایشدەکرا پێیدەگوترا (شانۆ)و لە سەرەتادا بە هەندێك لە کەسانی ئاهەنگێڕیان دەگوت (کاهن)و دواتر ناوی نمایشکاریان لێنراو وردەوردە ئەوانەی کە هۆنراوەی ئەو ئاهەنگ و نمایشەیان دەنووسی و دەیانخوێندەوە ناوی (شاعیر)یان لێنراو دواتریش نووسەری ئەو هۆنراوانە ناونران نووسەرانی شانۆیی



و ناوەرۆك و مەبەست و ئامانجە رەوشتکاری و جوانکارییەکانی شانۆ پەیوەست بووە بە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی مێژووی یۆنانەوەو هەروەکو لە پێشدا گوتمان سەرەتا بە دابونەریت و سرووتی ئایینییەوە دواییش بە دابونەریت و مەرتاڵ و بەندو باوی کۆمەڵایەتییەوە..

شایانی باسە لە سەدەی چوارەمی زایینی و لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی قەشەیەك بەناوی (ئاریۆس) ویستی پیلان و پلانێك سازکات بۆ هاتنەکایەی شانۆی مەسیحی بەرامبەر بە شانۆی بتپەرستی، بەڵام بیرۆکەکەی سەری نەگرت و لەسەر ئەم بیروڕایانەی لە کڵێسا دەرکراو بیرۆکەکەی بۆ ماوەی سەردەمێکی دوورو درێژ زیندەبەچاڵ کرا..

دواتر لە دوای سەدەی شەشی زایینییەوە لە رووبەری ئەورووپادا دەقگەلێکی شانۆیی جوان و هاوچەرخ دەرکەوتن و زمانیشی وردەوردە گۆڕانکاریی لێکەوت و لەلاتینییەوە وای لێهات تێکەڵاوی زمان و زاراوەی ناوچەیی بوو.. تا وایلێهات بە زمانی جیاواز بابەت و دەق دەنووسرا وەك زمانی فەرهەنگی و زمانی ئەڵمانی.. هتد.

شایانی باسە هیچ یەکێك لەو شانۆییانەی لەو سەردەمانەدا پێشکەش دەکران وەکو دەقە شانۆییە شیعرییەکانی ئەسخیلۆس و ئەرستۆفان و دەیان شانۆیی نووسیتر لە دوورو نزیکەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بە منداڵ و بابەتی منداڵەوە نەبووەو راستەوخۆ شانۆنامەی کەسانی گەورە بووە.. تەنانەت شکسپیرو بەرنادشۆو ئیبسن و بریخت و بیکیت و چەندینی دی لە گەورە ناودارانی شانۆی وەك یۆجینی یۆنسکۆو بیتەرفایس و مۆلێرو ئۆجست سترندبرج و جان ئانۆی و جبریل مارسیل و جۆرج شەحادەو لویجی بیراندیلۆو جۆن ئاردن و ئارسەر میللەرو ژان ژینیەو سارتەرو چیخۆف، هەروەها سەعدوڵلا وەنەوس و محێدین زەنگنەو یوسف ئەلعانی و هتد کە سیان خۆیان لەقەرەی نووسینی شانۆیی منداڵ نەداوەو لەو بوارەدا خۆیان تاقینەکردۆتەوە..

***

ئەگەر باسی شانۆی کوردیش بکەین ئاشکرایە هونەری شانۆیی لە لای ئێمە هونەرێکی نوێیەو دەتوانم بڵێم لە ناوەندی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەوە ئەم هونەرەو نووسینی دەقی شانۆیی لە کوردستاندا سەری هەڵداوەو چەکەرەی کردووەو رەنگە باشترین دەقی شانۆیی خۆماڵی لەو سەردەمە ئاماژە بۆ کراوانەدا هەردوو دەقە مێژووئامێزەکەی پیرەمێرد (دوانزە سوارەی مەریوان)و (مەحمود ئاغای شیوەکەڵ) باشترین نموونەی ئەم بوارەبن..

بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هونەری شانۆو شانۆیی بە شێوەیەکی خۆڕسکی

لە هەندێك كۆمەڵگەی كوردەواریدا بەرجەستەبووەو پێڕەوكراوە، بمانەوێت و نەمانەوێت جۆرە چالاكییەكی رۆحی و ئایینی و مەزهەبی هەبووەو تاكو ئێستاش هەیەو دەچێتە خانەی جۆرێك لە جۆرەكانی شانۆی (ئاهەنگەری)یەوەو ئەڵقەی زیكرو تەپڵ و دەف و شمشێربازی و جۆری جموجوڵی دەروێش و شێخ لە تەكیێكانی رێبازی قادریدا، هەروەها ئەڵقەی ویردو نایی و جوولانەوەی جەستە.. لەخانەقاكانی رێبازی نەقشیداو هەروەها شیوەنی سالانەی شیعە كوردەكان لە عاشووردا بۆ ئیمام حوسین و هاورێكانی كە لە دەشتی كەربەلادا بە دەستی یەزیدی خوێنرێژو خوێنخۆرو شەهیدكران، جۆرێكە لە جۆرەكانی هونەری شانۆو دراماو دەتوانین ئەمەی دواییان (شیوەنی حەزرەتی حوسێن لە عاشوورادا) بە جۆرێك لەجۆرەكانی شانۆیی تراژیدیا لە قەڵەم بدەین..
هەروەها شایی و زەماوەندو شاوەر كوتان و درەوو شەن و كەوو راوەكەڵ و راوەرێوی و راوەكەو و سەمەنی دروستكردن و حەیرانبێژیی و لاوكبێژیی دیوەخانان و چیرۆكخوانی ناو چاخانەكانی سەرەتاو ناوەندی سەدەی بیست و هتد، هەمووی بە شێوەیەك لە شێوەكان هەندێك هەل و مەرجی سەرەتایی درامایان تێدایە وەكو شوێن و كات و پاڵەوان و ئەكتەرو گۆرانی و مۆسیقاو رووناكیی و خەیاڵ و هتد، هەروەها لەگەڵێك جۆرو چەشنی ئەو چالاكییانەدا كە منداڵ رۆژانەو شەوانە ئەنجامی دەدەن و ناونراون گەمەو یاری.. رەگەزی شانۆو شانۆیی منداڵ بە شێوەیەكی سەرەتایی هەیەو ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە گەمەو یارییەكانی منداڵانی كوردەوە، بەڵكو خاڵێكی هاوبەشە لە نێوانی منداڵانی هەموو جیهانداو نامەوێت لەم پێشەكییەدا لەوە بدوێم و بەڵكو دواتر لە ناواخنی ئەم نووسینەدا باسی دەكەم و هەندێك لەو چالاكی و گەمانەی منداڵ دەخەمەروو كە رەگەزو هەلومەرجی شانۆییان تێدایە..

## شانۆو رەگەزەكانی شانۆی منداڵ

مارك توین دەڵێت: شانۆی منداڵان لە مەزنترین داهێنانەكانی سەدەی بیستەمەو بەهێزترین مامۆستای رەوشتەو باشترین هاندەرە بۆ پێڕەوكردنی رێبازی جوان و شایستە كە بلیمەتی و ژیریی مرۆڤ پەی پێبردبێت.. لە بەر گرنگی و فرەبایەخی شانۆی منداڵان و كاریگەریی لە ژیانی منداڵدا.. پەروەردەكاران و پسپۆرانی دەروونی و كۆمەڵایەتی.. شانۆ بەهۆكارێكی كاریگەر لە قەڵەم دەدەن بۆ هاریكاریكردنی مامۆستایان لە بواری گوتنەوەی زۆربەی بابەتە گرنگەكاندا هەر بۆ نموونە دەكرێت مامۆستایان لە رێگەی شانۆوە گەلێك بابەتی زانستی و كۆمەڵایەتی و مێژوویی و هتد بۆ منداڵان روونبكەنەوە.. بەڵام لەگەڵ رەچاوكردنی قۆناغەكانی تەمەنی منداڵدا، چونكە ئەو



بابەتانەی منداڵ لە تەمەنی پێنج شەشساڵیدا پەسندی دەكات لە تەمەنی دە دوازدە ساڵیدا رەنگە بەلایەوە پڕوپووچ دیار بێت و ئەو بابەتەی منداڵانی تەمەن دە دوازدە ساڵی پێ دڵخۆش دەبن جاری وا هەیە دەبێتە مایەی ترس و غائیلە بۆ منداڵانی تەمەن پێنج شەش ساڵ.. شایانی گوتنە تاكو هەنووكە بچووكترین هەنگاو لە بواری شانۆی منداڵەوە لە كوردستاندا نەنراوەو ناتوانین بڵێین شانۆی منداڵ و ئەكتەری شانۆی منداڵ لە كوردستاندا بووە یا هەیە.و یا ئێستا هەوڵێك هەیە بۆ دامەزراندنی..
لەشانۆی سەركەوتووی منداڵدا دەبێت رەچاوی زۆر خاڵ بكرێت لەوانە:
١-دابینكردنی جۆری رووناكیی لەبارو گونجاو.
٢-بەرجەستەكردنی رەنگی شیاو.
٣-دەستەبەركردنی باڵۆنی رەنگاورەنگ و هەمەجۆر.
٤-دابینكردنی بوكەڵەی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە.
٥-رەچاوكردنی بوونی جۆرێك لە جۆرەكانی ئاژەڵ و باڵدار.
٦-بەرجەستەكردنی مۆسیقاو گۆرانی و هەڵپەركێ و گەمەی میللی لە شانۆنامەی منداڵدا.
جگە لەوانەش بۆ سەرنجراكێشانی منداڵ دەبێت كارەكتەری شانۆی منداڵان رۆڵی چاكەخوازی و پاڵەوانی خێرخوازی ببینێت و دژی كەسانی خراپەكارو ئەژدیهاو دێوو درنج و دێوەزمەو ئەرژەنگ رابوەستێت و شەڕیان لەگەڵدا بكات و لەناویان بەرێت و لە هەمانكاتدا دیاری و سەوقات و خەڵات و بەرات بە هەژاران و نەداران ببەخشێت و لە كاتی پێویستدا بەهانایانەوە بچێت و لە تەنگانەو مردن رزگاریان بكات و گەشبینیان لەلا بەرجەستە بكات و ئەم خاڵانەش هۆڵی شانۆیی مۆدێرن و لەباری دەوێت كە بەداخەوە لەكورستاندا نییە.. لەگەڵ دامەرزاندنی سیستمی پاشایەتی لە سەرەتای بیستەكانی سەدەی رابردوودا لە عیراق جموجوڵی شانۆیی كەوتە قوتابخانەكانەوەو لەناو عیراق و لە كوردستانی پاشكۆی عیراقیشدا لێرەو لەوێ بە شێوەیەكی سەرەتایی پێشكەش دەكراو من لە بیرمە لە قوتابخانەی ئامادەیی كفرییش كرا.. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەو جۆرە شانۆییانە بۆ گەورەبوو.. هەروەها مەبەستی تایبەتی لە پشتەوە بوو.. هەندێكجار مەبەست لە شانۆنامەكە ئەوەبوو باوك و كەسوكاری قوتابی هەژار.. جگە لەوەش راستە ئەو شانۆنامانە بەزۆری لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەكاندا پێشكەش دەكران، بەڵام بابەتەكەو ناوەرۆكەكەی بۆ گەورەبوون و پەیوەندییان بە منداڵەوە نەبوو..
هەرچۆنێك بێت شانۆییەكانی قوتابخانە چ لە عیراق و چ لە كوردستانی پاشكۆی

عیراقدا لە سەرەتای سییەکانەوە تاوەکو سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم رۆڵی باڵایان بینی بە ناساندنی شانۆگەریی و شانۆکاریی بە منداڵ و قوتابی بۆ چێژوەرگرتن لە هونەری شانۆ.. بەڵام هیچ یەکێك لەو شانۆییانە بابەتێکی ئەوتۆ شاکار نەبوون تا لەیاد مابێتن و هەر بۆ نموونە من لێرەدا نەختێك باسیان بکەم و بیکەم بە مایەی شانازی کاری شانۆیی بۆ منداڵ لە عیراق یا لە کوردستاندا.. چونکە ئەو شانۆییانە لە بنەڕەتدا بۆ کەسانی گەورە نووسرابوون و لە دوورو نزیکەوە هیچیان پەیوەندییان بەکێشەی منداڵان و هەست و چەژی منداڵان و بارودۆخی دەروونی منداڵانەوە نەبووەو هەمووشیان شانۆییەکی ئاسایی لیریکی یان تراژیدی یان کۆمیدی بوون و هەلومەرجی شانۆیی منداڵیان تێدا رەچاونەکراوەو نە لە عیراق و نە لە کوردستاندا تاوەکو ساڵی هەزارو نۆ سەدو هەفتا نموونەیەك نییە بووکەڵەو پەملەپسی تێدا بەرجەستەکرابێت و بووبێت بە کارەکتەرێکی شانۆییەکە.. خۆ راستە دەکرێت شانۆیی منداڵ شانۆییەکەی ئاسایی یان تراژیدی یان کۆمیدی یان لیریکی بێت، بەڵام پێویستە هەلومەرج و بارودۆخ و خەسڵەت و مۆرك و ئەدگاری شانۆیی منداڵی تێدا رەچاوبکرێت.

هەرچۆنێك بێت لەساڵی ١٩٧٠دا بایەخ بە شانۆیی منداڵ دراو (تیپی نواندنی نەتەوەیی) لە عیراقدا لە ساڵی ناوبراودا شانۆیی (مەلی بەختەوەری)و لە ساڵی ١٩٧٢دا لە ئامادەکردن و دەرهێنانی قاسم محەمەد شانۆیی (منداڵی دارین)ی پێشکەشکرد.. بەڵام لە راستیدا ئەوەی بە شانۆنامەی منداڵان بژمێردرێت و بەیەکەمین شانۆیی راستەقینەی منداڵان بنرخێنرێت ئەو شانۆییە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٥دا سعدون ئەلعبیدی بە ناونیشانی (گوڵە ئەرخەوان) نووسیبووی و دەریهانی و ئەم شانۆییە بوو بە بەردەسیلەی کاری شانۆیی منداڵان لە عیراقدا.

هەرهەمان تیپ لەساڵانی ١٩٧٦و ١٩٧٧وە ١٩٧٨دا شانۆیی (سوپای بەهار)و (عەلائەدین و چرای جادوویی)و (کچە جۆلا )و (پرد )یان لە بواری شانۆیی منداڵدا پێشکەشکرد.

هەروەها لەساڵی ١٩٧٢دا تیپی نواندنی سەر بە(بەڕێوەبرێتیی رۆشنبیریی منداڵ) شانۆیی (گوڵ و پەپوولە)و (فرفرۆکەی فریو)ی پێشکەشکردو تیپی نواندنی ئێستگەی بەغداش کە لە ساڵی ١٩٧٥دا دامەرزا چەند شانۆییەکی منداڵانی نواند لەوانە: (مریشکی ژیر)و (بەیانیت باش ئەی بەختەوەری)و (شێرو کەروێشك)و (هاورێکانی کێڵگە) هەر لەو بوارەداو لەو ساڵانەدا ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا شانۆیی (پاسە دێرینە عەنتەر)و (ماڵی ئاژەڵ)یان نواند.. یەکەمیان لە نووسینی (دکتۆر هانز دیتر شمیت) پسپۆری شانۆیی منداڵ لە ئەڵمانیای دیموکراتی جاران و دووەمیشیان لە



نووسینی سامۆئیل مارشاك و دەرهێنانی هانز دیتر شمیت.. شایانی باسە هەردوو شانۆییەکە دکتۆر فائیق ئەلحەکیم کردبوونی بەعەرەبی..

هەروەها لە ساڵانی حەفتادا نووسەرو هونەرمەند (حەسەن مووسا )و (مانع ئەلسعودی)و (جەبار سەبری)و (عەتییە حەمید خەلیفە) لە بواری شانۆی منداڵداو لە ئاستی عیراقدا گەلێك شاکارییان نواندو گەلێك خەڵاتی داهێنانیان بۆ خۆیان مسۆگەرکرد.. بەڵام هەر هەموو ئەمانەش هێشتا بەردەسیلەن و نەبوونەتە هۆکاری پێکهێنانی شانۆی سەرکەوتووی منداڵ لە عیراقداو هەر هەمووی ئەزموون و هەنگاونان بووەو لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقیشەوە لەم بوارەدا شتێکی ئەوتۆ پێشکەش نەکراوە دیاربێت و باسبکرێت.. ئەوەش لە بەرئەوەیە لەلای ئێمە هێشتا شانۆی تایبەتی منداڵ و نووسەرو دەرهێنەرو پێویستییە تایبەتییەکانی شانۆی منداڵ نییە..

بۆ ئەم مەبەستە بەردەستەکردنی بوونی شانۆو شانۆیی سەرکەوتووی منداڵ.. هەنگاوی یەکەم ئەوەیە مەڵبەندی شانۆی تایبەتی منداڵ دابمەزرێت و هۆڵێکی شانۆیی منداڵانی تێدابێت هەمووی خەسڵەت و بارودۆخێکی شانۆیی منداڵ تێدا دەستەبەرکرابێت و شانبەشانی ئەوەش پێشبڕکێ و خەڵاتی ساڵانە هەبێت بۆ باشترین دەق و شانۆگەری منداڵ و هەر بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بودجەی تایبەتی بخەملێنێت و مسۆگەربکات بۆ کاروباری شانۆی منداڵ لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی هەرێمی کوردستانداو لە فێستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەر جوانەکانی هەرێمدا بایەخی بەرچاو بە شانۆی منداڵ بدرێت و خەڵاتی زێڕین بۆ باشترینەکانی ئەو بوارە دابنرێت.. جگە لەوەش پێویستە دایکان و باوکان بواری شیاو و پێویست بۆ منداڵەکانیان برەخسێنن بۆ بینین بۆ شانۆو شانۆگەریی منداڵ و با ئیتر ئەو سەردەمە بە سەرچێت منداڵ لەگەڵ دایك و باوکاندا بچێت سەیری شانۆیی گەورە بکەن و زۆر زۆر بەدڵنیاییەوە دەیڵێم چۆن ناکرێت و نابێت منداڵ بەکۆرپەیی و قۆناغەکراوی لەو خواردەمەنی و چێشت و گۆشتانە بخوات کە دایکان و باوکان دەیخۆن بەو جۆرە نەبووەو نابێت منداڵان سەیری شانۆنامەو شانۆیی گەورە بکەن و هەروەکو چۆن چیرۆکی منداڵ و شیعری منداڵ و نۆڤڵێت و رۆمانی تایبەتی هەیە بۆ منداڵ بەو جۆرەش شانۆیی تایبەتی هەیە بۆ منداڵ..

بە باشیشی دەزانم دوای پێشکەشکردنی هەموو شانۆییەکی منداڵان راپرسییەکی تێرو تەسەل لەبارەی لایەنی ئەرێی و نەرێی بەرهەمەکەوە لە ناو ئەو منداڵانەدا بکرێت کە بابەتەکەیان بینیوەو گوێ لە سەرنجەکانیان بگیرێت و بایەخی شایستە بەبۆچوون و بیروڕاو تێبینییەکانیان بدرێت لەبارەی دەق و جۆری رەنگ و مۆسیقاو دیکۆرو باڵۆن و

ڕووناکیی و دەنگ و بووکەڵەو کارەکتەرەکانی شانۆییەکەوەو ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکەن کە زۆرینەی ئەو مندالآنە بەدڵنیان بووە.. یان بەدڵیان نەبووەو ئەوەمان لەبیربێت کە شانۆی منداڵ بۆ منداڵەو دەبێت ئەو هەلومەرجانەی تێدا برەخسێنرێت کە مندالآن بەدڵیانە.. باشتریش وایە دوای ئەوەی کە ئەو مندالآنەی شانۆییەکەیان بینیوەو بیروڕای خۆیانی دەربارەی دەردەبڕن.. تاوتوێی تەواوی ئەو بیروڕاو بۆچوون و سەرەنجانەیان بکرێت و بەهەند وەربگیرێت و پشتگوێ نەخرێت، چونکە شانۆگەری منداڵ بۆ منداڵەو دەبێت بە دڵی منداڵ بێت..

***تێبینییەك:**

بە ڕای من ئەگەرچی لە ڕووبەری جوگرافیای هونەری شانۆیی کوردیدا شوێن و هەتەری شانۆی منداڵ نییە، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان لە یاری و گەمەو هونەری میللی کوردیدا بابەتگەلێك هەیە کە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەك لە شێوەکان دەتوانین ناوی لێبنێین شانۆی منداڵ: لەوانە:

١-بووکە بە بارانێ: بووکە بەبارانێ لە ڕواڵەتدا لەیاری و گەمەو گەپێکی مندالآنە دەچێت، بەڵام بە ڕای من ئەم یارییە جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆو هەرگیز وەکو یاری هەڵاتێن و هەڵاقۆو میزراحێن و هەلووکێن و هتد نییە، بەڵکو کارێکی شانۆییەو ڕووداو و شوێن و کاتی تێدا ڕەچاوکراوەو پانتایی ئەم شانۆییە (ئەگەر لە گوندێکدا بکرێت) هەموو گوندەکەیەو ئەگەر لە شارێکیشدا کۆڵانێك یاخو شەقامێك یاخود گەڕەکێك دەبێت بە پانتایی بۆی و ئەم شانۆییە تارادەیەك ئاهەنگ ئامێزەو (واتا شانۆییەکی ئاهەنگەرییە)و جگە لە منداڵ گەورەش دەوری کارەکتەر لەم جۆرە شانۆگەرییە مندالآنە میللییەدا دەبینن و شانۆکە بەوە دەستپێدەکات کە لە پانتاییەکی کراوەدا هەندێك یاخود کۆمەڵێك منداڵی تەمەن جیاواز بۆکەڵەیەك لە داروپەڕۆو پاتاڵ دروستدەکەن و لە گوندێکدا یان لەکۆڵان یا لەشەقامی شارێکدا (لەساڵی قات و قڕی و بێ بارانیدا) دەگەڕێن و بەیت و باڵۆرە بۆ بووکە بەبارانێ بە دەنگی بەرزو هەمەجۆر دەڵێن و لە دەرگای ماڵان دەدەن و ژنان و کچان لە بەردەرگاو سەربانی ماڵانەوە بە سەتڵ و فەقرەج و تەشپی و جام و قەرەوانە ئاو بەسەر بووکەڵەکەدا دەکەن و کەسانی گەورەی ماڵەکان ڕاستەوخۆ دەبنە کارەکتەری شانۆییەکەو گەلێك جاریش ئاو بەسەر منداڵەکانیشدا دەکەن، ئیتر دەبێت بەقریوەی پێکەنین و هەراو وریا جاری واش هەیە بەشەڕە دەم و دەمەقاڵێ کۆتایی بە شانۆییەکە دێت. شایانی باسە بەرامبەر بەبووکە بەبارانێ، گەورەکان (کۆسە بەبارانێ) دەکەن و ئەمەش هەر جۆرە شانۆییەکە



لە سالآنی بێ بارانیدا گەورەکان دەوری تێدا دەگێڕن و لەم شانۆییەدا زەلامێك دەمامك دەکەن و دەموچاوی بە ڕەژوو ڕەشدەکەن و دووشاخی کەڵکێوی لەسەریدا دەچەسپێنن و هەندێك ملوانکەو متوومووروو دەکەنە ملی و بەناو دێدا یان بەناو شارۆچکەیەکدا یان بەناو شارێکدا دەگەڕێت و لە دەرگای ماڵان دەداو کۆمەڵێك پیاو و کوڕەکاڵی ناوچەو گەڕەکەکە دوای دەکەن و لە دەرگاو سەربانی ماڵانەوە ژنان و مندالآن ئاوی بەسەردا دەکەن و بەو نیازەی باران بباریت، لە ڕاستیشدا ئەو پیاوەی کە دەکرا بە ئەکتەری کۆسە بە بارانێ بە شێوەیەکی زۆر سامناك ئامادەو ئارایشت دەکراو گەلێك منداڵ لێی دەترسان و من خۆم لە تەمەنی پێنج شەش ساڵیدا جارێك لە جاران کۆسە بەبارانێم لە کۆڵانەکەماندا بینی و ئەوەندە سامناك و ترسناك بوو خەریك بوو لە ترسا زراوم بچێت و ئێستاش کە باسی جنۆکەو شەیتان بکرێت لە شێوەی ئەو کۆسە بە بارانێیەدا دێنەبەرچاوم.. بە هەرحاڵ لەم گێڕانەوەیە مەبەستم ئەوەبوو بڵێم بووکە بەبارانێ شانۆیی منداڵەو کۆسە بەبارانێ شانۆیی گەورەیەو لە هەردووکیدا زۆربەی هەلومەرجەکانی هونەری شانۆو شانۆگەریی هەیە..

٢-هەلووربلوور تەکامە: ئەمەش وا باوەو ناودێرکراوە کە جۆرێکە لە جۆرەکانی یاری و گەمەی مندالآن، بەڵام بە لای منەوە ئەم ناوەی بە هەڵە لێ نراوەو لە بنەمادا شێوەیەکی سەرەتاییە لە شێوەکانی شانۆیی مندالآن و لەمجۆرە شانۆییە میللییەدا زۆربەی هەلومەرج و بارودۆخە سەرەتاییەکانی شانۆو شانۆگەریی مندالآن هەیەو دەتوانم ئەم بابەتە ناوبنێم (کۆمیتراژیدی)، چونکە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی کۆمیدی دەستپێدەکات و منداڵەکان کۆدەبنەوەو لەکات و شوێنی دیاریکراودا دادەنیشن و قاچ درێژ دەکەن و پاڵەوانی سەرەکی شانۆییەکە لە ئەنجامی تیرو پشکێکی پەلەدا ڕۆڵی خۆی وەردەگرێت و سەرەتا مندالآن بەخۆشی و دشی و پێکەنینەوە دەست بەشانۆییەکە دەکەن و ئیتر وردەوردە لەگەڵ (تیکەی ڕاستم ئەمەی گەزی)دا سەرەتای تراژیدیایەك دەست پێدەکات، چونکە کاتێك پاڵەوان بەیت و باڵۆرەی خۆی دەخوێنێتەوەو دەڵێ:

هەلوور بلوور تەکامە
زەردو سوورو شەمامە
.....
.....
مێخك کوتا.. مێخ هەڵەزی
تیکەی ڕاستم ئەمەی گەزی

دەستبەجێ شووڵێکی بەئازار دەکێشێت بەو قاچەدا کە (ئەمەی گەزی بەردەکەوێت)و

شووڵەکە ترس دەخاتە دڵی منداڵەکانی ترەوەو ئیتر هەتا دیمەنەکە کۆتایی دێت دڵەراوکێ منداڵەکان بەرنادات و لە پڕ یەك بەیەك شووڵەکەیان بەردەکەوێت..

راستە ئەمە لەیاری دەچێت، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان هەلومەرجی شانۆیی منداڵانی تێدایەو ئەو هەلومەرجە وای لێدەکات لە گەمەو یاریی جیابکاتەوە..

٣-قەتار... قەتار: ئەمەش کە ناونراوە یاری منداڵان زۆربەی بنەماکانی هونەری شانۆی تێدایەو لەم چالاکییە شانۆییەدا کۆمەڵێك منداڵ لە کۆڵانێکدا یان لە گۆڕەپانێکدا کۆدەبنەوەو دەوری شەمەندەفەرو رێبوار دەبینن و بۆ ئەم مەبەستەش دە دوازدە منداڵ یاخود زیاتر رێز دەبن و پشتی یەکدی دەگرن و لە شێوەی رۆیشتنی شەمەندەفەردا رێدەکەن یەکێکیان دەوری شۆفێری شەمەندەفەرەکە دەبینێت و هەندێکجار لوورەیەك دەکات و دەوەستێت و ئیتر نەفەرەکانی پشتەوە دەکەونە هاتوهاوارو بە دەنگی بەرز لە شۆفێرەکە دەپرسن گەیشتین.. شۆفێر لە سەرخۆ پێیان دەڵێت کەمان ماوە.. ئیتر هەر نەختێك دەڕۆن و شەمەندەفەرەکە دەلوورێنێت و دەوەستێت و نەفەرەکان دەپرسن، گەیشتین..؟ شۆفێرەکەش دەڵێ کەممان ماوەو ئەم پرسیارو وەڵامە تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت و شەمەندەفەرو هەر دەڕوات و نەفەرەکان هەر ناگەنە جێی مەبەست و لەم شێوە شانۆییەی منداڵاندا بێهودەییەك بەدی دەکرێت لە جۆری بێهودەیی کەسانی ناو شانۆگەریی (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)دا کە سامۆئیل بیکت نووسیویەتی و لەم شانۆییەی بیکتدا کەسانی کارەکتەری ناو شانۆییەکە چاوەڕوانی کەسێك دەکەن کە ناوی (گۆدۆ)یەو کەسەکە هەر نایەت و نایەت..

لە شانۆیی میللی (قەتار) قەتاری منداڵانیشدا کۆمەڵێك منداڵی تەمەن هەمەجۆر لە ناو شەمەندەفەرێکدا سەفەر بۆ شوێنێکی دیاریکراو دەکەن و شەمەندەفەرەکە هەر ناگاتە ئەو جێگە دیاریکراوەو ناگات و ناگات.. شایانی باسە من لە کفری بەشەش حەوتساڵی ئەم یارییەم زۆر دەکردو بۆ مێژووش دەڵێم منداڵە تورکمانەکانیش بابەتێکی لەم جۆرەیان بە تورکمانی سازدەکرد، بەڵام ئیتر من نازانم ئێمە منداڵی کورد ئەم جۆرە شانۆییەمان لەوان وەرگرتبوو کوردانبوومان، یاخود ئەوان لەم بوارەدا لاسایی ئێمەیان دەکردەوە.. بە دڵنیاییەوە دەڵێم لەم جۆرە یارییە شانۆئامێزە لە کوردەواریدا زۆرەو دەیان نموونەی دی هەیەو لەگەڵێکیاندا تەنها کوڕ لە هەندێکیاندا تەنها کچ دەور دەبینین و لە هەندێکیشیاندا منداڵانی کوڕو کچ پێکەوە دەور دەبینن و نموونەی هەرە دیار لەو بوارەدا ئاهەنگی خەتەنەکردنی کوڕە کە لەناوەندی سەدەی رابردوودا باو بوو، بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیان، ئەو منداڵەی خەتەنە دەکرا لە پێشدا زۆر بەجوانی دەیانگۆڕی و خشڵی ئاڵتونیان لەمل دەکردو بەسواری ئەسپ و ماین لەناو



شاردا دەیانگێڕاو ئەنجا بەتەپڵ و دەفەوە خەتەنەیان دەکردو منداڵان کۆدەبوونەوەو نوقڵ و پارەیان بەسەردا دابەشدەکرا، ئیتر هیوادارم هونەرمەندانی کورد بەدیدێکی نوێوە بڕواننە ئەم لایەنەی کلتووری کوردی و بە هەوڵی هەموو لایەك زەمینەیەکی لەبارو گونجاو برەخسێت بۆ هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی شانۆو شانۆیی و شانۆگەری منداڵ لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە لە رێگەی شانۆیی منداڵانەوە دەتوانین بە جۆرێکی هاوچەرخانە هەموو منداڵێك فێری خۆشەویستی بکەین، خۆشەویستی نیشتمان و ئەوانی دی و کارێك بکەین کە منداڵ ئەوانی دی بەهاوڕێ بزانێت و بەو جۆرەش بەرپەرچی سارتەر دەدەینەوە کە دەڵێت ئەوانی دی دۆزەخن..

جگە لەوەش دەتوانین لە دەروازەی هونەری شانۆوە منداڵان بکەین بەکارەکتەرێکی سەرکەوتوو نەك هەر لەسەر شانۆی شوێن و بابەتێکی دیاریکراودا، بەڵکو لەسەر شانۆی خودی هەموو ژیانداو بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئیتر کاتی ئەوە هاتووە منداڵی کورد شانۆیی تایبەتی خۆی هەبێت و نابێت چی دی بوار بدرێت منداڵی کورد بەبینین شانۆیی گەورەکانەوە گۆش و پەروەردە بکرێت، چونکە شانۆی گەورەو منداڵ دوو جیهانی جیاوازن و هەریەکەو خەسڵەت و مۆرکی تایبەتی خۆی هەیەو ئەرکی سەرشانمانە لە شانۆدا منداڵان بخەینە پێکەنین و هەروەکو کبلنك دەڵێت: جوانترین شت لە ژێر ئاسماندا ئەوەیە منداڵێك بە نوکتەیەك پێبکەنێت.

****

بۆ ئەم نووسینە کەم و زۆر سوودم لەم سەرچاوانە بینیوە:

١-الخيال العلمي في ادب الاطفال، د.نوري جعفر.

٢-شانۆیی، في انتظار جودو، صاموئيل بيكت.

٣-كيف تكتب للاطفال/ جون ايكن.

٤-يوجين يونسكو، الاعمال المختارة، د.حمادة ابراهيم.

٥-الاحتيفالية في المسرح المغربي الحديث، محمد اديب السلاوي.

٦-الوجيز في دراسة القصص، د.عبدالجبار المطلبي.

٧-المداخل التربوية، فاضل عباس الكعبي.

٨-الرواية والمكان، ياسين النصير.

٩-بیرەوەری منداڵێتی خۆم.

# لەبەر دەرگای دەرەوە لەنێو جەنگدا، هەر لەنێو جەهەنەمدا



## خوێندنەوەیەك لەگەڵ خۆم، بۆ (لەبەردەرگای دەرەوە)ی ڤۆڵفگانگ بۆرشێرت


هۆشەنگ شێخ محەمەد

لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی:
ئەنوەر محەمەد ئەحمەد


خوێندنەوەی (لەبەر دەرگای دەرەوە)ی ڤۆڵفگانگ بۆرشێرت، بۆمن، خوێندنەوەی نەفرەتێك بوو لە جەنگ، لە فەرماندەو سەرکردەکانی جەنگ. دەنگێکی تورە، ترۆکراو، کە لە پشت دەرگاکانەوە هاوار دەکات و کەسیش مووی بۆ ناجوولێت.

لەبەر دەرگای دەرەوە، واتە لە پشت ژیان، لە نێو جەنگ و جەهەننەمدا. ژیانی کەسێك کە بە هەموو شێوەیەك لە ڕێی جەنگدا، بە ناوی ڕاستی و هەقیقەت، کەسایەتی و ناسنامەو مرۆیەتییەکەی زەوت دەکرێت، کەسێك کە دەبێتە تارمایی و شەبەحێکی بێڕوح، بێ حەزو بێ ویست و بێ ئیرادە. تەنانەت شێوەو ڕووخساری ئەو مرۆڤە دەبێتە ماسك بۆ جەستەیەکی بێ گیان و وشکبووەوە.

(ئەوان دەستیان بە جەنگ کرد، کە گەورەش بووین، بە حەزو شەوقەوە باسی جەنگیان دەکرد، هەمیشەش بە جەنگ سەرسوورمان بوون. ئەوجا کە ئێمە گەورەتر



بووین، بیریان لە جەنگێکیش بۆ ئێمە کردەوەو ئێمەیان بۆ جەنگەکە ڕەوانە کرد. ئەوان پێی سەرسامبوون. کەسیش بە ئێمەی نەووت: ئەرێ ئێمە بۆ کوێ دەچین؟ کەسێك بە ئێمەی نەووت، کە ئێوە دەچنە دۆزەخ). ل٩٨.

خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە، کە (ئەنوەر محەمەد ئەحمەد) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و جێگەی ڕێزو ستایشە، چونکە ئاشنای تێکستێکی زێدە جوان و لەزەتبەخش و خەفەتبەخشمان دەکات، بە شێوەیەك کە ئەو بەرهەمە بۆ من، تێکەڵەیەکە لە نێوان چێژی خوێندنەوەو قەهری خوێندنەوەدا، چێژی خوێندنەوەو بینینی قەهری مرۆڤێك کە لە جەنگدا دەگەڕێتەوە.

لەگەڵ خوێندنەوەی ئەوکتێبەدا، کە زۆرکورتەو حەزمدەکرد پێنجسەد لاپەڕە بووایە! پرسیارمدەکرد، بۆ حەزم لێیە ئەم خوێندنەوەیە... خوێندنەوەی ئەو ئازارە درێژتر بێتەوە؟ ئایا پێوەندیی نێوان چێژو ئازار چۆنە؟ ئایا من ئەوەندە مازۆخیم؟! یان دەبێت مەسەلەکە تەنیا پێوەندیی بە جۆری ئەو تێکستەوە هەبێت کە بۆرشێرت توانیوویەتی ئازارەکانی خۆی بە جوانیی بنووسێتەوە؟! ئمم! ئازارو جوانیی؟ جوانیی و ئازار؟ چێژو ئازارو جوانیی؟! لەبەر خۆمەوە ئەو وشانە دەهێنم و دەبەم، بیریشم دەکەوێتەوە هەمووکورد، یان زۆربەی زۆریان حەزیان لە فیلمەکانی جەنگ و ئەکشنە. ئمم! بۆ حەزمان لە فیلمەکانی جەنگ و تێکستەکانی جەنگە؟! ئمممم! ئایا حەزمان لە جەنگیشە؟!

ئینجا هاوار دەکەم: ئەرێ حەزمان لە جەنگە؟! کەس وەڵامم ناداتەوە. منیش لەگەڵ جەنگەکەی بۆرشێرت بەردەوام دەبم و دەخوێنمەوە، حەزناکەم کتێبەکە تەواو ببێت، چونکە گرنگ نییە (بێکمەن) خۆی دەکوژێت، یان نا، چونکە ئەو ئەسڵەن مردووە، بە خۆی و بە چاویلکە گازماسکەکەی مردوویەکی تەواوە، ژیان نابینێت تەنیا مردن دەبینێت، ئەو تەنیا ئەوەندە ژیانی تێداماوە تامردن ببینێت.

ئا بیریشم دێتەوە، کە هیتلەر هاتە سەرتەخت و باڵەکانی بەسەر کورسیی دەسەڵات و ئەڵمانیا فشکردەوەو نازییەتی کردە پەیامی ئەڵمانەکان، نووسەران و کتێبیش لەدەست چڕنووکەکانی دەرباز نەبوون، ئەی ئەوە نەبووکتێبەکانی چەندین نووسەری سووتاندو لیستێکی ڕەشی بۆ نووسەران کردەوە، کە چەندین ناوی لە خۆگرتبوو: (ئالفرێد دۆبلن، برێخت، کۆرت تەخۆلسکی، ستیفان تسفاینگ، تۆماس مان و هاینریش مان)؟ زانکۆکانی ئەڵمانیا بوونە ئاگردانی کتێب.

دوای جەنگ، دەبووایە چەندین دەنگ بێن و باسی ئەو نەهامەتیی و کاولکارییانەی هیتلەرو نازییەت بکەن، یەکێك لەو دەنگانەش، دەنگی بۆرشێرت بوو، کە ئێستا من دەیخوێنمەوەو هەوڵدەدەم، پێوەندیی لە نێوان دەروونی خۆم و خوێندنەوەو جوانیی و چێژدا بدۆزمەوە.

کەواتە بۆرشێرت باس لە چی دەکات لەو نووسینەیدا، دەیەوێت جوانیی چی

بنووسێتەوە؟ جوانییەکانی جەنگ، کە بریتییە لە ناشیرینکردنی مرۆڤ؟! جەنگ مرۆڤ ناشیرین دەکات، جەنگ ژیان ناشیرین دەکات، جەنگ ترۆمان دەکات و دەمانخاتە پشت دەرگاکانەوە. کە جەنگ هات، لە دوای خۆیەوە دەرگا لە بەردەم هەموو شتێکی جوان دادەخات، دەرگا لەسەر ژیان دادەخات، دەرگاکانی جەهەننەم دەکاتەوە.

جەنگ چۆن دێت؟ چۆن هات؟ بۆ هات؟ ئەو شتانە رەنگە دیار نەبن، بەڵام دەزانین جەنگ کە هات چی کرد.

ئممم! بۆرشێرت لە ناشیرینییەکانی جەنگ و کرێتییەکانی جەنگ شتێکی جوانی خوولقاند، تێکستێکی چێژداری خەڵقکرد. ئمممممم! بۆرشێرت بۆ ئەوە تەنیا بیستوشەش ساڵ ژیا، تا چیرۆکێکی ناشیرین بە جوانیی بگێڕێتەوە، تەنیا بۆئەوە ژیا، تا پێمان بڵێت: جەنگ دەرگا کردنەوەیە بەسەر جەهەننەمدا، تەنیا بۆ ئەو دێرە بیستوشەش ساڵ ژیا. ئەدی ئەگەر تەمەنی هەشتاوشەش ساڵ بووایە؟ ئەوکاتە رەنگە پێنجسەد لاپەرەی بنووسیایەو منیش هەر پێنچسەد لاپەرەم خوێندبایەوەو زیاتر فهێتییەکانی جەنگم بدیایە، زیاتریش چێژم لە بۆرشێرت وەربگرتایە!

ئممم! ئێمە حەزمان لە چیرۆکەکانی جەنگە، چێژ لە خوێندنەوەی نەهامەتییەکانی ژیان و دۆزەخ وەردەگرین. ئممم! باشە لە سەر زەوی گەلێك دۆزەخ هەن و پێویست ناکات (خوای خۆشەویستی) رەوانەی دۆزەخمان بکات، پێویستمان بە دۆزەخی خواوەندی رق، یان خۆشەویستی نییە، هیتلەر هەبوو، ستالین هەبوو، چەرچل هەبوو، سەدام هەبوو، قەزافی هەبوو، ماوتسی هەبوو، زۆری دیکە هەبوون لەو سەرکردانەی بەگوێرەی توانای دەستیان شەڕیان خوولقاندو خەڵکییان ترۆکرد. ئمممممم! بیرم نەچێت مام جەلال و بارزانیش هەن، ئمممممم! ئەوانیش شەڕیانکرد...

بەڵام جەنگەکان لە سەنگەردا تەواو دەبن، ئینجا جەنگی رۆحەکان، رۆحە ترۆکان دەستپێدەکەن، جەنگی ئەو رۆحە مردووانەی بە جەستەی شەل و چاوی زەعیف و کوێرەوە، بەشێك لە قوربانییەکانیان ئەژنۆ شکاو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ، ماڵێك کە دایك و باوك نەماوە چاوەڕێی کوری سەرباز بکەن و منداڵە بچووکەکان کەوتوونەتە بن کەلاوەکان، ژنێکی شەریف لەو ماوەیەدا نەماوە چاوەڕێی مێرد، یان دەستگیرانەکەی بکات، ئەوسا سەرباز تێدەگات جەنگ تەنیا لەسەنگەرە دوورەکانی وڵات و شارنەبووە، بەڵکو لە نێو وڵات و شارو ماڵە باوك و ماڵە ژن و رۆح و دڵەکانی مرۆڤدا بووە، جەنگ لەنێو گیانی هەریەکێکدا دۆزەخێکی دروستکردووە، رۆح، رۆح بووەتە دۆزەخ و ئەوانیدی دەسووتێنێت.

نیچە، پێش بۆرشێرت بە نزیکەی هەفتا ساڵ پێشبینیی دەکرد بۆرشێرت و نەوەی بۆرشێرت وایان بەسەردێت، ئەو لەوێوە دەیزانی (خودا مردووە)، خودای خۆشەویستی مردووەو کەس باوەڕی پێینەماوە. ئەو ئەقڵە سەخیفە جەنگێك بەرپادەکات، هەموو گیانەکان فت دەکات. بۆرشیرتیش دێت و لە تێکستێکی جواندا... ئممم! جوان و



چێژداردا دەڵێت راستتکرد، فەیلەسووفی عەزیز تۆ راستت کرد، هەتا گیانی تۆش کتێب و وشەو حەرفەکانیشت لەم جەنگەدا تیاچوون، پیس بوون.

بوتڵە گازێك لە ژیانی دووکەس، پیرەژنێك و پیرەمێردێك کە خۆیان پێ خنکاندووە، بە بەهاترە، چونکە بەشی مانگێك خواردن لێنان دەکات. ئممم! ئەوە ئەو ئەقڵەیە نیچە پێشبینیی دەکرد مرۆڤی ئەڵمانی و ئەوروپی لە سەنتەری دنیادا دەیگاتێ.

ئەمەش ئەو پێشنبییەیە بۆرشێرت بە چاوی خۆی لە سەنگەرەکانی جەنگ و لە پشت دەرگای ماڵەکانی نێو شاردا، لە دوای جەنگدا پراکتیکی دەکات.

هەموو ئەمانەش کە روویاندا، بە ناوی راستییەوە بوون، بە ناوی حەقیقەتەوە بوون، جەنگ راستی بوو، راستی جەنگ بوو، راستی و سۆزانیش وەك یەك وابوون، بە شەو هەموو کەسێك دەچێتە لایان و بە رۆژیش هەر هەموویان شەرم دەکەن بە لایدا بڕۆن و تیلەچاوێکی بدەنێ. جەنگ و راستی و قەحپەکان، قەحپەو راستی و جەنگەکان، لە رۆحی مرۆڤەکاندا دەبنە یەك شت. هەموو راستییەك دەبێتە جەنگ و قەحپەخانە، هەموو قەحپەیەك دەبێتە راستی و جەنگ، هەموو جەنگێکیش دەبێتە راستی و قەحپەخانە، بەڵام راستی و قەحپەخانە، مرۆڤ تەنیا لە شەودا بوونییان هەیە، بەڵام مرۆ بەشەوو بەڕۆژ لەگەڵ جەنگدا دەژێت و شەرمی لێناکات.

ئیدی تێدەگەم، سەردەمەکە سەردەمی شەڕە، کە شەڕیش بوو، ژمارەی قەحپەکان زیاد دەبن، ژمارەی راستییەکان زیاد دەبن، ژمارەی جەنگەکانیش زیاد دەبن و سەختتر دەبن. ژیان دەگۆڕێت، جوانیی نامێنێت، هونەر دەبێتە قۆندەرە، مرۆڤ دەبێتە قەحپە. قەحپەش سووك و ریسوا.

ئممممم، ژیان نامێنێت، تەنیا دۆزەخ بە پێوە دەوەستێت.

بەرهەمەکە تەواو دەکەم، دەبێت شتێك لەسەر ئەو بەرهەمە بنووسم و سوپاسی وەرگێڕ بکەم، دەستەکانی خۆش بن، ئا دەبێت کتێبەکانی تریش، هی نووسەرو وەرگێڕ بخوێنمەوە. ئا ئیسکەندەرو کۆچیرۆکێکی تریشی وەرگێڕاوەتە سەرکوردی، ئا دەستی خۆش بێت.

دەچمە ناو گووگل و ناوی بۆرشێرت دەنووسم، دەیان دۆکیۆمێنت دێنە سەر سکرینەکەم و هەندێك شت دەخوێنمەوە:

(فۆڵفگانگ بۆرشێرت لە ماڵێکی گچکۆکەی هامبۆرگ لە ١٩٢١/٥/٢٠دا لەدایکبووە، لێرە بیرم بۆ ئەوە چوو، ئەگەر فۆڵفگانگ بۆرشێرت خۆی ئەو رستەیەی بنووسیایە دەیووت: فۆڵفگانگ بۆرشێرت لە قەحپەخانەیەك، یان دۆزەخێکی بچووکی هامبۆرگ لەدایکبووە)، چونکە دوای جەنگ ماڵەکان نامێنن، دەبنە جێگەی ئازارو ئەشکەنجەو خراپتر لە سەنگەرەکانی جەنگ.

هەرچۆنێك بێت، بۆرشێرت لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری زارڤە کردنە، بەڵام باوکی بەزۆر دەینێرێتە بەر خوێندنی زانستی کتێبخانەکان، بەڵام بۆرشێرت بە دزیی

باوکیەوە، لەلای هیلمۆت گمالین شانۆ دەخوێنێت. دوای دوو ساڵ واز لەخوێندنی کتێبخانە دێنێت و رووداوەکاتە نواندن، لە ساڵی١٩٤١ دەبێتە زارڤەکەر لە یەکێك لە تیپە گەڕۆکەکانی شانۆیی، ئەم ماوەیە وەك دەڵێن خۆشترین کاتی ژیانی بۆرشێرت بووە، بەڵام داخەکەم ئەو ماوەیە وەك هەموو خۆشییەکانی دیکەی مرۆڤ، زوو کۆتایی دێت و دەبێتە سەربازی جەنگ.

لە حوزەیرانی١٩٤١دا، لە سەنفی مەشات مەشق دەکات. لەوێدا لەسەر رەوشی سەربازیی و سەربازەکان نامەیەك بۆ دایکی دەنووسێت: (هەستدەکەم ئەو سەربازگەیانە تەنیا قەڵایەکن بۆ کۆیلەکانی رایخی سێیەم)[1].

دوای ئەوە بۆرشێرت رەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرێت، دەینێرنە شاری کالینینی شۆرەوی، لەوێدا بە برسێتی و لەبەر سەرماو سۆڵەدا، بەچاوی خۆی ئەو دۆراندنە سەختانە دەبینێت کە سوپاکەیان بەردەوام تووشی دەبن. بە پێچەوانەی ئەو درۆیانەی نازییەکان دەیکەین سەبارەت بە سەرکەوتنیان لە بەرەکانی جەنگدا.

بۆرشێرت باری تەندروستی زۆر خراپ دەبێت، تووشی زەردوویی دەبێت، هەروەها بەوەش تاوانباردەکرێت کە خۆی خۆی بریندارکردووە، بۆئەوەی لە خزمەتی سەربازی دوورکەوێتەوە. بۆیە دەیگرن و سێ مانگ لە زیندانێکی ئینفرادی دەپەستن. تا دادگایی دەکەن دادگا بڕیاری بەردانی دەدات، بەڵام تاوانی دیکەی لەسەرەو بۆ شەش هەفتەی دیکە دەگیرێتەوە. دوای ئەوەش یەکسەر جارێکی دی رەوانەی سەنگەرەکانی جەنگی دەکەنەوە. دوای ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵی رەبەق ژیانی شەڕو سەربازیی و جەنگ و ماڵوێرانی بە بێدەنگی و تەنیایی تێدەپەڕێنێت. نەخۆشییەکەی خراپتر دەبێت. چەندینجار لە نەخۆشخانەی سەربازیی دەمێنێتەوە. دوای ئەوە بڕیاری گواستنەوەی بۆ شانۆی سەربازیی دەدرێت، چونکە توانای شەڕکردنی نەماوە. لەوێدا جارێکیان دڵی خۆشە، بۆیە نووکتەیەك لەسەر گۆبلز دەکات. بۆیە نۆ مانگ دەیخەنە زیندانەوە.

دەقی نووکتەکە:

(لاسایی گۆبلز دەکاتەوە: دەزانن درۆ پێی نییە، بەڵام دکتۆرەکەی من پێیەکی سناعی بۆ دروستکردووم بە شێوەیەکی نیمچە تەبیعی لەسەری دەڕۆم، جەنگاوەری ئەڵمانیش دەبێت تا دوا فیشەك شەڕ بکات، ئەوکاتە فێر دەبێت بەخێراترین شێوە غاردا، برادەران رێگەم دەدەن لە پێشتان غاردەم، چونکە من ناتوانم بڕۆم)[2].

ساڵی ١٩٤٤ بەر دەبێت و جارێکیتر غاردە بۆ جەبهەو بەرەنگاریی دوژمن بەوە! لە مانگی ئاداردا تیپە سەربازییەکەیان تەسلیمی سوپای فەرەنسا دەبێت، بۆرشێرت دەتوانێت هەڵبێت، بەپێ، ماوەی ٦٠٠ کیلۆمەتر بڕوات و لە دەی مانگی ئاداردا بگاتەوە ماڵەکەی، لە هامبۆرگ.

دوای ئەوە بۆرشێرت هەوڵدەدات لەگەڵ مامۆستا کۆنەکەی تیپێکی شانۆیی دابمەزرێنێت، تیپێکی بچووك بە ناوی (کۆمیدیا). وەها دەکات. هەندێك شانۆیی



دەردەهێنێت. لەم ماوەیەدا بۆرشێرت نەخۆشەو ئێشی زۆرە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا دەکەوێتە سەر جێگەوە. لە سەرەتاکانی ١٩٤٦دا داخلی نەخۆشخانە دەکرێت و دکتۆرەکان دەڵێن: زۆر خراپی تەنیا ساڵێکی دیکە دەژیت!

لێ ئەوگوێ بە قسەی دکتۆرو ئێش و ئازارەکانی نادات و دەکەوێتە نووسین، تاکۆتایی ساڵ، نزیکەی بیستوچوار چیرۆك دەنووسێت. لە هەمانکاتدا کۆمەڵە شیعرێك بڵاودەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەم شانۆنامەیە دەنووسێت. وەرگێڕی ئەم بەرهەمە دەڵێت: بە هەشت رۆژ نووسیویەتی، سەرچاوەی تریش هەیە دەڵێت بە نزیکەی سێ هەفتە)[3].

دوای ئەوە، لەرێی هەندێك دۆست و برادەردا، بۆ چارەسەر دەگەیەنرێتە سویسرا، بەڵام لەوێ بە تەنیایی و دوور لە زێدو برادەرانی لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧دا دەمرێت، کە رۆژێك دواتر لە هامبۆرگ ئەم شانۆنامەیەی پێشکەش دەکرێت.

بۆرشێرت لەم شانۆنامەیەدا، زۆر بە روونی و سادەیی و ساکاریی، باسی ئەزموونی جەنگ دەکات، کەچی بەسەر (بێکمەن) دێنێت، چۆن دوای جەنگ ژیان بەتەواویی دەبێتە دۆزەخ و بەها مادییەکان جێگەی ماڵ و خێزان و بەها جوانەکانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست دەگرنەوە.

ئەم بەرهەمە، باسی ژیانی دوای جەنگە، باسی ئەو دروشم و راستییە درۆیانەشە، کە لە پێناویدا گیانی ملیۆنەها کەس لەناودەچێت و ملیۆنەهای دیکەش ناشرین دەکات.

ئمممم ئێستا بەرهەمەکەم خوێندەوە، بۆرشێرتم ناسی. ئەوەشم نووسی. چی ماوە بیکەم؟

ئمممم جوانیی و چێژو شەڕو قەحپەخانە، نووسین و ئەو ناو و شتانە. وشە، شەڕو جەنگ و دۆزەخ.

ئمممم.

بۆرشێرت، دەتوانێت زۆر شت لەو بەرهەمەدا کورت بکاتەوە.

1- عماد م.غانم http://www.dw-world.de/popups/popup_printcontent/0,,1746769,00.html

2- سمير جريس.

http://www.khayyat.net/home/plugins/p2_news/printarticle.php?p2_articleid=36

3- عماد م.غانم http://www.dw-world.de/popups/popup_printcontent/0,,1746769,00.html

# یەك دوو سەرنج

# لە بارەی شیعرەکانی باشبلاخی-یەوە




لەتیف فاتح فەرەج

خالید باشبلاخی لەنێوەند یان سەرو نێوەندی کۆتایی هەشتاکانەوە شیعر دەنووسێت، هێمنانەو بێدەنگ لە شاعیرانی رابردووی کورد کەس هێندەی هێمن شیعری بۆ خۆی نەوتووە، ئەگەر نالی بۆ حەبیبەی وتبێت و گۆران بۆ سروشت و مەحوی بۆ رامان و قوولبوونەوەو حاجی و خانی بۆ کوردستان و تادوای، هێمن شیعری بۆ خۆی وتووە،





ناڵەی جودایی، تاریك و روون، تەواوی شیعرەکانی، یان باشتر بڵێین زۆربەیان: باسن لە خودی خۆی، ئازاری، باری دەروونیی، ژیانی، بەدبەختی و سەرسەختییەکانی، لەوێوە ئیدی زۆرێك هاتنە سەر باس و خواستی خۆیان، خالید لە ژێر کاریگەریی هەموو ئەوانەدا، لە ژێر کاریگەریی کلاسیك بەگشتیی و خۆمانەو خۆماڵیدا، بەهێوری بەخوێندنەوە دەستیپێکردو دواتر کەوتە گروگاڵ، یەکەمین شیعری بڵاوکراوەی خالید (خۆزگەیە) لەساڵی 1988 لە پاشکۆی عێراق بڵاوبووەوە، ئەو هەر دەڵێی دەیەوێت، بلوێری شوانەکەی هێمن وەشارێ و بۆ شۆخە کیژێکی گەرمەسێری بنێرێت، ئەو دەڵێت:

خۆزگە من شوانێك بوومایە
لە بناری ئەو چیایە
بە درێژایی چوار وەرزی ساڵ
لە پێدەشت و شاخ و قەدپاڵ
لای مێگەلە مەڕ بوومایە

خالید بۆ شوانی بوایە هەر بۆئەوەی بێری شۆخ و شەنگ بێنە کنی و ئیدی ئەویش:

ئەزیش بەم شمشاڵەی پێمە
کە بە درێژایی تەمەنم
لەگەڵدایەو هاورێمە
شمشاڵم بۆیان لێدایە.

هێمن موکریانیش خۆزگە بە شوانەکە دەخوازێت، لەوێوە خالید دەستیپێکردو لە دوای دیوانە شیعری خۆیدا کە نیوەی ناوەوە (ژنێك لێوان لێو لە ئەوین) برە زەنگیانەیەکی زەردو سووری شیعرمان دەکاتە دیاریی، کە بەموتوومۆری سینگ و بەرۆکی شۆخ و کناچەی کورد دەچن، ئەو دەڵێت:

ژیان وەك چێشتی بێ خوێ بوو
جوانی و شیرینی لەکوێ بوو
عیشق نەبا

بەجۆرە دەیەوێت پێمان بڵێت بێ عیشق ئیدی هیچی لەجێی خۆیدا نییەو ژیان هیچ تاموچێژی جوانیی و شیرینیەکی تیا نییە بەو سادەییە خالید دەستیپێکردو هەر بەو سادەییەش دەیەوێت بەرەو دنیای عیشقی خۆی پەلکێشمان بکات، دەشێت رۆیشتنی بۆ عیشقی حەقیقی لەسەر پردی عیشقی مەجازییەوە دەستپێبکات، بۆیە شاعیران لەو رێگەیەوە قوولبوونەتەوە، نالی لەرێگەی هەڵنانی حەبیبەو وەلی دێوانە لەرێگەی هەڵنانی شەمەوە کشاون بەرەو جێیەکی دیکە، دیارە بەجیاوازییەکی زۆرەوە لەبەرئەوەی

نالی قووڵترو خوێندەوارترو بەرینتر بووە، بۆیە خێل و خێچی حەبیبەی بەنازی بێ رادە چواندووە، دەبینین خالید شیعرەکانی بۆ کەسێك دەنووسێت بۆ کەسێك کە لەبارەیەوە دەڵێت:

ژنێك چاوی وەك شەرابی
ترێی رەزی شیعری خەیام
پەیامی پاکی و پیرۆزی و
نەمری عیشقی بۆ هێنام

بەجۆرە لە عیشقێکی مەجازیی رووتەوە ئەمیش دەیەوێت پێکی خەیامی هەڵبدات، دەگات یان نا ئەوەیان شتێکی دیکەیە، کۆی شیعرەکانی خالید ئەو سادەیی و ساکاریی و بێگەردییەیان لێ دەرژێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەو جۆرە شیعرانە نین کە مرۆڤ نەیاخوێنێتەوە، ئەو زۆرجار تووشی خزان و ترازان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا تاتوانیویەتی کێش و سەروای ناسك و لەبەر دڵانی هەڵبژاردووە.

دەڵێن ئەم پایزە دێی و
دەبیت بەچرای ژوورەکەم
شەوەکانم دەکەی بەرۆژ
ئەی خاتووزینە دوورەکەم

ئەو بەردەوام بەوە دەستپێکردووە دەڵێن ئەم پاییزە دێی، جوانتر بوو بیووتبا دێیت و شیعرەکانی بەدەر نین لە وێنەی جوان، من زۆرجار پێموایە شیعری نوێ بەدەر لە کێش و سەروا بریتییە لە مۆسیقای ناوەوەی دەق، پەیوەندیی دەق و جوگرافیا گشتییەکەی لەگەڵ وێنەی دەرەوەو ناوەوە، خالید هەوڵیداوە لە شیعرەکانیدا هەم مۆزیك هەم وێنە فەرامۆش نەکات، نموونەی ئەم وێنە شیعرەیە:

هێندە دووریت دەستی خۆزگەم
نابێتە شانەی پەرچەمت
مەگەر جاروبار شیعرێکم
دەمی بگاتە نێو دەمت

خالید لەم دیوانەدا عاشقانە دەیەوێت جوانترین دەربڕین و واژە بکاتە دیاری خۆشەویستەکەی:

ئەوەندە پاکو بێگەردیت
دەڵێی ئەو بەفری قەندیلەی
شیعرێکت بۆ دەڵێم وەلیش
نەیگوتبێت بۆ شەمیلەی





بۆخۆم رەنگە تێبینیم لەسەر سەرواکە هەبێت (قەندیل و شەمیلە، دیارە مەبەستمان شەمە، بەڵام تا بڵێی دەربڕینەکە جوانە.

تەواوی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە عاشقانەو بەیەك هەناسە نووسراون، جێی خۆیەتی هیوای ئەوە بۆ خالید بخوازم لە کاروانەکە دانەبڕێت و ئەم چەند دێرەش پێشکەش بەو رۆژانە بکەین کە پێکەوە چەند کەسێك دەستمان دابووە نووسین، لەوانە خالید باشبلاخی و فایەق نامۆو یوسف لەتیف و محەمەد کوردۆ و هتد، دەمانتوسی و هەریەکە لە رێگەیەکەوە بەرەو دزینی ئاگرەکە دەچووین، ئەو ئاگرەی ئەوەتەی هەیە دەسووتێت و هەر شاعیرێکیش بەیاگا فێلاوییەکەی تەفرەی خواردبێت ئیدی نەگەراوەتەوە، ئاگرەکە نێلەنێل دەسووتێت و شەمەندەفەرەکە هەندێك دادەگرێت و هی دیکە سەردەخات، چەند هەنگاوێك لەولاترەوە شەمەندەفەرەکە باقی عەبدولخالقی داگرت و جاری ئێمەش لەنێو نهێنییەکانی ژیاندا، وەکو بوزییەکان سەرگەردانی وەهمی ئەم ژیانەین، بەرەو حەیققەتێکی دیکە...

# دەق




**سەعات**

**پێنج دەقیقەی دەوێ بۆ سێ**

دلاوەر قەرەداغی



**حیکمەتەکانی شەوێك**

بەرزان هەستیار

**مەخلوقێك لە رەنگ**

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

**کتێبێکی بچکۆلە - دەرەوەی قەڵاکە**

رێبین ئەحمەد خدر



**نادیار**

رابەر فاریق

**لەودیو چەمی دۆزەخەوە**

بێستون حەسەن

**ئاوازی فرەك**

سوارە نەجمەدین

**پەیکەر**

دڵشاد حسێن





# سەعات
# پێنج دەقیقەی
# دەوێ بۆ سێ

دلاوەر قەرەداغی





بە مەنفادا بڵاودەبمەوە
مناڵییم لە وێستگەی قیتار
بە لامدا تێدەپەڕێ
جانتاکەم دادەنێم
بانگی دەکەم: ئەرێ برادەر سەعات چەندە لای تۆ
ئاوڕ دەداتەوەو هیچ ناڵێ
تەنها بە زەردەخەنەیەکەوە
وەك سەربازێکی بێباك
سێ پەنجەی دەستی چەپی و
پەنجەی شایەتمانی دەستەکەی تری
هەڵدەبڕێ
خەمم لێدێ:
بڵێی ئاخۆ سەعات لای ئەو چوار بێ
یان
پێنج دەقیقەی بوێت بۆ سێ!

بە ناو مەنفادا دەڕژێم
بۆنێك هەڵدەمژم وەك بۆنی پاییز
پرێمزی حەمامی ماڵێك گرمەی دێ
مندالییم لە حەوشە دەقیژێنێ
دایکی بە زۆر دەیبا بیشوات
خۆم دەبینم لە حەمامێکی گەرمدا دانیشتووم و
دەکرۆزێمەوەو دەگریم

چەند خۆشە دونیا لە دەرەوە ... هەتاوەو
دەنگی قاورمەفرۆشەکە لەکۆڵان دێ

لە مەنفادا هەڵدەکەم
بیری تۆ دەکەم و دەزانم
ئێستا تۆش لە مەنفایەکی تردا هەڵدەکەیت و
بیری من دەکەیت

بوومەتە دراوسێی مەنفا
دوێنێ ماڵەکەم گواستەوە باڵەخانەکەی تەنیشتی
هەر بۆ ئێوارەکەی دیار نەمام و
بە خەتێکی خواروخێچ
کاخەزێکم بە دەرگاکەدا هەڵواسی و
لێم نووسی:
پۆست و شتم بۆ دامەنێن
ئیتر نایەمەوە ... بۆ وڵاتێکی دوور دەچم
مەنفا بەدوای مندا
جانتاکەی پێچایەوە
دۆزیمییەوە
بووە هاوسێم و
ماڵەکەی گواستەوە باڵەخانەکەی تەنیشتم







بە مەنفادا دەفرم
بە چیچکانەوە لەسەر تاقێکی بەرز
لە تەنیشت کڵاوکورەیەکەوە هەڵدەنیشم
دەمەوێت قسەیەک بکەم
بەڵام هیچم بۆ نایەت بیڵێم
ناچار ... بە شتێکەوە دەیخلافێنم
کتوپڕکڵاوە تووکنەکەی لێدەفرێنم
دەیکەمە سەری خۆم و
قاقا پێدەکەنم

من بە مەنفا ئالوودەم
ئالوودەیە مەنفا بە من
من و مەنفا لە یەکدا سەفەر دەکەین
لای یەک لا دەدەین
لەسەر سەکۆیەک لە پاڵ یەکدا دادەنیشین
یەکتر دەخوێنەوەو
یەک دەکێشین

مەنفا گەورە بووە
ئیتر جلەکانی بۆی نابن
ئێستا چاکەت و پانتۆڵەکانی مەنفا
پڕ بە بەری خۆمن

مەنفا کوژاوەتەوە لە مندا
من داگیرساوم لەودا
مەنفا پیر بووە لە مندا
من منالّ بوومەتەوە لەودا
مەنفا دانیشتووە لە مندا
من سەفەر دەکەم لەودا
مەنفا دەژی لە مندا
رۆژێك دێ ... من و مەنفا
دەمرین لە یەکتردا



شەوانە مەنفا زوو زوو
لە دەرگای ژوورەکەم دەدا
جارێك کەوچکێك رۆن
جارێك تەڵێك شخارتە
جارێك نەختێك خوێ داوا دەکا
مەنفا هیچی نییە
پەڕپووتە ماڵەکەی مەنفا
تەنانەت هێند بێ چاوڕووە
بۆ پرسینی کاتیش
مەنفا لە دەرگای ئەم و ئەو دەدا

من و مەنفا هەمیشە لەسەر سەفەرین
بە هەردووکمان جانتایەکمان هەیەو چرایەك
ئەو دەڕوا
من دێمەوە
من دەڕۆم





ئەو دێتەوە
من و مەنفا هەمیشە
لەسەری کۆڵاندا یەك دەبینین



مەنفا هێندەی خۆشدەوێم
هەندێجار پێمدەڵێ
رقت لە کێیە ... لە بنی دنیا بێ
دەیکوژم!

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩



# حیکمەتەکانی شەوێك

بەرزان هەستیار

خەنجەر، ئەگەر شەرمی لە خوێن بکردایە
لە کالاندا، ئەبوو ژەنگ بیخوات

*******

شەو، لە رووخۆشیی رۆژو
رۆژ، لە ویقاری شەو بگەیشتایە،
هەردووکیان لە ژێر باڵی یەکا ئەخەوتن





********

خودا سەری لە کبریائی شەیتان دەربکردایە
نەیئەڕەنجاند

*******

گەر، وەك ئەو کچانەی لە بیریان کردم، خۆم بناسیایە
نە، لێیان زویر ئەبووم و
نە، گازندەم لێ ئەکردن

*******

مردن بیزانیایە لە ئاستیا هێندە قرچۆکم
بێزی نە ئەهات، توخنم کەوێت

*******

سەگ، بۆنی بکردایە
لەگەڵ ئینسانا هەڵی نەئەکرد

*******



دایکم مردو من لای نەبووم...
بە ئیزرائیل بڵێم، هێواش،
ئەم مەخلووقە لە جنسی پەشمەکە، پەشمەك
وازی لێ بێنە خۆی ئەبێتەوە بە شەکر

*******

سەرم لە شتێك دەرناچێت؛ ...
بۆچی کە مەست ئەبم...
خەو بە خوداوە ئەبینم؟

*******

هەموو رۆژێك،
پیاوەتیم، شەرمەزاری لای ژنێکم ئەکات،
ژنێك، تامی ماچی نەکردبێت و
لە رووتبوونەوە بترسێت!!!

*******

زەوی، بەو پان و پۆڕییەوە
کلووە بەفرێك بە مەرەکەبی سپی لێی ئەنووسێت و
ناتوانێت پێی بڵێت وا مەکە!

*******

شەر، بگاتە سەر خانووەکانی منداڵیشمان
سێبەری دڵێك ئەدۆزمەوە...
چاوەڕێی خورپەیەکی خۆشی تیا بکەم

*******

لە من ئەچێت، ...
ئاو، لە بێ ڕەنگییدا؛
لەو ئەچم، ...
ئاو، لە بێ تامییدا

*******

سوور بشزانیت نایەت، ...
چاوەڕێی یار بکە، زەرەر ناکەیت

*******

مادام فێری چاویلکە بووم
ئەبێت وردتر لەو بڕوانم

*******

خۆر، سپێدان خۆی بە ئاگا دێت
سوپاسی بێداریی کەس ناکات

*******

کە مردم، قاتەکەم بکەنە بەری داهۆڵێك...!!



ئابی ٢٠٠٩
کۆڵن
bhastiar@yahoo.de





# مەخلوقێك لە ڕەنگ



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

١

دەمەوێ ببمە گەڵایەکی وەریوو
بپرژێمە سەر مۆمی ناسکی
تەمەنی تۆ
تاکو خونچەی لێوت
دەبێتە کۆچی هەتاوی ئێوارەو
زەردەپەری پایزو باخچەیەك لە شیعرو
ئاوێزانی خۆشەویستی، بێنمەوە باوەشی تۆ



٢

چەند جوانە ببینە

مەخلوقێك لە ڕەنگ

چەندەها ڕەنگی ڕەنگاو ڕەنگ

شەوە ساردەکانی خەیاڵ و

گوڵە ژاکاوەکانی تەمەن و

زەنگی خۆرئاوابوونی تەنهایی و

پشکۆی دوێنێ بنووسینەوە

٣

ئەوەی ڕەنگی غەریبــی و

باڵندەی فڕینی دەستی ڕەشەباو

باخچەی هەناری ژاکاوی نەبینیـێ

کوژراوی زەمەنی بێدەنگییە

بە وێنەی کانییەکی وشکبوو

٤

کە وەرز دێت و دەڕوا

گەڵا پۆل پۆل دەوەرن

زەوی دەبێتە ڕەنگێکی تر

بەوێنەی تریفەی مانگ

تۆبڵێی وەرزی وەرینی گەڵا

گوێی لە هەنسکی گریان و

عاشق و خەمی پەپوولەو

ئەندێشەی خەیاڵ و

چاوی پڕ فرمێسك بووبێ

٥

من دەمەوێت ڕەوڕەوەی



مێژووی ڕۆژگارێك بنووسمەوە

هەست بەغەریبــی خۆم نەکەم

من دەمەوێت باوەشێك

لە شیعری خۆشەویستی بنووسمەوە

مەحکوم نەبم بەقەدەر

٦

چەند جوانە گەڵای درەختەکان

ببنە هاوەدەنگ و خەمی تۆو

مەودای ئازارەکانت بکاتە ئومێدو

بەختەوەریی ببەخشێتە

ڕازو نیازو هەستی خۆشەویستی تۆ

٧

ئێمە بەشێکین لە سێبەری

مانگ و پرسەی گەڵایەك و

کەوتنەخوارەوەی، ئەستێرەیەك و

پەڕەی گوڵێکی هەڵوەریوو

بەشێکین لە ئاوێزانی

دووکەڵی جگەرەیەکی سەر لێوی

کیژۆڵەیەکی لەخەم داباریوو

٨

زەمەن بەئاسانی دێت و دەڕوا

وەرزی تەمەن لەگەڵ خۆیدا دەبا

دڵی پڕ دەبێت

لە هۆنینەوەی ملوانکەیەك و

چنینەوەی بەیانییەکی غەمگین و

تینوێتی سەفەرێکی ماندوو



٩

لەنێو باخچەی عەشقێکی شەرمندا
برینی جەستەیەکی زامدار
بەنیگاکانی یەکتر
تورەتر لە ئاسمانی هەورە تریشقە
بەخوڕتر لە بارانی پەڵە
دەبینم کاتێك رۆژەکانیان
لێوانلێوە لەسەوزایی
شوێنێك نییە مانگ ئاشت بکاتەوە
شوێنێك نییە بۆبەیەکگەیشتن
پەرستگایەك نییە
بۆپاڕانەوە
پاڕانەوەی ئەوانەی،
دەیانەوێت حەزەکانیان بگۆڕنەوە

١٠

من دەمەوێت لە وەرزی وەرینی گەڵادا
گەڵا بێتە ئاوێنەیەك
ئاوازو نەغمەی بوولبوولێك
بەیانییەکی ناسك بە گوناهی ماچێك
روخساری خۆمی تێدا ببینم

١١

من دەمەوێت ببمە بەفراوی
سەر رومەتی کیژۆڵەیەکی ناسك‌و جوان
گوڵێکی ناسکی دەستی شۆڕەکچێك
شادیی بەجەستەی بدات‌و
هەناسەی نەسپێرێتە





باخچەی گەڵای وەریوو

١٢

زەمەن پێخەفی خەیاڵەو
رۆژگارێکە
تەمەن بۆتە دۆزەخێك‌و
ژیان بۆتە روخساری ماڵێکی مردوو
نە رەنگ جوانیی‌و ئومێدی پێیە
نە گۆرانییەك بۆخۆشەویستی
باخچەی خەیاڵمان
ئاشت دەکاتەوە
نە زەمەنیش ژیان دەنووسێتەوە







# کتێبێکی بچکۆلە
# دەرەوەی قەڵاکە

ڕێبین ئەحمەد خدر

(ئامین)
لە تەنیشت سینەما
ددان کەوتووەکەی شار دەژیا
پێشتر لە کارگەی جگەرە کاری کردبوو.

شەوێك ئیلهامی تەواوی
کتێبێکی بۆ هات.





دەینووسی:
قەڵایەکی شین لە قەراخ ڕووبارێکی غەمگین،
دانیشتووانی قەڵاکە
لە دەرەوەی قەڵا
توانای فڕینیان هەیە.

(ئامین)
لە دەستەکانی خۆیدا ونبووبوو
بەردەوام دەینووسی
بەڵام سامناك
زۆر سامناك دەگریا.

(کچ و کوڕێك دەگەنە دەرەوەی
قەڵاکەو هەڵدەفڕن... هتد)

دەگریا
چونکە نەیدەتوانی بە جۆگەلەیەك خوێن
هەموو دانیشتووانی قەڵاکە
بەیەکەوە ببەستێتەوە.

(ئیتر هەموویان کەوتنە
سۆراخی ئەو دووانە... عەشق
نمایشی باڵەکانە...)



(ئامین)

بۆ جۆگەلە خوێنەکە دەگریا

لە باڵکۆنەکەوە کارگەی جگەرەی گڕ دەدا.

ئیلهامی تەواوی کتێبێك

لە شەوێکدا...!

(ئامین)

لە تەنیشت سینەما

دوان کەوتووەکەی شار دەژیا

پێشتر لە کارگەی جگەرە کاری کردبوو.

شەوێك دەست لەسەر شیشەکانی باڵکۆن

وەك ئەوەی دانیشتووی قەڵای کتێبەکەی بێ و

گەیشتبێتە دەرەوەی قەڵاکە

لە نهۆمی سێیەمی باڵەخانەکەوە

خۆی فرێدا.









# نادیار

رابەر فاریق

- تۆ لە کوێیت؟

لە پشت هەموو دەرگەو پەردە سپییەکان و تاریکایی و دێڕەکان و پەیڤەکان و ناکەس و چووزانمەکانمدا، بە دواتدا گەڕام، گەڕام و شوێنپێیەکتم لەسەر بەفری تەزیوی دڵم نەدیتەوە... لە گەڕانیشدا نەبوویت، گەڕامەوە، وەرگەڕام و هەستامەوە، کەوتمە بۆسە لە قەحبە خوشکەکانمەوە، کۆمم بەبێ دەستلێدانت چووزایەوەو هەر دیار نەبووی، دیار نەبوونت سەری نەبوومی بەبڕین دا و چ کەسیش نەبووە فریادڕەسی هەڵگرتنەوەی پارچە پارچەبوونی چ لەتێکم...

ئێستەش دەبینی: لەودیو پەردەی سپیی ژوورە نەوییەکەتەوە دەستم بەرەو نووسین دەکشێ... دەمەوێت راکشێم، کەسێ کە نابینرێ، بە دەم ڕێوە گۆرانی دەڵێ، کەسێکی تریش (پێویست بەوە ناکا ناوی بکەوێتە نێو نووسینمەوە) بە هەناسەبڕکێ، وەك شتێ (نازانم چۆن!) هەر دەڵێیێت و دەیلێتەوە:

- "تو چ دەکەی" و...

- ئەز بە دوای (          )دا دەگەڕێم...

لێرەشدا، کە نازانم کوێیەو وەك پرچی دایکت

لە تەمدا سپی بووەتەوە

بە دواتدا دەگەڕێم:

- تۆ لە کوێیت؟

rabarfariq@yahoo.com



# لەودیو چەمی دۆزەخەوە

بێستون حەسەن

دارئەرخەوانێك بووم ئەوسا
بە چەشنی پەلكەزێڕینەو ڕەنگەكانی عەتر ئەچووم،
دڵم پڕبوو لە غەزەلی ئەو نامانەی هەموو سوبحێ
ئەیبردمەوە كوچەكانی بەردەرگی (با).
نیشتمانێك بووم لە هەوەس
سەرم سەوزو دەستم سەوزو
پێڵوم تەڕ بوو لە بەهاری ئەو ساتانەی
دەستبازیمان لە دێرێكا بۆ مێژوو ئەگێڕایەوە...
كەچی ئێستا نە پەروانە بە سەر باڵی شیعرمەوە مەكر ئەكاو
نەهەرێزێك لەودیو چەمی دۆزەخەوە
ئێوارە باشم لێ ئەكا...





چ مەیئوسم كە دەبینم خاكم لە ماڵی هەتیو و
گۆرانیم لە شیوەن ئەچێ!
چەندە حەزم لە فڕینە كە دەبینم
ریشۆڵەیەك لە سەر عەرشی سەفەرێكدا
گەمە لە تەك مردن ئەكاو نیگای لە خودا بڕیوە!
ئەو دەمانە گیان دەسپێرم بە رەشەباو
رابردووشم بە پەیامی پڕ لە سووتوی گوڵە شیعرێك.
ئەڵێم بەڵكە نەبمە سوورمەی ئەو مێخەكەی
بە بەر هەتاوەوە سیس و بە بەر بارانەوە تەڕو
لە هەرەسی پاییزیشدا بڕوێمەوە.
گەر وانەبم هەر زوو بەفری ئەم ئەوینە بێ سروەیە
سەرو ریشم دائەپۆشێ...
گەر وانەبم هەرزوو ترێی باخەكانی رووانینم تۆز دەیگرێ و
پەنجەكانم پڕپڕ دەبێ لە رەهێڵە و گۆرانی شەڕ.
بیرت نەچێ تا هەنووكەش
دێڕ بەدێڕی بەیتەكانی هەناسەشم هەرهی تۆیە...
گوناهت گەشت عەزابت دایە دەست عیشق و
چاوەكانمت لە ئینجانەی بەرزەخێكدا كوێر كردووە...
نەتزانی ئێمەی كائین هەر ئەوەندە
تەماشامان لە سێبەری چنارێكا رژاندووە،
چیدی نابێ خۆر لە شانی راستمانەوە تەفسیرێك بۆ ئاگر بكات!
چۆن سانا بوو بەلاتەوە سەفەر بە نێو ئاسەواری ئەو خەونانەی
شەوێك نییە لە پرسەیدا نەتباتەوە كۆشی گریان
لە كاتێكدا زاكیرەت بە ماچم پڕەو
ژوور بە ژووری ماڵەكەشتان شایەتی بۆ رەنگم ئەدەن

گەر نازانی... شەفاعەتی غەدرێك دابەی
ئەوە مەزرای دەم گزنگی پەشیمانی و
ئەوەش دەرگای بێ کلیلی زەمهەریرو حونجەکردنی گوڵ و یەئس...
بۆیە چیتر قەڵەمی ئەم بێدەنگییەم لە ژەهری چاوەڕوانیتا ناخنکێنم،
نزا ناکەمە شکۆفەو
پاییز فێری مومارەسەی عیشق ناکەم...
لەم وجودە هەناسەیەکیش نابینرێ
ئافات باتەوە دەست مەرگ و
منیش بە کۆڵێ شیعرەوە بەرێتەوە قەهری گەنجی...
من هەمیشە نیگایەکی وێنەکەتم
لە هەزاران چەلەحانێی حیکایەتێك پێ خۆشتر بوو
کەچی تۆ هەر لە هەوەسی فیردەوسێکی کوژراو ئەچی
لە سووتانی دەشتێك درك و لە وەنەوزی قەسیدەکانی عەدەم و
دار هەناری زستان ئەچی...
هەرچەند ئەکەی ناچیتەوە دوورگەکانی ئاوەدانیی و
نابیتەوە بە ڕێحانەی باخە زەردەکانی مێژوو...
یان هەنگاوت بە سەر دڵی کامە خەون و
کامە هەرمێی نەگەییویماڵی سەرابا هەڵێنی،
هێشتا ناگەی بە سێبەری ئەو گوڵانەی کچێنییان لە ئاسمانا حەشارداوە...
من ئەزانم ئێستا پڕی لە گریان و لە هەنەسی سرودەکانی دۆڕاندن
دڵت ئێستا، نەوەك جاران فێرە بالیای ئارەزووەو
نە منێکی دی شك ئەبا چەترێك هەڵبا بۆ کرێوە.
تەنهاو تەنها منم ئێستا
لە هیجرەتی شەپۆلەکانی چاوانتا زێوانێك بم بۆ جوانیت و



میناکانی سەعادەتت لەخۆ بگرم...
کە ئەزانی لەو دیو ماڵی خەیاڵتەوە قەدەرێکی سپی هەیە
دەستی بەرێ...
ئەو دەمێکە لەودیو تەلبەندەکانەوە حەیران بۆ سووتان ئەبێژێ...
ئەو دەمێکە
لە کتێبا گوڵەکانی هەڵگرتووەو
بە شەرمەوە باوەش بە باراندا ئەکات.
کە ئەتزانی کاڵبوونەوە حوجرەکانی پێکەنینی لێداخستوویت
دەبوو هەر زوو
دوعاکانت لە عیرفانی ئەوینمەوە فرێیایەو
بە دیار هاژەی شیعرێکمەوە... تاسپێدە ئامین بکەی.
دەبوو هەرزوو سەرت لە خەنەی پەنجەم و
برژانگی چاوەکانیشت لە کلی ڕۆحم بنایە.
دەنا ئێستا لە جێی ئەوەی شەوەکانت بەدەم پەروانەی شەراب و
نێرگزی خوێن بتەنرایە،
ئەبوویتەوە بە کزەباو سەحەرانێك لە بۆنی گوڵ
سەدەفی پێکەنینت ئەڕشت...
یان ئەبوویتە نزولەی ئەو قەڵەمانەی بۆن کرۆزیان ئەگەییە
سەکۆی خەمی ئەو لێوانەی تا هەنووکەش
وشك وشکن...
ئاخر ئێمە چیماندابوو لە فرینی ئەو مەلانەی
بە خۆڕایی نیشتمانیان لە جانتایەك ئارەزووناو
کەس نەیزانی چۆن و لە کوێ بارگەیان خست!
وەرە با وەك ئەو پرسیارە سپییانە بین

ڕێ لە بەرەی خیانەت و لە سەفەری جوانیی ئەگرن.
با قەدەرمان بۆنی کوشتنی لێنەیەت.
با ڕنەبین لە توڕەیی و
شەیتان یاری بە زەریفی چرۆکانی لەززەت نەکا
وردبوونەوە لە ئیرەیی و
لە تەرایی جنسی بەفر خەتایەکە لە عیشق ئەکرێ
شۆڕبوونەوە بۆ خوڕەمی گەواڵە هەورێکی ڕەش و
گەڕان بە دووی سێبەرەکانی ئەمەل و
تێرامان لەو ئایەتانەی بە هەڵە تەرجەمەت کردن، خەتایەك بوو
منیان کردە ڕەشپۆشترین مەخلوقی خواو
تۆشیان بردەوە سەر سفرەی مزگەوتێکی بێ منارەو
بەبێ مەلا لە تەنیایی مارەکرای.
ئێستا ئەوەی لێت یاساغە،
ئەوەی سەوزی باخەکانی پێکەنینتی لە مشتایە،
زمانی شیعرێکی منە تا بەهارت پڕکاتەوە لە جریوەو
جەفاکانت لە ڕەهێڵەی جووتبوونێکدا بشواتەوە...
ئەی توحفەترین ئادەمی...
ئەزانی من چەند بە شەوقی نووسینەوەی ئەو دێڕانەم
باس لەو شەوە نارنجیانەی پاییز ئەکات
کە شەرممان لەودیو پەنجەرەکانەوە بەجێهێشت و
لە مەرجانی هەوەسێکدا بەبێ هەتاو تووانەوە...
یان ئەزانی بە تاسەی تێکەڵبوونێکت،
دەیان شەوم وەنەوز کوشتی!
لەگەڵم بە... با تێبگەین لە نهێنی ئەو پیاسانەی
قیامەتمان لە ڕنینی دارسێوێکدا نیشان ئەدا...





لەگەڵم بە... تا قولانجێ زەوی نەهێڵینەوە بۆ عەرشی
کەنەسمەکانی فیرقەت و سوورەتەکانی ئاوابوون.
بازایەڵەت لە شکۆفەی بارانێکەوە تێبگا
تەڕبوون لەودیو سەحراکانەوە چەند جوانە
سەما بە نێو نوێژەکانی بەرائەتدا
چەند نزیکە لە بێهودەیی ئەو (با)یەی
پاییز دێنێتەوە شیعر...
تۆ لە بیرتە ئەو دەمانەی لە ژێر چەتری دارمێوێکدا
هێندە ماینەوە بە تەنیا چڵ و پۆپی درەختەکانیش پێی زانین؟
ئاخر هەر خۆت وەرەو بڵێ:
کەی لە بانووی سەرابەوە عیشق ئەکرێ
یان لاولاوی کام دڵ هەیە بە بۆنی خەم ڕەش نەبووبێ...
کە تۆ بەری ڕەزت من بێ و
زەردەخەنەت لە پێشوازی هەستاتێکما چرۆ بگرێ،
ئەی پێم ناڵێی لە تەنیایی ئەم ئافاتە خوێن گرتووەدا
تاکەی ڕەنگی مەینەت ئەگری و هەرەس یاریی بە زەنگیانەی جوانیت
ئەکا!
ئاخر گیانە هەر خۆت بڵێ:
کاتێ غرور پڕی کردی لە قریوەو لە شەرابی دوعای درۆ
کێ بەر لە من هاتە لات و چاوی پۆشی
لە سروودی ئەو گوناهانەی تامی مەحشەریان لێدەهات؟
جگە لە من کێ ژیانی بەستەوە بە کەزیەکانت و
سەعادەتی کردەوە بەر یەکەمین عەسری تەمەنت؟
دەبۆ نایەی ئێوارەیەك بمبەخشیتەوە بە خۆم و

خاڵیم کەیتەوە لە سووتان.
تۆ نازانی کە زمانی ئەوینداریی لە گۆکەوت و
عیشق بۆنی گومانی گرت،
چەشنی پاییز خاك پڕدەبێت لە ئیرەیی و
دڵیشمان لە تاعونی رەش.
وەرەو چشکە لەو زەمەنەی گوزەراندمان...
ئێستا کاتی چنینەوەی تووەکانی بەرماڵان و
شرۆڤەی ئەو دێڕانەیە لە وەرینی گوڵەبەڕۆژەیەك ئەدوێ
لە حەوشەی ماڵەژنێکا
بە نهێنی ماچ ئەبەخشن بە مانگەشەو و ئەستێرە...
ئەگەر هاتی لە سوچێکی ئەم ئاسمانە لێوتەڕەدا
حیکایەتێك بەجێدێڵین
گرەو لە سەفەر باتەوەو
بێمرووەتیش بە ئاوی لەززەت تەڕبکا...





# ئاوازی فرەك*

سوارە نەجمەدین

یار رۆیشت
بەبێ ئەوەی لە سیلەی کۆڵانەوە ئاورێك بداتەوە
بەبێ ئەوەی لە پۆستەکەیا پەڕەیەکی سپیش جێبهێڵێت
...
ئیدی هیچ چۆلەکەیەك
لەسەر درەختەکەمان نانیشێتەوە
تەنانەت پەپوولەکان نایەنە سەر ئینجانەکەش
من چی لە گوڵێکی وشکەوەبووی نێو پەڕەی کتێبێك بکەم؟

یار رۆیشت
بۆ ئەوەی من ئەم شیعرە بنووسم

*فرەك: دەنگی باڵی باڵندە لە کاتی فڕیندا



# پەیکەر

دڵشاد حسێن

کەسەکان:

١. دارا... پەیکەرسازە... تەمەنی لە ٤٠ ساڵیدایە... نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە... زۆر ماندووە... لە دوا ڕۆژەکانی مردنی دەچێت.

٢. پیرە پەیکەر...

٣. ژنە پەیکەر...

٤. کۆمەڵێك پەیکەر...

شوێن:

ژوورێکی پەیکەرسازی... چەند پەیکەرێك دانراون... ئەکتەرێك وەك پەیکەر هەریەکەو لە جێگایەك دانیشتوون و وەستاون

سەرەتا

“دەنگی دەرەوە: ئیسعافێك لە دەرەوە دێت... ئیسعافەکە دەوەستێت... دارا بە ماندوویی دێتە ژوورەوە... پەیکەرەکان بەخۆشییەوە لێی دەڕوانن”.

پیرەپەیکەر: هاتیتەوە، چاوەڕوان نەبووین بێیتەوە...

دارا: بۆ دواجار هاتمەوە... ماڵئاواییتان لێبکەم

پەیکەرەژن: نا... هەرگیز وا نەڵێی ئێمە بێ تۆ بەکەڵکی چی دێین

دارا: مەترسن پێش ئەوەی تێك بشکێم، ئێوەش دەشکێنم

پەیکەرەکان: بمانشکێنە... تێکمان بشکێنە

دارا: وردو خاشتان ئەکەم، ئەتانکەمەوە بە گڵ... خۆشم و ئێوەش ئەکەمەوە بەو گڵەی ئێوەم لێدروستکرد



پەیکەرەژن: لێت ناگەڕێین... ئێمە پارچەی یادەوەریی تۆین... چۆن وا بە ئاسانی تێکمان ئەشکێنی... ئێمە نەبین تۆ هیچ نیت

دارا: بەڵێ، من دەمێکە ئەزانم هیچ نیم... ئەمرۆش بۆ دواجار ئەبمەوە بە هیچ... ئێوە زۆر ئازارتان داوم... بەو ئازارەی ئێوەوە ئەمرۆ دوا ماڵئاوایی ئەکەم...”زۆر ماندووەو نەخۆشی پێوە دیارە... جارجار کۆکە قوڕگی ئەگرێت”، لێم گەڕێن ئەمە ئەو شوێنەیە ئاواتەخوازم تیایدا بمرم... من نەموویست لە نەخۆشخانە لەسەر سیسەمێکی ساردوسڕ بمرم... ئەمەوێ لێرە بمرم... ئەمەوێ پێکەوە بمرین... بەڵام بوارم بدەن تا گیانم دەرئەچێ بە ئارەزووی خۆم لە گەڵتانا بدوێم... ئەزانم ئەمرم... دکتۆر پێیووتم حەز ئەکەیت سەردانی کوێ بکەیت... منیش تێگەیشتم لەوانەیە ئەمرۆ دوا ڕۆژی ژیانم بێت...

پەیکەرەژن: تۆ بێڕۆحت کردن؟

دارا: نا، من ١٨ ساڵە دەمەوێ ڕۆح بەگیانتانا بکەم... یان دەستوپەنجەم بێڕۆح بوو... یان ئێوە نەتان ئەویست ئاسوودەم بکەن... حەزتان ئەکرد هەر بەو ئازارەوە بمرم...

پەیکەرەژن: نا... هەرگیز... تۆ ناتوانی ڕۆح بەبەرمانا بکەیت... تۆ ناتوانی، تۆ تەنها پەیکەرسازیت و هیچیتر!

دارا: من؟ من لەو کاتەوەی دروستمکردوون هاوارتان لێئەکەم ئێوە نەبوونە ڕۆحلەبەر... ئێوە بوون و نەبوون... ئێوە

ئێوە پەیکەرە بێڕۆحەکانم... من چەندین ساڵە خەریکی دروستکردنتان بووم... قوڕ ئەشێلم و ئێوەی پێدروست ئەکەم...

ژنەپەیکەر: تۆ چیت کردووە؟ تۆ گوناهت کردووە، بۆیە خوا قەت لێت ناگەڕێ ڕۆحمان بە بەردا بکەیت... تۆ دەستکاریی کاری خوا ئەکەیت

دارا: ئەزانم، ئەمە دەستکاریی کاری خوایەو من چۆن لە قوڕ دروستبووم ئێوەشم لە قوڕ دروستکرد...

پەیکەرەژن: ئاواتت ئەوەبوو بمانکەیتە ڕۆحلەبەرێك بۆ حەزو ئارەزووەکانت؟ تۆ خۆشت نازانی بۆ ئەتەوێ ڕۆح بەگیانمانا بکەیت... تۆ نازانی...

دارا: ئەزانم... ئارەزووم بوو بتانکەمە کاراکتەر... هەموو ڕۆژێك ئەمەوێ ڕۆحی ئەکتەرێکی شانۆتان بە بەرتا بکەم نەمتوانی... وا ئەمرۆ دواجار لە گەڵتان ڕۆحم دەرئەچێ... ئەمویست بە جۆرێکیتر لە ئێوەدا ڕۆحی شانۆ دابهێنم، بەڵام ئێوە نەجووڵان و هەر بێڕۆح بوون... یەك ساتیش ڕۆحتان بەبەردا نەهات... (کۆکین... بێدەنگی)

پیرەپەیکەر: من کۆنترین پەیکەری تۆم و هەڵگری یادەوەریی منداڵیتم تا ئەمرۆ... تۆو منداڵی خۆتان چیرۆکێکی شەڕانین... ئەو ڕۆحە شەڕانییە ناتوانێ ڕۆح بەبەر قوڕدا بکات... کامەیە چیرۆکی تۆ، جگە لە ڕۆحێکی یاخی؟

دارا: چیرۆکی من درێژکراوەی چیرۆکی یەکە بەیەکەتانە... چیرۆکی من و قوڕ دوورو درێژە... لە چیرۆکی ئادەم و حەوا درێژ ترە... "دارا ئەبێتەوە بە منداڵ" ئەو ڕۆژەی

دەستم دایە قوڕو شتێك دروست بكەم... "پەیكەرەكان هەموویان بە دەستێك زللە ئەوەشێنن"

دەنگی پەیكەرەكان: كفر مەكە

دارا: "وەك زللەی بەركەوێت هاوار ئەكات" باوكم تێی سرەواندم... من نەمزانی دەستبردن بۆ قوڕ ئەوەندە كفرە... من ئەمزانی خۆم و دایكم و باوكم لە قوڕ دروست بووین... ئەمویست منیش لە قوڕ كەسی تر دروست بكەم... ئەو ڕۆژەی قوڕم گرتەوەو ویستم یەكەم ئەندامی بەشەرێك دروست بكەم... باوكم هاواریكرد...

دەنگی پەیكەرێك: ئەی هاوار ئەوە كوفری گەورە ئەكەیت جگە لە خوا كەس ناتوانێ بەشەر دروست بكات...

دارا: باوكم بەتوڕەییەوە هەستاو هەرچی قوڕ هەیە لە سەروگوێلاكمی دا...

دەنگی پەیكەرێك: من نامەوێ ئەولادی كافرم هەبێت...

دارا: زۆری لێدام "ئەگری"... هەموو قوڕەكانمی فڕێدا... ئەو ڕۆژە زیاتر قوڕم خۆشویست... بۆ یەكەمجار بوو ئاوا قوڕ بخۆم "قوڕ ئەخوات بەدەم قوڕ خواردنەوە بەردەوامە"

ئەڵێن بە منداڵی هیچ یارییەكم نەبووەو خۆم بە قوڕ یارییەكانی خۆم دروستكردووە... دوای ئەو ڕۆژەی باوكم لێی دام... پارچەی قوڕەكانم هەڵئەگرت و ئەمخوارد... قوڕخواردن لەزەتێكی ڕۆحی پێبەخشیم... دەی لە گەڵا قوڕ بخۆن با لەزەتی ڕۆحی ببینن ... "پەیكەرەكان قوڕ ئەخۆن" ئەوەی قوڕی تام نەكردبێ لە لەزەتی ڕۆحی بەشەر ناكات... بخۆن با لەلەزەت بكەن... بخۆن دەی بخۆن... با ڕۆحێك بەبەرتان بێت "بەردەوامن لە قوڕخواردن" قوڕ بخۆن...

"بێدەنگی سەیری پەیكەرەكان ئەكات لە قوڕخواردن ئەوەستن"

پەیكەرەژن: خواردمان و لەزەتی ڕۆحیمان نەدی... خواردمان و هەستمان بە ڕۆحی مرۆڤ نەكرد... تۆ ئەزانی بوویتە بەندەیەكی بێحەیا، ئەوەی خوا بۆ بەندە پێی خۆش نییە تۆ كردووتە؟

دارا: لەدوای ئەوە زانیم كە ئەمەوێ ببمە بەندەیەكی بێعاری خواو لە باتی ئادەم و حەوا... نەوەكانی دروستبكەم... بەڕاست كوفرە... بەڵام هەستكردن بەخوایی زۆری ئازاردام...

پەیكەرەكان: ئەستەغفیروڵڵا... ئەستەغفیروڵڵا

دارا: چیرۆكی من و قوڕ، لە چیرۆكی ئادەم و حەوا ئاڵۆزترە... لەم دونیا كەس ئەوەندەی باوكم ڕقی لە قوڕ نەبوو و كەسیش بەقەدەر دایكم حەزی لە قوڕ نەبوو... ئەڵێن من نەوەیەكی سكیم و لە باوكم ناچم... بۆیە لە دایكم ئەچم... بیستوومە ئەو دایكە نەگبەتەم كە بەمنەوە سكی هەبووە بێزووی بە قوڕخواردنەوە كردووە... ڕۆژانە جامێ قوڕی ئەگرتەوەو تا ئەخەوت وەكو چەرەسات لێی ئەخوارد... كە باوكیشم ئەیبینی



كەللەیی ئەبوو، باوكم ناحەقی نەبوو وا ڕقی لە قوڕ بێت... تا مردیش بەو ئاواتەوە بوو لە خانووی قوڕ نەجاتی بێت... باوكم خەونێكی سەیری هەبوو ئاواتەخوازبوو ئەو خانووە قوڕەی هەمانبوو بیڕوخێنێ... ئەو پێیوابوو ئەو خانووە قوڕە غەزەبی بۆ داباراندووین و هەموومانی فێری خۆشەویستی قوڕ كردووە... هەموو جارێك ئەیوت ئاخ ئەگەر ئەبوومە خاوەنی ژوورێكی چیمەنتۆو لەم كەلاوە قوڕە نەجاتم ئەبوو... بەڵام تا مردیش ئەو ئاواتەی نەهاتە دی و هەر لەو كەلاوەیەدا كە بەسەریا ڕووخا (بێدەنگی)...

پەیكەرەژن: غەزەبی تۆ بوو... بیرمان مەخەرەوە هەمووی غەزەبی تۆ بوو

دارا: من تاوانم نەبوو... بەو كارەساتە ژیانی من و قوڕ گۆڕا... بۆ یەكەمینجار هەستمكرد قوڕ مایەی كارەساتە. ئەو ڕۆژەی كە وتیان باوكم و دایكم لە تۆفانەكەی ئەو ساڵەدا بوون بەژێر كەلاوەكەوە... تا من گەیشتمە ماڵەوە... چیم بینی خەڵكی گەڕەك باوكم و دایكمیان هێنایە دەرەوە لەناو ئەو قوڕو لیتەی كەلاوەیەدا هەڵژنابوون لە قوڕدا. كە ڕایان كێشانە دەرەوە لە دوو پەیكەری نووستوو ئەچوون، باوكم لە ژێر قوڕی كەلاوەكەدا ڕۆحی دەرچوو، ئای باوكی نەگبەتم ناحەقت نەبوو وا ڕقت لە قوڕ بێت و دواجار ڕۆحت لەژێر قوڕدا دەرچوو و مردی... دایكشم عاشقی قوڕ بوو، بۆیە ڕۆحی دەرنەچوو بەوقوڕەوە هەڵسایەوە... لەگەڵ قوڕدا شیوەنی بۆ باوكم ئەكردو شیوەنێكی ئەكرد "دەنگی شیوەن... پەیكەرەكان شیوەن ئەكەن" ئای دایەگیان ئەو كاتە زانیم ژیان لەگەڵ قوڕ كارەساتە كە ئێمە لە قوڕ دروستكراوین و ئەم كارەساتەمان هێنایە سەر زەوی... دایكم ناحەقی نەبوو وا حەزی لە قوڕ بێت... لە نێوان هەردووكیانا منێكی قوڕاوییان هێنایە ئەم ژیانە... هەر قوڕو خۆڵیش تووشی ئەم نەخۆشییە كوشندەی كردم وا ئێستا دوا هەناسەی ژیانم ئەدەم و لەمڕۆوە خۆشم ئەبمەوە بە خۆڵ و ئەچمە ژێر گڵ... من ئەمویست ئەو ڕایە بگۆڕم كە ناكرێت لە گڵەوە بۆ گڵ... ئەبێت لە گڵەوە بۆ ژیانی هەتا هەتایی...

پەیكەرەژن: كە ئەتزانی كارەساتەو ئێوەن كارەساتی سەرزەمین... بۆ ئێمەت دروستكرد...؟

دارا: هەرمن نیم گیرۆدەی قوڕم... بەشەرییەت هەمووی گیرۆدەی قوڕە... سەركردەكان بۆیان بكرێت شارەكان، كۆڵان و گەڕەك و باخچەكان پڕ ئەكەن لە پەیكەری قوڕی خۆیان...

پەیكەرەژن: ئەوە تەنها سەركردەكانن ئەو ئارەزووەیان هەیە، نەك هەموومان...

دارا: نا... هەموومان ئارەزوومانە... حەزێكی شاراوەمان تێدایە بۆ قوڕ... ئەگەر پەیكەرە قوڕەكان لە مێژوو دەربهێنی چیمان لە مێژووی مرۆڤایەتی بۆ ئەمێنێتەوە، جگە لە كۆمەڵێ كاغەز... قوڕ بووتە بەشێك لە دروستبوونمان... لە مێژوومان ... لە ئارەزوومان... بووەتە بەشێك لە یادەوەریمان...

پەیكەرەژن: تۆش گیرۆدەی مێژوو و یادەوەریت، بۆیە ئێمەت ئاوا لە قوڕێكی تەڕ

دروستکرد... ئێمە تاوانمان چییە؟

دارا: ئێوە تاوانبارن... من نەمدەویست تەنها بە قوڕ ئێوە دروست بکەم، بەڵکو ئەمویست پەیکەرێك بن ڕۆحلەبەر بن... ئەمویست لەو بەشەرانەتان جیا بکەمەوە کە لە ژیاندا وەك پەیکەرێکی بێڕۆح ئەژین و بۆ ژیان ئەڕوانن... ئەمویست لەم شارەدا تەنیا بوونەوەرێکی بەڕۆح بن... لە ناو شارێکی بێڕۆحدا... من نەمئەویست ببنە ئەو پەیکەرانەی کە ملیۆنەها پەیکەر ئەیپەرستن... شارێك سەدان پەیکەری بێڕۆحی داناوەو ئەیپەرستێ... شارێك پڕ بووە لە پەیکەر... ئەوەی ڕۆح و ژیان و خۆشەویستی بێت تێدا نەماوە... نا... "کۆکین... ماندووبوون... پەیکەرەکان ئەجوڵێنەوە"

دارا: ڕاوەستن بۆ وا پەلەتانە خۆ من هێشتا نەمردووم... هێشتا هەناسە ئەدەم و ڕۆحم تێدایە... تەنها ئێوە نەبێت کە چەندەها ساڵە ئەمەوێ ڕۆحتان بێتەبەرو ناتوانم... ئاواتە خوازبووم بتانکەمە تێکسێکی شانۆیی و بتانجوڵێنم نەمتوانی...

پەیکەرەژن: ئەی منت بۆچی بوو... من جگە لە خەون هیچ نەبووم لە ژیانتا... ئەبوایە منت دروست نەکردایە... منت بۆچی بوو؟

دارا: تۆ نازدارەکەم... هەموو ئەو شتانەی لە ژیانمدا لە قوڕ ناچن لە تۆ ئەچێ... نیوەت لەو کچە ئەچێت کە فێری خۆشەویستی سەمای کردم... فێری بینی شانۆی کردم. "تارمایی کچێك دەرئەکەوێت"... هۆ ئازیزەکەم ئێستا لە کوێیت؟ خۆزگە لێرە ئەبوویت و ئەم دواساتانەی ژیانمت دەبینی... ئەو کچەی ١٠ساڵە خۆشم ئەوێیت و نەمتوانی پێت بڵێم... خۆشەویستی تۆ هانیدام پارچەکانی یادەوەریم بکەمە پەیکەرو بیانخەمە سەر شانۆو منیش ببمە دەرهێنەرو بتانجوڵێنم... (پەیکەرەکان ئەجوڵێن و وەك لەسەر شانۆ بێت بە خاویی قاچەکانیان بۆ سەما ئەجوڵێنن) لە تۆشدا تەنها قاچە ئاڵتونییەکانم بیرە کە سەمات پێئەکرد... منی قوڕ لە هەموو لەشی تۆدا عاشقی قاچت بووم... نازانم چاوت چۆن بوو... بەڵام ئەزانم جوانترین قاچت هەبوو... کە تۆم دی لەسەر شانۆ سەما ئەکەیت... زانیم جوانترین شوێنی ئافرەت قاچیەتی... ئەو قاچانەی مەگەر خوا خۆی بزانێ چۆن دروستیکردوون...... دوای کۆتایی شانۆییەکە هاتمە لات و سەرێکم بۆ دانەواندی، ئەوە بۆ تۆ نەبوو بۆ بینی قاچەکانت بوو... تەنها یەك داوام کرد... ئەتوانی بێیت و چەند سەعات سەبر بگریت و پەیکەرێك لە شێوەت دروستبکەم... سەیرت لێهات منێکی قوڕاویی ئەو داواکارییە سەختە ئەکەم... پێموتی کە هاتی پێمخۆشە بە تەنورەوە بێیت... نەتزانی بۆچی... بەڵام خۆم ئەمزانی بۆ ئەوەی قاچەکانت دروستبکەم... من لە هەموو وانەکانی پەیکەرسازیدا باش بووم... تەنها لە تەشریحدا خراپ بووم... مامۆستا پێی ئەوتم تۆ هەر وێنەی مرۆڤ دروست مەکە، چونکە لە دروستکردنی باڵ و قاچدا کلۆڵیی و لە تەشرحیدا هەموو ساڵێك ئەکەوتم... دوای دروستکردنی قاچەکانی تۆ. هەموو مامۆستاکان هاتنە سەیری و پیشانی هەموو قوتابیەکانیان دا... من داهێنانم لە قاچی جوان دروستکردندا کرد... گەر هێندە ئەو قاچانەی تۆ





وا جوان نەبوونایە... من نەمئەتوانی وا دروستیبکەم... لە غیرەیدا ئەو پەیکەرەی تۆم هەڵگرت و هێنامەوە ئێرە... بۆ ئەوەی کەس ئەو قاچانەت نەبینێت و عاشقت بێت... وەك من عاشقت بووم... ١٥ساڵ عاشقت بووم و نەموێرا پێت بڵێم... ١٥ساڵ هێنام و بردم نەمتوانی وشەیەکی خۆشەویستیت پێ بڵێم... لەبەر خاتری تۆ ئەهاتمە هۆڵەکانی شانۆو نەمتوانی بڵێم من عاشقی تۆبووم... تۆم هێناو ویستم لێرە ڕۆح بەبەرتا بکەم و پێت بڵێم خۆشم ئەوێی بەڵام شکستم هێنا... نازانم ئێستا لە کوێی ئاخۆ لە ئامێزی کەسێکدا نوستوویت نرخی تۆ بزانێت؟ من وا خەریکە ڕۆحم دەرئەچێ و وشەیەکم بەتۆ نەوت... وا خەریکە ئەمرم و تۆم نەبینی ڕۆژێك بجوڵێیت... هەموو ڕۆژێك لێرە قاچەکانت ماچ ئەکەم و تۆ ڕۆحت نایەتە بەر بۆ ئەوەی لەسەر شانۆ سەمایەك بکەین..." دارا لەگەڵ ژنە پەیکەر سەما ئەکات... پەیکەرەکانیش لە جێی خۆیانەوە سەما ئەکەن... دارا لەکاتی سەماکردندا بەهێواشی ئەکەوێتە زەوی و پەیکەرەژن ئەیگرێت" وا من ئەمرم و پەیکەرە ژنیش هەر بیڕۆحە... من ئەمرم و قاچەکانتم نەبینی بلەرێنەوەو بهێننە سەما... وامن...(کۆکە... ماندوبوون... پەیکەرەکان هەموو دێن بۆلای)...

ڕاوەستن هێشتا ڕۆحم تێدایە... تا ئێوە ئەمرۆ ڕۆحتان بەبەردانەیەت من ڕۆحم دەرناچێ...

"پەیکەرەکان ئەچنەوە جێگای خۆیان"

ئەی تۆ پیرەپەیکەر؟... تۆم دروستکرد بۆ ئەوەی شاهیدی ئەو ڕۆژانە بیت کە ڕۆح بەبەر ئەم پەیکەرانەدا ئەکەم و شانۆییەکی زیندوویان لێدروست ئەکەم و تۆش ئەکەمە دەرهێنەری شانۆییەکە... نا خۆم ئەبم... نا... نا... من ئەبمە داهێنەری نوێترین شانۆی ڕۆحدارو تۆش ئەبیتە دەرهێنەرێکی زیندوو... بەڵام تۆش نەجووڵای... نازانم بۆ... تۆیەك پیرترین پەیکەرم لەوکاتەوەی لەگەڵ قوردا دەستمکرایەوە دەستم بە دروستکردنی تۆ کرد... تۆ ئەم هەموو ساڵە لەگەڵما ئەژێت و کۆی هەموو یادەوەریەکانمی... دەبلی... بجووڵێ سەیری ئەم مەهزەلەیە بکە وا نەوەی قوڕ ئەبێتەوە بەگڵ و ئەبێتەوە پەیکەرێکی بێڕۆح... هەموو ساڵێك چاوەڕوانم هەستیت و وتارێك بۆ ڕۆژی ئەم پەیکەرانەم بنووسی... من چەندین ساڵە هەوڵ ئەدەم و تۆ هیچ نانووسیت... بێدەنگ هەر سەیرم ئەکەیت... ئەمە دوا ڕۆژی ژیانمەو وەکو تۆ ئەبمە پەیکەر بەڵام بێڕۆح، چونکە کەسێك نییە ڕۆحم بەبەردا بکات... داخی تۆو شانۆو ئەم ئەکتەرە جوانە بێڕۆحانەم... وا منیش ئەم نەخۆشیە کوشندەیە ئەمکوژێت و تۆ هیچت نەووت...(بێدەنگی)

پیرەپەیکەر: چی بڵێیم؟... چی وتارێك بنووسم؟

دارا: چۆن باسی شکستی نەوەیەکی بێ شانۆ بکە.

پیرەپەیکەر: هیچ نانووسم... هیچ نانووسم... هەمووی شکستە... شکستە... بۆ ئەم ڕۆژەش هیچ نانووسم... ڕۆژی شکستە جوانەکانە...

دارا: ناحەقت ناگرم نایەیتە جووڵەو وتارێك بۆ ڕۆژی خۆت بنووسی... باسی چی

ئەکەیت... هۆڵەکان نەماوە... تارۆحی شانۆی بەبەر بهێنیتەوە... باسی چی ئەکەیت باسی کۆشکی هونەرێك ئەکەیت کە هونەری تێدا پێشکەش ناکرێ... باسی چی بکەیت؟... ویستمان بە هونەر رووتیان کەیتەوە و پێیان پێبکەنین... بەڵام وا رووتیان کردووین و بە خۆمان پێکەنین... باسی چی بکەیت؟... هەواڵی خۆمان ئێستا لە پاشکۆی رۆژنامەکاندا بێلەزەتترین بابەتی خوێندنەوەن... چی ئەنووسی؟... ئای پیرەپەیکەر... باسی چی ئەنووسی بۆ رۆژی شکستی خۆمان... ئەم رۆژەی دوا رۆژی شکستی منە... نەتتوانی وەك شاهیدێك دوارۆژی ژیانم بنووسیتەوە...

پیرەپەیکەر: هیچ نانووسم... هیچ نانووسم

دارا: بۆ نانووسی؟ بۆ؟... ئیتر تەواو من و تۆ ئەبینە ئەو پەیکەرەی لە یادەکاندا نەبێت کەس سەیرمان ناکات....

پیرەپەیکەر: هیچ نانووسم...

دارا: ئەزانم نانووسی..."تورە ئەبێت"مەنووسە... تۆ کەی نوسیووتە تا ئەمرۆ بنووسی... مۆتەکەیەکی بێرۆحی لێم نابێتەوە... ئەمرۆ هەموو شتێك تەواو نە تۆو نەخۆشەویستەکانم ناتوانن بجووڵێن و رۆح بەبەرتانا بێتەوە...

پیرەپەیکەر: نانووسم

دارا: تەواو... بۆ دواجار ئەتانشکێنم... چونکە کەسێك نییە دوای من ژیانتان بەبەردا بکات و شاهیدی بۆ رۆژانی قوراوی من بدەن. ئەتانشکێنم... لەگەڵ خۆما ئەتانکەمەوە بە خۆڵ... تەواو"هەوڵ ئەدات بیانشکێنێ... هێزی تێدا نەماوە... ئەکەوێت... هەڵئەسێتەوە... بەدەست بە دیمەنێکی هێواش بەنێو پەیکەرەکاندا دێت و لێیان دەدات بۆ ئەوەی بینانشکێنێ... بەردەوامەو پیرەپەیکەر ئازار ئەکێشێ و بە بێدەنگ هاوار ئەکات"

پیرەپەیکەر: نا... راوەستە... نا... دەنووسم... دەنووسم

دارا: "بەخۆشیەوە"پیرەپەیکەر... پیرە یادەوەریم... دواجار هاتیتە جووڵە؟...

پەیکەرەکان:"بەخۆشییەوە ئەجوولێتەوە... دیمەنێکی خۆشی"

پیرەپەیکەر: هەمووی ئەنووسم... سەرکەوتن و نووشستی... شیوەن و خۆشەویستی... ئەنووسمەوە...

دارا: پیرەپەیکەر... بنووسە... ها بگرە ئەوە عەینەك و قەڵەم و کاغەز... ئەم دوا رۆژەی شکستم بکەرە وتارێکی رۆژی شانۆ..."لە خۆشیدا نازانێت چی بکات" دواجار رۆح بەبەردا هاتەوە... ئای خوایە چەند میهرەبانی و ئەو ئەرکەت پێبەخشیم کە رۆحێك بەبەر بێنمەوە... پیرە ها بنووسە...

"پیرەپەیکەر... هەرسەیری ئەکات و هیچ نانووسێت"

دارا: بۆ وەستاوی... بنووسە...

پیرەپەیکەر: "سەیرێکی هەموو پەیکەرەکان ئەکات"



لە کامیانەوە دەستپێبکەم...

دارا: سەیری من بکە... تۆ شاهیدی یادەوەرییەکانیی قوری... لە ئەوانەوە دەست پێمەکە... لە منەوە دەست پێبکە... لە دواساتەکانی ژیانم... نا... لەچیوارەکانەوە دەست پێبکە...

پیرەپەیکەر: "دەست بۆ سەردڵی خۆی ئەبات"

دارا: نا... نەکەی نەوەکا دڵت بوەستێت و لە نووسین بکەوی... لەکەماڵ سابیرەوە دەست پێبکە...

پیرەپەیکەر: "قاقا پێئەکەنێت"

دارا: نا نەکەی دوایی پێکەنینی قسە خۆشەکانی ناهێڵێت تەواوی بکەیت... لە ماجیدەوە دەست پێبکە... نا نەکەی... با ئۆتۆمبێلێکی گوماناوی و هارو شێت نەمانکات بەژێرەوە... ئەی لەکوێوە دەست پێبکەین...

پیرەپەیکەر: خۆشت نازانی چی بنووسم... شێتت کردم... چی بنووسم؟

دارا: ئەزانی چی بنووسە. ها... ها... ئا، چیرۆکی من و قور بنووسە... سیناریویی شکستی خۆشەویستی من بنووسە... چیرۆکی ئەم پەیکەرانەم بنووسە کە خۆشمویستن... سکرێبتێکم بۆ بنووسە با دوای بەقور بوونم... بیکەنە تێکستێکی شانۆ... ئامادەی... دەی سەیرمکەو گوێبگرە...

پیرەپەیکەر: "عەینەك لەچاو ئەکات و قەڵەم بەدەست ئەگرێت"چی بنووسم؟

دارا: بنووسە ئێمە نەوەیەکین سینەماکان ئەروخێنین و باڵەخانەی لێدروست دەکەین... بنووسە ئێمە بۆ مردووەکانمان ئەژین و سەد هۆڵی پرسە دروست ئەکەین و هۆڵیکی شانۆمان ناوێ... هۆڵی پرسەی مردووانمان لە هۆڵی شانۆی زیندووانمان گەرم وگورترە... بنووسە نەوەکانمان لەجیاتی ژوانییان لە هۆڵەکانی شانۆو سینەما بێت... ژوانیان لای مردووەکانە لەسەر قەبران و...

پیرەپەیکەر: تۆ باسی چی ئەکەیت؟

دارا: بووەستە ئەوە باسی چیمکرد تکات لێدەکەم بیکوژێننەوە من خەریکە کارەساتی خۆمم بیر ئەچێتەوە... نا لە منەوە دەست پێبکە. لەو رۆژەوە دەست پێبکە کە بەزۆر گرتمیان و بەتاوانی ئەوەی لەگەڵ سەگ یاریم کردووە لە قوریان گرتم و ئەیانووت گڵاو بووە... تەنها قور پاکی ئەکاتەوە... ئەگریام و پێئەکەنیم... ئەگریام بۆ ئەوەی بە گڵاوم ئەزانن... پێئەکەنم لە خۆشی ئەوەی لە قورم ئەگرن... زۆرم پێخۆش بوو... گەورە بووم و ئەو هەمووگڵاوەم بینی وکەسم نەبینی لە قوریان بگرێ تا پاکببنەوە... حەزم ئەکرد ئەم شارەم لە قور بگرتایە و پاکژ بووایەتەوە... بەڵام چەندم لە قور بگرتایایەو کوێم لە قور بگرتایە... هەرچی قوری ئەوگوندە چۆلانەم بهێنایە بەشی نەئەکرد... بنووسە من دانی پێدادەنێم شکستم هێنا... منێکی شکست خواردوو... بنووسە پەیکەرتاشێکی قوراوی ویستی پەیکەرەکانی رۆح لەبەر بکاو داهێنانێکی نوێ لە شانۆ بکات بەڵام شکستی

هێنا... چەندین ساڵ ئەو ئەکتەرەی خۆشویست و نەیتوانی رۆژێك وشەی خۆشەویستی پێ بڵێ... ١٤ساڵ ئەو مۆسیقارەی خۆشویست و نەیتوانی رۆژێك باسی دڵی خۆی لا بکات..."کۆکە خەریکە ئەکەوێت" راوەستن... زۆرم ماوە نامەوێ ئاوا بێهودە بمرم... گەیشتمە کوێ...؟

پەیکەرەژن: خۆشت نازانی لە کوێوە دەست پێبکەی... بۆ لە جوانییەکانتەوە دەست پێناکەی... لە وجوانییانەی لەمندا دروستتکردوون

دارا: هەموو ئەو جوانییانەی تۆش پڕن لە شکست... ئەتوانی بڵێ لە شکستە جوانەکانەوە دەست پێبکە... لە شکستی خۆشەویستیەوە

پەیکەرەژن: خۆشەویستی لە شکستیشدا هەر جوانە... لە منەوە دەست پێبکە... لەو وشانەوە دەست پێبکە کە تەنها تۆی بە رۆحەوە باسی ئەکەیت.

دارا: ئاخ... من ئێستا بەو داخەوە ئەمرم کە نەمتوانی رۆژێك چییە پێیان بڵێم خۆشمئەوێن... من تەنها بەمنداڵی توانیوومە بە کچێك بڵێم خۆشم ئەوێیت... کچێك لە پۆلەکەماندا بوو... زۆر سەیرم ئەکرد... هەموو هاوڕێکانم ئەیانووت ئێمە دەنکمان هەیە و تۆ ترسنۆکی دەنکت نییە... نەم ئەزانی دەنك چییە... وتیان ئەبێت کچێکت خۆش بوێ.... منی بێ دەنك زۆر شەرمم لە خۆم ئەکرد... رۆژێکیان غیرەتم دایە بەرخۆم و لە بەردەرگای قوتابخانەکە وەستام تا ئەوکچەی کە زۆرسەیرم ئەکرد هاتە دەرێ ...

پێموت چۆنی... وتی باشم... وتم ئەمناسی... وتی ئەی چۆن مەگەر لە پۆلی خۆماندا نیت... وتم حەزم لێتە... هەروام وت... ئەوکچە هەرچی هەوای ئەو ناوە هەیە هەڵیمژی و لە قوڵایی قورگیەوە وتی:

پەیکەرەکان:گووبخۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ

دارا: "گوێی خۆی ئەگرێ و ئەیلێتەوە" گوو بخۆ...

پەیکەرەکان: "پێئەکەنن"

دارا: "بە پێکەنینی درێـژەوە" ئەو گوبخۆیە"پێکەنین"دوا وشەی خۆش بوو لێم بیست... ئیتر نەموێرا سەیریشی بکەم ... لەو کاتەوە نەموێراوە بەکەس بڵێم خۆشمئەوێی نەکا پێم بلیت هێن بخۆ"پێکەنین"... شەڵلا پێی بووتمایە قوڕ بخۆ..."پێکەنین" زۆر خۆش بوو چونکە قوڕ خۆر بووم"پێکەنین"

پەیکەرەکان: "پێئەکەنن"

دارا: بەسە... بەسە "بە نوزەی گریانەوە دەست بەسەری پەیکەرەژن دا دێنێ" وا پیر بووم و نەخۆشی ئەمکوژێ و تا ئێستا نەمتوانی بەتۆش بڵێم خۆش... نا نایڵێم ئێستاش نایڵێم نەکا زویر بیت و نەیەیتە جووڵە... تۆ "دەست بە پرچیدا دێنێ" پرچت لە شێوەی ئەوکچە ئەچێت کە خۆشمویست... ئەوکچە مۆسیقارەی کە پرچەکانی فێری ئاوازی کردم... من خۆم ئەو پرچەم لەسەر ئەو بۆن و ئاوازە دروستکرد... ئەوکچەی ئێستاش دەنگی سازو بۆنی قژی ئەکەم... لەکوێی؟





پەیکەرەکان: لەکوێی...

دارا: لە کوێی، وامن ئەڕۆم و تێر بۆنی پرچەکانتم نەکرد... چەند ساڵ پێکەوە قسەمان ئەکردو هیچم پێنەوتی... چەند ساڵ ئەمزانی خۆشم ئەوێیت... خۆم لە گێلی ئەدا... من جیا لە هاوتەمەنەکانم عاشقی جوانیت نەبووم... تەنها عاشقی پرچەکانت بووم... کاتێك عاشقی پرچەکانت بووم تۆ کچێکی تازە پێگەیشتوو و منیش بووبووم بە پیاوێکی سەروو ٣٠ساڵی... نازانم چۆن گیرۆدەی ئەو پرچانەت بووم... ئا بیرمە... چۆن بیرم ئەچێتەوە... تۆ رێرەوی روانینی منت گۆری لە سەیری قاچەوە بۆ سەیری پرچ... لەسەیری زەوییەوە بۆ سەیری ئاسمان (ئاسمان تۆ لە کوێی؟؟)... ئەو رۆژە رۆژی ئاهەنگی ساڵانەتان بوو..."پەیکەرەکان دیمەنی تیپێکی مۆزیك دروست ئەکەن لەسەر شانۆ... دارا دادەنیشێ و سەیر ئەکات... پەیکەرەکان مۆزیك ئەژەنن"

لەسەر شانۆ ئەو پرچە ئاورشمیانەت بەربووبووە بەسەر ئەو سازەی کە وەکو کۆرپەیەك لەباوەشت گرتبوو... کە سازت ئەژەنی و پرچەکانت وا شۆڕ بوونەوە بەسەر ئەو سازەدا... من سازم نەئەبینی تەنها ئەو پرچانەی تۆ نەبێ... وامئەزانی پرچت تەلی سازەکەیەوە تۆ بە پرچت مۆسیقا ئەژەنی... بۆ یەکەمجار بوو زانیم پرچیش تۆنی خۆی هەیە... پرچیش ئاوازی خۆی هەیە... ئەوکات عاشقی پرچیش بووم... ئەو رۆژە بەپەلە گەرامەوە ئەم ژوورەی خۆم... دەستم بە دروستکردنی تۆ کرد... بە ئاوازی سازەکەتەوە دەستم ئەهێنا بەو قورەداو بە ئاوازەوە پرچەکانم دروست ئەکردی... دروستکردنی تۆ فێری زۆر شتی کردم... فێری کردم پەیکەریش ئاوازی خۆی هەیە... ئەگەر بۆنی پرچی تۆ نەبووایە بۆنی خۆڵ هەراسانی ئەکردم... ئای ئازیزم... کاتێك بۆ یەکەمین جار دوای ئاهەنگەکە تۆم بینیەوە... لە باخچەکەدا بوو

پەیکەرەژن: مامۆستا تۆی... زۆرم پێخۆشە... کەس وەکو تۆ باسی مۆسیقاکەی نەکردووم

دارا: وا بزانم ئەو مۆسیقایەت بۆمن ژەنی چونکە بەس من لەزەتێکی سیحریم لێبینی

پەیکەرەژن: من نەمزانی بەو رادەیە سەرسامی کردووی؟

دارا: وامئەزانی بە پرچت مۆسیقا ئەژەنی

پەیکەرەژن: بەراست هێندە پرچم بەلاتەوە جوانە؟

دارا: پرچت سیحری تازەی پێبەخشیووم... لەوانەیە بڵێم عەشقی پێبەخشیوم

پەیکەرەژن: سوپاس مامۆستا... هەمیشە عەشقی گەورەکان زۆر جوانترە لە عەشقی هەرزەکارە سەرشێتەکان.

دارا: ئەگەر لێم زویر نابیت... ئەمەوێ پەیکەرێك دروستبکەم و پرچەکانی وەك ئەم پرچانەی تۆ بێت... ئەتوانم دەستێك بهێنم بەناو پرچدا بۆ ئەوەی تۆنی پرچ بدۆزمەوە...

پەیکەرەژن: ئا... مامۆستا... فەرموو هەموو پرچم

دارا: "دەست ئەخاتە ناو پرچی" یەکەمین جارە دەست لەناو پرچی کچێك دەدەم... ئای بەڕاست پرچ وا بۆنی خۆشە؟

پەیکەرەژن: بەراست بۆنی خۆشە؟

دارا: بۆنێکی وا خۆش... نازانم ناوی چ بۆنێکی بنێم... ئا... ناوی ئەنێم بۆنی پرچ

پەیکەرەژن: ئەزانی مامۆستا هەست ئەکەم دەستەکانت لەناو پرچمدا لە دەستەکانی باوکم ئەچێت؟ حەز ئەکەم لەسەر ئەو دەستانەت بنووم...

"دارا دەستی وشك دەبێت و ئەوەستێت"

پیرەپەیکەر: ئەمە چیرۆکی خۆشەویستی باوك و کچە... چی بنوسم؟

دارا: بۆ راوەستای؟ ئەزانم چی پێووتم... ناوی ئەنێی چی خۆشەویستیەك بینیٚ. من خۆشم ویست. رازی بووم بەهەموو جۆرێکی خۆشەویستی ئەو... من بووەمە دیلی ئەو پرچەی کە نازانم ئێستا لەناو دەستی چی گەمژەیەکەدایە کە نازانێ بۆنی چیە؟... من چەندەها ساڵە لێرە، لای ئەم پەیکەرانە ئارەزوومە ساتێکش رۆح بێتە بەریان و تەنها پێیان بڵێم خۆشم ئەوێن. بەڵام... بە کێ بڵێم بەو پەیکەرانەی کە بێرۆحن؟ "کۆکە و ماندوێتی زۆری بۆ دێنیٚ" شاهید بە پیرەپەیکەرم، من عاشقی چی شتێکی سەیر بووم... وا خەریکە بۆ هەتا هەتایە جێیان دێڵم و پێم نەووتن... وا ئەبمەوە بە قوڕ و رۆژێك چییە گیانیان بەبەر نەهات...

من عاشقی هەردووکیان بووم هەریەکەیان لە کاتێکی جیاوازدا... نەمزانی چۆن پرچ و قاچ پێکەوە گرێدەم و هەردووکیانم پێکەوە خۆشبووێت... شەوێکیان لەم ژوورەدا وەك شێت و هار هاوارم ئەکردو ئەمووت قاچەکانی تۆ و پرچەکانی تۆم خۆش ئەوێ... ئەستەمە لە یەککاتدا دووانت خۆش بوێت کە هەریەکەیان شتێکیان لە ژیان پێبەخشیوویت... هەستام و"قوڕ دێنیٚ و دائەنێ بۆ دروستکردنی پەیکەر" دەستم کرد بەدروستکردنی پەیکەرێکی نوێ." پەیکەری پەیکەرەژن قژدرێژ و قاچی رووت دروست ئەکات" ئەو پەیکەرەی کە بتوانم جوانی هەردووکیانی تێدا دروستبکەم... قاچی ئاڵتوونی و ئاوازی پرچ... زۆر خەریك بووم تا دروستمکرد...

پەیکەرەژن: من پەیکەری هەموو ئەو کچانەم کە خۆشت ویستوون

دارا: پەیکەرێکی لە خۆشەویستەکانم "هێما بۆ چەند پەیکەرێکی تر ئەکات" بەشێکی لە قاچی تۆ و بەشێکی لە سەری تۆ... سەیرکە سەیری ئەم پەیکەرە سیحرییە بکە... قاچەکانی سەما ئەکا و پرچەکانیشی ئاواز ئەژەنێ... ئیتر پێویستم بە ئێوە نەما... هەردووکتانم کرد بەیەك و ئەمەم لێدروستکردن... ئیتر برۆن ئێوە تەواو... خۆم تەرخان ئەکەم بۆ ئەوەی رۆح بەبەری ئەمدا بکەم کە جوانترینی هەردووکتانی تێدایە... من ماندوو بووم لە گەڵتان و هیچم بە هیچ نەکرد... ئیتر لەگەڵ ئەمدا کە هەردووکتانە بۆ هەتا هەتایە پێکەوە ئەبین... ئێوە تەواو برۆن... ئەتانشکێنم با دەستی کەسی تر





نەکەون... ئەمە هەردووکتانە... ئێوەش ئەشکێنم...(دەست ئەبات بیانشکێنیٚ...کۆکە... ماندوو... بێدەنگی)

پەیکەرەژن: بیانشکێنە... من هەم ئەوانت بۆ چییە

دارا: نا... نا... ئەوان هێشتا تامی خۆیان هەیە... ناتانشکێنم... قاچەکانی تۆشم دەوێت... پرچەکانی تۆشم دەوێت... هەردووکیانیشم پێکەوە دەوێت...

پیرەپەیکەر: شکست لەدوای شکست... چی تر بنووسم؟

بنووسە پیرە بمنووسەوە... ئەم شکستەم بنووسەوە... شکستی منێکی نەخۆش... وەك شانۆکانت نەخۆش. بمنووسە بمەکە درێژترین وتاری رۆژی شانۆ... درێژ کە بەدێژای ساڵ بیخوێنیتەوە تەواو نەبێت... هەموو گوناهەکانم بنووسە... لەبەردەم دەرگای خوادا گوناهبارم بمنووسە. ئێستاش خوای گەورە لەم دواساتانەم کە ئەزانم دێمە بەردیوانت و وك عەبدێکی گوناهبار داوای لێبوردنت لێدەکەم... من هەر گوناهبارم... دە ئەمشەو بۆ دواجار یارمەتیم بدە و رۆح بەبەر ئەم ئازیزانەم بکە... با بەبێ هیوا نەمرم... ئەزانم تۆ عەبدە گوناهکارەکانت خۆش ئەوێ و یارمەتیان ئەدەیت... ئەمشەو ئەبمە نوێژکارێکی وا کە لە هیچ عەبدێکت نەدییێ... بەس ئەمشەو تۆزێ لە گەورەیی خۆتم پێ ببەخشە با گیان بەبەریاندا بکەم... یارمەتیم بدە... تەنها گوناهێك کردوومە بەشەرم بە قوڕ دروستکردووە ئەمەوێت رۆحیان بەبەردا بکەم... دەی خوای گەورە... هیمەتم کە... رۆحیان بەبەردا بکە... پەیکەرەکان: ئەڵلا... ئەڵلا" دێمەنی دەروێشی نوێژێکی شێتانە... دێت و دەچێت و لەجێی خۆی سەمای دەروێشی دەکات... هاوار ئەکات... دەپاڕێتەوە... بەخێرایی وەکو سەمایەك نوێژ ئەکات... ئەڵلا. ئەڵلا...

«بەردەوام ئەبێت و پەیکەرەکانی هەموو زیکر ئەکەن... دارا لە زیکر ماندوو ئەبێت و وەك پەیکەری لێدێت و وشك دەوەستیت. پیرەپەیکەر وەك پەیکەر ئەوەستێت. قەڵەمەکەی لەدەستئەکەوێت... پەیکەرەکان لە جێگای خۆیان ئەوەستن... جووڵە نامێنیٚ»

هەموو پەیکەرەکان: نا... نا...

پەیکەرەژن: دارا... هەستەوە... رۆحمان هاتەبەر دارا هەستەوە سەیرکە... سەیری پەیکەرەکانت بکە وا هەمویان بوونە رۆحلەبەر هەستە دارا ... رۆحمان بەگیاندا هات... هەستە و ئەم رۆحە جوانانە ببینە... بجووڵێ... دارا

پەیکەرەکان: دارا... دارا... دارا

کۆتایی.

سویسرا۲۰۰۹

# دیدار



د.دڵشاد عەلی:

**کەسانی رەخنەگری بەتوانا تائێستاش لە دەرەوەی زانکۆ دەبینرێن**

دیداری: شەمێران سلێمان



ئەمجەد شاکەلی:

**رۆشنبیر کەسێکە ئازادانە دەهزرێت، شۆرشگێرانەو ئەنارکیستانەو هەمیشە رەخنەگرانە کۆتەکان دەپسێنێت، بتەکان دەشکێنێت**

سازدانی: ستیڤان شەمزینانی



جەهانگیر:

**پێویستمان به رۆشنبیری یاخی هەیە یاخی لە شتە پیرۆزەکان**

دیداری: بەختیار کەریمی

## د.دڵشاد عەلی:

# کەسانی رەخنەگری بەتوانا تائێستاش لە دەرەوەی زانکۆ دەبینرێن



د. دڵشاد عەلی

دیداری: شەمێران سلێمان

**زاراوەی رەخنە لە ئەدەبیاتناسی کوردیدا چۆن بەکارهاتووە؟ یان چۆن پێناسەکراوە؟**

زاراوەی رەخنە، هەرچەندە درەنگتر بەکوردی وەکو رەخنە لە دوای ساڵانی بیستی سەدەی بیستەوە زیاتر بەکارهاتووە، بەڵام لەژێر چەمکی هەمان رەخنەی عەرەبی ئیسلامییدا بووە، واتە بەهەمان پێناسەو چەمك بەکارهاتووە، وەکو چۆن ئەدەبی کوردی بەتایبەتی شیعری کوردی هەڵگری هەمان چەمکی ئەدەبی ئیسلامیی بووە، رەخنەی کوردیش هەڵگری هەمان چەمکی رەخنەی ئیسلامی بووە، کە دەڵێین رەخنەی ئیسلامیی





مەبەستمان لەو رەخنەیەیە کە لە سەردەمی عەباسییەکاندا ئاوێتەکرا بە رۆشنبیریی کۆمەڵێك شارستانییەتەوە، بەتایبەتی شارستانییەتی یۆنانیو هیندیو گەلانی ئێران، بۆیە رەخنەی رۆژهەڵاتی، یان رەخنەی ئیسلامیی بناغەیەکی پتەوی تایبەتی خۆی هەیە کە ئاودراوە بە کۆمەڵێك سەرچاوەی رۆشنبیرییەوە.

لە راستیدا رەخنەی کوردیش لە، بازنەی هەمان رەخنەی ئیسلامیدا دەبینرێت، بەرەبەرە لەگەڵ هەر قۆناغێکی رۆشنبیریدا وەك لای هەر میللەتێکی تر زاراوەی رەخنە، چەمکەکەی فراوانتر دەبێت، سوود لە هەموو ئەو سەرچاوە رەخنەییانە وەردەگرێت کە لە سەردەمە جیاجیا رۆشنبیرییەکاندا پەیدا دەبن.

**رەخنەگر کێیە؟ ئەو مەرجانە چین دەبێت لە رەخنەگردا هەبن بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت؟**

وشەی مەرج لێرەدا دەشێت نەختێك پرسیارەکە ئاڵۆز بکات، هەر چۆنێك بێت کە باس لە رەخنەگر دەکەین، دەبێت بگەرێینەوە بۆ ئەو راستییەی هەر خوێنەرێك بۆخۆی، هەر شیعردۆستێك، هەر ئەدەب دۆستێك ئەو ئازادییەی هەیە کە قسە لەسەر هەر بەرهەمێك بکات کە دەیخوێنێتەوە، یان گوێی لێدەبێت، بۆیە هەر خوێنەرو شیعردۆستو ئەدەبدۆستێك دەکرێت بۆخۆی رەخنەگربێتو گرنگیشە گوێ لە هەموو ئەو تێبینیو تێروانینانە بگیرێن کە خوێنەرێك دەیخاتە بەردەستی داهێنەرێك، بەڵام ئەگەر بێینە سەر رەخنەگر بەمانا پسپۆرییەکەی، دەبێت تارادەیەك رەخنەگر پسپۆر بێت لە بواری رەخنەدا، بەڵام ئەمە رێگر نییە لە بەردەم کەسانیترو بۆیان نەبێت قسە لەسەر هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بکەنو تێبینی خۆیان لە بارەوە بڵێن، بەڵکو پێویستە رەخنەگریش گوێ لە سەرنجو تێبینییەکانی ئەو کەسانە بگرن، دیارە بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی، دەبێت ئاگامان لەوەبێت کە دەقێکی ئەدەبی لە قۆناغێکدا جەماوەرێکی شیعرییو ئەدەبی خۆی هەبێت، بەڵام لە قۆناغێکی تردا ئەو جەماوەرەی نەبێت، چ لەرووی چەندێتیو چ لەرووی چۆنێتییەوە، بۆیە ئاساییە کە لە قۆناغە ئەدەبییە جیاجیاکاندا هەر دەقێکی ئەدەبی دەشێت قسەی زۆر لەسەر کرابێتو لەقۆناغێکی تردا قسەی کەمتر لەسەر بکرێت، لەلایەکیترەوە ئەوەمان بیرنەچێتو کە زۆر گرنگە، دەشێت دەقێکی ئەدەبی بۆ هەندێك خوێنەرو شیعردۆست دەقێکی سەرکەوتوو بێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەو دەقە گوزارشت لە ناخی خوێنەرەکە بکات، بەڵام ئەوە بۆ کەسێکی تر کە گوزارشت لە ناخی نەکات بە دەقێکی جوانو سەرکەوتووی دانەنێت، ئەمەش زۆر ئاساییە، دەشێت دەقێکی ئەدەبی بە تێروانینی کەسێك سەرکەوتوبێت، لەبەرئەوەی دەربرینە لە ناخی، دیسان بۆ کەسێکی تریش سەرکەوتووە، نەك لەبەرئەوەی دەربری موعاناتییەتی، بەڵکو لەرووی جوانکارییەوە، لەرووی چنینی زمانییەوە هەمان جوانییو سەرکەوتوویی

تیاببینێت، یان بەپێچەوانەوە، بۆیە دەبێت لەکاتی وەستان لەسەر چەمکی رەخنەو رەخنەگر، ئەمانە هەموو لەبەرچاو بگیرێن. دەبێت رەخنەگر شارەزای مێژووی ئەدەبو تیۆری ئەدەبیی‌و رەخنەی ئەدەبیی میللەتەکەی خۆی‌و میللەتانی دەوروبەریشی بێت.

**ئایا رەخنە بەشێوەیەکی گشتیی‌و رەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی، تەنیا سوودی ئەوەیە کە لایەنە باش‌و خراپەکانی دەقێك، یان بەرهەمێك بخاتەڕوو؟**

دیسانەوە رەنگە لێرەدا وشەکانی باش‌و خراپ، قورس بکەوێتەوە، وەکو چۆن وشەکانی جوان‌و ناشرین قورس دەکەوێتەوە، مەرج نییە هەموو دەقێکی ئەدەبیی کە بڵاوبکرێتەوە لە سەدا سەد سەرکەوتوو بێت، هەر لە کۆنەوە هۆراس-ی رۆمانی بەراوردێکی جوانی کردووە لەنێوان شاعیرو ئەو کەسەی نیشانە دەنێتەوە، دەڵێت: ئەو کەسەی کە نیشانە دەنێتەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە راستەوخۆ نیشانەکە بپێکێت، بەڵام مەرجیش نییە لە هەموو حاڵەتێکدا نیشانەکە بپێکێت، هەموو داهێنەرێکیش ئارەزوو دەکات ئەو دەقەی کە بڵاویدەکاتەوە وای دەبینێت کە ئەو دەقە سەرکەوتوو بووە، بەڵام مەرجیش نییە هەموو دەقێك لە هەموو لایەنێکەوە سەرکەوتووبێت، بۆیە وەکو وتم خوێنەر، یان شیعردۆستو ئەدەبدۆست مافی ئەوەیەی هەیە تێبینی خۆی بخاتە بەردەست دەربارەی هەر دەقێك، جا دەقەکە بە جوان، یان ناشرین، بە چاك، یان خراپ پێناسە بکرێت، زۆر ئاساییەو نابێت نە رەخنەگرو نە ئەدەبدۆستانیش سڵی لێبکەنەوە، ئەگەر خوێنەرێك وتی ئەم دەقە بەلای منەوە جوان نییە، ئاسایی وەریبگرین‌و گرنگ ئەوەیە لێی بپرسین بۆ جوان نییە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگترە لەوەی کە تەنها لەسەر وشەکە بووەستین، ئەو تێبینیانەی کە

◆

**لە رەخنەی کوردیدا زۆرجار ئێمە ئەو تێبینیانەمان بەدیکردووەو دەبینین وەسفی زۆر دەق کراوە، کە لە راستیدا شایستەی ئەو وەسفە نییە،**

◆





دەیخاتە بەردەست سەبارەت بەو دەقە، بۆ جوان نییە، بەلایەوە دەشێت گرنگی خۆی هەبێت‌و سوودیش بگەیەنێت بەداهێنەر، بەرچاوی رەخنەگران زیاتر روون بکاتەوە، یان کە دەڵێت بەلامەوە جوانە، بپرسین بۆچی جوانە بەلایەوە، رەنگە ئەو تێبینیانەی کە دەیخاتەڕوو سوودمەند بێت.

**بەبۆچوونی تۆ دابەشکردنی رەخنە بۆ (رەخنەی بنیادنەرو رەخنەی رووخێنەر) دابەشکردنێکی دروستە؟**

رەخنەی بنیادنەرو رووخێنەر دەشێت بە چەمك‌و تێڕوانینی جیاجیا وەربگیرێت، واتە مەرج نییە کە رەخنە لەهەر دەقێك گیرا ئیتر ئەو تێبینی‌و رەخنانە بە رووخێنەر دابنرێت، دیسانەوە کاتێك رەخنەگرێك دەقێك بەجوان‌و سەرکەوتوو نازانێت‌و بە دەقێکی دادەنێت کە کەموکوڕیی تیایە، تێڕوانینی خۆی بۆ دەبێت، نابێت ئەو رەخنەیە بە رووخێنەر دابنرێت، دەبێت ئاگامان لەوەبێت هەموو وەسفێکی جوان‌و چاکی دەقێکی ئەدەبی مەرج نییە بنیادنەر بێت، بەڵکو دەشێت ئەوەی بەبنیادنەر ناودەبرێت، لەبەر ئەوەی وەسفێکی چاکی کردووە، خودی ئەوە رووخێنەر بێت بۆ داهێنەرەکە، چونکە داهێنەرەکە هەڵدەخەڵەتێنێت، کاتێك وەسفێکی دەقەکەی دەکات‌و شایستەی نییە، ئەوەیان بەسەر زاری بنیادنەرە، بەڵام لە بنەڕەتدا رووخێنەرە، لە رەخنەی کوردیدا زۆرجار ئێمە ئەو تێبینیانەمان بەدیکردووەو دەبینین وەسفی زۆر دەق کراوە، کە لە راستیدا شایستەی ئەو وەسفە نییە، یان بەجوان دانراوە، لە راستیدا ئەو جوانییەی تیانییە، ئەمە خۆی رووخێنەرە بە نیسبەت داهێنەرەکەوە، چونکە چەواشەکاریی تیایە، جا دابەشکردنی رەخنە بە رووخێنەرو بنیادنەر، رەنگە تووشی ئیشکال بین، دەبێت وردبین.

**رەخنە شانبەشانی پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی شارستانی گەشە دەکات، یان شانبەشانی ئەدەب؟**

خودی رەخنە خۆی، رێبازە رەخنەییەکانیش راستەوخۆ پەیوەندییان بە چەمکی ئەدەب خۆیەوە هەیە، چەمکی ئەدەبیش بەپێی قۆناغ‌و سەردەمە رۆشنبیرییە جیاجیاکان، هەمیشە لەگۆڕاندا بوون، بۆیە ئاساییە رەخنەش هەمیشە لەگۆڕاندا بێت‌و بەپێی گەشەی رۆشنبیریی‌و شارستانی گەشە بکات‌و چەمکی جیاجیا وەربگرێت، ئەگەر تەماشای رەخنەی ئەوروپی بکەین کە سەرچاوەکەی رەخنەی یۆنانی‌و رۆمانییە، ئەگەر تەماشای رەخنەی ئیسلامیی بکەین کە سەرچاوەکەی رەخنەی عەرەبی‌و گەلانی موسوڵمانە، تەماشا دەکەین هەموویان قۆناغ بەقۆناغ گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، وەکو وتم رەخنەی ئیسلامیی سوودێکی چاکی لە شارستانییەتی یۆنانییەکان‌و

هیندییەکانو گەلانی ئێران وەرگرتووە، بووە بە رەخنەیەك کە ئێمە ئێستا پێیدەڵێین رەخنەی ئیسلامیی، چونکە لە سەردەمی عەباسییەکاندا ئەو زەمینەیە سازبوو ئەو جۆرە ئەدەبو رەخنەیە سەرهەڵبدات.

**ئەو زمانەی کە رەخنەگر دەبێت بەکاریبهێنێت لەکاتی هەڵسەنگاندنو رەخنەگرتن لە دەقێك، دەبێت چۆن بێت؟**

ئێمە رەخنە لە دەق دەگرین، زمانێك کە رەخنە لە دەق دەگرێت، دەبێت زمانێکی ئەدەبییو زانستیی بێت، زۆرجار ئەو وشکییو توندوتیژیەی کاتێك کە لە زمانی وتارێکی رەخنەییدا بینراوە، یان دەبینرێت، ئەو زمانە زیاتر رووی لە داهێنەر کردووە، ئەوەیە زۆرجار هەندێك وتاری رەخنەیی جۆرە زبرییەکی تیا دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار رەنگە هەندێك وشە بەکاربهێنرێت، ئەگەر نییەت لێوەی زانستەکە بێت، نەك شکاندنی داهێنەرەکە، ئەوە پەسەند دەکرێت، پەیوەندی نێوان رەخنەگرو داهێنەر جۆرە حەساسییەتێکی تیایە، ئەو حەساسییەتە وا دەکات بەداخەوە، رەنگە لە هەندێك قۆناغدا وشەیەکی وەکو رۆمانتیکییەتی پێشکەوتووخوازو رۆمانتیکییەتی کۆنەپەرستانە کە بەکار بهێنرێت بۆ دەقێك، خودی داهێنەرەکەش بگرێتەوە، ئەوە لە راستیدا جوان نییە بەکاربهێنرێت، رەخنەی کوردی زۆرجار تووشی ئەوە بووە کە پێویستە بەوردیی بەکاریان بێنین.

**رەخنەی کوردی توانیوویەتی رێچکەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، یان ئەدەبی کوردی تیۆری رەخنەیی هەیە، تا رەخنەگران لە سەری برۆن؟ یان رەخنەگرانی کورد تائێستاش لەبەر رۆشنایی تیۆری رەخنەیی جیهانی دەقێك هەڵدەسەنگێنن؟**

مەرج نییە هەر میللەتێك تیۆرێکی رەخنەیی خۆی هەبێت، ئێمە دەزانین شارستانێتییەکان ئاوێتەی یەکتر بوون، ئێستا ئێمە وەکو نەتەوەیەك بەشدارییەکی راستەوخۆی چالاکانەمان کردووە لە شارستانییەتێکدا، کە پێیدەڵێن شارستانییەتی ئیسلامیی، یان شارستانییەتی رۆژهەڵاتی، یان شارستانییەتی گەلانی ئێران هەمووی پێکەوە، بۆیە بەداخەوە ئەو تیۆرەی ئەمرۆ پێیدەوترێت تیۆری عەرەبی کە باسمکرد، ئەو تیۆرەی سەردەمی عەباسییەکانە تەماشا دەکەین، زۆربەی نووسەرانو رەخنەگرانی ئەو سەردەمە بەرەچەڵەك کورد بوون، ئەوەی پێیدەوترێت سەردەمی بووژاندنەوەی عەرەبی، بەتایبەتی لەمیسر، یەکێك لە رابەرانی ئەو بزووتنەوانە ئەگەر ئەحمەد شەوقی بێت، یاخود عەقاد بێت، لە راستیدا ئەمانە بەرەچەڵەك کوردبوون، بۆیە ئێمە وەکو میللەتێك بەشداریمان کردووە لە سازدانی ئەو تیۆرانەدا، بەڵام مەرج نییە ئێمە ئەمرۆ بڵێین تیۆرێکی تایبەت بەخۆمان هەیە، سەردەم سەردەمی عەولەمەیە، سەردەمی ئاوێتەبوونی





رۆشنبیرییەکانە، ئەدەب هەڵگری سیمای نەتەوایەتی، یان ناوچەیی بێت، هەڵگری هەمان مۆرکی جیهانییەتێکی پێوەیە، لەبەرئەوە لەلایەکی تریشەوە رەخنە بەردەوام سوودی لەلایەنە جیاجیاکانی زانستە مرۆییەکان وەرگرتووە، چ لەرووی فەلسەفییەوە بێت، چ لەرووی کۆمەڵایەتیو دەروونییەوە بێت، ئەمانەش زانستی گشتین تایبەت نین بە نەتەوەیەکەوە، یان میللەتێکەوە، ئەگەر ئێمە بێین لەرووی دەروونناسییەوە سوود لە تێروانینەکانی فرۆید وەربگرین، ئاساییەو ئەوە ناگەیەنێت ئێمە خاوەنی تیۆرێکی دەروناسی نینو دەچین پەنا دەبەینە بەر کەسێکی بێگانە، لەگەڵ ئەوەشدا تێروانینی رەخنەیی چ بۆ ئێمەو چ بۆ میللەتانی تریش تایبەتمەندی خۆی دەمێنێت، رەنگە لە قۆناغێکی رۆشنبیریی ئێمە، با بڵێین لە ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوودا رەخنەی کوردی رێرەوێکی ئایدۆلۆژی وەرگرتبوو، دەشێ ئەو رێرەوە ئایدۆلۆژییە لە هەمان سەردەمدا لە رەخنەی میللەتێکی تردا بەدی نەکرێت، لە حەفتاکاندا رێرەوێکی جوانکاریی هاتە ناوەوە، بۆیە هەر قۆناغێك، رەخنەکەش روو لە تایبەتمەندییەك دەکات کە ئەدەبەکە خۆی رووی تێدەکات، واتە ئەدەبەکە خۆی هەڵگری سیماو مۆرکێکی تایبەتی بێت، رەخنەش هەڵگری ئەو مۆرکە دەبێت، با لەبەر رۆشنایی تیۆرێکی گشتیی جیهانیدا کارەکانی بەدی بێنێت، یان بەپێی ئەو رێبازە رەخنەییانەی کە لەبەر دەستدان.

**زویربوونی نووسەر، یان شاعیر لە رەخنەگرێك بەهۆی ئەوەی کە بەرهەمێك، یان دەقێکی ئەو نووسەرو شاعیرەی هەڵسەنگاندووەو لە هەڵسەنگاندنەکەدا بەرهەمی ئەو نووسەرو شاعیرەی بە لاواز، یان کرچوکاڵ لە قەڵەمدابێت، بۆچی دەگەرێنیتەوە؟ بۆ لاوازییو نزمیی ئاستی رۆشنبیریی، یان تێنەگەیشتنی لە رەخنە، یان هەر شتێکی تر؟**

نێوانی داهێنەرو رەخنەگر لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا جۆرە ناکۆکییو ساردو سڕییەکی تێدا بینراوەو زۆر ئاساییە، هەموو کاتێکیش ئەو ناکۆکییە نییە لە نێوانیاندا، دەبێت داهێنەر زیاتر دەروونی فراوان بێت بۆ ئەو تێبینیو رەخنانە، بەمەرجێك ئەو رەخنەیەی سەبارەت بە دەقەکانیان دەگیرێت، مەبەستی خاوەن بەرهەمەکە نەبێت، بەڵکو تەنها قسەکردن بێت لەسەر دەقەکە.

ئاساییە ئەگەر شاعیرێك دڵی گەرد بگرێت، کاتێك بەرهەمەکەی بەلاواز، یان کاڵو کرچ لەقەڵەم بدرێت، هەر یەك لە ئێمە هەر کارێك دەکەین، پێمانخۆشە دەستخۆشیمان لێبکرێتو دڵیشمان گەرد دەگرێت ئەگەر بڵێن کارەکەت کەموکوریی تیایە، ئەدەبیش وایە، ئەمەش بەشێکی دەکەوێتە سەرشانی داهێنەرو بەشێکی دیکەی دەکەوێتە سەرشانی رەخنەگر، چۆن داهێنەرێك سەربەستە بەرهەمێك بڵاودەکاتەوە، دەبێت ئاواش

ئاسایی بێت بەلایەوە کە ڕەخنە لە بەرهەمەکەی بگیرێت، تا ئەو ڕادەیەی بنەمای زانستیی لە ڕەخنەکەدا هەبێت. کاتێك داهێنەرێك بەرهەمێك دەنووسێت پێیخۆشە بۆ کەسێکی بخوێنێتەوەو ئەو کەسەش پێیبلێت ئافەرین بەرهەمەکەت جوانە، پێمبوابێت ئەحمەد ڕامییە دەڵێت: جارێکیان دوای نیوەشەو شیعرێکم نووسی، ئەوەندە حەزم دەکرد بزانم شیعرەکەم چۆنە، خێرا چووم دەرگاوانەکەم بەخەبەرهێناو شیعرەکەم بۆ خوێندەوە، ئەگەر شاعیر ئەوە بکات، حەتمەن حەزیش دەکات یەکسەر پێی بلێیت دەستخۆش دەقێکی جوانت نووسیوە، خۆ ئەگەر پێیبلێیت جوان نییە، دڵی گەرد دەگرێتو پێیناخۆشە، مادەم ئەوە ئارەزووی ئەوە دەکات بۆ خەڵکی بخوێنێتەوە.

**ئایا دەبێت ڕەخنەگر هەموو لایەنەکانی ئەو بەرهەمو دەقەی کە ڕەخنەی لێدەگرێت هەڵبسەنگێنێتو شیبکاتەوە؟ یان دەتوانێت تەنیا لایەنێکی بەرهەمەکە بداتە بەر ڕەخنە؟**

زۆرجار دەوترێت تۆ وەرە ڕاڤەی دەقێك بکە، بەڵام حکومدان بەسەریدا بۆ خوێنەر بەجێبهێڵە، قسەکردن لەسەر لایەنێکی دەق ئاساییە، بۆنموونە دەقێك لەڕووی زمانەوە، یان لەڕووی فیکرەوە، یان لەڕووی مۆدێلەوە، بەڵام کاتێك دەقێکی شیعریی وەکو دەقێکی سەربەخۆ وەربگرین، چاکتروایە قسە لەسەر هەموو لایەنێکی دەقەکە بکەین، بۆچی؟، چونکە هەموو لایەنەکانی دەقەکە ئاوێتەی یەکترینو یەکتری تەواودەکەن، واتە هەر بنەمایەك لە بنەماکانی لایەنی دەقێك، لە ڕاستیدا کارلێکەرو کارلێکراوی یەکترین، تۆ ئەگەر لە زمانی دەقێکەوە بۆی بچیت، زمانە هەڵگری فیکریشەو ڕەنگدانەوەی لایەنی جوانیشە، قسەکردن لەسەر دەقێکی دیاریکراو بە هەموو لایەنەکانییەوە وەکو دەق، چاکترە، ئاساییشە

**خودی ڕەخنە خۆی، ڕێبازە ڕەخنەییەکانیش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە چەمکی ئەدەب خۆیەوە هەیە، چەمکی ئەدەبیش بەپێی قۆناغو سەردەمە ڕۆشنبیرییە جیاجیاکان، هەمیشە لەگۆڕاندا بوون**





لێکۆڵینەوەیەك بکرێت لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی چەند دەقێکی شاعیرێك.

**ڕەوتی ڕەخنەی ئێستای کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

ناڵێین ڕەخنە پاشکۆ و چالاکی پاشکۆی ئەدەبییە، بەڵام هەرکاتێك کە خودی ئەدەبەکە خۆی چالاکی ئەدەبی گەرموگوڕ بوو، ڕەخنەش بەدوایدا گەرموگوڕ دەبێت، ئەمڕۆ من ئەو گەرموگوڕییە نابینم لە چالاکی ئەدەبیدا، بۆیە ڕەخنەی کوردیش ئەو گەرموگوڕییەی نییە، ڕاستە شاعیری بەتوانا دەرکەوتوون، چیرۆکنووسی لاوی بەتوانا دەرکەوتوون، بەڵام ئەوانە بواری دەرکەوتنیان، یان چالاکی ڕۆژانەیان کەمترە، بۆیە ڕەخنەی ئەدەبیش ئەو چالاکییەی تیانابینرێت، کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبیی کەمە، ڕاستە ڕۆژنامەو گۆڤار بەرهەمی ئەدەبی زۆر بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەمڕۆ کۆڕی شیعرو چیرۆكو میهرەجانی ئەدەبیی زیاتر گوڕ دەدەن بەبواری ئەدەبو ڕەخنە، ئەمڕۆ وتاری ڕەخنەیی زیاتر دەبینرێت، نەك لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، ئەمەش پەیوەندیی بەکەشە ئەدەبییەکەوە هەیە.

**تۆ وەکو دکتۆرێکی زانکۆ، زمانو شێوازی ڕەخنەیی لای ڕەخنەگرانی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

تائێستا ئەو جۆرە هاوکارییە نییە لەنێوان زانکۆو لەنێوان دەرەوەی زانکۆ لەبوارە ئەدەبییو ڕەخنەییەکەدا، کەسانی ڕەخنەگری بەتوانا، تائێستاش لە دەرەوەی زانکۆ دەبینرێن، بەجدیی ئەوە هەیە، ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەش کە مامۆستایانی زانکۆ بڵاویدەکەنەوە، لەبەرئەوەی لەناو گۆڤاری زانکۆدایەو بڵاوناکرێتەوە، برادەرانو ڕەخنەگرانی دەرەوەی زانکۆ کەمتر ئەو لێکۆڵینەوانە دەبینن، واتە نووسەرو ڕەخنەگرانی دەرەوەی زانکۆ ئاگاداری لێکۆڵینەوەکانی ناو زانکۆ نین، ئەوەش هۆکارێکە لە یەکتری دابڕیوین، بریا ئەو هەلەمان بۆ هەڵبکەوێت تێکەڵاوی یەکتری ببینو ئاگاداری کارەکانی یەکتربین، بێگومان کەسانی چاکمان هەیە کە وتارو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی جوان دەنووسن، هیوادارم ئەو کارانەشی کە لە ناو زانکۆ دەکرێت، چ ئەوانەی لە گۆڤاری زانکۆ بڵاودەکرێنەوە، چ نامەی ماستەرو دکتۆرا، برادەرانی دەرەوەی زانکۆ بیانبینینو پێشمانخۆشە تێبینی خۆیانمان پێبڵێن، بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە کارەکانمان کامڵتر بکەینو چالاکی زیاتر بدەین بەبوارەکە.



## ئەمجەد شاکەلی:

# رۆشنبیر کەسێکە ئازادانە دەهزرێت، شۆرشگێرانەو ئەنارکیستانەو هەمیشە رەخنەگرانە کۆتەکان دەپسێنێت، بتەکان دەشکێنێت

سازدانی: ستیڤان شەمزینانی

**بزافی رۆشنبیریی کوردیی بزاوتێکە هەڵگری دنیایەك ئیشکالییەتی خۆیەتی، هەست دەکەین رەوتی رۆشنبیریی کوردیی وەك هەموو کایەکانی تر تووشی گەندەڵیی هاتووە، رۆشنبیری کوردیش وەك تاکێك لە هەموو داهێنانێك چۆتەوە بە ئەندازەیەك هیچ ئیزافەیەکی نییە بۆ هەموو ئەو چەمك و کەرەستانەی لەبەردەمیدایە، لێرە هەوڵدەدەین لەمەڕ ئیشکالییەتەکانی رەوتی رووناکبیریی و خودی تاکی رۆشنبیری کورد بدوێین. بۆ قسەو باسکردن لەمەڕ ئەم تەوەرە، نووسەرو رووناکبیر (ئەمجەد شاکەلی) وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە.**



**گۆشەنیگاکان لەمەر رۆڵی رۆشنبیر لێکجوودان، ئاراستەیەك وابیردەکاتەوە رۆشنبیر بوونەوەرێکی خەیاڵیی دابڕاوە لە دنیای دەوروبەرو بەتەنێ کاری بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، یەکێك لەو بیرمەندانەی ئەم بیرکردنەوەیەی هەیە (ژولین بیندا)یە، بەڵام لە بەرامبەردا ئاراستەی دووەم پێیوایە رۆشنبیر سەرباری بەرهەمهێنانی مەعریفە بەشداریی و هەڵوێستی هەیە لە هەمبەر ئەو رووداوانەی لە دەوروبەریدا هەن، هزرمەندی ناسراوی ئەمریکی بەرەگەز عەرەب (ئێدوارد سەعید) بە درێژایی یەکێك لە کتێبەکانی (وێناکانی رۆشنبیر) هەوڵیداوە بەمجۆرەی سەرەوە پێناسەی رۆشنبیر بکات، بەڵام پرسیارەکەی من وایە، رۆڵی رۆشنبیر لە دەرەوەی بازنەکانی نووسین چییە؟ ئایا رۆشنبیر مافی ئەوەی هەیە بەناوی جەماوەرەوە قسەبکات و رێنوێنییان بکات، یان ئەرکی رۆشنبیر جیایە لەم رۆڵە؟**

ئەگەر بڕیاربێت تەواوی مرۆڤی ئەم سەر زەوییە، پۆلێن بکرێن و هەر یەکەو یان هەر چەندیان بخرێنە خانەیەکەوەو نێوێکیان لێبنرێت، یان بەسەر چەند کارو چین و رەگەزو پیشەو رەنگ و ئایین و رادەی خوێندەواریی و...دا دابەشبکرێن، ئەوا پێش ئەو پۆلێن و بەشینەوەیەو پێش ئەوەی وەك رۆشنبیر، وەرزێر، کارگەر، قەرەج، چینی، بەرازیلی، زیمبابۆیی، رەشپێست، سپیپێست، هەژار، سەرمایەدار، دز، فەلە، جوو، موسوڵمان، بوودایی، بێ ئایین، دێوەرەو... بناسرێن، ئەوان مرۆڤن. مرۆڤێتی مرۆڤ پێش هەر شتێکی دیکە دێت و دواتر دەترنجێنرێتە خانەیەکەوەو نێوێکی لێدەنرێت. رۆشنبیریش لەو رێسایە بەدەر نییە، چونکە ئەویش بەشێکە لە مرۆڤایەتی. کە رۆشنبیر مرۆڤ بێت، بێگومان وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی ئەم جیهانە ئەویش رۆڵی لە ژیان و بەردەوامبوونی ژیاندا هەیە. ئەوەی رۆشنبیر کەسێکە کاری وی، بەکاربردن و بەرهەمهێنان و ئەفراندنی هزرو فەرهەنگ و زانیارییەو کەسێکە خاوەنی مێشکێکی بەهێزو ئاوەزێکی تیژو کارای هەیەو مێشکی دەخاتە گەڕو ئاوەز دەدەرێنێت، چ گازندەو لارییەکمان لێینییە، بەڵام کە رۆشنبیر بە دابڕان لە دەوروبەرو بێ هیچ پێوەندێك، لەگەڵ خەڵك و جڤاك و مرۆڤدا، وەك ماشێنێك، تەنیا خەریکی ئەو کارە بێت و خۆی لەهەموو جیهان دابڕێت و خۆی کڕ بکات و گوێیەکانی خۆی بئاخنێت و هیچ نەژنەفێت و چاوەکانی بنووقێنیت و خۆی لە ئاست ئەوەی روودەدات و دەقەومێت، نابینا بکات، ئەوە رۆشنبیر لە بوونەوەرێکی هەستیارو هۆشیارەوە، دەکاتە رۆبۆت و لە گیانلەبەرو زیندووەوە، دەیکاتە کۆمپیوتەرێکی بێگیان، دەیکاتە کتێبێکی قەبەو ئەستووری گەردو تۆزلێنیشتووی سەر رەفی کەونە کتێبخانەیەك. کەسانێك، دەرچووی فێرگەو خوێندنگەو زانستگە بن و خاوەن بەڵگەنامەو بڕوانامەو شەهادەو مەدرەك و تێزو ئەوجۆرە شتانە بن، یان کاری هۆشەکی و مێشکیی بکەن، ئەوانە بە خوێندوو و خاوەن بەڵگەنامەو بەکاری مێشکییەوە خەریکبوو (ئینتێلێکتوێل، ئینتێلیکچوێل یان ئینتێلێجێنسیا) دادەنرێن، بەڵام هەرگیز بەبەڵگەنامە، خوێندنگەو زانستگەو ئەو کارانە، مرۆڤ نابێتە

ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیر وەك عەلی شەریعەتی دەڵێت "شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤێکە، بەڵام ئینتێلەکتوێل شێوەی کاری مرۆڤێکەو بەپێی ئەم قانوونە، هەندێك ڕۆشنبیر ئینتێلەکتوێلن و هەندێکیش نە، بەپێچەوانەیشەوە، هەندێك لە ئینتێلەکتوێلەکان ڕۆشنبیرن و هەندێکیشیان نە". ژیان، تەنیا فەرهەنگ نییەو ڕۆشنبیریش تاکەکەس نییە لەم جیهانەدا. کە فەرهەنگ (ڕۆشنبیریی، ڕووناکبیریی) "دەربڕینی خەون و پەرۆشەکانی مرۆڤ بێت بە جوانترین و نایابترین شێوەکانی داهێنان و کردەی گەرانێکی هەمیشەیی بێت بەدووی بەرسڤی پرسیارە نوێبووەکانی ژیاندا"، وەك عەبدولرەحمان مونیف دەڵێت: ئەودەم ڕۆشنبیریش، بەشێکە لە چەرخی ژیان و جووڵانەوە هەمیشەییەکەو بەشدارێکی چالاکە، لە بوارەکانی دیکەی ژیان و ڕێـڕەوی ژیاندا. وەك هەر مرۆڤێکی دیکە، ڕۆشنبیریش لە دەرێی بازنەی فەرهەنگ و کاری هزریی و نووسین و جیهانی نووسین، دەشێ ئەرکی مرۆڤانەی خۆی هەبێت. ئەگەر پاساوێك بۆ نەمانی ڕۆڵی فەرهەنگ و جاردانی مردنی ڕووناکبیر لە هەندێك شوێنی ئەم جیهانەدا درابێت و بدرێت، ئەوە وڵاتگەلێك دەگرێتەوە، کە قانوون تێیاندا سەروەرەو کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و میدیا و دادگەریی و ئازادیی بیرورا دەربڕین و کاری خێرخوازیی و خۆبەخشی و بیمەو دەستەبەرکردنی ژیان و ئابووریی و کارو هەموو جۆرە سەقامگیرییەکی ژیانیان تێدا مسۆگەرن، کە چەوساندنەوەو کەلێنی نێوان نێرو مێ و جیاوازیی مرۆڤ و مرۆڤیان تێدا نەماوە، هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵك، ڕێکخراوە، ئەوە وڵات و جڤاکگەلی خۆشگوزەران دەگرێتەوە، ئەوە وڵاتانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیی و ڕۆژهەڵات ناگرێتەوە. ئەرکی فەرهەنگ و ڕووناکبیر لە سوید، مۆناکۆ، سویسرا، لۆکسۆمبۆرگ و ئەندۆرا، جیاوازە لە کوردستان و ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامیی. لە سوید، مۆناکۆ، سویسرا، لۆکسۆمبۆرگ و ئەندۆرا، ڕووناکبیر دەتوانێت گوێی خۆی لێداخات و لەگەڵ کتێب و وشەو نووسینی خۆیداو بێ خۆگرێدان بەخەڵك و بێ گوێدانە دەوروبەر، کاری خۆی ئەنجام بدات، لێ لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیی و ڕۆژهەڵات، فەرهەنگ و ڕووناکبیر هەڵگری هەموو دەردەکانی خەڵکن و ڕۆڵیکی "مامەحەمەیی"انەیان دەکەوێتە سەر. ئەرکی فەرهەنگ و ئەرکی ڕووناکبیر لە کوردستان و ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامیی و وڵاتانی پاشکەوتوو و بەجێماو، ئەرکێکی تارادەیەك جیاوازە لە وڵاتانی دەستەی یەکەم. ئەوەی ئێدوارد سەعید دەیڵێت ڕاستەو ڕێك وایە. ئەرکی ڕووناکبیر لە وڵاتانی دەستەی دووەم، ئەرکی ڕێنوێن و ڕێبەرو چاوساغ و ڕێنیشاندەرە. ڕووناکبیر ڕۆشنگەرەو تاریکایی دەرەوێنێتەوە. ئەرکی ڕووناکبیر، هەژاندنی بەستەڵەکی بیری چەقبەستوو و وەلانانی ڕێسا "جڤاکراگر"ەکانە.

کە ڕۆشنبیر کەسێك بێت سەروسەودای لەگەڵ کاری هزری و ئاوەزیدا هەبێت، کەواتە کەسێکیشە خودانی بیرو دیدو ئاوەزێکی تیژەو لە زۆرینەی خەڵکەکەی دی خێراترو ڕوونتر ڕووداوەکان دەبینێت و دەیانخوێنێتەوەو دەپرسێت و هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەدات، وەدووی چارەسەری دەردو کێشەکاندا دەگەڕێت و ئاگادارە لەوەی دێتەپێش و





پێشبینی دەکات و لە تەواوی ڕووداوەکاندا ئامادەیی هەیەو هەڵوێست دەنوێنێت. ڕۆشنبیر، کورد وتەنی "کەسێکی چاوکراوەیە"و ئەگەر بێهەڵوێست بێت لە هەمبەر دەوروبـەرو ڕووداوەکـانـدا، لە کتێبە تۆزلێنیشتووەکەی سەر ڕەفەکەو کاسێتێکی سواوی جاران موزیك لە سەرتۆمارکراو زیاتر شتێکی دیکە نییە. لە دەرێی بازنەی فەرهەنگ و لەنێو بازنەی فەرهەنگدا، ڕۆڵی ڕۆشنبیر، هەڵوێستە لە تەواوی ئەو ژینگەیەی تێیدایە. هەڵوێستە لەوەی لە جیهاندا ڕوودەدات و لە تەواوی پێشهاتەکان. مرۆڤ بۆ خۆی هەڵوێستەو بێهەڵوێستی سڕینەوەی مرۆڤە، ئیدی ڕۆشنبیر بێت یا نە. کە ڕۆشنبیریش بوو، ئەرکێکی پتری دەکەوێتە سەر. مەحوی دەڵێت:

"سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زرکەتاڵم بۆچییە!
دڵ کە هۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆچییە!".

ڕۆشنبیرێك، کەچاوساغ و هـۆزان و ڕێناس و چاوکراوە بێت، ئەگەر ڕووناکییەکی نەبێت و جۆش و هۆشێك بەدەوروبەر نەبەخشێت و پێشەنگ نەبێت، چ جیاوازییەکی لەگەڵ زرکەتاڵ و شیشەی بەتاڵدا هەیە! کە ڕۆشنبیر زادەی کۆمەڵگە بێت و یەکێك بێت لە خەڵك و لە جەماوەر، ئیدی بۆ ناتوانێت بە ناوی جەماوەرەوە بپەیڤێت و ڕێنوێنی جەماوەر بکات. ڕەنگە ڕۆشنبیریی جێگەی سیاسەت و کارگێڕیی نەگرێتەوەو تەواوی کارەکانی کارگێڕیی و سیاسەتی پێنەکرێت، لێ ڕۆشنبیر دەتوانێت جێگەی سیاسیی و کارگێڕ بگرێتەوەو کارەکانی ئـەوان ئەنجام بـدات. ڕۆشنبیر دەتوانێت ببێتە هاندەرو بزوێنەر و هەڵسووڕێنەرو ڕێبەری سیاسیی. نموونەگەلی وەك پەیامبەری ئیسلام (محەممەد)، ئیمام عەلی، کارڵ مارکس، عەلی شەریعەتی، ئیدوارد سەعید، لیۆپۆڵد سیدار سینگۆر، ژان پۆڵ سارتر، ڤاچلاڤ هاڤل، هـادی ئەلعەلەوی، ڕێـژێ دۆبـرێ و... نموونەگەلێکی زیندوون، کە چۆن لە پرۆسەی سیاسیی و هاندانی جەماوەرو ڕێبەرایەتیدا ڕۆڵی کارای جووڵێنەرو هەڵسوڕێنەریان بینیوە.

◆

**ئەرکی ڕووناکبیر، هەژاندنی بەستەڵەکی بیری چەقبەستوو و وەلانانی ڕێسا (جڤاکراگر)ەکانە**

◆

**ڕۆشنبیری ناسراوی عەرەب دکتۆر ( عەلی حەرب ) لە کتێبی ( ڕەخنە لە ڕۆشنبیرو وەهمەکانی دەستەبژێر ) دوای شیکارییەکی مەعریفی چڕو پڕ دەیەوێت پێمان بڵێت چیدی ڕۆشنبیر ئەو کائینە نییە کە ڕەخنە لە دنیاو شتەکان دەگرێت، بەڵکو لەم ساتەوەختە بەدواوە خودی ڕۆشنبیر لەبەردەم ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەدایە، ئەگەر بەم پێیە بێت خودی ڕۆشنبیریش لەبەردەم ئیشکالیەتێکی زۆردایەو ئەو بووە نموونەییە نییە پێشان سکێچی بۆ کێشرابوو، ئەگەر بێینە سەربارسی ڕۆشنبیری کورد ( جیا لەوەی گومانمان لە هەبوونی کائینێك بەناوی ڕۆشنبیری کوردەوە هەیە )، بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین ئێمەی کوردیش ڕۆشنبیری جیدیمان هەیە، ئەوە دەپرسم ئیشکالیەتە ستراکتۆرییەکانی ئەم ڕۆشنبیرە چین و چۆن دەتوانین دەستنیشانیان بکەین؟**

هەرچەندە ڕووناکبیر، نووسەر، فەیلەسوف، بیرمەند یان هەر فەرهەنگکارێکی دیکە، کە بۆ خۆی وەك تاکێك، وەك مرۆڤێك، دەهەژێت و مێشکی دەخاتەگەر، بۆ دەربڕینی هەست و ناوەوەو بیرکردنەوەی خۆی و دەراندنی، پێش هەر شتێك وەك خۆویستنێك و پێویستییەکی کەسەکی، بۆ پێشاندان و خۆدانەناسین و ئاماژەیەك بە هەبوونی خۆی، وەها کارێك دەکات، بەڵام ئیدی ئەو کارەی، کە لە خۆی جودابووەوەو کەوتە بەرچاوی خەڵك و بڵاوبووەوە، دەبێتە بەشێك لەو فەرهەنگەی لەبەردەستدایەو دەبێتە هی خەڵك و جێی باس و سەرنج. ڕۆشنبیر وەك چاودێرێك و جیهانبینێکی وریاو خوێنەرێکی بەردەوامی دەوروبەرو هزرکارێکی قووڵ و خودان هەڵوێست، هەرگیز ئەو ڕۆڵە ڕەخنەگرانەی خۆی لە دەست نادات و هەمیشە هەڵگری پەیامێکە بۆ مرۆڤایەتی، پەیامی ئازادیی و دادو یەکسانی و فرەیی و هەمیشە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤە، لێ ئەوەش بەو واتایە نایەت، ڕۆشنبیر، خۆی بەپەیامبەر بزانێت و تەنیا مۆچیاری بەشێتەوەو پێیوابێت، ئەوەی ئەو دەیلێت تەواوی ڕاستییەو جێی ڕەخنەو گازندە نییە. دیارە ڕۆشنبیریش وەك هەموو مرۆڤێکی دیکە، لە ڕەوتارو گوتارەکانیدا، هەڵوێستەکانی دەخوێنرێنەوەو دەبینرێن و وەك هەر مرۆڤێکی دیکە، ئەویش هی ئەوەیە بەر ڕەخنە بێت. ئەوەی کاردەکات و هەڵوێست دەنوێنیت و ڕەخنە دەگرێت، ڕەخنەشی دێتە سەر. ئەوەی هیچ ناکات و دەست بە کڵاوی خۆیەوە دەگرێت تا با نەیبات، کەس نێوی نابات. ئەنتۆنیۆ گرامشی دەڵێت "هەموو خەڵك ڕۆشنبیرن، بەڵام هەموویان پێیان ناکرێت ئەرکی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدەن". بەو پێوەرە ئەگەر هەموو مرۆڤ و لەنێو ئەوانیشدا هەموو کورد، ڕۆشنبیر نەبن، ئەوا لەنێو کورددا خەڵکی ڕۆشنبیر هەبوون و هەن. ڕەنگە ڕۆشنبیری وەك مارکس، سارتەر، برترەند ڕەسڵ، ئیدوارد سەعید، عەلی شەریعەتی، داریووش شایگان، ئۆکتاڤیۆ پاس، پۆڵ ڕیکۆر، مەکسیم ڕۆدنسن، سادق جەلال ئەلعەزم، ئەلعەفیف ئەلئەخزەر، میشال فۆکۆ، ژاك دریدا، عەبدورەحمان مونیف، خۆسێ ساراماگۆ، ئەدۆنیس، تائێستا لەنێو کورددا پەیدا نەبووبن، لێ لە ئاستی





دیکەدا کوردیش خەڵکی هەیە. گرفتێکی بنەڕەتیی، ڕۆشنبیری کورد هەیەتی، نەبوونی زەوینەو بناخەو بنەمایەکی فەرهەنگیی کوردیی تۆکمەو بەهێزە، کە ڕۆشنبیری کورد لەسەری ڕاوەستابێت و بتوانێت هەردەم بۆی بگەڕێنەوە. ئەوەی فەرهەنگی کوردیی تا هەنووکە وەبەرهەمی هێناوە، بێجگە لە کۆمەڵە دەقێکی شیعریی و چەند چیرۆکێك (ئەویش تەمەنی کۆنترینیان ناگاتە سەد ساڵێك، مەبەستم چیرۆکە)و چەند دانە مێژوونامەیەك (کە بەهەر هەموویانەوە مێژوویەکی نیوەچڵ و ناروون دەدەنە دەستەوە)، هیچی دیکەی لێ هەڵناکرێنرێت. تەمەنی نووسینی کورد بۆخۆی لە ٥٠٠-٦٠٠ ساڵێك پتر نییە. هەموو توێشەبەرەو کۆڵەپشتی فەرهەنگیی ڕووناکبیرێکی کورد، لە فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی، ئەو چەند سەد ساڵەیە، ئەویش زۆر ناتەواو و پچڕپچڕو نیوەچڵ. کورد نە فەیلەسوفی تێدا هەڵکەوتووەو نە کاری فەرهەنگی و هزریی زۆر گەورەی تێدا ئەنجامدراوە، بۆیە وەها ژینگەیەکی بەژ، چ ڕووناکبیرێکی گەورەی لێ نەکەوتووەتەوەو هەر ئەوەی لێ شین بووە هەیە.

هەرچەندە بەمن، هەر چۆن تیۆری یەکێتیی هەبوون "وحدە الوجود"ی سۆفییایەتی، هەموو گەردوون، هەموو بوون، بەیەك یەکە دادەنێت، فەرهەنگی هەموو جیهانیش بەوجۆرە، یەك فەرهەنگە. فەرهەنگ موڵکی یەك کەس و یەك نەتەوەو یەك وڵات نییە. لێ لەهەر کۆمەڵگەو لەهەر وڵات و لەنێو هەر نەتەوەو خەڵکێکدا، جۆرە فەرهەنگێك هەیە، کە بڕێك تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگەو وڵات و زمانەی پێوەدیارەو هەر ئەوەشە دەبێتە بنکەی جیهانبینی فەرهەنگی ڕۆشنبیرانی هەر کۆمەڵگەو ژینگەو جوگرافیایەك. هەر ئەوەشە، کە ڕۆشنبیری کورد، زۆرکەم لێی سوودمەندە، چونکە بنکەیەکی فشوفۆڵ و شلەپەتەو دەڵەمەیی هەیە، کە تائێستا نەرەسیوە. ڕۆشنبیری کورد، یان خۆ بەرۆشنبیرزانی کورد ،زۆرینەی پێویستییە فەرهەنگییەکانی خۆی، بە پەنابردنە بەر فەرهەنگی دەوروبەر (عەرەبی، فارسی، تورکی)، پڕکردووەتەوەو لەوانەوە زانیاریی هەڵگۆزیوە. کە ئاوەها کارێکیشی کردووە، کەمجاران لە هەندێك کاریگەریی نەرێنی (نیگەتیڤ)انەی ئەو فەرهەنگانە دەربازبووە، بەڵکو گەلێك جار، بێئەوەی بەخۆ بزانێت، ڕێککەوتووەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوەو کەسێتی خۆی فەرامۆشکردووەو پتر بەلای توانەوەیشدا چووەو هەندێکجاریش بۆ خۆی و بەزانینەوە، کۆپێی ئەو فەرهەنگانەی بەخەڵکی کورد فرۆشتووەتەوەو ئەو فەرهەنگانەی کاوێژ کردووەتەوە.

ڕووناکبیریی کوردیی بەرهەمی ئەو ژینگەیەیە، کەتێیدایە، هەرگیز گرنگییەکی زۆری بە فەرهەنگێکی دەرێی فەرهەنگی ئەو ژینگەیەی خۆی نەداوەو ئەگەریش لەبواری فەرهەنگەکەی خۆیدا کارێکی کردبێت، هەرگیز لێکۆڵینەوەیەکی داهێنەرانەو کارێکی جیددی، لەمەڕ فەرهەنگەکەی خۆیەوە، بەدەرێی ژینگەو چوارچێوە جواگرافیایەکەی خۆی پێشکەش نەکردووەو نەیتوانیوە ناسنامەیەکی بەهێزو سەربەخۆو ڕوون، بە فەرهەنگی کورد ببەخشێت. من ناڵێم ڕۆشنبیرانی کورد، بەڵام دەڵێم "ئەوانەی سەرو سەودایان لەگەڵ کاری ڕۆشنبیریدا هەیە"و خۆ لەنێو فەرهەنگییاندا دەبیننەوە،

پێویستییەکی ئێجگار مەزنیان بەوە هەیە، کە ئاگاییان لەمەڕ فەرهەنگی دەرێی ئەو بازنە جوگرافیاییەو ژینگەیەی تێیدان، هەبێت. ئەورۆ بەهۆی ئینتەرنێت و ژیانی کوردێکی زۆرەوە، لە دەرێی کوردستان (لەدیاسپۆرا) دیارە خەڵکانی دیکەیش هەروا، دەستپێڕاگەیشتنی هزرو کاری ئاوەزیی و فەرهەنگی هەمموو جیهان، تارادەیەك هاسانتر بووە. ڕۆشنبیری کورد ئەگەر بەسیماو پۆشاك بۆخۆی هاوچەرخانە پیشان بدات، وابێتە بەرچاو لە ناوەوەی خۆیدا هێشتا خێڵەکییە، سێکسیستە، گیرۆدەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، توندڕەویەکی حزبیی و گرێدراوی دەستەیەکەو وەلائی بۆ ئەوانە زیاترە، تا بۆ مرۆڤایەتی و بەها مرۆڤییەکان. ڕۆشنبیری کورد گیرۆدەو گرێدراوی دەسەڵاتەو کەمجاران دەتوانێت خۆ لە دەسەڵات و خوانی چەوری دەسەڵات، راپسکێنێت و هەڵبێت. ئەو ڕۆشنبیرە جیددییە، کە مێشکی خوێنەری کورد بەخۆیەوە خەریك بکات و بیری تازە بەرهەمبهێنیت و پرسیار بورووژێنێت و کۆمەڵگە بهەژێنێت و هەمموو دەم بە ڕەخنەو وەڵام و هۆ دۆزینەوە، نوێکردنەوەی فەرهەنگ و جڤاکی، لەبەرچاو گرتبێت، لەنێو کورددا نییە. ئەوەی هەیە زۆرجاران دڵسۆزیی بۆ پێوەرەکانی حەقپەرستی و دژایەتی چەوساندنەوەو کلۆڵیی مرۆڤ، کە گەرەکە لای ڕۆشنبیر، بێ گوێدانە ئەوەی سەر بەچ نەتەوەیەکەو سەر بەچ حیزبێکەو سەر بەچ رەگەزو خێڵ و ئایینێکە، هەبێت، ئەو نییەتی و لەداو و بازنەی حیزب، ڕەگەز، خێڵ، ئایین، نەتەوە، چین، کەمجاران خۆی دەرباز دەکات، بەڵکو ڕێك لەو بازنەیەدا دەخولێتەوەو هەندێکجار تا رادەی ئەوەی لە کووچەو کۆڵان و قوژبنەکانی تیرەو بەرەبابیشدا سەرەتاتکێت لەگەڵدا دەکات. زۆرجارانیش بەشێکی زۆری ئەوانەی پێیان دەووترێت ڕۆشنبیر، لە پۆلیسەکانی دەسەڵات زیاتر، کۆشکەکانی دەسەڵات دەپارێزن و لەوان زیاتر، لە کۆشی دەسەڵات و پیاوانی دەسەڵاتدان. گرفتێکی مەزنی دیکەی فەرهەنگییانی کورد ئەوەیە، کە تا رادەی هەرگیز، هەڵەکانی خۆیان نابینن و ناقایلیشن بەدەرخستنییان لەلایەن خەڵکی دیکەوە. وەها ڕەوشێك دەبێتە هۆی چەواشەکاریی خەڵك و تێکەڵکردنی ڕاست و درۆو دروست و هەڵە، کە فرەجاران بۆ مەبەستێکی تایبەتی سیاسیی و شێواندنی مێژوو ئەنجامدەدرێت. ئەم حاڵەتە لە ئەنجامی خۆبەراستزانین لە هەمموو شتێك و لە هەمموو بوارێکداو ڕەخنە لە خۆنەگرتنەوە سەرهەڵدەدات. ڕووناکبیر، بەگەڕانەوەو خوێندنەوەی خۆو گوێگرتن لە خەڵك و ڕەخنە لەخۆنەگرتن، چەوتییەکانی خۆی دەبیینێتەوەو داکۆکی لە چەوتبوونیان ناکات.

**تائێستا وابیر لە ڕۆشنبیر کراوەتەوە، دەبێت پەیوەندیی ئەو بە دەسەڵاتەوە بەفۆرمێکی ئۆپۆزیسیۆنانە بێت، یان بەواتایەکی تر ڕۆشنبیر وەك نەیارێکی شێلگیرو سەرسەختی دەسەلات بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسیی بینراوەتەوە، من لەم دەرفەتە دەپرسم دەبێت پەیوەندیی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە چۆن بێت؟ ئایا پەیوەندییەکی ئۆپۆزیسیۆنانە بێت یان بە فۆرمێکی تر؟**

بەپێی عەلی شەریعەتی، ڕووناکبیر یان ڕۆشنبیر، کەسێکە، خاوەنی دیتنێکی





ڕەخنەگرانەیە. ڕۆشنبیر نە فەیلەسوفە، نە زانایە، نە نووسەرەو نە هونەرمەند. ڕۆشنبیر توندڕەوێکی ئاگایە، کە ڕۆحی سەردەم و پێویستیی کۆمەڵگەی خۆی، هەستپێدەکات و خاوەنی دیتنێکی هۆدۆزەرەوانەیەو ڕێبەرێکی هزرییە. ئەم ئاگایی و دیتنە، ئاگایی و دیتنێکی تایبەتە، پتر لە ڕێگەی ئەزموونی جڤاکی و کاری شۆڕشگێڕییەوە، دێتەدی و دەرەسێت، نەك لە ڕێگەی تەنیا بیرکردنەوەی هۆشەکی و خوێندنەوەو خوێندنی فێرگە فەیلەسوفییەکان و ڕشتە زانستییەکانەوە. ڕۆشنبیر کەسێکە، پەرۆش و پێویستی و خواست و ئاواتەکانی کۆمەڵگەکەی، لە دڵدایەو هەستیان پێدەکات و هەوڵدەدات، بۆ چاککردن و هێنانەدییان و هەوڵدەدات بۆ، نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و ستەمی میللی و هەمموو جۆرە ستەمێکی دیکە. ڕۆشنبیر مەرج نییە دەرچووی زانستگەو خاوەن بڕوانامە بێت و مەرجیش نییە، مرۆڤ بەوانە ببێتە ڕۆشنبیر. دەکرێت مرۆڤ نەخوێندەواریش بێت، وەك (گۆران) مەزنیش دەڵێت "نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند نە ئوستادێك پەلی گرتی"، بەڵام ڕۆشنبیر بێت. پەیامبەری ئیسلام محەممەدو ئەبوزەر ئەلغەفاری، بەگوێرەی عەلی شەریعەتی، دوو نموونەی ئەو ڕاستییەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە هەردووکیان نەخوێندوو بوونە. ڕۆشنبیر، دەوروبەرو کۆمەڵگەو خەڵکی خۆی، باش دەناسێت و باش لێیان تێدەگات و لاسایی ناکاتەوەو بە وەرگێڕان و کتێب و سەرچاوە، شت فێرنەبووەو سەرچاوەی زانستیی ئەو، کۆڵان و بازاڕو کارگەو کێڵگەو گوندو ڕووداو و نەریت و ڕەوتار و زمان و شێوەی ژیانی خەڵکە. ڕۆشنبیر، گەڕیدەیەکە وێڵی دوای ڕاستی و دادەو شەیدای گۆڕان و ئازادییە. مارکس، نموونەیەکی تەواوی ڕۆشنبیرە. ئیمام عەلی، لە ئیسلامدا، نموونەی ڕۆشنبیرێکی گەورەیە، تۆ بنۆڕە نەهجولبەلاغەکەی، کە نەك هەر دەوروبەرو ڕۆژو ناخی خەڵك و کۆمەڵگە، بەڵکو داهاتووشی خوێندووەتەوە. ژان پۆڵ سارتەر، ئیدوارد سەعید، نعوم چۆمسکی، نموونەگەلێکی ئەم سەردەمە نوێیەی ڕۆشنبیرن. ڕۆشنبیر، کەسێکە ئازادانە دەهزرێت و شۆڕشگێڕانەو ئەنارکیستانەو هەمیشە ڕەخنەگرانە، کۆتەکان دەپسێنێت، بتەکان دەشکێنێت، سنوورەکان دەبەزێنێت،سەیری ڕووداوەکان دەکات و هەرگیز، سازش لەگەڵ گوتارو ڕەوتاری، خاوەن هێزەکاندا ناکات و بەئاشکراو ڕاشکاوانەو بوێرانە، دەنگی خۆی، دژ بەستەم و نارەوایەتی و بۆ دادو ڕەوایەتی بڵند دەکاتەوە. ڕۆشنبیر، هەمموو دەم لەبەرەی بەرهەڵستکارانی دەسەڵاتە، هەر دەسەڵاتێك بێت، دەسەڵاتی هێزداران، یان هی لاوازان، چونکە دەبێت هەمیشە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت و لە ستەم و نادادیی هێزداران بێدەنگ نەبێت و ڕێگەیش بە لاوازان نەدات، ببنە ستەمکارو زۆردار. بۆ پێوەندیی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە، لە فۆرمی نەیارێکی سەرسەختی دەسەڵات و ڕەخنەگرێك لە دەسەڵات و وێڵبوویەکی دوای دادو حەقپەرستی و یەکسانی و ئازادیی و داکۆکیکارێکی مرۆڤایەتی زیاتر، چ فۆرمێکی دیکە بۆ ڕۆشنبیر نییە. فرانز فانۆن دەڵێت "خواستی ڕۆشنبیر هەرگیز ئەوە نییە، پۆلیسێکی سپی بگۆڕێت بە یەکێکی خۆی"، ئەگەر ڕۆشنبیر ملکەچی دەسەڵات (دەرەکی یا

**ڕۆشنبیری کورد گیرۆدەو گرێدراوی دەسەڵاتەو کەمجاران دەتوانێت خۆ لە دەسەڵاتو خوانی چەوری دەسەڵات، ڕاپسکێنێت و هەڵبێت**

خۆماڵی)، ئابووریی، سیاسیی، ئایینی یا هەر جۆریکی دیکە بوو و لە ڕەخنە چووەوە، ئیدی دەبێتە ڕۆشنبیری دەربار یان ڕۆشنبیری فەرمی و دەبێتە پاشکۆو داکۆکیکاری دەسەڵات. پۆلیس ڕەنگی هەرچییەك بێت و بەهەر زمانێك بئاخڤێت و سەر بەهەر سیاسەت و ئایینێك بێت، هەر پۆلیسەو هیچی دی. دەسەڵاتیش بەهەر زمانێك بپەیڤێت و هێزی خۆی لەهەر ئایین و ڕێبازو ئایدۆلۆژیایەکەوە وەرگرێت، هەر دەسەڵاتەو هەرگیز نابێتە شتێکی دیکەو هەرگیز نوێنەرایەتی خەڵك ناکات، مەگەر ئەو کاتەی، نامێنیت و کۆمەڵگەیەکی ئەنارکیستی جێی دەگرێتەوە، کە هەموو شت بۆ هەمووانە، ئەو دەمە ئیدی ڕۆشنبیریش دەتوانێت بێدەنگ بێت و دژایەتی تەواوی کۆمەڵگە نەکات. ڕۆشنبیر، بۆئەوەی هەمیشە پرسیاری نوێ و بیری نوێ و گیانی نوێ چێ بکات، هەرگیز نابێت لەگەڵ دەسەڵاتدا سازشبکات، بەڵکو گەرەکە هەمیشە سەنگەری لە دەسەڵات گرتبێت، تا نەمانی دەسەڵات، هەموو دەسەڵاتەکان!

**ململانێ و گوتاری نووسین و بڵاوکردنەوە لە ئاستێکی هێندە نزمدایە خاڵیی بووەتەوە لە هەر داهێنان و خوڵقاندنێکی دیالۆگ، بە ئەندازەیەك نووسین بەهای خۆی لەدەستداوەو هیچ بایەخێکی نەماوە ئەوانەشی دەنووسرێن سەرلەبەریان کۆپی و جووینەوەن. ئایا ئەم کێشەیە پابەندە بە هەژاریی کەلەپووری ڕۆشنبیریی ئێمە یان وابەستەیە بە خودی تاکی نووسەرەوە، کەبێتوانایە لە داهێنان و خستەرووی تێزو بیرۆکەی نوێ؟**

کەلەپووری فەرهەنگیی کورد، هەژارە، لاوازە، کەمە، ڕەقەنە، نزمە، ئەمە ڕاستییەکەو هەموو دەیزانین. ئەو ژینگەیەی ڕۆشنبیری کوردی تێدایە، ژینگەیەکی داخراو، دواکەوتوو، دژەئازادییە،





ئەمەش ڕاستییەکی دیکەیەوهەر هەموو دەیزانین، بەڵام داهێنان کارێکی کەسەکی و بەرهەمی هزری مێشك و ئاوەزی مرۆڤێکە. زۆرێك لەوانەی خەڵك لە کوردستان بە ڕۆشنبیریان دەزانن و پێیاندەڵێن ڕۆشنبیرو بۆخۆیان نێوی ڕۆشنبیریان لە خۆ ناوە، خەڵکانێکن سەر بە دەسەڵات و لەسەر خوانی دەسەڵات دەلەوەڕێن. ئەمانە بلندگۆو کارمەندو پۆلیسی دەسەڵاتن و لە خزمەتی دەسەڵاتدان و فەرهەنگێك بەرهەم دەهێنن، بە قازانجی دەسەڵات، نەك بە قازانجی خەڵك، چونکە دەسەڵات و خەڵك لە کوردستان، لە دوو سەنگەری جیاوازدان. ئەمانە بەگوێرەی هەلومەرج و ژینگە، بیروڕای خۆیان دەگۆڕن و لە ئاست هەموو نادادیی و ستەمێك، بێدەنگی هەڵدەبژێرن و لافی ولاتپارێزیی و پاراستنی "دەستکەوتە نیشمانییەکان" لێدەدەن، تەنیا بۆ ئەوەی بەرژەوەندەکانی خۆیان، تەنیا خۆیان و کەسانی نزیکیان بپارێزن. ڕووناکبیری نۆکەری دەسەڵات و تێرەو ترخنی سەر خوانی دەسەڵات، هەرگیز ناتوانێت هاورازی خەڵك و هاوژانی مرۆڤ بێت. ئەمجۆرە "خۆبەڕۆشنبیرزان"انە هەرگیز لەوەی ئێستاکە زیاتریان پێ ناکرێت. میشال فۆکۆ، لە یەکێك لە تێزەکانیدا "لا نۆرمالیزاسیۆ- La normalisation" واتە: سروشتاندن یا دەستەمۆکردن، پێیوایە دەسەڵات لە کۆمەڵگەی نوێدا، یا لە کۆمەڵگەیەکی نوێخوازدا، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکانن، تەماشای مرۆڤ وەك برگەیەکی دەستەمۆکراو دەکات و لەو جڤاکانەدا دەسەڵات لە هەموو شوێنێك و لەگشت بوارێکدا، وەك تۆڕێکی لێکئالاوو پێوەندێك هەیە. دەسەڵات لە ڕێگەی دەستگا نوێیەکانییەوە (خوێندنگە، سەربازگە، کارگە، زیندان، پۆلیسخانە، کارگێڕیی) تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسا، وەك تۆڕێك لەشی جڤاك داگیردەکات و تاکەکانی کەویی دەکات. ئەو کۆمەڵگەیەی فۆکۆ باسیدەکات، کۆمەڵگەی "١٩٨٤"ی "جۆرج ئۆروێل" و کۆمەڵگەی براگەورە "Big Brother"ی ئەورۆی ڕۆژاوایە، لێ کۆمەڵگەکانی دیکەی ئەم جیهانە، بە کوردیشەوە،هەنووکە لەو بۆچوونە ڕیزپەڕ نین، ئێستاکە ئەوانیش چ ڕێگەو نموونەیەکی دیکە لەبەرچاو ناگرن و نابینن و ئێستاکە هەر ئەو ڕێچکەیەی ڕۆژاوای "سەرمایەداریی و بازاڕی ئازادو هەموو شتێك لە پێناوی پارەدا" یان، گرتووەتە بەرو ئەوەش بە تاکە ڕێگە دەزانن و لە هەموو شتێکداو تەنانەت لەو دەستەمۆکردنەشدا، لاسایی ئەوان دەکەنەوە. دەسەڵات، بەتایبەت لە ولاتگەلێکی وەك کوردستان و گەندەڵستانەکانی دیکەی ئەم جیهانە، هەمیشە چوارچێوەی هزرین و جیهانبینی کۆمەڵگە دیاریی دەکات و دەیخاتە چوارچێوەیەکی تایبەتەوەو ڕۆشنبیرانی دەسەڵاتیش لەو بازنەو چوارچێوەیەدا دەخولێنەوەو کاریان، ئارایشتکردن و ڕازاندنەوەو پاساوهێنانەوەیە، لەکن کۆمەلانی خەڵك و جەماوەر، بۆ دەسەڵاتی خانەخوێیان. لە وەها کەسانێکی ڕەدووکەوتووی دەسەڵات و نۆکەری دەسەڵات و جلخواری دەسەڵات، چاوەڕوانی چی دەکرێت لەوەی زیاتر کە هەیە! دیارە ناکرێت هەرچی نووسەرو ڕۆشنبیری کوردستانە بخرێنە ئەو خانەیەوە، چونکە هەن، بەڵام زۆرکەم، هیچ پێوەندێکیان لەگەڵ دەسەڵاتدا نییەو وەك ئەوە وایە لە دووگە و خاك و ولاتێکی ترو لەنێو خەڵکێکی

دیکەدا، نەك کوردستان و کورددا بژین. گوتار و پەیڤین لە وەها کۆمەڵگەگەلێکدا، وەك ئەوەی کوردستان، چوارچێوەدارو سنووردارە، ڕێگە بە هەموو کەس نادرێت، قسەی خۆی بکات. خەڵکانێك ڕێگەی پەیڤینیان پێ دەدرێت، خەڵکانێکی دیکەش دەمکوت دەکرێن و تەنیا مافی گوێگرتنیان هەیە. سەردەمانێك ئەوانەی ڕێگەی پەیڤین و دەمکردنەوەیان هەبوو، بەپلەی یەکەم پیاوانی ئایینی بوون و ئێستاکە بە ناوی دیموکراسی و کراوەیی و فرەیییەوە، ڕێگە بە هەندێکی دیکە دەدرێت، کەبێنە گۆ، بەڵام بێجگە لە سیاسەتکاران و تێلابەدەستان و ڕووناکبیرانی پاشکۆیان، قسەی کەسانی دیکەو خەڵك ناخوات. تۆ بنۆرە ڕەوشی ژنان لە جڤاکگەلی وەك ئەوەی کورددا، چەندە سەختە بۆی دەم بکاتەوە، چەند خەتەرناکە ئەگەر شتێك بڵێت بەدڵی کۆمەڵگە نەبێت و چۆن لێکدەدرێتەوەو دەخرێتە چوارچێوەی شتە حەرام (تابوو)ەکانەوە؟

بێجگە لەوانەش چەندین باس و خواس هەن، لەو جڤاکانەدا، بۆ خۆیان "تابوو"ن و خەڵك ناوێرن خۆیان لە قەرەیانبدەن. ئێمە دەبێت لە کوردستان، جیاوازیی لەنێوان دووجۆرە فەرهەنگدا بکەین، فەرهەنگێك، کە گرنگیی دەدات بە داهێنان و لێکۆڵینەوەی جیددی، لە بواری هزرو ئەدەب و هونەردا، خۆی بە بابەتی ڕۆژانەو هەنووکەییەوە کەمتر خەریك دەکات و فەرهەنگێکی دیکە، کە فەرهەنگێکە میدیا (تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە، رادیۆ، گۆڤار، هەفتەنامە، مانگنامە، بڵاوکراوەی حزبیی و دەسەڵات و...) پەخشی دەکەنەوە، کە بەشی زۆری ڕێویڵکارو سەرلێشێوێنەرو چەواشەکار و تژی ئایدیۆلۆژیاو بیری حزبەو ریکلام و پڕۆپاگەندەیە، بۆ دەستگاکانی دەسەڵات و دەستگا ئابووریی و هێزە ئابوورییەکان و لە خزمەتی ئەواندایە. ئەم فەرهەنگە دەشێت بەجۆرێکی دیکە، ئەگەر باشتر بەکارببرێت، خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵك و کێشەکانیان بکات، لێ بەوجۆرە نییە. هەربۆیە ئەو ئاست نزمیی و لێکتێنەگەیشتنەی، هەیەو دێتە ئاراوەو دەبێتە هۆی نەبوونی گوتوبێژیکی جیددی و نەورووژاندنی پرسیارو نەخوێندنەوەی یەکتر، ئەوانەیش لە بارگرانی زیاتر، شتێکی دیکە بەخەڵکی کوردستان پێشکەش ناکەن. ئەوگەرەلاوژەیە، ئەگەر لە پەناوە فەرهەنگێکی دیکەش هەبێت، دایدەپۆشێت و ئەگەر لە پەناوە خەڵکانێکیش هەبن، کە من دڵنیام هەن، خەریکی کارێکی جیددی بن، نێویان لەنێواندا نابێت.

ئێستا لە کوردستان، ڕۆژ ڕۆژی دابەستەو کاسەلێسانی دەسەڵاتە، ئەوانەی دێنە سەر تەلەفزیۆنەکان و لە بنەوەی ناوەکانیان، لەسەر پەردەی تەلەفزیۆنەکە، دەنووسرێت "ڕۆشنبیر" یان "ڕووناکبیر". من چەندین دیداری گەورە ڕووناکبیرانی جیهانیم لەسەر تەلەفزیۆنە ئەوروپاییەکانەوە دیووە، لێ هەرگیز لە بنەوەی نێوەکانیان، نەنووسراوە "ڕۆشنبیر" یان "ڕووناکبیر"، بەڵکو تەنیا نێوی خۆیان نووسراوە. نەك هەر ئەوە، ئێستا هی وا هەیە لە کوردستان، کەدێتە سەر تەلەفزیۆن، دوای "د"ی دۆکتۆرەکەی و ناوەکەی، بۆی دەنووسن "بیرمەند". هیچ ڕووناکبیرێکی ڕاستەقینەی جیهانی و هیچ بیرمەندێکی ڕاستەقینەی جیهانی، بێجگە لە کورد، ناتوانێت بەخۆی بڵێت "ڕۆشنبیر"



یان "ڕووناکبیر" یان "بیرمەند" یا بڵێت"من وەك ڕووناکبیرێك" یان "ئێمەی ڕۆشنبیران"، ئەمە تەنیا لە کورد دەوەشێتەوە. مرۆڤی "ڕۆشنبیر"و "بیرمەند" خەڵك وایان پێدەڵێن نەك خۆیان بەخۆیان. ئەو گوتاری نووسین و بڵاوکردنەوەو فەرهەنگەی میدیای کوردستان ئەگەر سەد لەسەدیشی بۆ خۆهەڵواسین بە دەسەڵاتدا نەبێت، ئەوا نەوەد لە سەدی بۆ ئەوەیە. ئەوەیە فەرهەنگی جاشایەتی و مشەخۆریی و کاسەلێسی (عەرەب وتەنی: إرتزاق). فەرهەنگێکە خەڵك چەواشە دەکات و ڕاستیت لێدەکات بە درۆو درۆت لێدەکاتە ڕاستی. ئەوانەی لەو بوارەدا چالاکن زۆر بێشەرمانە، چەقۆکێشترین، داوێنپیێسترین و مرۆڤکوژترین زەلامت لێدەکەن بە قارەمان و کلکەنەوتینەی تەواوی کوردکوژیی و خۆفرۆشترین زەلامت لێدەکەن بە گیڤاراو ماندێلا. کەمتیارێکی مردارەوەبووخۆرو چەقەڵێکی خوێریلەو ڕێوییەکی گەرت، لێدەکەن بەشێرو پڵنگ. ئەگەر ئەمە نموونەیەکی ئەو فەرهەنگە باوەی کوردستان و ئەو خۆبەڕۆشنبیرزانانەی کوردستان بێت، مرۆڤ چاوەڕێی چ داهێنان و دیالۆگێکی جیددی لێ بکات. لە وەها ژینگەیەکدا هەر ئەوە دێتە بەرهەم.

**زمانی نووسین لە میدیاو پێگەکانی بڵاوکردنەوەدا زمانێکی زیاد لە پێویست توندو زبرە، یان بە واتایەکی تر وشە ڕۆڵی گوللە دەبینێت و میکانیزمێکە بۆ سرینەوەی ئەویتری بەرامبەر، ئایا مافی ئەوەمان نییە بڵێین زمان و گوتاری ڕۆشنبیریی ئێمە هێشتا لە دێوەزمەی دیدێکی شەرئەنگێزانەو کولتووری لەناوبردن و تواندنەوەی بەرامبەر ڕزگاری نەبووە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە فۆرم و تەرزێکی تر بدۆزینەوە بۆ نووسین جیا لەم شێوازە باوەی کە لیپاولیپە لە ڕۆحی تۆڵە سەندنەوەو تێکشکاندن؟**

تەواوی ئەو خەڵکانەی ئەورۆ لە کوردستانداو کوردگەلێکی دەرێی کوردستانیش، کە خجڵی کاری فەرهەنگین، کۆنترینیان و تەمەندرێژترینیان، ڕەنگە ئێستا نزیکەی ٧٠-٨٠ ساڵێك بێت. ئێمە لە ماوەی ئەم شەش حەوت سەدەیەی تەمەنی فەرهەنگی کوردیدا، دوای مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، شەرەفخانی بەدلیسی، مەولەوی، نالی، مەحوی، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و... یەك دوو نەوەیەکمان، بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە (ئایینی، نەتەوەیی، ڕاستڕۆ، دیموکراتخواز، چەپ، مارکسسیست و...)، لەم چەند ساڵەی پێشووەدا زۆریان لە دەستچوون و لێشیان ماوە، هەرچی کاری فەرهەنگیی جیددی هەیە، لەم شەست حەفتا ساڵەی پێشووەدا، لەسەر دەستی ئەوان ئەنجامدرا بوو. نەوەیەکی وەك: تەوفیق وەهبی، موحەممەد ئەمین زەکی، ڕەفیق حیلمی، گۆران، هەژاری موکریانی، عەلائەدین سەجادی، مەلا شکور موستەفا، هێمن، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، مەسعوود محەممەد، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، جەمال نەبەز. چواریەك و سێیەکی تەمەنی ئەو نەوەیەو سێ لەسەر چواری یان تەواوی تەمەنی ئەم نەوەیەی ئێستا، لە کوردستانێکدا گوزەراندوویانەو گەورەبوون،

که مەیدانی جەنگ و پێکدادانی "براکان"و "کوردکوژیی"و "براکوژیی"و حزب و دەستەی سیاسیی جۆراوجۆر، چەپ و راست و ئایدۆلۆژیاو نەتەوەیی و ئینتەرناسیۆنالی و سەدان بەزمی دیکە بووە. ئەوەی کاری فەرهەنگیشی کردبێت، لە سیاسەتەوە بۆ فەرهەنگ چووەو لە خوێندنگەی سیاسییەوە،لە دەرکەی فەرهەنگی داوەو بە چاوێکی سیاسییانەوە لە فەرهەنگی ڕوانیووە. من دەزانم سیاسەت و فەرهەنگ، تەواوکەری یەکدین، سیاسەت بە واتا فراوانەکەی، وەك زانستی بەڕێوەبردن و چارەسەر دۆزینەوەی کێشەکان و بزوێنەری خەڵك و هەوڵدان بۆ باشترو جوانترو خۆشترکردنی ژیانی مرۆڤ، نەك دیتنی هەموو دیاردەکان، لە دەلاقەی سیاسەتی تەسك و بەرچاوتەنگی حزب و ئایدیۆلۆژیاوە، ئەوەیە کارەسات، چونکە ئیدی فەرهەنگیش دەدرێتە بەر چەپۆك و سنووری بۆ دادەنرێت. مارکس دەڵێت "جەنگ جووڵێنەری مێژووە" لێ مرۆڤی جەنگدیدە، جەنگگەستە، بەتایبەت جەنگ و پێکدادانێکی چەوت و ناڕەواو بێبنەمای، وەك ئەوانەی کوردستان، مرۆڤێکی نیگەران و ناسەقامگیرو لەسەرپێی خۆڕانەوەستاو و ئاوەزبرینداری، لێدێتە بەرهەم. جەنگ و شۆڕش و هەڕەشە، گەلێ جاران مرۆڤ لە بوونەوەرێکی ئارام و ئاشیخوازەوە، دەکەنە دڕندەو توندو دەستوەشێن و تووڕەو زیانبەخش. هەموو ئەو خەڵکانە سیاسەتاویی (یا ڕەنگە حیزباویی ڕاستتر بێت) بوون. ئەوەی سیاسەتاویی (حیزباویی) دەبێت، دیارە پتر لە وڵاتانی مینا ئەوەی لەمەڕ خۆمان، زمان زبرو قسەتیژو تەنگەجیقڵدان و توند دەبێت. ئەوانە ئێستاش هەر لە دیدی حزب و ئایدیۆلۆژیاوە، دەڕواننە یەکدی و هەر بەمێشکی، سەرۆکی فەرماندە، ڕێبەری حیزب، سەرکردەیەتی، کۆمیتەی نێوەندیی و مەکتەبی سیاسیی، دەهزرێن و ئەوەی لەنێو خانەکەی خۆیاندا نەبێت و لەنێو بازنەکەی تردا بێت، ئێستاش بە ناڕاست و چەوتی دەزانن. ئەوانە ئێستاش ژدانۆڤیانە (بەشینەوەی زانست و فەرهەنگ و ئەدەب، بەسەر زانست و فەرهەنگ و ئەدەبی سپی، ئیمپریالیستی و بۆرژوازیی و زانست و فەرهەنگ و ئەدەبی ڕەش، داگیرکراو و پڕۆلیتاریی) دەڕواننە تەواوی کردەی فەرهەنگی و کردەی داهێنان. سیستمی دەسەڵاتی یەك حزبەو یەك ئایدۆلۆژیاو یەکڕەنگە، مرۆڤی دڕو فەرهەنگی دڕ، چێ دەکات، کە هەمیشە لە هەوڵی لەنێوبردنی ئەوی دیکەدایە، چونکە ئەو تەنیا خۆی و ئەوەی خۆی پێ ڕاستەو ئەوی دیکەشی هەموو پێ چەوتە. ئەو بیرکردنەوەو لێڕوانین و خوێندنەوەیە، کە فەرهەنگکارێکی شەڕەنگێزو دژی ئەوی دیکەی لێ دەکەوێتەوەو کە دەیەوێت ئەوی دیکە بسڕێتەوە، ئەوە لە گیانی خۆبەزلزانییەوە سەرهەڵدەدات، کە هەر کەسەو تەنیا خۆی پێ شتەو ئەوی دیکەی پێ هیچە.

هاوڕێم (ئاسۆس جەمال قادر)ی نووسەرو ڕۆژنامەنووس، سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠-اکان لەشام لە بەشی زمانی ئینگلیزیی زانستگەی دیمەشق دەیخوێند. بۆ ئەوەی بتوانێت بژی و بژێویی خۆی وەدەست بهێنێت، وەدووی کاردا دەگەڕێت. دەچێتە کن ڕێکخراوە ڕزگاریخوازە فەلەستینییەکان، کە ئەودەمی لەبرەودا بوون و زۆربوون، بۆ ئەوەی کاری نووسین، وەرگێڕان، یان شتێکی لەو جۆرەی دەستبکەوێت. چەند دانەیەك لە بنکەی





ئەو ڕێکخراوانە دەگەڕێت، هیچ ئەنجامێکی نابێت، پاشان دەچێتە کن دەستەی (بەرەی گەلێری ڕزگاریی فەلستین، سەرکردایەتی گشتیی)، کە ئەحمەد جبریل سەرکردایەتی دەکرد. ئەودەمی گۆڤاری (بۆپێشەوە)یان دەردەکرد. ئیدی دەچێتە بنکەکەیان و پاش سڵاو و ئەوانە، کە پێیدەڵێن فەرموو چ کارێکت هەیەو ئەویش دوای ئەوەی خۆیان پێ دەناسێنێت و باسی خۆی دەکات، خوێندکارەو کوردی عێراقە، دەڵێت: هاتووم ئەگەر کارێکم بدەنێ. ئەوانیش دەڵێن: چ کارێکت بدەینێ؟ ئەویش بەپێکەنینەوە دەڵێت: بۆ نموونە کاری تیۆریسیەن (منظر)، بمکەن بەتیۆریسیەن! ئەوانیش دەدەن لە قاقای پێکەنین و دەڵێن: جا ئێمە بۆ خۆمان هەموومان تیۆریسیەنین! ئیدی لەبەر سەمەرەیی و"قوت"ی قسەکەی، کارێکی وەرگێڕانیان لە گۆڤارەکەیاندا پێدا. ئەوانەی ئێمە هەریەکەو خۆ بەتیۆریسەنێك دەزانێت و هیچی دیکە بۆ ئەوی دیکە ناهێڵێتەوە. ئەوجا ڕووناکبیرو نووسەرو فەرهەنگییان، کاتێك دەکەونە سەر ڕێچکەیەکی ئارام و بیرکردنەوەیەکی هێمنانەو خوێندنەوەی بەرامبەرو گوێ لە یەکترگرتن و وتوبێژێکی نەرم و فۆرمێکی دیکەی نووسین و دەربڕینێکی دوور لە گیانی تۆڵەسەندنەوەو بریندارکردنی یەکدی دەدۆزنەوە، کە ئیدی نەبنە دەستکەلای دەسەڵات و کەوڵی حزب (کە کوشندەترین دەردێکە، دووچاری مرۆڤایەتی بووەو لە هەموانیش زیاتر دووچاری کورد)و ئایدیۆلۆژیا فڕێدەن و هیچ جۆرە دیتنێکی ستییریۆتایپ (Stereotype)انەیان لە هەمبەر ئەویدیدا نەمێنێت و بەرامبەریش بە هاوتای خۆیان بزانن و وەك خۆیان بیخوێننەوە. وەها ژینگەیەکی ئازاد، ڕووناکبیرو نووسەری ئازاد، دێنێتە بەرهەم و پێدەگەیەنێت. مرۆڤیش، کە ئازاد بوو، بێترسو ئارام و دڵپاك و بێ کینەیەو ڕقی لە کەس نابێتەوە، زمانیشی هەرگیز ئەو زبریی و تیژییەی نامێنێت.

## جەهانگیر:

# پێویستمان به رۆشنبیری یاخی هەیە یاخی لە شتە پیرۆزەکان



دیداری: بەختیار کەریمی

دەستپێك:

جەهانگیر به نووسینی کتێبی (بەرەو لووتکەی شەیدایی) هاتە مەیدانی خزمەتکردن به کتێبخانەی کوردییەوەو تاکو ئێستا نزیکەی ١٥کتێبی له چاپداوه. له سالانی ٧٦ و ٧٧ی کۆچی هەتاویی به بۆنەی چالاکی سیاسییەوه دەیانجار زیندانیی کراوه، بەلام وازنەهێنان له خەبات وەکو باوەڕێکی پیرۆز هەموو ساتێك له دەروونیدا له گەشانەوەدایە وەکو تێکۆشەری ڕێگەی ڕووناکی، ئامادەی پێشکەشکردنی بیرو هەست و ژیانی لەو ڕێگا پیرۆزەدایە.

جەهانگیر خاوەنی هەست و ورەیەکی بەرزی نیشتمانپەروەرییەو قەلەمیشی تاکو ئێستا له بەردەم دەرگای زێرو دۆلار چۆکی نەداوە. وتووێژی ئێمەش لەگەڵ بەڕێزیاندا لەم ئاراستەدایە.





***خوێنەران پێیانخۆشە بزانن جەهانگیر کێیەو له کوێوە دەستیکردووە بە هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە بابەتە جۆربەجۆرەکانی کوردستان؟**

ڕێزو سلاوم هەیە بۆ بەڕێزت، سلاویشم هەیە بۆ خوێنەران. من سالی ١٣٦٨ی کۆچی هەتاویی ئەو دەم کە لە گوندی شوێشە بووین کە ئێستا شارەو سەر بە شارستانی سنەیە، بە بیستنی هەواڵی کوژرانی دکتۆر قاسملۆ کۆمەڵێك پرسیارم بۆ پێش هات، کە قاسملۆ کێ بوو کە مەرگەکەی ئەوەندە دەنگدانەوەی هەیە، پێش ئەوەش هێشتا منداڵ بووم لە قۆناغی سەرەتاییدا وانەم دەخوێند کە بۆ ئەو باژارە پێشمەرگەکان هاتوچۆیان دەکردو بە چاوی خۆم دەمبینی کە پێشمەرگە بۆ خەڵکی خۆشەویستە. پەیتا پەیتا دەمپرسی ئێوە بۆ شەڕ دەکەن؟ بۆ چەکتان هەڵگرتووە؟ بە بوێرانەوە دەڵێم کە پرسیار بەرەو ئەو جیهانەی بردم. دواترکە بۆ درێژەپێدان بە خوێندن بۆ سنە هاتم، لە شاری سنە لەگەڵ دەزگای ڕۆشنبیریی گۆڕاندا ئاشنا بووم، کە لەوێشەوە لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیرو قەڵەمبەدەست و شاعیرو نووسەر ئاشنابووم، لەوانە محەمەد ئەمین هەورامانی و مامۆستا حەکیم مەلاساڵح هەر لەوێوە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بوومەوە، کە کورد کێیە، ئەو پرسیارە ساڵەهای ساڵ لەگەڵدا بووە. ئەگەر لە یادم بێت سەردەمێك کە لە ناوەندیدا دەوامم دەکرد لە لایەکەوە بە هۆی ئەوەی کە یەکێك لە خزمەکانم خاوەن باوەڕێکی ئیسلامیی میللی بوو و بەشێوەیەك لە لایەنگرانی موفتی زادە بوو، منیش ئەزموونی ئەوەم نەبوو و لەو سەردەمەشدا نەگەیشتبوومە ئەو ئاستەی کە بیرێکی فەلسەفیی بکەمەوەو لە لایەکیشەوە کە هۆگرییەکی تایبەتی تێدا دروست ببوو بەرامبەر کێشە نەتەوایەتییەکان و هەروەها وڵاتەکەم، دواتر لە زانکۆدا لە سێ قۆناغدا، واتا قۆناغی نەتەوەیی، قۆناغی ئیسلامییە توندڕەوەکان، کە نەفرەتم لێیانەو قۆناغی کوردە بێلایەنەکان یان کوردە بێخاسییەتەکان، ئەم سێ قۆناغە بە چەشنێك بوارو زەمینەی هەڵوێستگرتنی سەربەخۆی لە مندا پێکهێنا. دوای تەواوکردنی زانکۆ دەمبینی کە چۆن کەسێکی تارانی- قەومی یان شارەکانی دیکە دوای تەواوکردنی زانکۆ هەموو شتێکیان بۆ ئامادە بوو، وەکو هاوشاریی و هاونیشتمانییەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام بۆ کوردی هەژاری دەربەدەر دیسان قۆناغێکی دیکەی پڕ لە ئازارو دەرد دەستپێدەکات، واتا ئەو دەرس خوێندنەی چیتر بەکەڵکی نایەت. دۆخی نالەباری ئابووریی ناچاریدەکات ببێت بە کۆڵبەر، شوفێر یان ئەگەر تەحەمولی تەواو بێت و دوای کلکەسوتێکردن بۆ دەسەڵات و خۆفرۆشی ئەوسا نەوەك هاوشارییەکی پلەیەك، بەڵکو وەکو سەگێکی بەردەرگای دەسەڵات ژیانی پڕ لە پەستی هەڵبژێرێت. پێموابێت ئەو ڕەنجانە ئەو نابەرابەریانە کە ئێستاشی لەسەر بێت هانیدام کە بیر لە کێشەی نەتەوەیی بکەمەوە.

***ئەو چالاکییانەی کە لەم پانتاییەدا نواندووتە بە چ چەشنێك بووە؟**

لە راستیدا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی هەتاویی، ئەوەش هەڵوێستێك بوو بەرامبەر ئەو کارەساتانەی کە وەکو کارێکی رۆژانە دەرهەق بە میللەتەکەم دەکرا، بەڵام وەکو هەڵوێستگرتنێکی رەسمیی لە بواری چاپەمەنی و رۆژنامەوانیدا، لە سەردەمی ئەندامبوونم لە ئەنجومەنی ئەدەبی مەولەوی کوردی سنە بوو، کە ئەوسا بڵاوکراوەی تاقگەمان لە چاپدەداو بە نووسین شیعری شەهید لە شینی شیعرو قەڵەمەوە بەرەو ئەو شتە هاتم، دواتریش لە هەڵوێستگرتن بەرامبەر هەڵەبجە، کۆچی خوالێخۆشبوو ژیلا حوسەینی. پێموانەبێت رووداوێك لە کوردستاندا رووی نەدابێت و من هەڵوێستم نەگرتبێت، بەڵام وەکو پرۆژەیەکی نووسراوە، من چەندجار دەمویست کۆمەڵە شیعرەکانم چاپ بکەم. جارێکی بە ناوی مامۆستا گیان بوو، بەهەر حاڵ کۆمەڵە شیعرێکی تێدا بوو بەداخەوە ئیتلاعات گرتنی و شیعرەکانی منیش کەوتە بەر دەستیان. دوای ئەمە هەوڵم بۆ کۆکردنەوەو چاپکردنی ئەو شیعرانەدا کە ساڵی ٧٥ی کۆچی هەتاویی بەدواوە نووسیبووم. ئەم کۆمەڵە شیعرەم بە ناوی (بەرەو لووتکەی شەیدایی) چاپکرد، کە شیعری عاشقانەی ئەوەندە تێدا نییە.

*** بۆ؟**

بەڕاستی منیش پێمخۆشە وەکو لاوێکی ئەورووپی و ئەمریکی دڵداریی بکەم، بەڵام من لە ژیانمدا تا ئەو ئاستەی کە ژیانی هاوبەشم پێکهێنا، خەمی نانم نەبووە، بەڵام هەمیشە خەمی نەتەوەکەم، ئەو ئازارانەی کە نەتەوەکەم پێوەی ژانپێچ بووە، بەرپەرچی داومەتەوە، کە بەرەو ژیانێکی دڵداریی بڕۆم، هەر بۆیە نەمتوانیوە لەنێو دنیایەکی دڵداریی و خۆشەویستی لەو چەشنە خۆم بدۆزمەوە، هەر بەم بۆنەیەوە ئەوینی یەکەمم لەدەستدا.

***بەم پێیە دەتوانین بڵێین (جەهانگیر) کەسایەتییەکی بەرپرسە، واتا لایەنگری ئەدەبیاتێکی بەرپرسیارە کە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران زۆرکەس دژی ئەم ئەدەبیاتەن و بە سوننەتی و دواکەوتووی دەزانن، لە هەمانکاتدا باسی ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرن لە ئارادایە، بۆچوونی بەڕێزتان چییە؟**

من هەمیشە وتوومەو ئێستاش دەیڵێمەوە، بابەتێکم لە چاپداوە بە ناوی (ئەرکی نەتەوایەتی رۆشنبیری کورد) چاوڵی بکە ئەوەی کە ئەمرۆ دەڵێن پۆستمۆدێرن، خوێندنەوەیەکە لە دەقی مۆدێرنیتە، ئەوەی کە دەڵێن لە رۆژئاوادا باسی پۆستمۆدێرنیزم دەکرێت مافی خۆیانە، چونکە قۆناغەکانیان بەپێی مێژوویزمێکی تایبەت تێپەڕاندووە، بەڵام منی کورد لە سەدەی بیستویەکدا رانکۆچۆخە دەپۆشم و سمێڵی ئەستووری بۆ دادەنێم و پشتێنی لێ دەبەستمەوە، کەچی بە سانایی خیانەت دەکەم بە هاوخوێنەکەم. منی کورد کە بە دەهۆڵ و زووڕناوە بەرەوپیری فلان سەرکۆمارو بەرپرسی (دەسەڵاتی رەش) دەڕۆم. منی کورد کە هێشتا قۆناغی سوننەتیم تێپەڕاندووەو لەمانەش گرنگتر بەڕاستی نازانم تایبەتمەندیی و سیماو رەگەزەکانی سوننەت چییە تا بگات بەوەی کە بانگەشەی ئەدەبیاتێکی پۆستمۆدێرن بکەم. منی کورد هێشتا دەستکەوتەکانی مۆدێرنیزمم بە شێوەیەکی زانستی و نۆرماڵ بەردەست نەکەوتووە، مەرج نییە هەر کەس بابەتێکی نووسی نەك تەنیا خۆی تێنەگات، بەڵکو جەماوەریش لێی حاڵیی نەبن یان کۆمپیوتەرو ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل باشت هەبێت و بانگەشەی پۆستمۆدێرن بکەیت. مرۆڤی مۆدێرن ئەو مرۆڤەیە کە کارو فانکشنێکی مۆدێرن لەگەڵ دەستکەوتەکانی مۆدێرنیزمدا هەبێت. لایەنێکی دیکەی ئەمەیە کە منی کورد ئەمرۆ رەشەبا دەمبات، کەس نامناسێت و دانی خێرم پێدا نانێت. لەم جیهانەدا کە هەزاران ناوەندی پاراستنی مافی پشیلەو سەگ و مەڕو ماڵات هەیە، کەچی ئەنفال و هەڵەبجەو سەدان کارەساتی خوێناویی دیکەمان تا ئەودیوی سنووری خاکەکەی خۆشمان تێناپەڕێت، لە جیهانێکی لەم چەشنە کە هەریەکەو بە شێوەیەك بیر لە پێشخستنی کۆمەڵگای خۆی دەکاتەوە. پۆستمۆدێرنیش وەکو بەرهەمی شارستانییەتی رۆژئاوا رەوتی پێشڤەچوونی کۆمەڵگای خۆی دەکات، من بێم و بانگەشەی بکەم و وەکو نوشتەیەك بیپێچمەوە بۆ کوردستان، ئەویش کوردستانێکی داگیرکراو و ژێردەستە، بێ دەوڵەت و حکومەت و پڕ لە قەیرانی جۆربەجۆر، بە بڕوای من ئەمە حماقەتێکی مێژووییە، جۆرێك نەخۆشیی دەروونییە. تۆ بڕوانە لە ئاواییەکاندا بە گوێدرێژ خەرمان دەکوتن، تازە پۆستمۆدێرن تەنیا بواری ئەدەبیات ناگرێتەوە. لەمە سەیرتر بۆچی ئەو برادەرانە بەرهەمی پۆستمۆدێرنانەیان لە هیچ شوێنێکی دنیادا حسێبی بۆ باز ناکرێت. تەنانەت لە ئێرانیشدا نەك تەنیا وەکو پۆستمۆدێرن، بەڵکو وەکو شاعیر چاویان لێ ناکەن. کامەیان تاکو ئێستا توانای نووسینی وتارێکیان هەبووە لەم بارەیەوە، تۆ وەرە شتێکی میتۆدیکاڵم پێ نیشان بدە.

***بەڕێزتان کە ئێستا دژی پۆستمۆدێرنیزمن، چالاکییەکانتان لە بواری ئەدەبی بەرپرسیارو نەتەوەییدا چی بووە؟**

پێموابێت میللەتێك کە خەریکی تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە هیوا گەورەکانی، بێگومان بەشێك لە کاراکتەرەکانی گۆڕەپانی تێکۆشانی نووسەران، شاعیران، رۆژنامەنووسانی بەرپرسیار دەگرێتەوە، کە ئەمانە بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا دەینیان هەیە. من هاتم چاوم لێکرد کە لە فەلەستین، ئەمریکا، کوبا، جەزائیر ئەدەبیاتی مەقاوەمەت هەیە،

تەنانەت لە نێو فارسەکانیشدا ئەدەبیاتی مەقاوەمەتمان هەیە، بەڵام لە کوردستانی ئێمەدا بە پەرش و بڵاویی باسمان لەسەر کردووە. فایلی تایبەت لە کتێبخانەی کوردیدا نەکراوەتەوە، من هاتم بیرم کردەوە کە فایلی ئەدەبی نەتەوەیی دابنێم، کە دوو قۆناغ دەگرێتەوە.

یەکەم، قۆناغی بەرخۆدان. دووەم قۆناغی سەرهەڵدان.

ئێمە لە سەدەی حەڤدەیەمدا ئەحمەدی خانی بە شاکاری مەم و زینەوە دێت، لە نۆزدەیەمدا حاجی قادر سەرهەڵدەدات و لە سەدەی بیستەمیشدا عەبدوڵڵا پەشێو دەردەکەوێت. سەرەتا لە پەشێوەوە دەستم پێکرد، چونکە زمانی پەشێو، زمانێکی ئاشناترە بۆ خوێنەری کوردو پەشێویش کەسایەتییەکی نەتەوەییە. دواتر هێمن و هەژارن. پێموابێت فایلی ئەدەبی نەتەوەیی کورد کارێکی ئەمەکناسانە بێت بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ میللەتی ئێمە ئیتر خەونی پۆستمۆدێرنیان نەدەبینی، دەرمانێکیان دیاریی دەکرد کە بۆ دەردە کورد بێت.

*** جیا لەم پرۆژەیە، کاری نوێی دیکەتان هەیە؟**

ناوەندی چاپ و پەخشی سلێمانی (ڕێمان) چەند کتێبێکی منی بۆ چاپ ئامادەکردووە، لەوانە کۆمەڵە وتارێکە بە ناونیشانی (کورد میللەتێکی بێ پشتیوان)، کە لە ژێر چاپدایە. دوو کتێبی دیکەشم واتا شابازی چیا کە (بارزانی) نەمرە لە شیعری هەژارداو بەشێکی (بە کوردی ئەژیم)ە. دواتر کۆمەڵە وتارێك کە باس لە ناسیۆنالیزمی کوردە بە شێوەیەکی ئاکادیمیك و زانستی کە بیری نەتەوایەتی کوردەو وەکو بەرامەی ئەو فایلە چاپ بووەو پێشوازی باشی لێکرا، بەڵام نوێترین کارم دەستپێکردنی وەرگێڕانی زنجیرە کتێبی ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی قەقنەسی تاران، کە لەسەر قۆناغە مێژووییەکانی پێشکەوتنی مرۆڤە، لەوانە سەردەمی ڕۆشنگەریی، شۆڕشی پیشەسازیی ورێنیسانسە، کە پێموایە هەر سێیمان لە کوردستانی باشووردا بە چەشنێك خەریکە سەردەگرت.

***بۆچی ئەدەبیاتی کورد لە ئاستی جیهانیدا ناوبانگی نییە؟**

چاو لێ بکە. شێرکۆ بێکەس لە ئاخافتنێکیدا قسەیەکی زۆر جوان دەڵێت، کە پەرەپێدەری ئەدەبی هەر نەتەوەیەك پێویستی بە پشتیوانی هەیە.

***لەلایەن کێوە؟**

لەلایەن دەسەڵاتەوە، مادام تۆ دەسەڵاتێکی کوردییت نەبێت و ئێستاش دەسەڵاتەکە، دەسەڵاتێکی حیزبییە لە باشووردا کێ بێ پشتیوانی لەوە بکات. لایەنێکی دیکەی





بابەتەکە ئەدەبی کورد، کە هێشتا نەیتوانیوە لەگەڵ شاعیرو ئەدەیبی دەرەوەدا دیالۆگ ساز بکات.

***بۆ دەبێت وەها بێت؟**

چەند هۆکارێکی هەیە، یەکەم سەرلێشێوایی ئەدەبی کورد دووەم: بەرجەستەبوونەوەی نیمچە ڕۆشنبیرانی سەر بە (دەسەڵاتی ڕەش) سێیەم: بایکۆتکردن و دەمکوتکردنی ڕۆشنبیرانی خاوەن هەڵوێستی سەربەخۆ، چوارەم: تۆ بڕوانە ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور کە دەسەڵاتێکی کوردی حاکمە، ئەم دەسەڵاتە لە چ ڕۆشنبیرانێك پشتیوانی دەکات؟ بەڕێوەبەرانی وەفدی ڕۆشنبیریی کوردستانی ئێران کێن؟ بەداخەوە ئێمە هەمیشە ئەوپەڕهاوێژیی دەکەین. ئێمە دەبێت لەگەڵ خۆماندا ڕاست بین. بزووتنەوەی کوردی بووەتە ئازارێك بۆ میللەتی کورد، چونکە لە بنەڕەتەوە لەسەر سیستەم نەبووە، لە بناغەوە جەوهەرێکی مۆدێرنی دیموکراتێکی نەبووە. ئێمە تەنیا ڕواڵەتەکانمان وەرگرتووەو ناوەڕۆکەکانمان فەرامۆشکردووە یان ڕوونتر بڵێم ڕۆحی عەشیرەگەریی بەرگرییەکی دروستکردووە بۆ کارێکی مۆدێرن بە تەواوی ماناکەیەوە. لە کاتی شەڕی ناوخۆدا چەند ڕۆشنبیری وەکو عەبدوڵڵا پەشێو هەڵوێستیان وەرگرت کە دەنگدانەوەی هەبێت. چەند کەس بوون؟ هەموویان یان باڵی ڕاست بوون یان چەپ، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە.

کاك بەختیار پرسیارێك، بەڕێزت وەکو پسپۆڕی بواری ڕۆژنامەوانی، تۆ بڕوانە کابرای بازرگان، قاچاخچی، قەساب بووەتە ڕۆژنامەوان، ئەرێ بەڕێزتان کام تریبوونت هەیە بۆ دەربڕینی بیروراکانت لە بواری ڕۆژنامەگەریدا. بەداخەوە هەر ئەم (ڕۆژنامە فرۆشانە) لە کوردستانی باشووردا وەکو ڕۆژنامەوان پێشوازییان لێدەکەن زێرەشانیان دەکەن، کاکە ئازارەکە ئەمەیە، ئیدی چۆن دەتوانیت ناوبانگت هەبێت لە جیهاندا.

ئەنستیتیوتەکانمان بوونەتە ئەنستیتیوتی حزبی. کێ فلانە شاعیری نەتەوەیی پشتیوانی بکات؟ چاو لە میدیا کوردییەکانیش دەکەیت هەریەکەو بە چەشنێك سازێ لێ دەدەن، ئەمە ئازار نییە بۆ میللەتی کورد؟ ئەوە شەرم نییە؟ باشە بە قوربانت بم، ڕۆشنبیر، شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەوان بەشێکن لە نەتەوەکەیان، کێ دەبێت ئەمانە پشتیوانی بکات؟ یان دەبێت لە نێو سیستەمدا بیت یان لە دەرەوەی. ئەگەر لە دەرەوەی ئەو سیستەمە بیت تاوانباریت. تاوانبار بەوەی کە بەکرێگیراو نیت. بەوەی کە بۆ سەربەخۆی.

هەر لەم شاری سنەیەدا کەسێك کە قەڵەمەکەی سەربەخۆ بێت ئەوەی تاوان و تۆمەت بێت پێشکەشی دەکەن. ئەمە لەلایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی ڕەشەوە ئەنجامدەدرێت. هەر

ئەو رۆشنبیرانەی کە بوونەتە نوێنەری وەفدی فەرهەنگی کوردی دەربەدەرەوە. بەڵێ، رۆشنبیرانی سەر بە دەسەڵاتی رەشن کە پێشوازیان لێدەکرێت و فەرهەنگی کورد لەسەر پێیاندا قوربانیی دەکەن.

پرسیارێك، تۆ لەوکەسانە بوویت کە کاتێك لەگەڵ دۆستاندا رۆیشتنە هەفتەنامەی ئاسۆ، بەراستی ئەو هەفتەنامەیە گۆرانی بەهێزی تێدا دروستبوو، ئەو چەند ژمارەیە بەڵگەی قسەکانی منن. کەسایەتی و خاوەن ئیمتیازی ئاسۆ کێیە؟ کەسایەتییەکی حکومەتییە سەر بە باڵی چەپ و ئەندامی (جبهەی مشارکت)ە سەرنووسەرەکەشی بەپێی مێژووی ژیان و ئەو راستیانەی کە باسکراوە لە ئاگاداری نامەکەتاندا، بەراستی ئەم کابرایە کارەساتێکی گەورەیە لە رۆژنامەگەریی کوردیدا. بە قوربان تۆ ستایشی دەسەڵاتت نەکردووە کە پێت بڵێن فەرموو. تۆ چەپڵەرێزانت رێکنەخستووە کە وەکو رۆژنامەنووسێك لە هەفتەی فەرهەنگی سنە لە سلێمانیدا بەشداریی بکەیت، کە بە بڕوای من ئەو هەفتەیە، هەفتەی لە سێدارەدانی فەرهەنگی کوردە. بۆ خۆتان قوربانیی ئەو رەوتە بە رواڵەت رۆشنبیرییەن لە کوردستاندا. قوربانیی ئەو مافیایانەن کە ناوی وەفدی رۆشنبیرییان لە سەرە، ئەوانە کێن؟

***چارە چییە؟**

دۆزینەوەی رێگا چارە بۆ کێشە رۆشنبیرییەکانمان کە بووەتە کێشەی رۆژانەمان ئەوەیە کە رێگەچارە بۆ کێشە نەتەوەییەکانمان بدۆزینەوە. یەکەم، دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کورد، نەك هەر ئەوەی کە تەنیا ئەمڕۆ خۆی بە خوێندکار بزانێت. لەسەروبەندێکدا کە گۆڤار چاپدەکرا لە تارانداو ئەو هەستە بەتین و ئاورین بوو، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی کە خوێندکار دەهاتەوە نێو کۆمەڵگا زۆر بە سانایی لە درێژەپێدان دادەبڕا. ئەوانەی کە لە زانکۆن و ئەوانەی کە تەواویان کردووە، ناوەندێکی نەتەوەییان هەبێت، جا لێرەدا گرفتێك هەیە.

***چ گرفتێك؟**

ئایا ئێمە وەکو میللەت، بیرێکی نەتەوەییمان هەیە؟ بڕوات هەبێت دوورین لەو بیرە نەتەوەییە. تۆ کام حیزب بە نموونەی بیری نەتەوەیی دەزانیت. کام حیزب ئەمڕۆ نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات؟ کێشەکەی ئێمە هەر لێرەوە دەستپێدەکات. بەرهەمی چەك چی بووە، ئێمە بەرەیەکی زۆر عاشق، نەك هەوەسازمان لە پێناو چەك لە دەستدا. بەرهەمی خەباتی چەکدارانەی ئێمە چی بووە؟ دەبێت ئەوانە وەڵام بدەنەوە.

*** ژێردەستەیی؟**





ژێردەستەیی، سەرهەڵدانی شەجەرەی تەیبەی جاشایەتی لە سوننەتییەوە بگرە تاکو مۆدێرن. کارەسات لەسەر کارەسات. تۆ دەتەوێت رۆشنبیرییەکی سەربەخۆ لە بارودۆخێکی لەم چەشنە دەرکەوێت. تۆ بەتەمایت لەپێناو ئەو هەموو بازرگان و قاچاخچی ئەدەبی کوردییەدا کەسایەتی سەربەخۆ دەربکەوێت. کاکە نابێت.

***لەم حاڵەتەدا پێوستمان بە رەوت، پرۆسەو بزووتنەوەیەکی جیاواز دەبێت، جیاواز لە هەموو ئەمانەی کە لە ئارادان؟**

راستە، بڕواموایە دەبێت شەپۆلێکی سێیەم دەستپێبکات. خوێندنەوەیەکی نوێ و شێوە روانینێکی جیاواز لە هەر چەشنە پاوانخوازیی و بەرژەوەندخوازییەك. دەبێت تاقمێکی فیداکار، بێئەوەی کە چاوەڕوانی شەرعیەتی هەر چەشنە دەسەڵاتێك بن، بێنە مەیدانەوە. ئامرازیان ئەم رۆژانە بێت، شێوازیان ئاشکراگەرو دۆزینەوەگەرو رەخنەگەرانە بێت. رەخنەیەکی بنیات هەڵتەکێنی هەر چەشنە پیرۆزییەتێکی ناراست و درۆیینە. وەك پاولۆکۆیلۆ دەڵێت: نیازمان بە تێکۆشەرانی رێگای رووناکی هەیە. پێویستمان بە شەپۆلی رۆشنبیرانی یاخی هەیە، یاخی لە هەرچەشنە تاپۆیەکی شووم کە بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا داسەپاوە، رۆشنبیرانێك کە بەر لە تراژیدی، بیر لە رێگاچارەو پێشڤەچوون بکات. پێشڤەچوون بەرەو رووناکی نەك تاریکیی.

***بە ئاواتم بەرێزتان یەکێك لە تێکۆشەرانی ئەو رێگا پڕ لە رووناکییە بن...**

منیش سوپاسی ئێوەو تەواوی خوێنەران دەکەم.

ئێستا لەبازاڕدان














ئێستا لەبازاڕدان










## وەرزی نوێی چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی و گۆڤاری هەنار

هەنار

بەڕێوەبەرێتی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

شوێنی سەرەکی دەستکەوتنی بەرهەمەکان

**خانەی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان**

سلێمانی – شەقامی مەولەوی

## ئێستا لەبازاڕدان
















## ئێستا لەبازاڕدان


















# خانەی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان

بۆ

دەستکەوتن و

بڵاوکردنەوەی

کتێب

ڕۆژنامە

گۆڤار





سلێمانی- شەقامی مەولەوی- نزیك تەلاری ڕەشە مۆڵ

ژ.ت: ٠٧٤٨٠١٣١٤٠١

## ئێستا لەبازاڕدان













بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

# وەرگێڕان



**رۆمانی ریالیستی
لە ئەوروپا**
و: مستەفا زاهیدی

**جان دەمۆ شاعیری بێ قەسیدە...!**
و: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

**ماریۆ ڤارگاس یۆسا:
کاتێک ئەدەبیات دەبێتە قوربانیی سیاسەت**
و. شەریف فەلاح

**لە کافکاوە تا هێرتا موولێر**
و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

**سارتەر:لە نێوان شەیتان و خودادا
مرۆڤ هەڵدەبژێرم**
و: سەرگوڵ خودا یار

**جیاوازی**
و: مەریوان هەڵەبجەیی

**لەماڵی نزار قەبانی-دا**
و: ئاوات حەسەن ئەمین

**چۆن ماچکردنێک**
**و. جەواد حەیدەری**



# ڕۆمانی ڕیالیستی لە ئەوروپا[١]

ف. و. جەی.هێمینگز[٢]

وەرگێڕانی: مستەفا زاهیدی

**بەشی دووەم**

ئەوەی بۆ یەکەمجار فلۆبێرو دواتر جێنشینەکانی فلۆبێر، وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ میلۆدرام و هەڵپەساردن و کەسایەتییەکانی سەرتر لە ژیان، لە ئەدەبدا ناساندیان، ڕاست ئەو شتەیە کە فەیلسووفەکان پێیدەڵێن جەبر[٣]. هەر کارێکی گەوجانە کە ئیما بۆڤاری ئەنجامیدەدات، بەهۆی ئەو دۆخەوەیە کە بۆڤاری تێیدا گەورە بووەو ئەمە ئەو ڕۆحیەتەیە کە سروشت پێیبەخشیوە. فلۆبێر بەشی ٦ی ڕۆمانی مادام بۆڤاری تەرخانکردووە بە سەردەمی قوتابخانەو باڵقبوونی ئیما بۆڤاری و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە چۆن خوێندنی ڕۆمانە بچووکە ڕۆمانتیکەکان، وێنای ژیانێکی ڕازاوە کونجکۆڵی وەحشیانەو





سەیرەو سەمەرەی بەخشیوە بە ئیماو بەهۆی خوو خدەی خەیاڵپەروەرەوە، ئیما چارەنووسی خۆی بەو شێوەیە دەدی کە لە ڕۆمانەکاندا نووسراوە. ئیما لەگەڵ دکتۆرێکی گوندیی و بێهێزدا زەماوەند دەکات و دکتۆرەکە هەرچەندە هەموو ژیانی دادەنێت لە پێناوی ژنەکەیدا، بەڵام ناتوانێت ورووژانە جنسیی و زریق و بریقە ماددییەکان کە ئیما ئاواتی بوو، دابین بکات. هەر بۆئەوەی ئیما بۆ دامرکاندنی هەستی خۆی ڕوودەکاتە پێوەندیگرتنی جنسیی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرییەوەو شێوەیەك ژیان هەڵدەبژێرێت کە بەردەوام خەریکی ڕابواردن و خۆشگوزەرانییەو ئێمە (وەك خوێنەران) لە پێشدا دەمانزانی سەرجەم ئەم ڕووداوانە چۆن کۆتاییان پێدێت. دەربارەی ئیماو ژیانەکەی دەکرێت هەموو شت بەهۆی هۆکارە پێشترینەکانەوە بسەلێندرێت. وا دیارە سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە پێشدا دیاریکراو، بەو جۆرەی کە هاردی لە لایەن (فەرماندەی لە ناونەچووەکان)ەوە لە دوایین لاپەڕەی ڕۆمانی تێس[٤](١٨٩٢)دا دەیگێڕێتەوە، کە ئەو (کایە)ی خۆی لەگەڵ پاڵەوانە ئازارچێشتووەکانی ڕۆمانەکەدا بەکۆتایی گەیاند. ئەوکاتەی ئیما لەبەر ئێش و ئازار لەناو جێدا دەتلێتەوە، لامان وایە دەبێت ئەم چیرۆکە بەمشێوە کۆتایی پێبێت، لە حاڵێکدا لە چیرۆکی تێس-دا ئەوەندە خاڵی گۆڕان هەیە، کە ئەگەر لە ڕووی شانس و بەختەوە ڕووداوەکان جۆرێکیتر دەبوون، تێس هیچکات بە چەقۆ هێرشی نەدەکردە سەر خۆشەویستەکەی خۆی و بە دڵنیاییەوە ئیعدام نەدەکرا.

زۆربەی ئەو شتانەی باسیکرا، دەکرێت دەربارەی کەسایەتی ژێرۆز لە ڕۆمانی LIassommoirی زۆلادا بوترێت. کەسایەتییەك کە لە ڕاستییدا بە ئیما بۆڤاری چینی کرێکار ناوی دەرکردووە، هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێین ڕووخانی ژێرۆز بەگشتیی ناگەڕێتەوە بۆ شێوەی بارهێنانی بنەماڵەیی و کەمتەرخەمیکردن لە خوێندنیدا، بەڵکو بە زۆری هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانکردن لە گەڕەکێکی هەژارنشین و پۆخڵ و پڕ حەشیمەت کە کەسایەتییە هەمیشە سەرخۆشەکان لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێن. بۆنی برێندی هەرزان، کە کرێکارەکان پێیدەڵێن جەوهەر گۆگردی زەرد، لە هەموو کتێبەکەدا هەستی پێدەکرێت، هەر بۆیە زۆلا ناوی LIassommoir بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە، ئەو سەردەمە ئەم وشەیە چەمکێکی ڕەشۆکیانە بوو بۆ ئەو شتەی لە ئینگلیزیدا پێیدەوترا کۆشکی جین. بەبێ لە بەرچاوگرتنی هۆکارە دیاریکەرەکان، ئەوەی کە ژینگەیی یان بارهێنان یان ئاوێتەیەك لەو دووانە بێت، ئەم تەکنیکە دەربارەی چیرۆکە بیۆگرافییەکان لەو جۆرەی لە بەرهەمەکانی دوو ڕۆماننووسی

ناوبراوی فەرەنسی و ئەو ڕۆماننووسانەی پێشتر باسیان لێوە کراوە، بەتەواوەتی بە قەناعەتمان دەگەیەنن، بەڵام سەرجەم ڕۆمانە ریالیستییەکان بەمشێوەیە نین. ژێرمینال[٥] (١٨٨٥) کە ڕەنگە ئێستاش بە شاکاری زۆلا بزانرێت، تەنها باس لە یەك دوو ساڵ لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کرێکارانی کانە خەڵووزەکان دەکات لە باکووری فەرەنساو دەربارەی ئەو ڕووداوانەیە کە دەبێت بەهۆی مانگرتنیان، ئەو ئازارو دژوارییانەی بەهۆی ئەو مانگرتنەوە دێتە ڕێی کرێکاران و توونددوتیژییەك کە ئەم مانگرتنە بەر لە ڕووخانی کۆتایی دەیوروژێنێت. لێرەدا گوشار دەورێکی جیاواز دەگێڕێت. مەبەستی زۆلا ئەوە بووە نیشانی بدات ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی لەم چەشنە، لە هەلومەرجی پیشەیی (Industrial)و ئابووریی ئەو سەردەمە، ڕاست بەو جۆرە بووە کە زۆلا باسیدەکات. ئەم بەرهەمە دەیتوانی ببێت بە نامیلکەیەکی بێ ڕۆح و وشك، بەڵام زۆلا بە ورووژاندنی هەستی سۆزو هاودڵیی خوێنەر لەگەڵ یەك بەیەکی کرێکاران و خێزان و منداڵەکانیان، بەخستنە ڕووی تێگەیشتنێکی ڕێژەیی لە دۆخی دژواری بەڕێوەبەرێتی کە لە نێوان جەنگی کرێکاران و خاوەنکارەکاندا گیریان کردووە، دەتوانێت تا ڕادەیەك حەزی ئینسانی بخاتە ناو باسکردن لە مانگرتن و سەرئەنجام دەبینین هەردوو چین، قوربانیی سیستمێکن کە ڕووخاوە یان لانیکەم بە شێوەیەکی بنەڕەتیی گۆڕاوە.

ژێرمیناڵ، ڕەنگە نموونەیەکی گەورە بێت لەوەی نووسەرانی ریالیست تا چەند دەتوانن لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بپەرژێنە سەر پرسە گرنگە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان، بەبێئەوەی ڕۆماننووس بوونی خۆیان لەبیر بکەن و ڕواڵەتی ئاشتیخوازێکی کۆمەڵایەتی بگرنەخۆ. بە لەبەرچاوگرتنی ساتە دژوارەکان[٦] (١٨٥٤) یان Bleak House بەرهەمی دیکنز، بەوە دەگەین نووسەرانی سەر بە قوتابخانەی ریالیزم لەسەر ئەو باوەڕە نەبوون بەرامبەر بە پرسە سیاسیی-کۆمەڵایەتییەکان دەبێت بێ هەڵوێست بن، دەبێت دان بەوەدا بنێین سەرئەنجام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٩٠دا، زۆلا بە ئەنقەست ئەم شێوە کارەی گرتە بەر، هەتا بە کەڵکوەرگرتن لە قەڵەمەکەی، نەك تەنها باس لە لایەنە ناشیرینەکانی سەردەمی خۆی بکات، بەڵکو ڕێگاچارەش بخاتە بەردەم و باس لە ڕێگاچارەش بکات. بەمجۆرە کارکردنەوە، زۆلا بە هۆشیارییەوە نەریتی ریالیزمی لە وڵاتەکەی خۆی، کە هەموو دەم دژ بە خستنە ڕووی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بوو لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، پێشێل کرد. لێرەدا لەگەڵ کۆمەڵێك



بنەمای تەواو جیاواز دەربارەی باسکردنی باوەڕەکانی نووسەر لە بەرهەمەکاندا ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە ڕۆماننووسەکانی ئەورووپاو بەریتانیاو ئەمریکا وەك ستایلی کارکردنی خۆیان هەڵیانبژاردبوو.

ستاندال لە ڕۆمانی سوورو ڕەشدا دەیەوێت ئەو شتەی خۆی بە (ڕەشۆکیەکی یاخی) ناوی لێدەبات بە وێنا بکێشێت. ژوولین فەرخوازێکی بێشەرمە کە بۆ نەهێشتنی ئەو لەمپەرانەی ئەو لە (دەوڵەمەندەکان) جیادەکاتەوە، کە لێیان بێزارەو بە هەمان ڕادەش ئیرەییان پێدەبات، ئامادەیە دەست بداتە هەر کارێکی ئەخلاقی و نائەخلاقیی، بەڵام بۆچوونی نووسەری ڕۆمان دەربارەی ژوولین دیار نییە، لە حاڵێکدا لە ڕۆمانی Vanity Fair[٧] بۆچوونی بگێڕەوە دەربارەی بێکی شارپ[٨]- کە کەسایەتییەکە تا ڕادەیەکی زۆر وەك ژوولین دەچێت- بەتەواویی ڕوون و ئاشکرایەو دادوەریکردنی خوێنەر دەربارەی کەسایەتی ژوولین گرێدراوەتەوە بە باوەڕو بەها ئەخلاقییەکانی خوێنەرەوە. لانیکەم دەتوانین بڵێین ئاماژەکانی نووسەر لەم بارەیەوە لێڵ و نارِوونە. تەنانەت ئەو کاتەش ستاندال بە ئاشکرا هەڵسوکەوتی ژوولین مەحکوم دەکات و بە شتێکی خراپی دەزانێت، خوێنەر ناتوانێت دڵنیا بێت ئەمە مەحکومکردنی تەنزئامێز نییە. ئەم بابەتە بە شێوەیەکی وێکچوو لە ڕۆمانەکانی بەلزاکدا دەبینرێت. ژمارەیەکی کەم لە بەرهەمەکانی بەلزاك دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی نامیلکەی ئەخلاقییەوە، بەڵام لە باشترین ڕۆمانەکانیدا، بەلزاك بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە باس لە کامە پرسی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەکات، هیچکات خوێنەر هان نادرێت بەوەی هاوڕابێت لەگەڵ بۆچوونەکانی نووسەر. لە ڕاستییدا بەلزاك بەشێوەیەکی شاراوە، ڕوانگە سیاسییە دواکەوتووەکانی دەخستە ڕوو. سەیر ئەوەیە فریدریك ئەنگلس[٩]و دوای ئەو جۆرج لۆکاچ[١٠]، کە هەردووکیان مارکسیست بوون، لێکدانەوەی بەلزاك لە سەردەمی خۆی زۆر ڕووناکی بەخشتر لە لێکدانەوەی هەر نووسەرێکی سەدەی نۆزدەیەم دەزانی، هەرچەندە ڕوانگەی بەلزاکیان بە ڕوانگەیەکی ناڕووناکبیرانە دەزانی.

ئەو ڕۆماننووسەی بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرخەری بێلایەنیی ئەخلاقی باو لەناو هەموو ریالیستەکانی فەرەنسا بووە، بێگومان کەس نییە جگە لە فلۆبێر. یەکەم ڕۆمانی بڵاوبووەوەی فلۆبێر، واتە مادام بۆڤاری دەکرێت بە ڕەخنە لە دامەزراوەی هاوسەرگیریی، بەو شێوەیەی لە ناو چینە ناسەرکەوتووەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت لە ناوچە شارییەکانی دوورکەوتووی فەرەنسا باو بووە، بە هەڵە وەربگرین. ئێما

زەماوەند دەكات بۆ ئەوەی لەو مەزرا دوورە دەستەی باوكی هەڵبێت، بەڵام كاتێك ئەم كارە دەكات تێدەگات هیچ سەرقاڵییەك نییە بۆ تێپەڕكردنی ژیانی. خزمەتكار كارەكانی ماڵەوە ئەنجامدەدات، منداڵەكەی دەبێت، بەهۆی نیگەرانیی ئێما، هەربۆیە دەسپێردرێت بە دایەن هەتا چاودێریی بكات، مێردەكەی بە درێژایی ڕۆژ لە دەرەوەیەو ئەو كاتەشی كە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لەسەر سفرەی نانی شەو خەو دەیباتەوە. سەرقاڵیی لە چەشنی میوانی سەماو شانۆ ئەوەندە دەگمەن و كەمە، كە لە ڕاستییدا زۆر كەم ڕوو دەدات و ناكرێت بە سەرقاڵیی ڕۆژانە ناوی لێبنرێت. ئێمە بەتەواوەتی تاقەتی تاقیەوەو ژیانی داهاتووی بە دالاَنێكی باریك و بەرز دەبینێ، كە لەودا هیچ ڕێگایەك نەبوو بەرەو باخێكی سیحریی كە ئەو وێنای دەكرد. ڕۆدۆلف[١١] مالكی زەویوزاری ئەو ناوچەیە، ڕاست كاتێك لەگەڵ ئێما یەك دەناسن، كە حەزو خولیای ئێما بۆ گەڕان و كونجكۆڵی بەسەر ئێمادا زاڵبووە، كە وایە بێ هیچ دوودڵیی و گومانێك تەسلیمی ڕۆدۆڵف دەبێت، بەڵام لە زاتی خۆیدا كەسێكی خراپكار نییەو دیارە هەلومەرجی نالەباری ژیانی هاوسەرێتی كە بەسەریدا داسەپاوە، ئێمای كردووە بە وەها كەسێك.

بەمەشەوە ناكرێت ڕۆمانی مادام بۆڤاری، بە بەراورد لەگەڵ ئاناكارنینا، بە ڕۆمانێك بزانین كە ڕەخنە دەگرێت لە دۆخی ژیانی هاوسەرێتی، لە حاڵێكدا لە ڕۆمانی ئاناكارنینادا، دامەزراوەی هاوسەرێتی لە چوارچێوەی لێكدانەوەی بەسەرهاتی ژیانی هاوسەرێتی سێ كەسایەتی جیاوازدا لێكدراوەتەوە. یەكەم ئۆبلۆنسكای[١٢]، كە بەردەوام خیانەت دەكات، هاوسەرەكەی بۆ پاراستنی ڕواڵەت، چاو لە پەیوەندییە ناشەرعییەكانی دەپۆشێت: دووەم ئانا، كە ئەویش پەیوەندی ناشەرعیی هەیەو جیاوازی ئانا لەگەڵ ئێما لەوەدایە مێردەكەی ئانا زیاتر گرنگی بە كارو پیشەكەی دەدات لە بری ئەوەی گرنگی بە ئانا بدات و ئانا منداڵێكی هەیە دەیپەرستێت (سێریوژا[١٣] كوڕە بچووكەكەی ئانا، زرینگ و وریایە، بەڵام بێرت[١٤] كچی ئێما، منداڵێكی بێ ئەدەبە) سێیەم: دەربارەی كۆنستانتین لێڤین[١٥] كە سەرەڕای ئەوەی كیتی[١٦] خۆی لەو دوور دەگرێت، سوورە لەسەر ئەوەی عەشقی خۆی بەرامبەر بە كیتی دەربڕێت و سەرئەنجام كیتی وەڵامی عەشقی كۆنستانتین لێڤین دەداتەوەو سەركەوتنی ئەم هاوسەرگیرییە بە هەمان ڕادەیە، كە ژن و پیاوێكی عاقڵ دەتوانن چاوەڕوانی بكەن. دەكرێت بەپێی ئەم سێ نموونەیە ڕوانگەی ڕوون و ئاشكرای تۆلستۆی دەربارەی دامەزراوەی هاوسەرگیریی هەڵسەنگێنین. ئەمە لە حاڵێكدایە لە ڕووی ڕۆمانی مادام بۆڤارییەوە ناكرێت



دەربارەی ڕوانگەو بۆچوونی فلۆبێر قەزاوەت و دادوەریی بكەین. فلۆبێر لە ڕستەیەكی ناوداردا دەربارەی ئێما دوای دووەمین پێوەندیی ناشەرعیی دەڵێت: (ئێما لە پێوەندی ناشەرعیدا سەر لەنوێ بەهەموو بێمانایيەكانی هاوسەرگیریی گەیشت (بەشی سێیەم، دەروازەی شەشەم). لە لایەكی ترەوە، فلۆبێر دوای یەكەم ئەزموونی فریوكارانەی ئێما، دوای گەڕانەوەی لە ئەسپسواریی (سواركاری) لەگەڵ ڕۆدوێلف و ئەو ئەنجامە خراپەی كە لێی دەكەوێتەوە، گۆڕانی ڕووخسارو دەروونی ئێما بە وێنا دەكێشێت. ئێمە ئێما لە حاڵێكدا دەبینین لە ئاوێنەوە چاو لە خۆی دەكات و سەری سووڕدەمێنێت لە گۆڕانی ڕووخساری و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: (من عاشقێكم هەیە، عاشقێك!) (بەشی دووەم، دەروازەی نۆیەم)و وەها ئەم شتە خۆشحاڵی كردووە وەك ئەوەی جارێكتر باڵق بووبێت. لەحاڵێكدا تۆلستۆی ئانا دوای یەكەم ئەزموون بەجۆرێك وەسفدەكات كە لە شەرمدا سەری خستووەتە سەر ئەژنۆكانی و تەنها شتێك كە دەیزانێت ئەوەیە كە ئەو ئێستا (ژنێكی خراپكارە). كام یەك لەم دوو دیمەنە دەكرێت بەشتێكی ڕیال و واقیع بزانین؟ هەڵبەت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دژوارە، چونكە ئانا ژنێكی جیاوازە لە ئێماو ڕۆمانێك ناتوانێت بنەمایەكی پتەو بێت بۆ دادوەرییە ئەخلاقییە گشتییەكان.

بەڵام هیچ شتێك ناتوانێت بەر بە ڕۆماننووس بگرێت لە خستنە ڕووی دادوەرییە تایبەتییەكانی بەشێوەیەكی شاراوە (جا ئەم دادوەرییە ماهیەتێكی ئەخلاقی هەبێت یان كۆمەڵایەتی)، ڕۆماننووسانی سەردەمی ڤیكتۆریا بەشێوەیەكی ئاشكراو كەسانێكی تری وەك جین ئاستین[١٧] لە ڕستەی دەستپێكی ڕۆمانی غرورو دەمارگرژیی[١٨](١٨١٣)، بەشێوەیەكی شاراوەو لە ڕێگای تەنزەوەو زۆر زرنگانە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت. لە زۆربەی ساڵانی سەدەی نۆزدەیەم و دواتر، ئەو ڕۆماننووسانەی بەپێی نەریتی بەریتانیایی چیرۆكیان دەنووسی، هیچكات دوودڵ نەبوو بەوەی بەشێوەیەكی گشتیی یان تایبەت ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربڕن دەربارەی دیمەنە جیاوازەكان، ئەو كەسایەتی یان ڕووداوانەی لە چیرۆكەكانیاندا وەسفیان دەكرد. وەك چۆن ئاندرە ژید[١٩] وتوویەتی ڕۆمان (بێ یاساییترین) شێوەی گلەییكردنە، تەنها دەكرێت ئەو كاتە گلەیی بكرێت كە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەكانی ڕۆماننووس لە ڕۆمانەكەدا دیار بێت، ئەگەر خوێنەر ڕوانگەكانی نووسەر بە هەڵە یان دەمارگرژانە بزانێت، ڕەنگە نەتوانێت بە شوێن ڕەوتی ڕووداو بكەوی و (لەم ڕووەوە) ڕەنگە خوێنەر توورە بێت. ڕەنگە لەبەر ئەمەش بێت نەریتی ڕیالیزم لە ئەوروپاو بە تایبەت لە وڵاتانی

لاتین زمان، بەگشتیی ناكۆكە لەگەڵ نەریتی ریالیزم لە بەریتانیا. رەنگە ئەو ویستەی دەیەوێت نووسەر ئامادەبێت لەناو چیرۆكدا خوویەكی پرۆتستانی بێت، ئەگەر دەنگی ئامۆژەكەرێك لە چیرۆكدا نەبیسترێت، رۆمان بە سەرقاڵییەكی بێهوودە دەزانرێت[٢٠].

لە بەرهەمی ریالیستەكانی ئەوروپا، بە تایبەت دوای نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەیەم، تەنها رێگایەك كە دەتوانین بزانین بگێڕەوە لە رەوتی چیرۆكدا ئامادەیە، شێوەی نووسینی رۆماننووسەكانە. فلۆبێریش ماوەیەك دوای بڵاوبوونەوەی رۆمانی مادام بۆڤاری، لە نامەیەكدا بۆ یەكێك لە هاورێكانی نووسی: (یەكێك لەو بنەمایانەی باوەڕم پێی هەیە، ئەوەیە نووسەر نابێت خۆی بڕواتە ناو بەرهەمەكەی (لە بەرهەمەكەیدا ئامادە بێت). هونەرمەند دەبێت وەك چۆن خودا بەشێوەیەكی نەبینراو و لە هەمانكاتدا بەتواناییەكی رەهاوە جیهانی خولقاند لە بەرهەمەكەی خۆیدا ئامادە بێت. دەبێت لە هەموو شوێنی بەرهەمەكە هەست بە نووسەر بكەین، بەڵام هیچكات نەیبینین (وەرگیراو لە كتێبی ١٩٥٩) Allot ل٢٧١). فلۆبێر وۆر دەگمەن بەشێوەی راستەوخۆ بۆچوونی خۆی دەربارەی كەسایەتی چیرۆكەكانی دەدەبڕێت، بەمەشەوە، ئەگەر بەرهەمەكەی بە وردیی بخوێنینەوە دەتوانین هەست بە دادوەرییەكانی بكەین لە شێوەی دەربڕینی تەنزئامێزدا كە هەڵگری بیروڕاو هەستی كەسایەتییەكانیەتی. بۆ وێنە، لە كۆتایی بەشێكی تا رادەیەك شاعیرانە وەسفی شادییەكانی شارل بۆڤاری دەكات، لە رۆژەكانی یەكەمی ژیانی هاوسەرێتییدا ئەو كاتەی بە سواری ئەسپ لە ژێر تیشكی خۆری بەیانییدا بەرەو شوێنی كارەكەی دەڕوات، بگێڕەوە دەڵێت: (وەك ئەوانەی دوای خواردنی نانی شەو، هێشتا تامی ئەو كارگانەیان لە زارایە كە لە گەدەیاندا خەریكە هەرس دەبێت، تەماكۆی بەختەوەری دەجاوێت). خۆ بە زلزانین و خۆپەرەستی ئەم پیاوە هەرزەو بێ عەقڵە، لە وەها شوبهاندنێكی بێ وێنەدا نیشاندراوە كە لەودا حەزی سێكسیی لەگەڵ سكەرۆیی بە یەكسان و وەك یەك زانراوە، بەمەشەوە زۆر ئاشكرا دەرناكەوێت فلۆبێر شارل بۆڤاری سەركۆنەو مەحكوم بكات و هەڵسوكەوتی بۆڤاری بە شتێكی نائەخلاقیی بزانێت. تەنانەت هەندێجار بەشێوەی راستەوخۆ توانج لە زمانی نووسراوەیی بەرهەمەكەدا بەكارناهێنێت. بۆ وێنە لە بەشەكانی تری رۆمانەكەدا، ئەو جێگەیەی فلۆبێر باس لە پێكەوە بوونی شەوانەی ئەو ژن و مێردە دەكات، ئێمە نزیكبوونی هەڵاتنی خۆی لەگەڵ رۆدێڵف وێنا دەكات و شارل بیر لە چەن ساڵ دواترو كچەكەی دەكاتەوە كە گەورە دەبێت و لەكاتی خۆیدا زەماوەند دەكات و گەلاڵەی





داهاتووی پڕ لە بەختەوەریی و ژیانێكی ئارام بۆ بنەماڵەكەی دادەڕێژێت.

هیچكام لەم دووكەسە (ئەم ژن و مێردە) خەونی خۆیان بۆ ئەویتر باس ناكەن، بگێڕەوە كە لەم رۆمانەدا (زانای گشتزان)ە، دەزانێت هەركام لەم دووكەسە بیر لە چی دەكەنەوەو بە لەگەڵ یەكدانانی دوو زەینی وەها روون و جیاواز، دەتوانێت پێكەوە نەسازانی دوومرۆڤ كە بەشێوەیەكی جیانەكراوە پێكەوە گرێدراون و هەروەها قەزاوەتی ئەخلاقی دەربارەی هەركام لەو دووكەسە، بگوێزێتەوە بۆ خوێنەری وریای رۆمان. شارل بۆڤاری كەسێكی دڵسافە، بەڵام تەنانەت ناتوانێت هەست بە نیگەرانییەكانی ژنەكەی بكات، ئێمە كە بیر لە خەونی بێ ئەگەری چێژە سێكسییەكان لە شوێنە جیاوازەكان دەكاتەوە خۆ بە زلزانێكە كە بیر لە مێردو منداڵەكەی ناكاتەوەو شێوەی هەڵسوكەوتی بۆ ئەوە نابێت بەرگریی لێ بكرێت. كە وایە دەبینین ئامادە نەبوونی فلۆبێر لە رۆمانەكەیدا هیچكات رەها نییەو ئەوە نییە بەهیچ جۆرێك فلۆبێر هیچكات لە رۆمانەكەیدا ئامادە نەبێت. لانیكەم لە مادام بۆڤاریدا، فلۆبێر بە هیچ شێوەیەك (توانایەكی رەها)[٢١] و بێ هەست نییە، هەر چەن وادیارە فلۆبێر خۆی زۆری هەوڵداوە وەها بێت، ئەمە سەركەوتنێكە كە ئیمێل زۆلا قوتابی فلۆبێر لە رۆمانی Liassommiorدا پێیدەگات. ئەم رۆمانە، وەك چۆن پێشتر باسیكرا دەربارەی ناوچەی كرێكارنشینی پاریسەو لە راستیدا یەكەم رۆمانە لە هەموو زمانەكاندا بە تەواوەتی باس لە چینی پیشەگەرەكان دەكات. زۆلا لە بەشە سەرەتاییەكانی رۆمانەكەدا، باس لە دۆخی نالەبارو ژیانی تاڵی ژێرۆزۆ دەكات. دواتر كۆپۆ، كە پاریسییەكی تەواو بێ شەرم و چاوكراوەیە، دەناسێنرێت. قسە عاشقانەكانی كۆپۆ لەگەڵ ژێرۆزۆ، ئاوێتەیەكە لە هەموو جۆرە رستەیەكی رەشۆكیانەو رۆژانەو زۆلا وەك ریالیستێكی راستگۆ، ئەو رستانەی كوت و مت وەك خۆیان و بێ هیچ دەستتێوەردانێك گواستووەتەوەو ئەو كاتانەی باس لە بیركردنەوە تایبەتەكانی كۆپۆ دەكات، زمانی لۆكاڵیی تایبەت بە كرێكارێكی پاریسی وەك پردێكی پەیوەندی كە بەشێوەیەكی سروشتی لە نێوان قسەكردنی ئەوان و خوێنەردا بوونی هەیە بەكاریدەهێنێت، لە كۆتاییدا لە گۆڕانێكی سەیرو لەسەرخۆدا، زمانی ئەم فەرەنسییە هیچ و پووچە دەبێت بە زمانی خودی بگێڕەوە، دەتوانین بڵێین زۆلا وەك رۆماننووس، ئەم شێوە قسەكردنە هەڵدەبژێرێت، بەڵام زۆر لە راستی نزیكترە ئەگەر بڵێن زۆلا زۆر بێ فیزانە قەڵەمەكەی دەسپێرێت بە دەست بینەرێكی نەناسراو لەناو ئەو حەشیمەتەدا كە دەوری ژێرۆزۆیانداوەو ئەو كەسە تەفسیركەرێكە لە چینی كرێكار، كە بەهۆی بوێریی و

ئازایەتییەوە ستایشی ژێرۆزۆ دەکات و خاڵە لاوازەکانی بە خراپ دەزانێت و رەوتی رووخانی ژێرۆزۆ بەرەو ئابڕوو چوون و چارەڕەشی و سەرئەنجام مەرگ بەشێوەیەکی بێ رەحمانە دەخاتە روو و شیدەکاتەوە. هەلوومەرجی سەردەم، هیچکات ئیزنی بە زۆلا نەدا ئەم جۆرە رۆماننووسینە دووپات بکاتەوە، چونکە رۆمانەکانی دواتری هەرچەند هەندێجار کەسایەتییان تێدایە کە سەر بەچینی کرێکارە (وەك ژێرمینال)، بەلاّم تێیاندا کۆمەڵێك کەسایەتی لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگاو خەڵکانی (رێزدار)[٢٢] یشی تێدایە، کە دەوری سەرەکی لە چیرۆکەکەدا دەگێڕن، کە وایە ئیتر ستایلێکی یەکدەستەی کە لە رۆمانی Liassommiorدا هەڵیبژاردبوو، بۆ نووسینی رۆمانەکانی تری گونجاو نەبوو، بەمەشەوە وەها کتێبێك ئێستاکەش بە نموونەی بەرزی هونەری ریالیزم دەزانرێت، واتە رۆمانی بێ بگێڕەوە، رۆمانێك کە کەسێکی تێدا نییە لە گێڕانەوەدا وەك پردی پەیوەندیی وابێت، کە لە یەکساتدا هەموو شوێنێکی سەرنجراکێشەو لە هەمانکاتیشدا وەك بتێکی بەردیی لایەنێکی ناتاکەکەسی هەیە.

ئەم وتارە وەرگێڕانێکە لە وتارێك لە:

Encyclopedia of Literature and Criticism, edited by Martin Coyle, et.al, (London Routledge ,١٩٩٠):

**سەرچاوە: ارغنون ژمارە ٩-١٠**

**وەرگێڕان بۆ فارسی: سووسەن سەلیم زادە**

پەراوێز

[١] The realist novel

[٢] F.W.Hemmings



(romanticism) بزووتنەوەیەکی ئەدەبییە کە ساڵەکانی ١٧٧٠ - ١٨٤٨ لە بەریتانیاو سەرجەم ئەوروپا سەریهەڵداو لەوێدا سەرنجێکی زۆر دەدرا بە هەستەکانی تاکە کەس (و.ف).

[٣] Determinism

[٤] Tess of dIubervilles

[٥] Germinal

[٦] Hard Times

[٧] رۆمانێك لە نووسینی ١٨١١-١٨٦٣(William Makepeace Thackeray)رۆماننووسی بەریتانیایی

[٨] Becky Sharp

[٩] ١٨٢٠-١٨٩٥( Friedrich Engels)

[١٠] ١٨٨٥-١٩٧١( Georg lukacs) فەیلەسوف و رەخنەگری ئەدەبی مەجەرستانی

[١١] Rodolphe

[١٢] Oblonsky

[١٣] Seryozha

[١٤] Berthe

[١٥] Konstantin levin

[١٦] Kitty

[١٧] ١٧٧٥-١٨١٧(Jane Austen) رۆماننووسی بەریتانی

[١٨] Pride and Prejudice

[١٩] ١٨٦٩-١٩٥١( Andre Gide) رۆماننووس ، وتارنووس و رەخنەگرو شانۆنامە نووسی فەرەنسی

[٢٠] ئەمە روانگەیەکە کە وەك ئامرازێك بۆ پەرەپێدان بە بیرکردنەو ئایدۆلۆژیاو ئایین چاو لە ئەدەب دەکات. بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین ئەم روانگە پرۆتستانییە دواترو پاش شۆڕشی ١٩١٧و بە دەسەلاّت گەیشتنی بەلشەڤیکەکان لە روسیا بە شێوەیەکی تر دەرکەوتەوە. ئەگەر لە دیدی پرۆتستانییەوە،

دەبێت دەنگی ئامۆژەکەرو مۆسیقای کەنیسە ببیسترێت، لە روانگەی ئەو ئەدەبەوە کە پێیدەوترا ئەدەبی دەربەست، دەبا کرێکارێك شۆڕشی کردباو بە سەر خاوەنکارەکەیدا سەرکەوتبا. (و.ك)

(٢١) بەهەمانشێوە کە خودا لە دیدی ئایدیالیستەکانەوە توانایەکی رەهایە کە لە هەموو شوێن هەیەو نابینرێت، بەڵام فلۆبێر بەپێچەوانەوە لە هەندێك شوێن دەبینرێت و ئامادەیی هەیە. کە ئەمە ئەو جیا دەکاتەوە لەو خەسڵەتە خوداییە ئەگەر لانیکەم کەمیش بێت (و.ك).

(٢٢) لە دەقە فارسییەکەدا نووسراوە "محترم" بۆیە من رێزدارم بە کارهێناوە، بەڵام بەمەشەوە لاموایە ئەرستۆکرات رەنگە گونجاوتر بێت و نزیکتر بێت بەماناکەی (و.ك).





# جان دەمۆ شاعیری بێ قەسیدە...!



و: غەفور ساڵح عەبدوڵلا

لە رۆژی ٨/٥/٢٠٠٣ جان دەمۆ داستانی نەوەی شەستەکان لە وڵاتی ئوستralia کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی دیوانە شیعرێکی هەتیووی بە جێهێشت، بەناوی (اسمال) واتە شرەوپرە، کە بیستوحەوت شیعری لەخۆگرتووە. جان دەمۆ ساڵی ١٩٤٢ لەشاری کەرکوك لە خێزانێکی ئاشووری لە دایکبووە. دەڵێن جان دەمۆ (مەوقیع)ی نییە لە قەسیدەی نوێی عێراقیدا، بەڵام بە مەسلەکی شیعری خۆی بوونی هەیە لە شیعرییەتی نوێی عێراقدا. وەکو ئەو دوو نووسەرەی کە لە عەممان چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ کردووە، نووسیویانە، چاوپێکەوتن لەگەڵ جان دەمۆ لەزەتێکی تایبەتی هەیە، بەڵام دەمەتەقێ لەگەڵیدا زۆر زەحمەتە، ئەو قسە ناکات تا تەعویزەکانی مەی نەگەنە سەری، قسەکانی وەکو شیعرەکانی پارچە پارچە دەبێت لە دووتۆی هەوادا کۆیانبکەیتەوە، لە قاوەخانەی (سەنتراڵ) دۆزییانەوە، لاوازو ماندوو، بردنی بۆ ژوورەکەی خۆی کە دەکەوتە لوتکەی چیاکانی دەوروبەری عەممان، دەبووایە بەهەزار لۆغانەی قاڵدرمە بەردینەکانەوە سەرکەوتینایە بۆ ئەوەی بگەینە ژوورەکەی. هاوین

بەلای جان دەمۆوە گرفت نەبوو، چونکە لەهەموو شوێنێك بخەوێت، بەڵام زستان دەبوو داڵدەیەك بدۆزێتەوە، لەلای برادەرەکانی، چونکە ئەو پێویستی تەنها بە قوژبنێکی بچووکە تا خۆی لێ گرمۆڵە بکات، خەوتنێکی منداڵانە بخەوێت، کە بێ مۆتەکەی رەش نییە. یەکێك لە هونەرمەندە عێراقیەکان پێیوتم لەبەر جان دەمۆ لە حەوت خانوو دەرکراوە، چونکە شەوێکی درەنگ دەهاتەوە، جان دەمۆ ئیش ناکات و چۆن دەژی و بەچی کرێی ژوورەکەی دەدات، ئەدیبەکان پیتاکیان بۆی دەکرد، هەندێکجاریش براکەی لە ئوسترالیا هەندێك حەواڵەی پارەی بۆ دەنارد. جان دەمۆ دیاردە بوو لەشیعر نوێ، پتر لەوەی کاریتێکردبێت، بەڵام پەیوەندی بە جەماعەتی کەرکوکەوە نرخێکی زیاتری پێبەخشی، جان نە بایەخ بەشیعرەکانی دەدات و نەگوێش بەوەدەدات کە لەبارەیەوە دەنووسرێن و بایەخیشی پێنادات. جان شیعرێکی زۆری نووسی و ونیکرد کاتێك لە ماڵی برادەرێکی بوو لە بەیرووت، بەڵام برادەرەکەی کە ساڵی ١٩٩٦ هات بۆ عەممان ئەو شیعرانەی بۆ هێنایەوەو لەسەر ئامێری تایپ چاپی کردبوون، دیارە جان دەمۆ خۆیشی ونکردبوو. ئەو چیرۆك و شتە سەیرانەی لەبارەی جان دەمۆ دەیگێڕنەوە بەشی کتێبێك دەکات. ئەم شاعیرە گوێی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و پرەنسیپەکانی نادات، دەڵێن چووە ریزی رێکخراوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستینەوە ئەو سەردەمە، لەبەر هیچ نا بگرە بۆ ئەوەی لە سەربانی رێکخراوەکە لە بەیرووت بخەوێت وەکو داڵدەو پەنایەکیش وابوو. لەکاتی جەنگی عێراق-ئێراندا ساڵی ١٩٨٧ داواکرا بۆ خزمەتی سەربازیی. بەرپرسێکی حیزبی مەفرەزەی ئینزیباتی برد بۆ ئەوەی بدەن بەسەر ئەو ماڵەی لەناوچەی کەرەنتینە لە بەغداد، کە لەگەڵ ئەدیب و وەرگێڕ غانم مەحموود پێکەوە نشتەجێ بوو، ئەویش لە سەعلووکێتی وەکو ئەو وابوو. دوای ئەوەی مەفرەزەکە دەستگیری دەکەن، دەیبەن بۆ سەربازگەی نەهرەوان نزیکی سوێرە. حەوت مانگی لەوێ بەسەر برد، دوایی گوێزرایەوە بۆ کەرتی خورماتوو، کە سەر بە کەرکوکە، دوای ماوەیەك ئەفسەرەکە تێگەیشت کە جان دەمۆ هیچ کەڵکێکی بۆ جەنگی عێراق-ئێران نییە. جارێکیان یەکێتی ئەدیبانی عێراق راگەیاندنێکی بڵاوکردەوە، کە جان دەمۆ سیمینارێك دەکات لە بارەگای یەکێتیەکە، گەرچی قەدەغە بوو ئەو بچێتە ئەو بارەگایەوە، ئەوەبوو جمهوورێکی زۆر چاوەڕێی شاعیر بوون، کەچی ئەو لە بارێکی نزیکی بارەگاکە مەی دەخواردەوە، کاتی سیمینارەکەی لەبیرچوو بوو، ئەوەبوو شاعیر عریان سەید خەڵەف زانی لە کوێیەو چوو بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بە زۆر هێنایان، زۆر سەرخۆش بوو، ئەوە بوو کەوتە قسە پێووتن بە جمهوورەکە، دواجار ئێوارە خوانێکیان بۆ سازکرد. جان دەمۆ تاقە شاعیر بوو کە بەیرووت بە بریاری فەرمی لە ساڵی١٩٧٥دا، لەبەر شەرەنگێزی و رەوشتی عەبەسیانەی دەریکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جان دەمۆ بەرەوشت و خۆشمەشرەب بوو، ئەو و حسێن مەردان و عەبدلئەمیر حوسێری دیاردەیەکی دەگمەن بوون لە بزووتنەوەی شیعری عێراقیدا... لەبەیرووت چاومان پێکەوت وەکو



برادەرێك و شاعیرێك و دیاردەیەك، ئەم دەمەتەقێیەمان لەگەڵ کرد:

**-تۆ ئێستا لە عەممانی و پێشتریش ساڵانێکی دوورودرێژ لە بەیرووت بوویت، ئایا هەست بە جێگیربوون دەکەیت؟**

بەیرووت پێیبەخشیم، بەڵام خۆمی پێنەبەخشیم، بەڵکو هەلی کارکردن و بزووتنەوەو سەرقاڵکردنی بیرو هەڵی ژیانی بەخشیە هەمووان. جگە لەوەش بەیرووت ئۆردوگایەکە، زۆر جیاوازە لە عەممانی هێمن، وەکو دیارە جیهانی عەرەبی جێی ئەوەی تیا نابێتەوە کە خەونی پێوەدەبینم.

**_ تۆ پیاوی رووبەرووبوونەوە نیت وەکو شیعرەکانت بەرەو گەردوونییەکی تایبەت دەرۆن، چۆن دەتوانی ژیانی سەعلووکی بژیێت لە عێراقێکی ناجێگیردا؟**

من رێز لە هەموو شاعیرەکانی عێراق دەگرم بە جیاوازی تەمەنەکانیشیانەوە، زۆریان بەندیخانەکانیان هەڵبژارد، یان بەواتایەکی دیکە هەڵیاننەبژارد بگرە رووبەرووی بەندیخانەو مەنفاکان بوونەوە. بەوجۆرە ئاوارە بوون وەکو بڵێی بۆ هەتاهەتایە، دەپرسم بۆ؟ ئایا کەسێك ئەم پرسیارەی کردووە؟ بەڵام وەڵامت دەدەمەوە، بنەمای عێراق رەقە، بۆیە دەبینیت ئێمە چەند هیچ و پووچین، من بەشبەحاڵی خۆم یەکێکم لەوانە. تا ئەم ساتە جیاوازی ناکەم لە نێوان سیاسییەکی عێراق و رۆشنبیرێکی عیراقیدا. بە پێی پەتی لەدایکبووم و چارەنووسی عێراقیش پەیوەستە بەژانێکی سیاسییەوە، چەندین وەرزی مەرگەسات روویدا و ئەم پچرپچربوونەش تەشەنەی کردو بەو جۆرەی کە دەمانبینی. عێراق جەنازەی دەوێت ئێمەش لە لەدایکبوونمانەوە جەنازەین.

**-بەڵام ناکرێت عێراق بمرێت، بەڵام رژێمەکان دەمرن؟**

تەماشای من بکە نامەوێت درۆزن بم، راستە جەنازەکان جیاوازن هەروەها قۆناغەکەش، دۆخی هەریەکێك لە ئێمە جیاوازە، من پەنجەمۆر نادەمە کەسێکی دیکە، پێویستم بە پەنجەمۆری هیچ زیندەوەرێکیش نییە، پرسیارێك هەیە زاڵە بەسەر بیرکردنەوەماندا: چارەنووسی عێراق چییە؟ ئایا ئێمە بەرپرسیاری ئەمەین کە عێراقی تێدایە، ئایا دەتوانین تەدەخول بکەین؟ ئایا تواناو جووڵانەوەو بیرمان هەیە؟ ئەمەیە دۆخی رۆشنبیران هەر لە ئەزەلەوە. ئەوان ئاوهان، لەوە زیاتر هەیە؟

**-پێتوانییە کە ئەم واقیعە دەکەوێتە سەرشانی سیاسییە باوەڕپێکراوەکان بە پلەی یەکەم؟**

من بڕوام بەسیاسییەکان نییە خودی خۆم بڕوام بە سیاسی نییە، بگرە بڕوام بە رۆشنبیر هەیە.

**-ئایا لەبەرئەوەی سیاسیی کەسێکی بە پێچ و پەنایە؟**

**خۆزگە، خوێنرێژە، خوێنرێژە ( هاوار دەکات ) بەعەرەبییەکەی خوێنرێژە. چیمان ماوە؟**

ئەم تەمەنە دوای دەقیقەیە یان دوو دەقیقە تەواو دەبێت.

**-بەڵام شاعیر هەن بە سیاسییەکاندا هەڵدەدەن، گوایە ئەوان بلیمەتن؟**

نەخێر... نەخێر (دووبارە هاوار دەکات) هەشە ڕەتیدەکەنەوە. هەتا هەتایە ڕەتیدەکەنەوە. ئەم بنەمایە نەگۆڕراوە ئەگەریش شێوەکانی ڕەتکردنەوە جیاواز بن. دەوڵەت نیشتیمان نییە وەکو هەندێك پێیانووایە، دەوڵەت دەواری هەڵداوە بە شێوەیەکی موتڵەق بەسەر چارەنووسسازەکانی ئەوەی پێیدەڵێن نیشتیمان. وڵات کە پێی وترا نیشتیمان ئەوساتەی هاووڵاتی توومەتێکی ئامادەکراو لەبەر دەکات. تاوانەکەیش ئەوەیە کە ئێمە ئەوەمان قبووڵکرد، ئەم تاوانەمان کرد دەرهەق بەخۆمان، دەرهەق بە نەوەکان. تاوانێکی ڕاستەقینەمان کردو شەرمی لێناکەین. تاوانەکەمان کردو تەواو خۆمانی لێ نادزینەوە. من خۆم وەکو ڕۆشنبیرێك بەرامبەر بە دۆخی عێراق تەخسیرم کردووە، دەبووایە هەڵوێستێکی دیکەم هەبووایە، پێم مەڵێ کە نەخانووم هەبوو نەشوێنێکی نیشتەجێبوونم هەبوو، بارودۆخی تایبەتیم وای سەپاند کە وابکەم و وابکەم. تا ئەم ساتە هەستدەکەم بەرامبەر عێراق و هەتا هەتایە تەخسیرم کردووە. دەبوو لە سەرم... بەڵام بارودۆخم شەرمەزاریکردم، باشە لە من گەڕێ سیاسیەکان بگرە، من شاعیرم... من سەربەستم... مێژووی عێراق دیارە، لەوانەیە هەڵە بم... خەلەلێکی سیاسی بە عێراقدا ڕەتبووە کێشەی کوردەکان... ڕێز لە نەتەوەکان دەگرم. تائێستایش باسك لاوازیی ئیسپانیایە، بۆسنی... ئەمانە خورافەن. بەڵام وەکو عێراق ئەوان بەشداربوون لەوەی کە دووچاری هات، بیزانن یان نەیزانن بە شێوەیەك لەشێوەکان ئەوان بەشداربوون لە ئێشو ئازارەکانی گەلەکەم، هێشتا بەدەستیەوە دەناڵێنێت. چۆن و بۆ؟ نامەوێت بچمە ناو ئەم باسەوە چونکە ماندووم...

**-کەواتە گوناهەکە تەنها لە ئەستۆی سیاسییەکاندا نییە؟**

بە تەئکید... ڕۆشنبیرەکان بەرپرسیارن خۆم یەکێکم لەوانە، من بەرپرسیارم، تەخسیرم کردووە، خۆت دەزانیت دۆخی ڕۆشنبیرە عێراقییەکان زۆر سەختە، بێگومان ڕۆشنبیر پرسیار ناکات، بگرە لە سەریەتی چارەسەر پێشکەش بکات، عێراق پێگەشتووترین سیاسیی لە وڵاتی عەرەبدا هێنایەکایەوە، وەکو پێویست دەسەڵاتیان نەویست، هەبوو چوونە بەر پەتی سێدارە...

**-بەو پێیەی ڕۆشنبیری کاری چییە؟**

ئەم مەسەلەیە دەخرێتە بەردەم هەمووان، ئەویش چۆنییەتی دەرچوونە لە ملی شووشەکە، ئێمە بەرپرسیارین لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، چۆن؟ وادیارە ئێمە لەسەر ئەم ملی شووشەیە ڕاهاتووین، ئەمەش بەلای ئێمەوە تازە نییە...

**-جان، ئەی شیعری عێراقی لە کوێیە لەم ژانە؟**

عێراق بەدرێژایی تەمەنی هەنگاوێك بۆ بیانیی سەری شۆڕ نەکردوە، تا ئێستا شاعیرانمان هەیە شاعیران و شاعیرانی جیهانی عەرەب لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بەشێکی بچووکین، لە پەرتەوازەکانی عێراق لێگەڕێ لەدەرەوە، من بێگومانم کە عێراق بەقەدەر ناوچەی عەرەب و ئەفریقا قورسایی هەیە لەشیعردا، تۆ سەیری عێراقییەکان بکە لەم





شارە بچووکە عەممان، شانۆکار، شێوەکار دەبینیت شیعر دەنووسێت.
ئەی جەماعەتی کەرکوك، ئایا بیری برادەرە شاعیرەکانت ناکەیت؟
پێت دەڵێم من هەڵە بووم سەبارەت بە سەرگۆن پۆڵس، پێموابوو کە شاعیر نییە، بەڵام بۆم دەرکەوت کە شاعیرێکی سەرسوورهێنەرە...

**-لە شاعیرانی عەرەب کێت لە بیرە؟**

* ئونسی ئەلحاج، بەبێ بەرامبەر بلیمەتی عەرەبە، ئەگەر ئونسی ئەلحاج نەبووایە مۆدێرنێتەی عەرەبی نەدەبوو. هەنگاو بە هەنگاو دروستیکرد، هەموو لەبەردەم ئونسی ئەلحاجدا هاتنە لەرزین. هەموو گیانلەبەران لەبەردەم دیوانەکەی (لن) هاتنە لەرزین، لە پەنجاکان کاتێك ئونسی ئەلحاج پەیدابوو، منداڵ بوو، وتی (لن)و مەسەلەکە تەواوبوو. تائێستا نازانرێت ئەم (لن)ە چی بوو؟ کەسایەتییەکی دیکەی ترسناك هەیە (شەوقی ئەبو شەقرە) مامۆستای هەموانە، ئێستا شەوقی ئەبە شەقرە شای لوبنانە، ئونسی ئەلحاج بە ڕاماڵین هەموومان ڕادەماڵێت.

- کێشەکانی قەسیدەی پەخشان چییە؟

* کێشەیەکی دیاریکراو نییە بۆ ئەوانەی خوڵقاندوویانە، کێشەی پەخشان نییە بەقەدەر ئەوەی کێشەی ڕۆشنبیرییە.

**- کێ جێگای سەرنجی تۆیە لە شاعیرانی جیهان؟**

* بۆدلێر(ڕووداوێکی تایبەتە) سەرجەم شیعری فەرەنسای داخست، چۆن؟ نازانم...

**- ئەی ڕامبۆ؟**

* پێڵاوی بۆدلێرە.

**- ئەی سەبارەت بە پەخشان و چیرۆك؟**

* محەمەد خزەیر هەموو شتێکی پێکا، ئەو وشەی سەربازی بەکارهێنا، ئەو ئامادەگیەکی عێراقی خووڵقاند بۆ داهێنانی.

**- بەدیدی تۆ ئایندەی شیعری عێراقی چییە؟**

* ئێمە ڕقمان لە شیعرە، من بە قووڵی قسەدەکەم.

**- ئایا دوای ئەم هەموو تەمەنە هێشتا ڕەبەنی؟**

* ژنی دۆستم هەیە بۆ کەس ئاشکرایان ناکەم، پێوەندی ژنان، ئەوەیان ژیانی نەهێنییە.

**- ئەو ئازارە چیە واتلێدەکات کە عێراقی بیت، ئایا هەستکردنە بە زووڵم یان نامۆییەکی بەردەوامەو ناخت هەڵدەکۆڵێت یان، چیە؟**

* زۆر زوڵم لە خۆمکرد ئەمەیش لەوەوە نەهاتووە کە ڕووبەڕووی دەسەڵات بوومەتەوە، چونکە ژیانم بەو جۆرە درووست بووە، زۆر لۆمەی خۆم دەکەم، چونکە لەپڕێکا خۆم لەسەرە ڕێگا دۆزییەوە، پەراوێزبوونم کردە ڕێرەوێکی ڕەچاوکراو. بەم بۆنەیەشەوە ڕێگانادەم کەس شوێنەکەی خۆیم بداتێ، چونکە من شوێن دەدەم بە کەسانی دیکە.

پەراوێزبوونیش بووەتە واقیعێك لە ژیانمدا، رەتی بکەمەوە یان رەتی نەکەمەوە لەلای من یەکە. لە کاتێکدا کەبەرپرسیار بووم، بەرگەی زۆرمگرت، بەڵام ئێستا ئامادە نیم لەسەرووی وزەی خۆمەوە زیاتر بەرگە بگرم، ئازارێکی قووڵ لەناوەوەمدا هەیە وام لێدەکات ببمە مرۆڤێکی گەردوونی، بەسەر ئەم شتە بچووك ومەسەلە سادانەدا زاڵبم، بۆ ئینتیمابوون بۆ پارچە زەوییەکە لەم جیهانەدا. لەسەردەمی لاوێتیمدا زوڵمی زۆرم لێکرا، لە عێراق نامۆبووم، ئێستاش لە عەممان نامۆم، بۆ هەرکوێیەکیش بڕۆم نامۆم.

**- کێ بەرپرسیارە لە یارمەتیدانی ئەو دکتاتۆرییەتەی کە هەمیشە دەیڵێیتەوە؟**

* هەموومان بەرادەی جیا جیا بەشدارین، بەڵام هەست دەکەم شاعیرە میللیە هیچ و پووچەکان بەرپرسیاری هاندانی دیکتاتۆریەتن. چونکە هاندان هەبوو لە هەردوولاوە، بۆیە رژێم لەسەر پێی تەختە وەستا، لە شەستەکاندا شاعیری میللی لەبەر رۆڵی خراپی لێپێچینەوەی لێدەکرا، لەبەر ئەوەی زیانی دەگەیاند بە زمانی عەرەبی یەکگرتوو. ئەوانە دەسەڵاتیان بەرەو ئەو جەنگە چەپەڵانە برد. جەنگ نەك چەپەڵە بگرە چەپەڵترینە، شتێك نییە ناوی جەنگی شەریف بێت بە درێژایی مێژوو، جەنگی یەکەممان لەگەڵ ئێراندا هیچ و پووچ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەشت ساڵی خایاند، دەبوو لە ماوەی چوار رۆژدا چارەسەر بکرایە. زیانەکانمان گەورە بوون، ئێوە زیانەکانی منن ئەی ئەدیبە ئاوارەکان لێرەو لەوێ، من بێدەنگ نەبووم، بگرە چاودێریم دەکردن سەرەرای چڕیی دووکەڵەکە، ئەگەر ئەم نامەگۆڕیناوانە نەبووایە لەم دووکەڵەدا دەخنکام. راستە من دوورە پەرێز بووم یان دوورکەوتمەوە، بەڵام واتای ئەوە نییە کە چاودێر نەبووم. سەیر لە مەسەلەکەشدا ئەوەیە ئەو دووکەڵەی کە ئاسمانی عێراقی تەنی بوو، بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو زیندەوەرێك بخنکێنێت لەسەر رووی زەمین.

**- ئایا خاڵێکی رووناك یان تڕووسکایەك هیوا نییە؟**

* سەختە بەو دەریای لەناوچوونە تێپەربیت کە عێراقی تیا نووقوم بووە، پێمwایە لەپڕێکا عێراق لەسەر نەخشە هەڵوەشایەوە، وەکو بڵێی پیلانێکی گەورەی نێودەوڵەتییە بۆ لەناوبردنی ئەم وڵاتە، پێم سەیرە چۆن سەعدی یوسف دەڵێت دەگەڕێمەوە بۆ عێراق، تەنها بە بیستنی هەواڵێکی بچووك، باشە ئەگەر سەعدی یوسف رۆژێکیان گەڕایەوە بۆ عێراق دەبێت چی ببینێت.

**- ئایا سۆزت بۆ سووچێکی دیاریکراو بۆ چایخانەیەك یان بۆ بارێك نییە. بۆ نموونە دڵت لە عێراق بەجێنەهێشتووە؟**

* جاران ئەمجۆرە سۆزەم هەبوو، بەڵام ئەمرۆ شتی وام نییە، تەنانەت دڵم لەگەڵ شتومەکەکاندا پێچاوەتەوە، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لەوێ هەستم بە بوونی خۆم نەدەکرد، من دەردەسەری زۆرم هەیەو لەگەڵ مرۆڤی عەرەبدا، تووشی کێشەی گەورە دەبم لە



هەرکوێیەك بێت، وەلێ لەگەڵ مرۆڤی ئەورووپیدا هیچ کێشەیەکم نییە، دەتوانم لەگەڵ ئەورووپییەك لەیەك تێبگەین لەسەر هەر مەسەلەیەك بێت، گەورە بێت یان بچووك بێت. بەکورتییەکەی عەرەب بریتیە لەکێشەی بەردەوام و بەدەر لە هەموو رەگەزەکانی دیکەی مرۆڤایەتی.

**- ئایا لەم ( ٥٤ ) ساڵەی تەمەنتدا دڵت بۆ ژنێك نە جووڵاوە، زۆر بەکەمی بۆنی ژن دەکەین لە شیعرەکانتدا؟**

* پەیوەندی زۆرم هەبووە، بەڵام خۆشەویستی پڕ تاسە نەبووە، لە کەرکوك و بەغدادو بەیرووت خۆشەویستیم کردووە، لەبەرئەوەش کە من کەسێکی پەراوێزیم، لەشوێنێکی دیاریکراودا جێگیر نابم، کەواتە ژن پێچەوانەی منە، چونکە ژن پێویستی بە داڵدەدان وجێگیربوون هەیە، بەراستی منیش بە دوای ژنێکدا دەگەڕێم دەمارە رەقبووەکانم بجوولێنێت.

**- شوێن بەلای تۆوە چیە بەو پێیەی بە بەردەوامی زیندەوەرێکی ناجێیت؟**

* جوانترین شت لە بووندا ئەوەیە مرۆڤ بنیاتبنێت و ئاوەدانبکاتەوەو یادگارییەکان دروست بکات، من هەمیشە گەشت بووم لە نێوان کەرکوك وبەغدادو بۆ بەیرووت ئینجا بۆ عەممان، بۆیە شوێنم لە کیس چوو، توانای رەگداکوتانم نەما سەرەرای ئەوەی زۆرم حەز لە نیمچە رەگداکوتانێك بوو، سەیر لەوەشدایە تێکەڵاوی زیندەوەری سەیروسەمەرە دەبم، گەرچی من ئامادە نیم تێکەڵ بەو زیندەوەرانە ببم، شوێنەکەم داگیردەکەن بەچەپەڵی چوارچێوەی دەکەن، خۆزگە شوێنێکم دەبوو بەقەد هێلانەیەك، بۆ ئەوەی خۆم تەرخان بکەم بۆ نووسین، هەموو شتێك بەلای منەوە لاوەکیە تەنها نووسین نەبێت، دەمەوێت دوا قەسیدەکانم بنووسم و ئەوجا لە گۆڕبنرێم.

**- چەند جارێك راتگەیاندوە کە مەرگەساتەکانی عێراق ئیفلیجی کردوویت، نەتتوانیوە بگەیتە ئەنجام... چۆن لەم ئیفلیجییە رۆحی و جەستەییە رزگارت دەبێت؟**

* بیرمەندمان هەیە وەڵامی زۆر جوانیان پێشکەشکردووە، لەوانەیە ئەورووپیەکان نەیانتوانیبێت ئەمجۆرە وەڵامانە بدەنەوە. پێمwایە عێراق هەر لەدێر زەمانەوە خوێنی زۆر لەبەر رۆیشتووە. تا ئێستاش لە رابردوویەکی نزیکدا حیزبی شیوعی قوربانیی مەزنی داوە، کە بەنرخ رادەبەدەرە. ئەم جەنگە تازانەش زۆریان لەعێراق برد، ئەمە جگە لەو دەربەدەرانەی کە وڵاتانی جیهان تەی دەکەن. بەراستی مەینەتی عێراق ئیفلیجی کردووم و ئێستا نازانم چیبکەم.

**- بۆ تۆ مەمنوونی بە تایبەت لە ژمارەیەك لە ئەدیبانی نەوەی شەستەکان؟**

* بەدرێژایی نەوەکان داهێنەری گەورە هەبووە، بەتایبەت نەوەی شەستەکان تەقەلای مەزنیاندا، لەوانە عەبدولقادر جەنابی، کە دۆکیۆمێنتی کرد بۆ نەوەی شەستەکان،

خۆشی بەشێکە لەو نەوەییە. دڵسۆزییەکی زانستی وئەخلاقی نواند بۆ رۆڵەکانی نەوەکەی خۆی و بەخیل نەبوو.

**- ئایا جان دەمۆی شاعیر شیوعی بووە؟**

* من وەکو خۆم تووشی شۆکێك بووم کە ناوی کۆمۆنیزم بوو، راستە وەکو رێکخستن نەچوومەتە ناو حیزبی شیوعیەوە، وەلێ بەرۆح لەگەڵ شیوعییەکاندا بووم. ساتێك بەسەر نەچووە کە لەبەرچاوم نەبن، لەبەرئەوە تووشی زۆر خراپەکاریی بووم، چونکە بڕوام بە بیری مارکسی هەبوو، جارێکیان عەبدولرەزاق سافی یەکێك لە شیعرەکانمی پێشکەش بە رۆژنامەی(تەریق شەعب) کردبوو. سەرەڕای ژیانی سوریالی و پەراوێزیم زۆر هەستیار بووم، دەستپێشخەری کەسایەتی کاریگەرم دەکرد. هەموومان نرخەکەماندا، موئەید رەوای سیاسی و زیندانی بوو لە پڕێکدا دوای ئەوەی لە بەندیخانە ئازادکراو خۆی لە بەغدا دییەوە وەکو ئاوارەیەك ( لە کاتی هەڵمەتی گرتنی شیوعییەکاندا) جەلیل قەیسی ناچار بوو شارەکە بەجێبهێڵێت، لە کاتێکدا ئەم شارە قەڵای شیوعییەکان بوو. سەرگۆن پۆڵس لەم بازنە کوشندەیە کشایەوە. بەو شێوەیە(جەماعەتی کەرکوك) پەرش و بڵاوبوونەوە، تەنها بەغداد بووە پەناگەیان. سەرەڕای ئەم راوەدونان و تەنگ پێهەڵچنینانە، بەغداد شارێکی جوان و رازاوەو رووناك بوو، چالاکی رۆشنبیری گەرموگوڕی تیابوو پێویستیە ناخییەکانمانی بەجێدەهێنا.

**- ئایا بەتاسەوەیت بەتایبەتی بۆ جەماعەتی کەرکوك؟**

* زۆر تاسەی سەرگۆن پۆلس دەکەم، ئاواتەخوازم چاوەکانم بە دیدەنی سەلاّح فایەق بڕەژم. لەگەڵ ئەواندا گەورەبوو، بەتایبەتی سەرگۆن پۆڵس میکرۆبی خوێندنەوەو داهێنان لەوەوە بۆ من هات.

**- لەگەرمەی ئەوکێشە زۆرانەدا کەدووچاریان بوویت، ئێستا چی زۆر سەرقاڵی کردوویت؟**

* دەمەوێت هەندێك پارە بۆ سەیفەدین جەراح و عەلی حەیدەر بنێرم، ئایا کەسێکی سەر راست ناناسیت تا ئەم دە دینارەیان بۆ بەرێت؟ چەند رۆژێك لەمەوبەر برێك سێوی سوورو مۆزو پرتەقاڵیم بۆ سەیفەدین جەراح نارد. تەنها بۆگاڵتەیە.

**- جان دەمۆ چۆن دەنووسێت و تەقسی ئەو چییە بۆ نووسین؟**

* نووسین بەلای منەوە بینایەکی تەواوەو پێویست بە خۆ تەرخانکردنێکی تەواوەتی هەیە. کاتێك دەنووسم دەبێت شتەکان بێدەنگ و ئارام بن، هەر لە ئاسمان وئاوو دەنگەکان و مێرووەکان. شوێنێکم دەوێت کپ بێت و جووڵەی تیا نەبێت، من ناتوانم چەنەبازی بکەم و وڕێنە بکەم، هەموو شتێك لەلای من زۆر بە ووردیی حسابی بۆکراوە.





**- باوە، کەدەڵێن جان دەمۆ زۆری بەسەر ئەدیبانی کەرکوکەوە هەیە؟**

* ئەم راستیەو پڕوپاگەندە نییە، ئەوساکە ئاگام زۆر لەو بەهرە لاوەکان بوو، وەکو عەبدوڵا ئیبراهیم رەخنەگری ناسراو، عەواد عەلی رەخنەگری بواری شانۆو کەسانی دیکە. لە حەفتاکان رێنماییم دەکردن و بایەخم پێدەدان و بۆ خوێندنەوەی کتێبی گرنگ ئاراستەم دەکردن. وەکو هەتیوو وابوون، منیش دایەنگەی تەندروست بووم بۆ ئەوان. لێت ناشارمەوە کە پێویستم بە هەندێك تیشکی دیاریکراو هەیە بۆ کردنەوەی هێمای نووسینەکانیان، زۆر بەختەوەرم کە ئەو ئەمانەتەی لە سەر شانم بوو بە جێم هێنا.

**- جان تۆ ناسنامەیەکی جیهانیت هەیە؟**

* بەڵێ من بەپێی ئەم چەمکە نامۆ نیم سەرەڕای ژیانی پەراوێزیم، من نە خۆشەویستم دەوێت نە سێکسم دەوێت،

تەنها جێگیربوونم دەوێت بۆ ئەوەی دەربڕین لە ناسنامە جیهانییەکەی خۆم بکەم.

**-چۆن سنووری کارتێکردنی شاعیری گەورە سەعدی یوسف دیاریدەکەیت بەسەر تۆوەو ئالوودە بوونی دۆستانەت بەوەوە، جگە لەشاعیرانی دیکە؟**

سەعدی یوسف شاعیری رژێمەکان نییەو پەروەردەی هیچ لایەنێکی دیاریکراو نییە، وەکو هەندێك شاعیر چونکە نەفس بەرزە. سەعدی شاعیرێکی دوورەپەرێزو تەنیایە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە شیعرییەکەی و دوورە لە ریکلامە خۆراییەکانەوە، وەکو ئەوانەی کە دێنە فینیق مومارەسەی دەکەن. سەعدی شاعیرێکی راستەقینەیەو مرۆڤێکی موزەیەف نییە... فێری شیعری کردم و فێری زۆر شتی کردم کە زەحمەتە ئێستا باسیان بکەم...

پەراوێز:

( * ) : ئەم چاوپێکەوتنە شاکیر نوری و عەدنان حسێن ساڵی ١٩٩٦ لە عەممان لەگەڵیدا ئەنجامیانداوەو لە رۆژنامەی (قودس ئەلعەرەبی) هەمان ساڵ بڵاوبووەتەوە، ساڵی ٢٠٠٣یش لە هەمان رۆژنامە دوای مردنی شاعیر بڵاوکراوەتەوە.

## ماریۆ ڤارگاس یۆسا:

# کاتێك ئەدەبیات دەبێتە قوربانی سیاسەت



### وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ رۆماننووسی ناوداری ئەمریکای لاتین

سازدانی: سەعید کەماڵی دێهقان

و: شەریف فەلاح

ماریۆ ڤارگاس یۆسا، هەرچەندە، چەندین ساڵ لەمەوبەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا نەیتوانی پۆستی سەرکۆماریی پیرۆ بە دەستبهێنێت، بەڵام وەکو سەرکۆمارێك سەرقاڵە. شەش مانگ لەمەوپێش داوای دیمانەیەکم لەگەڵ کردبوو و لە ئەنجامدا دوای شەش مانگ قبووڵیکرد، کە لە مەدرید، پایتەختی ئیسپانیا بە تەلەفۆن وتووێژ بکات. رۆژی سێیەمی سێپتەمبەر، یان بەواتایەکی تر رۆژی دوانزەیەمی





سەرماوەز، تەلەفۆنم بۆ شوێنی ژیانی، واتە ئیسپانیا کرد. بە ئینگلیزییەکی زاراوەی ئیسپانیایی قسەی دەکردو هەڵسوکەوتو کردارێکی گەرموگورو دۆستانەی هەبوو. کە زانی نزیکەی دە بەرهەمی کراوەنەتە فارسی، حەپەساو بە دەنگێکی بەرز پێکەنی: (دە کتێب؟!) پاشان یەکە یەك ناوی بەرهەمەکانی پرسیو لەبارەی چۆنیەتیو ئاستی وەرگێڕانەکانەوە پرسیاری کرد. لە هەمان کاتدا بەبیری هاتەوە کە چەند دانەیەك لەو وەرگێڕانە فارسیانەی کە بەڕێز(عەبدوڵڵا کەوسەری)ـ جیا لە وەرگێڕانە بە نرخەکانی لە بەرهەمەکانی (یۆسا)، راوێژەکانیشی یارمەتیدەرم بوو ـ بۆ وی ناردبوو، بە دەستی گەیشتبوون، بەڵام پێی وانەبوو کە هەتا ئەو ئاستە لە ئێران خۆشەویست بێت. وتووێژەکە نزیك بە کاتژمێرێکی خایاندو لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەی کە هەموو پرسیارەکانی گوێ لێدەبوو، زۆر جار هێشتا پرسیارەکە تەواو نەدەبوو، دەستی بە وەڵامدانەوەیان دەکرد.

یەك دوو هەفتە بەر لەم وتووێژە لەگەڵ (ماریۆ ڤارگاس یۆسا) بڕیارمدابوو کەوەك دوایین پرسیار، بەختی خۆم تاقیبکەمەوەو لەبارەی ئەو رووداوە سەیرە، واتە مستەکۆڵە بەناوبانگەکەی بە (گابریل گارسیا مارکیز) پرسیاری لێبکەم. هەر بۆیە کاتێك کاتژمێرێك تێپەڕیو تارادەیەك پرسیارە سەرەکییەکانم هێنایە گۆڕێ، وەك دەستپێکی ئەو بابەتەی کە دەمویست بپرسم، لەبارەی (ئینشعابی سیاسیی) لەگەڵ (مارکیز) پرسیارم لێکرد، لێرەدا بوو کە نووسەری زیرەکی ئەمریکای لاتین پێکەنیو تێیگەیاندم کە بە هیچ شێوەیەك نایەوێت لەبارەی (مارکیز)ەوە قسان بکات. ئیتر هیچ دەرفەتێکی دیکەی پێنەدامو بە رێزەوە داوای لێبوردنی کرد، وتی: کە دەبێت لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بێتو هەروەها داوایکرد کە ئەم رازە دۆستانەیە بە نهێنی لە نێوانماندا بمێنێتەوە.

***بە رای ئێوە چ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان نووسەرانی بەرەی ئێوە، وەك(گابریل گارسیا مارکیز)، (کارلۆس)، (فۆئێنتس)و نووسەرانی بەرەی پێش ئێوە، وەك(میگل ئا نخل ئاستورپاس)،(خوان رۆلفۆ)،(رۆمۆلۆ کایەگوس)و(ئالخۆ کارپنتیە)، لە ئارا دایە؟ ئەو جیاوازییانەی کە بوونە هۆی ئەوەی کە بەرەو وەچەی ئێوە ئەو رەوتە ئەدەبیانەی دەیەی شەستی لە ئەمریکای لاتین هێنایە کایەوە؟**

پێموایە، بەرچاوترین جیاوازیی ئەم دوو بەرەیە، لەوە دایە کە هاوشانو بەرەکانی

من لە ڕۆماننوسیدا گرنگیەکی زیاتریان بە فۆرمو تەکنیك دەدات. پێشتر بەشێکی زۆر لە نووسەران پێیانووابوو گرنگ بابەتە، یان بە واتایەکیتر سووژەی چیرۆکە، هەر بۆیە لایەنی تەکنیکی، چەمكو گۆشە نیگا، ئاسۆو زمانی چیرۆکیان پشتگوێ دەخست. من پێموایە هەر ئەم هۆکارە بووە هۆی ئەوەی کە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین فۆرمو قەوارەی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەگەری بە خۆیەوە بگرێتو بایەخە داهێنەرانە ئەدەبییەکان لە پلەی دووەمدا لەبەرچاو بگیرێن. بەسەرهەڵدانی بەرەی نوێی نووسەران لە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین، دۆخەکە بە تەواوەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتو هەر بەم بۆنەیەوە نووسەرانی ئەمریکای لاتین ناوبانگی جیهانیان بەدەستهێنا. چونکە گرنگیان بە فۆرم، ڕێباز، پێکهاتەو ڕازاندنەوەو جوانکاریی چیرۆك دەداو ئاگاداریو زانیاریان لەبارەیەوە پەیداکرد. ڕەنگە بە تەواوەتی ئەم بابەتە گرنگترین جیاوازیی نێوان بەرەو هاوسەردەمەکانی من لەگەڵ بەرەی پێش من بێت.

*** بەڵام نووسەرێکی وەکو ( خوان ڕۆلفۆ )ش گرنگییەکی زۆر بە فۆرم دەدات؟**

بەڵام (ڕۆلفۆ) تاقە کەسە لەم بارەیەوە. هەرچەند ڕۆلفۆ لەبارەی ژیانی گوندو لادێیە گچکە سوورپێستەکانو ئەو ژینگەیە دەینووسی، بەڵام لەمەڕ ئەدەبیاتی مۆدێرن کەسێکی شارەزا بوو. بەرهەمەکانی(ویلیام فاکنر)ی خوێندبۆوەو کاریگەری ئەوی زۆر لەسەر بوو. (فاکنر) نەك تەنیا لەسەر (ڕۆلفۆ)، بەڵکو لەسەر بەرەی منو زۆرێك لە نووسەرانی ئەمریکای لاتین کاریگەری داناوە. (ڕۆلفۆ)ش کاریگەری لێوەرگرتو لە نووسینی کورتە چیرۆكو تەنانەت ڕۆمانیشدا تەکنیكو فۆرمە مۆدێرنەکانی نووسینی بەکارهێناوە، من، (خوان ڕۆلفۆ) لە ڕیزی نووسەرانی مۆدێرنی ئەمریکای لاتین دادەنێم.

*** بۆ خۆشتان جیاوازییەکی بەرچاوتان لەگەڵ هاورێیازەکانی خۆتان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پێچەوانەی زۆربەیان، تەنیا لەبارەی وڵاتەکەی خۆیانەوە چیرۆکیان نووسیوە، ئێوە سنوورەکانی ( پێرۆ )تان بەزاندووەو پەرژاونەتە سەر گشت ئەمریکای لاتین؟**

بەڵێ، ڕاست وایە. (شەڕی ئاخرزەمان) باسی بەرازیل دەکاتو(بەزمو گۆبەنی بزن)یش باسی کۆماری دۆمەنیکەن دەکات. بەڵێ، ئێوە ڕاست دەکەن، کتێبو نووسینەکانی من تەنیا لەبارەی (پێرۆ)وە نین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەزموونی



پێرۆیی من لە ناواخنی زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە نووسیومن، واتە تەنانەت ئەو ڕۆمانانەش کە باس لە وڵاتانی دیکەش دەکەن، لە ئارادایەو خۆی دەردەخات.

*** کە وایە تەنیا بەم هۆیە، لەبارەی پێرۆوە نەتاننووسیوە کە بە جۆرێك گشت ئەمریکای لاتین بە نیشتمانی خۆت دادەنێیت؟**

دەبێت بڵێم، لە ڕوانگەیەکەوە ئەم قسەیە ڕاستە، چونکە زۆرینەی سنوورە جوگرافیاییەکانی ئەمریکای لاتین دەستکردنو لەڕاستیدا کەتواری گیروگرفتەکان، دابونەریتەکان، ئەفسانەکان، زمانو کولتووری نەتەوەکان، پێکەوە هاوبەشنو ناکرێت بە هۆی سنوورە حکومەتیو سیاسییەکانەوە پێوەندییەکان بەربەست بکەیو لێکیان دابڕی، بە تایبەت کاتێك لەبارەی ئەدەبیاتەوە دەدوێین، بەڵام ناکرێت لەمەڕ ئەمریکای لاتین بە دەربڕینێکی ناسیۆنالیستییەوە قسە بکەین. ئەمریکای لاتین یەکەیەکی یەکپارچەیەو سەرەڕای تەواوی ئەو دابەشکردنە دەستکردانە، کەلتوورێکی هاوبەشی هەبووە، چونکە ئەو سنوورە دەستکردانەی وڵاتان زۆر گیروگرفتیان بۆ ئەمریکای لاتین پێکهێناوە.

***لە چیرۆکەکانی ئێوەدا، خەڵکی ئەمریکای لاتین زۆر سەرقاڵو دەرگیری سیاسەتن، تەنانەت مرۆڤە ئاساییەکانی کۆمەڵیش. بە گشتی پێتانوایە ڕادەی سیاسی بوونی خەڵکی لە چ ئاستێك دایە؟ ئاخۆ ئێستاش بەقەرای پێشوو خەڵك سیاسین؟**

کاتێك وڵاتەکەمان گیروگرفتی زۆر بەرینیان هەیە کە چارەسەر نەکراون، زۆر ئەستەمە لە وەها دۆخێکدا خۆت لە سیاسەت ببوێری. لە وەها کۆمەڵگایەکدا سیاسەت سەرنجی هەموان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێتو بێگومان فەرهەنگو ئەدەبی کۆمەڵگاش گیرۆدەی سیاسەت دەبێ. لە ئەمریکای لاتیندا هێشتا زۆر گرفتی سیاسیمان هەیە کە چارەسەر نەبوون. دیکتاتۆرییەکان، حکومەتە دیکتاتۆرییەکان ئێستاشی لەگەڵ دابێت سێبەریان لەسەر ئەمریکای لاتین هەرماوە، مێژووی ئەم نیشتمانە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ دیکتاتۆری بەرەوڕوو بووە. هەندێك کات دیکتاتۆرە نیزامیەکان بوونو هەندێك جاریش چەپەکان کێشە خولقێن بوونو سەردەمانێکیش ڕاستەکان. دیکتاتۆرییەکان ژیانی خەڵکی ئەمریکای لاتینیان نابووت کردووەو قەوارەیان گۆڕیوەو ئەم ڕووداوە گرنگەش بە تەواوەتی لە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتیندا ڕەنگیداوەتەوە. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە بۆ نموونە دیکتاتۆری سانسۆر لەگەڵ خۆی دێنێتو هەر بەو

پێیەش ئازادیی ڕادەربڕین‌و ئازادیی داهێنان لە کۆمەڵگا بەربەست دەکرێت. بەڕای من هەندێ کات لەو ڕووداو و ئاڵۆزیانەدا ئەدەبیات بۆتە قوربانی‌و وەك ئامرازێك بۆ دژایەتیکردن‌و ئیعتراز بە دژی ئەو گرفت‌و کێشانە بەکار هێنراوە. هەر بۆیە، لە زۆر نموونەدا، بەرهەمە ڕۆمان‌و شیعرەکان ناچار بوون وەك ئامرازێکی سیاسی بۆ ئیعتراز بەکار بهێنرێن‌و هەر بەم هۆیەشەوە لایەنی ستاتیکاو هونەریان بەرەورووی شکست بۆتەوەو بۆتە قوربانی. ئەڵبەتە هەندێك جاریش ئەوە ڕووی نەداوەو ئێمە لەگەڵ ئەدەبیاتێکی خەڵکی‌و جەماوەریدا بەرەورووبین، کە تێیدا نووسەر پەرژاوەتە سەر بابەتە سیاسییەکانی کۆمەڵگای خۆیشی‌و بەهەرحاڵ، لە ئەمریکای لاتیندا کەمنین ئەو نووسەرانەی کە بەم شێوە دەنووسن‌و دەرگیری ڕووداوەکانن.

***لە نێوان سیاسی بوونی خەڵك لە ئەمریکای لاتین لە لایەك‌و ئاستی بەشداریان لە پشتیوانیکردن لە دیکتاتۆرەکان لە لایەکیتر پارادۆکسێك لە ئارا دایە. خودی ئێوە لە ڕۆمانی( بەزم‌و گۆبەنی بزن )دا بە جوانی ئاماژەت بەم مەسەلەیە کردووە دەرتخستووە کە خەڵکی ئاسایی، بە چ شێوەیەك یارمەتیی دیکتاتۆرەکان دەدەن‌و دەبنە قوربانیی کردارەکانیان. پێتانوایە ئەم پارادۆکسە کردارییە سەرەڕای لەبەرچاو گرتنی چالاکبوونی خەڵکی ئەمریکای لاتین لە سیاسەتدا، بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئارا دایە؟**

ئەم ڕووداوە تەنیا تایبەت بە ئەمریکای لاتین نییەو لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیاشدا دەبینرێت. خەڵکی ئەمریکای لاتینیش دەیانەوێت کە جیاوازبن‌و دیکتاتۆرەکانیان خۆشەویست‌و گشت پەسەند نەبن، بەڵام ئەم پارادۆکسە تەنیا لە ئەمریکای لاتیندا نایەتە ئاراوە، بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەی دونیاش دەبینرێت‌و دیارە دیکتاتۆرەکان بە چ شێوەیەك خۆشەویست دەبن.

بەڵام بەداخەوە بە ئەزموون دەرکەوتووە بە هۆی خەسارو زەرەرمەندبوونی بیروباوەڕە دیموکراتیکەکان لە کۆمەڵگایەکدا، دیکتاتۆرەکان بە دەسەڵات دەگەن‌و هەموو هێزی وڵات بە چنگەوە دەگرن. ئەم ڕووداوە لەبارەی (ترۆخیۆ) لە کۆماری دۆمەنیکەن هاتە ئاراوەو مەبەستی من لە نووسینی(جەژن‌و شادیی بزن)ڕێك ئەو مەسەلەیە کە بڵێم چۆن چۆنی دیکتاتۆرێك کۆمەڵگایەك چەواشەو بە لاڕێیدا دەبات. بە داخەوە ئەم مەسەلەیە لەبارەی زۆرێك لە دیکتاتۆرەکانی ئەمریکای لاتین بەڕاست دەگەڕێت‌و ئێمە ئەم مەسەلەیەمان لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا دیوە. بەهەرحاڵ،



ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووش ڕوویانداوە، بۆ نموونە ئاڵمان. (هێتلەر) دێوەزمەیەکی بە تەواو مانا، بەڵام خۆشەویست‌و گشت پەسەند بوو، ئەوکاتیش خۆ ئاڵمان وڵاتێکی جیهانی سێهەم نەبوو، بە پێچەوانەوە وڵاتێکی پێشکەوتوو و شارستانی بوو. بەڕای من ئەم پارادۆکسە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە دەبێ زۆر بە جوانی‌و وردی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی لەبارەوە بکرێت. دەبێت لێکبدرێتەوە کە بۆچی لە هەندێك لە کۆمەڵگاکاندا ڕەشبینی‌و لەخۆ نامۆبوونی خەڵك، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات بەتەواوەتی بکەوێتە چنگی باڵ‌و لایەنێکی سیاسی‌و ئەم ڕووداوەش چەندین ساڵ لە ئەمریکای لاتیندا لە ئارادابوو و ئێمە شاهیدی زۆر ڕووداوی دڵتەزێن بووین، کە دیکتاتۆرەکان لە مێژووی ئەمریکای لاتیندا خولقاندیان.

*** پێموایە ئەم دیاردەیە لەبارەی خەڵکی ئەمریکای لاتینەوە پرسیار خولقێنترە، چونکە ئاستی سیاسی بوونیان لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکەدا زیاترە؟**

بەڵێ، ئەمە بە تەواوەتی ڕاستە. کاتێك سیاسەت ژیانت نغرۆ و داگیر دەکات، ئەستەمە بتوانیت خۆتی لێ بدزییەوە. تەنیا لەو وڵاتانەی کە بە دیموکراسییەکی پێشکەوتوویان هەیە، دەکرێ لە قازانجەکانی فەرامۆشکردنی سیاسەت کەڵك وەربگریت. ئەگەر لە وڵاتێکدا بژی کە گیروگرفتی زۆرو زەوەنی هەیەو سیاسەت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بەشداربێت، ئەوکات ئیتر پێتناکرێت کە لە سیاسەت خۆت ببوێری، تەنانەت ئەگەر خۆشت بتەوێت لە سیاسەت دوور بکەوییەوە، سیاسەت بە شەوو ڕۆژ لە نێو ژیانتدا قوت دەبێتەوە.

*** بەڕای ئێوە هەموو دیکتاتۆرییەکانی ساڵانی شەست‌و حەفتای ئەمریکای لاتین خراپ بوون؟ پێتانوانییە ئامادە نەبوونی خەڵك بۆ قبووڵکردنی دیموکراسی لە وەها دۆخێکدا، هەندێك لەو سیستمە دیکتاتۆریانە حاشاهەڵنەگر بوون؟**

بەڕای من هەر جۆرە دیکتاتۆرییەك مەحکووم‌و بە زیانەو دەبێتە هۆی ڕووخان‌و هەڵتەکاندنی ڕێساو بنەماکانی شارستانیەت، پێکەوە ژیان‌و ئاشتی لە کۆمەڵگادا. بەڕای من هەر مۆدیلێك لە دیکتاتۆری، چ دیکتاۆریی سیاسی‌و چ دیکتاتۆریی دینی، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی بەراوەژوو نیشاندانی مێژوو و گەڕانەوەی خەڵك بۆ سەردەمانی وەحشیگەری‌و بەربەرییەت، بۆ سەردەمێك کە هێشتا سەرەتاییترین گرفتەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر نەکراون. هەر بۆیە لە تەواوی ژیانمدا هەوڵمداوە بە دژی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەك خەبات بکەم‌و لایەنگری‌و پشتگیری لە ئامانجە

دیموکراتیکەکان بکەم. سەرەڕای بوونی هەموو هەڵەو گرفتو کەموکوڕییەکان، لەو باوەڕەدام کە دیموکراسی باشترین ڕێکارو هەڵبژاردنە لە بەرامبەر دیکتاتۆریدا.

***کەوایە، پێتان وانییە کە بۆ وێنە دکتۆر( فرانسیسکا ) لە ( پاراگۆئە )و ( پڕۆفیریۆدیاز ) لە مەکسیك، بە پێی بارودۆخی ئەوکات چەندین هەوڵی بەنرخیان لە وڵاتەکانیان ئەنجامداو ڕێکارگەلێکی دیکە لە ئارادا نەبوون؟**

هەڵبەتە ئەم قسەیەی ئێوە ڕاستە، ڕەنگە لە ماوەی سەردەمی دیکتاتۆرییەکدا چەندین پێشکەوتنی سەرەتایی بێنە کایەوە، بەڵام بەبێ هیچ گومانێك لەو باوەڕەدام کە ئەو گەشەو پێشکەوتنانە لە سیستەمێکی دیموکراتیکدا دەکرا جێگیرتر، مرۆڤانەترو گرنگتربن، کەوابو ئەگەر ناچار بین کە خراپترین ڕێکار هەڵبژێرین، ئەوکات ئەو قسەیەی ئێوە بەڕاست دەگەڕێت. بەڕای من دیموکراسی لە سەرووی هەر سیستمێکی سیاسیەوەیە، دیموکراسی توانایی ئەوەی هەیە کە ببێتە هۆی گەشەو پێشکەوتن لە کۆمەڵگاو گەشە کولتووری، هزریو ریشەییو بنەماییەکان بەدی بێنێت. من پێموایە کە ئەم بابەتە لە مێژوودا ئەزموونکراوەو سەلێنراوە، بە تایبەت لە سەردەمی مۆدێرندا.

بینیومانە، ئەو سیستەمە جێگرەوەکان کە دەیانەویست لە باتی دیموکراسی بێنە مەیدانی کردەوەو دادپەروەرییو یەکسانی جێگیر بکەن، بزانە چۆن شکستیان خواردووەو بە خێرایی لەناو چوون. بەڵام دیموکراسی هێشتا بەردەوامەو بە هەموو لاوازیو کەموکوڕیو گرفتەکانیەوە هەوڵدەدات ژیانو گوزەرانێکی باشترو شیاوتر بۆ خەڵك دابین بکاتو هەروەها ئازادی ڕادەربڕینو هەڵبژاردنو هەلو دەرەتانی باشتریان بۆ بڕەخسێنێت.

*** ئێوە هەمیشە ڕەخنەتان لە چەپەکان گرتووە، چەندین جار لە وتارو لە ئاخاوتنەکانتدا باست لە (هۆگۆچاڤز)و (فیدێل کاسترۆ)کردووەو ئەوانت بە دیکتاتۆر ناو بردووەو هێرشت کردۆتە سەریان. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبینرێت بە شێوەیەکی یەکلایەنە پشتیوانی لە ڕاستەکان دەکەیو هەتا ئێستا نەبینراوە بەو ڕادەیەی کە ڕەخنە لە چەپەکان دەگری، ڕەخنەش لە ڕاستەکان بگریت. ئەوکاتەش کە خۆت بۆ پۆستی سەرکۆماری لە ( پیرۆ ) پاڵاوت، لەگەڵ ڕاستەکان بوویتە هاوپەیمان، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە زۆر جار لە نووسینەکانتدا ڕەخنەت لێگرتوون. پێتانوانییە لەباری سیاسییەوە نەختێك یەکلایەنە دەجووڵیەوەو هەڵەو لاوازییەکانی ڕاستەکان لەبەرچاو ناگریت؟**



نا، من زۆر زۆر ڕەخنە لە ڕاستەکان دەگرم. ڕەنگە لایەنگری لە هەڵوێستە ئابووریو بنیاتیەکانیان بکەم، بەڵام من بە ڕاستی نووسەرێکی ڕەخنەگرم. من لە ئاست هەر شتێك کە دەمارگرژیو پاوانخوازی تێدا بێت، هەڵوێستو ڕەخنە دەگرم. ڕاستەکان پێیانوایە باشترین ڕێکار بۆ دارشتنی قەوارەی داهاتووی وڵات ڕابردووە، بەڵام من بە تەواوەتی دژی ئەو بۆچوونەم. من لیبراڵم. تاکی لیبراڵ کەسێکە کە ناتوانێت دوورەپەرێزو کۆنەپارێز بێت. کۆنەپارێزیش کەسێکە کە ڕابردوو ئەکاتە مۆدێلو پێوەری خۆی، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك ئەم کارە ناکەم. لیبراڵەکان بۆ دارشتنی قەوارەی داهاتوو، سازی دەکەنو دایدەهێننو داهاتوو دەخولقێننو هەڵەو کەموکورتیەکانی ڕابردوو چاك دەکەن. من زۆر ڕەخنە لە چەپەکان دەگرم. ڕەخنەی من لە چەپەکان زیاتر لە لایەنی ئابووریە، چونکە چەپەکان لایەنگری سیستمێکی هاوبەشی ئابووریو کۆکردنەوەی ئابوورین لە ناوەندو دەیانەوێت دەوڵەت کۆنترۆڵی کامڵی ئابووری بەدەستەوە بگرێت. بەڕای من هەر ئەمانەیە کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرەکان. لە وەها کۆمەڵگایەکدا ئازادی دەمرێ، دەوڵەت گشت ئابووری کۆنترۆڵ دەکات. بەڕای من گواستنەوەی بەرپرسایەتیە ئابووریەکانی کۆمەڵگا بە خەڵك گرنگیەکی زۆری هەیە. بەڕای من دەوڵەت دەبێت بێلایەنانە ئازادیی کامڵ بداتە بەرنامەو پلانە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا. ئەو بیروباوەڕانەی کە من هەڵگریم، بیروباوەڕی لیبراڵەکانە نەك باوەڕی کۆنەپارێزەکان.

***ئەمرۆکە چەمکی لیبراڵ لە ئەمریکای لاتین تارادەیەك لەگەڵ ئەم واتایە تەباییەکیان پەیداکردووە کە دەستکەوتە سۆسیالیستیەکان پشتگوێ بخرێنو لەبەرچاو نەگیرێن. ئێوە وا بیرناکەنەوە؟**

ئەمڕۆکە لە ئەمریکای لاتیندا ڕووداوێکی زۆر سەرنجڕاکێش خەریکە ڕوو دەدات. بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەمریکای لاتین، حکوومەتگەلی چەپ بە بنەماو ئوسووڵی دیموکراتیکەوە سەریانهەڵداوە، واتە پەیڕەوی لە سیاسەتی لیبراڵەکان دەکەنو ریفۆرمی ئابووریو کۆمەڵایەتیان جێبەجێ کردووە. بۆ وێنە ئەم ڕووداوە خەریکە لە شیلی ڕوو دەدات. سۆسیالیستەکانی ئەو وڵاتانە بەرەبەرە خەریکن پشتیوانی لە بازاڕی ئابووری دەکەنو بەرەبەرە دامەزراوە غەیرە حکوومیو تایبەتیەکان بە فەرمی دەناسن. ئەم دەوڵەتانە خەریکن هەوڵدەدەن کە نفووزیان کەم بێتەوە. بۆ وێنە لە بەرازیل (لولا) کە سەرکۆمارێکی سۆسیالیست بوو، ئەمڕۆکە بۆتە سۆسیال دیموکراتو باس لە

بایەخە لیبراڵەکان دەکات. هەر ئەم ئاڵوگۆڕە لە (ئۆرۆگوا)ش خەریکە روو دەدات. لەم دۆخەدا، کە چەپی رادیکاڵ لە کووباو ڤێنزۆێلا دەسەڵاتی قۆرخکردووە، هێدی، هێدی پێگەو خۆشەویستیی خۆی لە دەستدەداو خەریکە لە رەوتی رووداوەکانی ئەمریکای لاتین جیادەبێتەوە. من ئەم رووداوانە بە قازانج دەزانم‌و پێموایە ئەمانە لە بەرامبەر رابردوودا پێشکەوتن. رابردوویەك کە تێیدا چەپەکان دیموکرات نەبوون‌و چەپ تەنیا رەوتێکی شۆڕشگێڕانە بوو، نەك رەوتێکی دیموکراتیك. پێموایە ئیتر ئەمڕۆ ئەم وڵاتانە تێگەیشتوون کە دیموکراسی بۆ رزگار بوونیان زۆر پێویستەو دەستیانداوەتە رێزدانان لە بەها مرۆیی‌و ئازادییەکان، لە هەمان حاڵدا کە پێکەوە جیاوازیان هەیە دەستیانداوەتە رەخنەگرتن لە کۆمەڵگای تاك رەهەند. ئەمڕۆکە لە ئەمریکای لاتیندا رەوتی راست‌و چەپی دیموکرات هاتۆتە ئاراوە، هەرچەند کە هێشتا بە دەگمەن هەڵگرانی بیرۆکەی چەپی پێشوو دەبینرێن.

*** ئێوە باستان لەوەکرد کە رەخنە لە راستیەکانیش دەگرن‌و کەسێکی لایەنگر نیت. کە وایە مەبەستەکەم بە نموونەیەك روونده‌کەمەوە. ئێوە بەردەوام لە نەبوونی ئازادیی رادەربڕین لە ڤێنزۆێلا رەخنەتان گرتووەو (هۆگۆچاڤز) بە دیکتاتۆر ناو دەبەن، بەڵام هیچکات رووینەداوە لە لایەن بەڕێزتانەوە رەخنەیەك ئاراستەی سەرکۆماری راستی (کۆلۆمبیا) واتە (ئالبارۆ ئۆرییە) بکرێت، بۆ؟**

چونکە (ئالبارۆئۆریبە) رێز لە دیموکراسی دەگرێت‌و کۆلۆمبیاش وڵاتێکی ئازادە. لە کۆلۆمبیا رۆژنامەو کەناڵی رادیۆیی‌و تەلەفیزیۆنی زۆر هەن کە رەخنە لە دەوڵەت دەگرن‌و تەنانەت دژی دەوڵەتیشن.

لەو وڵاتە هەڵبژاردنەکان ئازاد بەڕێوە دەچن، هەڵبەت دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کۆلۆمبیا لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی بەرەورووەو مادەهۆشبەرەکان‌و کێشەو گرفتی دیکە بەرۆکی ئەو وڵاتەیان گرتووە، بەڵام بەگشتی لە کۆلۆمبیا دیموکراسی هەیە. خاڵی جێگای تێرامان‌و سەرسوورهێنەر لێرەدایە کە بە بوونی ئەو هەموو گرفتانە، شەڕی ناوخۆیی‌و کاریگەری رووخێنەری مادەهۆشبەرەکان لە ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا، دیموکراسی لە کۆلۆمبیا دەوامی هێناوە.

*** پێموانییە بەم چەشنە بێت کە ئێوە باسی دەکەن، بۆ وێنە هەڕەشەکان بۆ سەر رۆژنامەنووسی ناوداری کۆلۆمبیایی(دانیل کرۆنێل) لە لایەن دەوڵەت‌و**





**بە تایبەت (ئالبلرۆئۆرییە)ەوە دەنگدانەوی جیهانیی هەبووە. بەرای زۆرێك لە رۆژنامەنووسان ئازادیی رادەربڕین لە کۆلۆمبیا ئەگەر پتر لە ڤێنزۆێلا لە مەترسیدا نەبێت، بێگومان کەمتر نییە؟**

نا، ئەمە راست نییە، ئەم قسەیە بە هیچ شێوەیەك راست نییە. لە کۆلۆمبیا ئازادیی رادەربڕین هەیە. لە کۆلۆمبیا کێشمەکێشی سیاسی‌و شەڕی ناوخۆیی لە ئارادان. هەندێك کات رەنگە گرووپگەلێکی غەیرە نیزامی وەك: FARC{ هێزە نیزامییە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا}و ELN {ئەرتشی رزگاریدەدەری نەتەوەیی}و تەنانەت خودی دەوڵەتیش مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. بەڵام ئەگەر ئیعترازو رەخنەیەکیش هەبێ، دەکرێ لە لای ناوەندە دادپەروەری‌و قەزاییەکان شکایەت بکرێ. دادگاکانی کۆلۆمبیا بە تەواوەتی سەربەخۆن. ئەوەم قبووڵە کە کۆلۆمبیا وڵاتێکی گەشەسەندوو نییە، بەڵام بەهەرحاڵ لەو وڵاتە دیموکراسی حاکمەو توانیویە هەتا ئەمڕۆ بڕ بکات. غەیرە نیزامییەکان‌و شەڕی ناوخۆی‌و مادەهۆشبەرەکان ئەم وڵاتەیان خستۆتەوە ژێر کاریگەرییەوە. کۆلۆمبیا بە هیچ شێوەیەك لەم بارەوە لەگەڵ ڤێنزۆێلا هاوشێوە نییە. هۆگۆچاڤز هەرچەندەش کە خۆشەویست بێت، بێ ئەملاوئەولا دیکتاتۆرە، کەسێك کە پێڕەوی لە بڕیارەکانی (فیدل کاسترۆ)دەکات. چاڤز بەرەبەرە بنەماکانی دیموکراسیی ڤێنزۆێلای نابووت کردووە. سەرەڕای گشت ئەمانە، رەنگە هەلومەرجی ڤێنزۆێلا ئێستاش ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. بە تایبەت دوای رووداوێك کە بەم دوایانە هاتە ئاراوە {دووەمی دیسامبر خەڵکی ڤێنزۆێلا لەگەڵ سەرکۆماری بوونی هەتاهەتایی هۆگۆچاڤز دژایەتیان کرد}. ئەو رووداوەی نە هاتە ئاراوە، نیشانەی گۆڕانکارییەکی لەبارو بەجێیە کە روویانداوەو دەربڕی ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێ لە دیکتاتۆری دوور بکەونەوە. بەڵام بەگشتی، بەرای من کراتووری ئازادی هێشتا لە ئەمریکای لاتین زیندووەو لە دەمارەکانی خەڵکدایە. من پێموایە شکستی ئەم دوایانەی چاڤز لەگەڵ پشتیوانیی باش‌و بەرینی خەڵکی ئەمریکای لاتین بەرەوروو بۆتەوەو ئەمەش خۆی ئاسۆگەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ داهاتووی مێژووی ناوچەکە. واپێدەچێت رووداوگەلێکی کاریگەر لە حاڵی رووداندابن.

**پ:رەوتی زاڵی سیاسی لە ئەمریکای لاتین، پێچەوانەی روانگە سیاسیەکانی ئێوە دەڕواتە پێش. لە بەرازیل، ئارژانتین، بۆلیڤیاو ئیکوادۆر حکوومەتگەلی چەپ دەسەڵاتیان بە دەستەوەگرتووە. جیا لەمانەش هێشتا گرفتی دیکتۆریی**

**ئەمریکای لاتین چارەسەرنەکراوە، سەرەڕای بوونی ئەم هەموو دۆخە ئاڵۆزانە داهاتووی ئەمریکای لاتین چۆن لێکدەدەیەوەو بە داهاتوو، خۆش بینیت یان ڕەش بین؟**

بە رای من ئەگەر چەپی دیموکرات لە ئەمریکای لاتین پەرە بستێنێت، بارودۆخەکە باشتر دەبێت. بۆ وێنە من نیگەرانی دیموکراسی لە بەرازیل نیم، چونکە سەرکۆمار (لۆلا) ڕێز بۆ دیموکراسی دادەنێتو ئەمڕۆکە بە پێوەرە دیموکراتیکەکان وڵاتەکەی بەڕێوە دەبات. یان بۆ وێنە لە ئۆرۆگواو لە شیلی. بەڵام لە بۆلیڤی هێشتا نازانم چ ڕوودەدات، چونکە هەلومەرجی ئەوێ بە تەواوەتی جیاوازەو سەرکۆمار (ئێوا مورالس) نەختێك... مەبەستم ئەوەیە کە لە بۆلیڤی هەلومەرجەکە نەختێ ئاڵۆزەو وڵات لە ناسەقامگیریدا گیری خواردووە. بەڵام لەبارەی وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتین، من قەت مرۆڤێکی ڕەشبین نیم، بەتایبەت دوای ئەو ڕووداو و دژایەتیەی کە بە دژی هۆگۆچاڤز لەم دوایانە لە ڤێنزوێلا ڕوویدا. بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتە لە دیکتاتۆری زویرو ماندوو بوون، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە زۆر جێگای هیواو دڵخۆشکەرە.

*** قسەیەکی ( خۆزێ سارامگۆ )م هاتەوە بیر . ئەو لە وتووێژێك لەگەڵ ( لۆمۆند ) وتوویە کە دیموکراسی بە بنبەست گەیشتووەو دەبێت شتێکی دیکە دابهێنرێ. ناوبراو بە ئاماژە بە بەشداری نەکردنی بەشێکی زۆری خەڵکی دونیا لە لە هەڵبژاردنەکان بە ( لۆمۆند )ی گوت: کە بەڕای من ئیتر دیموکراسی وەڵامدەری هەلومەرجی دونیا نییە. ڕای ئێوە لە بارەیەوە چییە؟**

هەڵبەتە، ئەوە شتێکی ڕوونە کە دەبێ ئەو قسەیەکی لەو چەشنە بکات. چونکە (خۆزەساراماگۆ) کۆمۆنیستەو هیچ باوەڕێکی بە دیموکراسی نییە. ئەو پێیخۆشە تەواوی خەڵکی دونیا ببنە کۆمۆنیست. بەڵام من دژی کۆمۆنیزممو باوەڕم بە ئازادیی گشتیی کۆمەڵو تاكو پێکەوەژیانی مرۆڤەکان هەیە، سەرەڕای لەبەرچاو گرتنی جیاوازیی بیروڕا. من دژی هەرچەشنە دیکتاتۆرییەکم، لە حاڵێکدا (خۆزێ ساراماگۆ) عاشقو شەیدای (دیکتاتۆری)یە. ئەو پێیوایە (ستالین) مرۆڤێکی هەڵکەوتەو تایبەتی بووە، بەڵام من لەو باوەڕە دام کە (ستالین) جینایەتکارێکی بەتەواو مانا بووە. ڕوونو ئاشکرایە ئەو دەبێ وەها قسەیەك بکات، بەڵام ئێمە بە تەواوەتی لێك جیاوازین.



***بەڕێز بارگاس یووسا، دەمەوێت باسەکە بەگشتی بگۆڕمو لەبارەی ڕۆمانەکانتانەوە پرسیار بکەم. ( سانتیاگۆ )ی گەنج ڕۆمانی ( وتووێژ لە کاتدرال ) هەتا چەندە پێوەندی بە سەردەمی گەنجیەتی خۆتەوە هەیە؟**

پێموایە من لە سانتیاگۆ چالاکترم. ( بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ) سانتیاگۆ نەختێك ئەرێنیو نابار دەجوولایەوەو لە بەراورد لەگەڵ مندا کەسێکی ڕەشبین بوو. سانتیاگۆ لەو گرفتانەی کە ئاڵقەو گەمارۆیان دابوو وەڕەزو ماندوو ببوو، بە هۆی ئەو گەندەڵیە قووڵەی کە وڵاتەکەی داگرتبوو، تووشی جۆرێك لە ڕەشبینیو داماوی هاتبوو و تەسلیم ببوو و خۆی تەریك خستبۆوە. خۆیکردبۆوە قوربانیو هەر بەو بۆنەیەوە پێیوابوو لە وڵاتێکدا کە دەستو پێی بە زنجیری گەندەڵیو لادان بەستراوە هەر مرۆڤێك کە سەرکەوێ داگیرکەرە. بەڵام من بە هیچ شێوەیەك وەکو سانتیاگۆ بیرناکەمەوە. ئەو ڕەشبینیەی کە سانتیاگۆی داگرتبوو، زۆر قووڵو بەربڵاو بوو و ئەم ڕەشبینیە ڕەنەی کردۆتە ناو زۆریك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینو بەتایبەت ڕووناکبیرانو چالاکانی ئەو وڵاتانەی گرتۆتەوە. لەو کاتەدا چینی مامناوەندی کۆمەڵگا تووشی دۆش دامانو پاسیڤییەکی زۆر هاتبوو، کارایيو چالاکیی خۆی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانو گۆڕینی ژینگەی کار لە دەستدابوو.

*** مەبەستی من زیاتر لێچوونو هاوشێوەیی نێوان چۆنیەتی ئاشنایيو نزیکی سانتیاگۆ لەگەڵ کۆمۆنیزمە. هەستمکرد کە لەوانەیە خودی ئێوەش چەشنی ئەو بە دوای کۆمۆنیزمدا ڕاکێشرابن؟**

پەنجا ساڵ لەمەبەر لە ئەمریکای لاتین کۆمۆنیزم تەنیا ڕێگەچارە بوو و ئێمەش هەڵمانبژارد هەتا کۆمەڵگایەکی باشترو سەرکەوتووترو بەختەوەرتر بنیات بنێین، بەڵام تێگەیشتین کە کۆمۆنیزم ڕێگەچارەیەکی عەقڵانی نییەو بە پێچەوانەوە کۆمۆنیزم هەموو شتێکی تێکداوەو گرفتی زۆری سازکردووە. پەنجا ساڵ لەمەو پێش کۆمۆنیزمبوون لەگەڵ کۆمۆنیزمبوونی ئێستا زۆر جیاواز بوو. پەنجا ساڵ لەمەوبەر کەسێك کە دەبووە کۆمۆنیزم هەموو بە چاوی مرۆڤێکی نەزانو ساویلکە چاویان لێدەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە قەت وا نییە، ئەمڕۆ واتاو چەمکی کۆمۆنیزم ئیدی دەرکەوتوەو دیارە.

***(وتووێژ لە کاتدرال) کتێبی دڕدونگیە. سانتیاگۆ وەك کەسێتی سەرەکیی ڕۆمان، لە ڕاپەڕاندنی زۆرێك لە کارەکانییدا تووشی دڕدونگیو ڕاڕایی دەبێتو بەتایبەت لە هەڵبژاردنی کۆمۆنیزمدا دوودڵە. مەبەستی منیش لە لێکچوون زیاتر دوودڵیی سانتیاگۆیە لە جەریانی هاوکێشە سیاسیەکانی وڵاتەکەیدا؟**

هەڵبەتە من لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆمم بەکار هێناوە، بەڵام نەك سەداسەد. لە خولقاندنی سانتیاگۆدا بیرەوەریی سەردەمی زانکۆو دیکتاتۆریی نیزامیی (ئەدریا) زۆر کەڵکم وەرگرتووە، بە تایبەت لە ئەزموونەکانم وەکو ڕۆژنامەنووسێکی لاو لەو ساڵانەی (پیرۆ)دا. بەڵام لە لایەکیشەوە نا، ئەزموونە تاکەکسیەکانیش تێکەڵ بوون، بەڵام خەیاڵو فانتازیاش لە بەرهەمهێنانی ئەو ڕۆمانەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە. (وتووێژ لە کاتدرال) ڕۆمانێکە نەك کتێبێکی مێژوویی، هەرچەند کە ڕووداوگەلی ڕاستەقینەی مێژوویی تێدا هاتووەو منیش لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا کەمو زۆر بە ژیانی ئەوکاتی خەڵك لە پیرۆو تەنانەت لە وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتینی ساڵانی پەنجا وەفادار بووم.

***(وتووێژ لە کاتدرال) داڕشتنو پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە. دیالۆگی جۆراوجۆرو تێکەڵاو و لە هەمان حاڵیشدا ناڕێکوپێكو ئاڵۆز کە پێکهاتەیەکی تایبەتو جیاوازی بەم ڕۆمانە بەخشیوە. بۆچی شێوە داڕشتنی دیالۆگتان بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە هەڵبژارد؟**

دەبوایە بە جۆرێك ئەو داستانەم جێگیرو تێکەڵاو کردبا، دەنا وەها ڕۆمانێك کە بڕیاربوو تەواوی ڕووداوەکانی کۆمەڵگایەك لە ماوەی هەشت ساڵ دیکتاتۆریدا لەخۆی بگرێ، بێگومان قەبارەکەی لە ئێستا گەورەتر دەبوو. ڕەنگە دەیان بیست بەرگ ڕۆمان ببوایە. تەنیا ڕێگەچارە تێهەڵکێشی پێکهاتەی وتووێژ بوو. من بۆ گەیشتن بە قەوارەی گێڕانەوەی (وتووێژ لە کاتدرال) زۆر ماندوو بووم. بەبیرم دێت کە ساڵی یەکەم کە سەرقاڵی کارکردن لەسەر ئەم ڕۆمانە بووم، بەتەواوەتی گێژوێژ ببوومو خۆمم ونکردبوو. تەنیا بەشە لاوەکیو بەربڵاوەکانیم دەنووسی،ئیتر نەمدەزانی چۆن چۆنی ڕێکیان خەمو دایانبڕێژمەوە، هەتا ئەوەی کە ڕۆژێك فکرێك بە مێشکمدا هاتو بڕیارمدا کە وتووێژێك تەوەرو بابەتی سەرەکیی گشت داستانەکە بێت. ئیتر لەو کاتەوە بەدواوە بوو کە توانیم بیرو هزرم ڕێکبخەمەوە، دەنا لە سەرەتای نووسینی ڕۆمانی(وتووێژ لە کاتدرال)دا بەڕاستی گێژ ببووم.



***باشە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو قەوارە تایبەتەو لە هەمان حاڵدا ئەو ئاڵۆزیەی کە (وتووێژ لە کاتدرال) هەیەتی، وای دابنێین ئەمڕۆ هەمیسان بڕیارە ڕۆمانێکی لەم چەشنە بنووسن، پێتانوایە دووبارە بتوانن بۆ جارێکی دیکە ئەو قەوارەو پێکهاتەیە هەڵبژێرن؟ یان دووبارە توانایی نووسینی شتێکی واتان هەیە؟**

هەڵبەتە ئەگەر بڕیار بێت دووبارە وەها ڕۆمانێك بنووسم، ئیتر ئەو قەوارەو داڕشتنە هەڵنابژێرم. فۆرمی گێڕانەوە لە (وتووێژ لە کاتدرل) لەو سەردەمەدا باوبوو و جێکەوتبوو، چونکە ئەوکات، بە درێژایی چەندین ساڵ ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین کەوتبووە ژێر کاریگەریی (ویلیام فاکنر، جان دوس پاسۆسو جیمز جۆیس)ەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئیتر من بەو چەشنە ڕۆمان نانووسم، بۆ نموونە (جەژنو شادیی بزن)یش ڕۆمانێکە لەبارەی دیکتاتۆرییەوە، بەڵام من تێیدا بە تەواوەتی داڕشتنێکی جیاوازم بەکارهێناوە، داڕشتنێك کە هاوشێوەی ئەدەبیاتی ئەمڕۆیەوو زۆر لێوەی نزیکە.

***دیکتاتۆریو دیکتاتۆر لە ڕۆمانەکانی ئێوەدا زۆر دەبینرێن، بەڵام وێنای دیکتاتۆر بۆ وێنە لە (جەژو شادیی بزن)دا نەختێ پارادۆکسە. یانی (ترۆخیۆ)بەو چەشنەی کە دبوا ببایە، وەك دێوەزمە وێنا نەکراوە، ئەویش وەکو مرۆڤەکانی دیکەی کۆمەڵەو تەنانەت هەندێك کاتیش دەبینین کە دڵسۆزی بۆ وڵاتەکەی دەکات، دەمەوێ پرسیارێك بێنمە گۆڕێ کە بۆ هێنانە بەرباسی پێویستمان بە نموونەیەکە.لە هەندێك لە وڵاتان سەرەرای تێپەڕینی تەنانەت سەدەیەك لە تەمەنی دیکتاتۆرییەك، خەڵك هێشتا لە قەزاوەتکردن لەبارەی ئەو دیکتاتۆرەوە تووشی گرفتو پارادۆکس دەبن. هێندێك ئەو دیکتاتۆرە بە کەسێکی باش دادەنێنو پێیانوایە کاری باشو بەنرخی بۆ وڵاتەکەیان بە ئەنجام گەیاندووە، لە حاڵێکدا تاقمێکی دیکە بەبێ هیچ دڕدونگیەك ئەو دیکتاتۆریە بە جینایەتکار ناو دەبەن. پێتانوایە بۆچ لە بارەی دیکتاتۆرە گەورەکانەوە لەگەڵ پارادۆکسێکی لەم چەشنە بەرەوڕووین؟**

ناکرێت دیکتاتۆرێك کە بیستو چوار کاتژمێر دیکتاتۆرە لەگەڵ کەسێکی دی کە تەواوی کردارو هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرانەیە پێکەوە بەراوردیان بکەیت، کەسێك کە تەنانەت بە گشت هەناسەو نیگاو کردارەکانییەوە دیکتاتۆرە. بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ناخی هەردووکیاندا خاڵێکی هاوبەش هەیە؛ ئەوە شتێکی ڕوونە کە کاتێك کرداری باشو

خراپی دیکتاتۆرێك بەراورد دەکەین، کرداره خراپەکانی قورس‌و خەستترن. له هەموو بارێکەوه بەبێ جیاوازی له ئەنجامدا کرداره خراپەکان حاکمن. رەنگه دیکتاتۆرێکیش کردەوەی چاك ئەنجامبدات، بەڵام ئەمه قەت شتێکی گرنگ نییه، گرنگ هاوسەنگیی کردارەکانی دیکتاتۆره که هەموو کات ئەم هاوسەنگییه تراژیدی بووه. دیکتاتۆرەکان کۆمەڵگایان له هەموو بارێکەوه نابووت کردووەو هەر بۆیه لەو باوەڕەدام هەر چەشنه دیکتاتۆرو دیکتاتۆریەك بەبێ هیچ بیانوویەك دەبێ مەحکووم بکرێت، تەنانەت ئەگەر له هەلومەجێکی تایبەتیشدا کارگەلێکی بەنرخی بۆ کۆمەڵگاش جێبەجێ کردبێت.

***هەندێك له رەخنەگرانی ئەدەبی (شەڕی ئاخرزەمان) بەپێی قەبارەی کتێبەکەو رێژەی گێڕانەوه، کەسێتی‌و رووداوەکانی لەگەڵ کتێبی(شەڕو ئاشتی)ی لیۆتولستۆی بەراورد دەکەن؟**

چ بەراوردێکی سەیر. من بەڕاستی بۆ ئەم بەراوردکردنه هەست به غروورو له خۆبایبوون دەکەم، چونکه بەڕای من (شەڕو ئاشتی)باشترین کتێبه که له مێژووی ئەدەبیاتدا نووسراوه. من زۆر شەیدای ئەم رۆمانەم‌و تۆلستۆی لەلای من گەورەترین رۆماننووسه.

***هەڵبەته ئەم بەراورده زیاتر به هۆی قەبارەی کتێبەکان‌و رادەی کەسێتی‌و رووداو و شوێنەکانه. به سەرنج بەوەی که نووسینی وەها رۆمانێك بەو قەبارەو تایبه تمەندیانەوه زۆر جار وەك ریسك به حیساب دێت‌و زۆرێك له رەخنەگران، ئەمرۆکه لەو باوەڕەدان که رۆمانه گەورەو به قەبارەکان بەدەگمەن دەخوێنرێنەوه، له کاتی نووسینی (شەڕی ئاخر زەمان)دا لەوه نەدەترسایت که رۆمانەکەت پێشوازی لێنەکرێت؟**

من هیچکات له وەختی نووسینی رۆماندا بیر له خوێنەر ناکەمەوه. کاتێك شەیداو خولیای نووسینی رۆمانێك دەبم، بیر له خوێنەرەکانم ناکەمەوەو تەواوی بیرو خەیاڵم دەخەمه گەڕ هەتا رۆمانەکه به باشترین شێوه خۆم رازی بکات‌و منیش ئەم مەسەلەیەم له (شەڕی ئاخرزەمان)دا سەلماندووه. ئەوەی که خوێنەری من چی بەسەر دێت، یان ئەوەی که رۆمانەکەم پێشوازی لێدەکرێ یان نا، بیری لێناکەمەوه، پێموایه هەموو نوسەرانی دیکەی دونیاش راست وەکو من دەجوولێنەوه. ئەوەی که بۆ من گرنگه ئەوه نییه که دوای تەواو بوونی رۆمانەکه چ روو دەدات، له کاتی نووسینی رۆماندا ئەزموونێکی



گەورەو بەنرخ، که لەگەڵی بەرەورووم بۆ من گرنگه. ئەوەی که مرۆڤ ساڵێك، دوو ساڵ، سێ ساڵ گیرۆدەو شەیدای داستانێك بێت، بەڕاستی شتێکی سەرسووڕهێنەره. ئەوەی که مرۆڤێك وشەی فانتازیا دادەهێنێت‌و دوای تەواوبوونی رۆمانەکەش خۆ زاتی غەیبی پێ نییه، هەمیشه دژکردەوەکانی خوێنەران مرۆڤ تووشی حەپەسان دەکات.

***(شەڕی ئاخرزەمان) له راستیدا کێشمەکێشمی نێوان نەریت‌و مۆدێرنیتەیه؟**

راست وایه، باشترین شێوازێك که بکرێ ئەم کتێبه پێناسه بکەی هەمان ئەو شتەیه که ئێوه باسی دەکەن، واته مشت‌ومڕی نێوان نەریت‌و مۆدێرنیتەیه، هاوڕاتم.

*** به گشت ئەمانەوه، مشتومڕی نێوان نەریت‌و مۆدێرنیته لەم سەردەمه له ئارادایه، بەبێ ئەوەی که ئێوه به دەرەنجامێك بگەن، یان رێگه چارەیەك نیشان بدەن، ئاخۆ ئێستاش کێشمەکێشمی نەریت‌و مۆدێرنیته له ئەمریکای لاتین له گۆڕێدایه؟**

بەڵێ، زۆریش به بەرفراوانی، کێشمەکێشی نێوان نەریت‌و مۆدێرنیته تەنیا له بەرازیل روو نادات، بەڵکو له زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەبینرێ. ئەم پێکدادان‌و مشت‌ومڕه ئاڵۆزەی نەریت‌و مۆدێرنیته نەتەنیا له ئەدەبیات‌و کولتووری ئەمریکای لاتیندا دەبینرێ، بەڵکو له سیاسەت‌و پێوەندییه کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکیشدا له ئارادان. بیرۆکه نەریتیەکان هێشتا له هەندێك له وڵاتان وەك: پیرۆ، مەکسیك، گواتمالا به چڕی له ئارا دان، له لایەکی دیکەش ئەم نەریته بۆته هۆی دەوڵەمەندبوونی کولتووری وڵاتان‌و رابردوویەکی قووڵ‌و رەسەنی بۆ پێکهێناون. له هەمان حاڵیشدا، کێشمەکێشی نێوان نەریت‌و مۆدێرنیته بۆته هۆی گەشەو پێشکەوتنی کولتوورو ئوستوورەکان‌و هونەر له ئەمریکای لاتین. ئەگەر بتوانین روانگه جیاوازەکان لەبارەی واقیعەکانی کۆمەڵگاوه پێکەوه بگونجێنین، دەتوانین ئەنجام‌و داهاتوویەکی باش بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین پێش بینی بکەین.

**پ: بەرێز ڤارگاس یووسا، ئێوه زیاتر لەبارەی رابردووه دەنووسن، بەتەما نین، بپەرژێنه سەر بابەتەکانی ئەمڕۆش؟**

من هەموو کات لەبارەی بابەتەکانی دونیای هاوچەرخەوه نووسیومه، رەنگه له رابردوو کەڵم وەرگرتبێ، بەڵام رابردوو رێکارو ئامرازێکه بۆ لێوان لەبارەی داهاتووه.

دەكرێ بە زمانی داهاتووە لەسەر ئەمرۆ قسە بكەی. من نووسەری سەردەمی خۆمم. مرۆڤێكی سەدەی نۆزدەیەم نیم. بۆ وێنە لەمەڕ (ترۆخیۆ)، شەڕی ناوخۆیی بەرازیلو بابەتەی دیكەم نووسیووە، ڕەنگە بابەتگەلێك هەڵبژێرم كەلە ڕابردوودا ڕوویان دابێ، بەڵام قەت نیگەران مەبن، من لەگەڵ سەردەمدا دەڕۆمە پێش. بڕواتان هەبێ. (پێدەكەنێ).

**پ: ئاغای یووسا، چ شتێك بووە هۆی ئەوەی كە ئێوە وەك نووسەرێك تێكەڵ بە دونیای سیاسەتبن‌و بڕیار بدەن كەلە هەڵبژاردنەكانی سەركۆماریدا بەشداری بكەن؟**

ولاتی پیرۆ ئەوكات بەرەورووی هەلومەرجێكی ساسیی زۆر زۆر ئاڵۆز ببۆوە. لە لایەك لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی بەڕورووی بووین‌و لە لایەكی دیش دەوڵەتێكی دیموكراتیش كە ئەوكات پێكهاتبوو زۆر زۆر لاواز بوو و هەر ساتێك ئەگەری ڕووخانی یەكجارەكی دیموكراسیی پیرۆ لە ئارا دابوو. گرفتە ئابووری‌و كۆمەلایەتییەكان لە پێرۆ زۆر بوون‌و هەلاوسانێكی زۆر ولاتی داگرتبوو، منیش لەو باوەڕە دابووم كە هەر ئان‌و ساتێك ڕووبەڕووی ڕووخانی دیموكراسی بینەوە. لە وەها بارودۆخێكدا بوو كە تێكەڵ بە سیاسەت بووم‌و هەوڵی خۆمدا. من هەرچەند لە هەڵبژاردنی سەركۆماریی پیرۆدا سەرنەكەوتم، بەلام ئەزموون‌و وانەی زۆر بەنرخ بوو بە نسیبم.

*** بەبیرم دێتەوە كەلە وتووێژێكدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئینگلیزی (گاردیین) ئاماژەت بەوە كرد كە ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوی كە لەوە تێبگەن كە سیاسەت چۆن چۆنی دەتوانێت مرۆڤە ئاساییەكان بكاتە دێوەزمەی بچووك. لەوەی كە چوویتە ناو سیاسەتەوەو بە تایبەت كە بەشداری هەڵبژاردنی سەركۆماریدا بەشداریت كرد پەشیمان نیت؟**

قەت پەشیمان نیم. چونكە من بە پێشینەیەكی باشەوە چوومە ناو سیاسەتەوەو دەمزانی كە دەمەوێ چ بكەم. بەهەرحاڵ هیچكات دووبارە ئەوكارە دووپات ناكەمەوە، بەلام لەو سالانەدا زۆر شت‌و وانەی بەنرخ فێربووم‌و لەوە تێگەیشتم كە من سیاسەتوان نیم، تێگەیشتم كە من نووسەرێكم. لەوە گەیشتم كە وەك نووسەرو ڕۆشنبیرێك دەبوا تەنیا لە باسە خەڵكی‌و كۆمەلایەتییەكاندا بەشداری بكەم، نەك لە ئاستی بەرزی سیاسیدا. بەلام نا، قەت پەشیمان نیم. بەڕاستی ئەزموونێكی تەژی لە وانە بووو لە لایەكیش بۆ نووسەرێك تەنیا ئەزموونی خراپ واتای نییە، بۆ نووسەر هەموو شتێكی بەنرخ ئەزموونە.





*** سالانی پێشوو لە پشتیوانانی (فیدێل كاسترۆ) بوویت‌و هاوكات لەگەڵ (گابریل گارسیا ماركز) لایەنگریتان لێكرد. هەموان دەزانن كە مەسەلەی (ئەربێرتۆ پادیا)ی شاعیرو ئەو نامە ئیعترازییەی كە نووسراو (گابریل گارسیا ماركز)واژۆی نەكرد، بەرەبەرە بووە هۆی ئینشعابی ئێوە لەو كۆمەڵە نووسەرەی كە پشتیوانیان لە (فیدێل كاسترۆ)و كۆمۆنیزم دەكرد، چ شتێك بووە هۆی دابڕانی ئێوە لەو ڕەوتە، بە تایبەت لە دۆست‌و هەڤاڵی دێرینەتان واتە (گابریل گارسیا ماركز)؟**

{ پێدەكەنێ }، ئەی، چیرۆكێكی دوورو درێژە. بەڕاستی داستانێكی دوورو درێژە. من سەرەتا پشتیوانی شۆڕشی كووبا بووم، سەرەتا پێموابوو كە شۆڕشی كووبا دەبێتە هۆی پێشكەوتنی ولات‌و لەگەڵ خۆی ئازادی‌و پلورالیزم بە دیاری دێنێ. (فیدێل كاسترۆ) لە سەرەتادا بە ڕێبەری وەها گۆڕانكارییەك دەهاتە پێش چاو، بەلام ئێمە بە هەڵەدا چووبووین‌و سادە بووین. لە ئەنجامدا ئەو بە خێرایی بوو بە دیكتاتۆرێكی بە تەواو مانا. (فیدێل كاسترۆ) تەواو لەوە گەیشتبوو كە باشترین ڕێگە بۆ پاراستنی دەسەلاتی هەتاهەتایی، دیكتاتۆریە. ئەم ڕەوتە بووبە ئەزموونێكی باش بۆ من، چونكە تێگەیشتم كە دەبێ جارێك دی بەو بەهاو نرخانەدا بچمەوە كە باوەڕم پێیان هەیە، لەو كاتەوە بە دوا بوو كە لە گرنگیی ئازادی، دادپەروەری، پلۆرالیزم‌و دیموكراسی گەیشتم. دوای ئەو ڕووداوە هەڵوێستی سیاسیم ڕوونترو جێگیرتر بوو، بووم بە دژبەری هەرچەشنە دیكتاتۆریەك. بوومە دژبەری (فیدێل كاسترۆ). ڕاست ئەم كارەشم لە هەمبەر دیكتاتۆرەكانی دیكەش وەكو(پینۆشە) كردو هیچ جیاوازییەكم لە نێوانیاندا دانەنا.

سەرچاوە: www.rezaghassemi.org

# لە کافکاوە

# تا

# هێرتا موولێر





ریچارد واگنێر
و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

لەساڵی١٩٧٠ و لەو کاتەدا کە کۆمۆنیزم لە لووتکەی گەشەکردندا بوو لەگەڵ هێرتا مولێر ئاشنا بووم. لەو کاتەدا ئێمە هەر دووکمان هێشتا لەقوتابخانە سەرقاڵی خوێندن بووین و لە کێبەرکێیەکی بابەت نووسیندا بەناوی "ئۆلۆمپیکی ئەڵمانیا" بەشداریمان کرد. هەر دووکمان تازە دەستمان دابووە نووسین‌و ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی شیعرەکانمانی بڵاو دەکردەوە.

هەر دووکمان لە نێوان ئەو کەمایەتییانەی کە بەرەگەز ئەڵمانی بووین لە گوندێکی



ناوچەیی" پانتا" لە وڵاتی ڕۆمانیا، گەورە بووین و بە شێوازێکی تایبەت کە لە ئەڵمانیشا باو نەبوو قسەمان دەکرد، بەڵام ئەم شێوازە تا ڕادەیەك نزیك بوو لە قسەکردنی خەڵکی باشووری ئەڵمانیا. لە ئەڵمانیا وەك ڕۆمانیاییەك ئێمەیان دەناسی‌و لە لایەن ڕۆمانییەکانیش بەچاوی ئەڵمانی سەیر دەکراین. کاتێك کە ئێمە لەشاری" هرمان ئیشتات" پێکەوە ئاشنا بووین، بەم زاراوەیە پێکەوە قسەمان نەدەکرد، بەڵکو بە وتەی خەڵکی"پانتا" بە زمانێکی ئەڵمانی کە لەناو خەڵکدا باو نەبوو قسەمان دەکرد. پاشان تەنانەت لەنێوان هاوڕێکانیشمان لەکۆمەڵی نووسەرانی لاودا کە بە"ئاکسیۆن گرووپە" دەناسرا، هەر بەم شێوە زمانە قسەمان دەکردو بەڵێنمان دا کە بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی زمانی ئاڵمانیمان خۆمان لەو شێوەزارە ئاخاوتنە بپارێزین. ئەم کۆمەڵە لەواقعیدا لە هەناوی کۆبوونەوەی جیلی ئێمە بیچمی گرت‌و توانی ئەدەبیاتی کەمینەی بەرەگەز ئاڵمانی ڕۆمانییایی لە بنچینەوە بگۆڕێت. زمانی ئاڵمانی ئێمە هەڵبەت جیاواز بوو لەزمانی فەرمی ئاڵمان‌و باوی ئەو کات، بگرە زمانێکی تایبەت بوو کە لە سەدەی بیستەمدا توانی لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی گرنگ‌و بەپێزدا سەرکەوتنی گرنگ دەستەبەر بکات. ئەم زمانە، زمانێکە کە هەر لە کافکاوە تا پاول سلان‌و لە ژۆزف ڕوسەوە تا هێرتا مولێر درێژەی هەیە.

کەمایەتییەکان خاوەن ڕۆحییەکی بگۆڕو کۆچەرین‌و بەردەوام لەبەردەم مەترسی بێ شوناسی‌و چییەتی خۆیاندا ژیان دەبەنە سەر. بەڵام ئەم ترسە لەهەمان کاتدا دەلاقەیەکە بۆ جیهانێکی دیکە، دەلاقەیەك کە جەخت لەسەر هەمەڕەنگی جیهان دەکاتەوە. لەم تەنگبەری‌و هەڵسان‌و داچوونەی نێوان دووجیهانی خۆمان‌و جیهانێکی دیکە، زمان زۆر جار وەك قورساییەکی خراپ‌و زیادە کە دەبێتە لەمپەرێك، خۆی دەنوێنێ. هێرتا موولێر بەڵام بە باشی توانای ئەوەی هەیە کە هاوسەنگییەك لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا پێك بێنێت.

جیهانی ئەدەبی هێرتا مولێر لەژێر کاریگەری وشەکاندایە. وشەکانی خۆی‌و وشەکانی دیتران. بەڵام ئەمە بەمانای بوونی دو فاکتۆیی‌و بوونی هاوکاتی دوو زمان لەئەدەبیاتی ئەودا نییە، ئەو شتەی کە بەردەوام لە ئەڵمانیادا باسی لێوە دەکرێت. زمان، ئامرازی ئەدەبیات نییە، بەڵکو هەوێنی ئەدەبیاتە. نووسەرێك لەباشترین حاڵەتی خۆیداو لەکاتێکدا خاوەن بەختێکی باش بێت، دەتوانێت بەباشی زاڵ بێت بەسەر زمانێکداو ئەم زمانە دەبێتە شوناسی سەرەکی ئەو. لەم ڕووەوە دەتوانرێت نووسراوەکانی هێرتا

مولێر لەنێوان کۆمەڵێك نوسراوەدا بەئاسایی بناسرێنەوە.
ئێمە لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا ژیانمان دەبردە سەر. کۆمۆنیزم خاوەن زمانێکی تایبەت بەخۆی بوو. زمانی کۆمۆنیزم، زمانی کۆمەڵێك لە کادرە خاوەن دەسەڵاتەکان بوو. نووسین لەسەردەمی کۆمۆنیزمدا دەبوو بەتەواوی لەژێر کاریگەری خواستی حاکمان بوایەت. ئەو سەردەمە بەباشی لە رۆژنامەکاندا هەستت بە پڕەنگی ئەم زمانە لە چییەتی رۆژنامەکاندا دەکرد. بەم بۆنەوە بۆ وێناکردنی گرنگی واقعیی جیهان دەبوایە رێکارێکمان بۆ دەربازبوون لەم زمانە زاڵە بدۆزیایەتەوە. گونجاوترین زمان بۆ ئەم ئامانجە، زمانی شیعر بوو. بەهۆی ئەوەی پانتایی شیعر، پانتاییەکی بێ سنوورو کراوەتر بوو. بەم بۆنەوە هێرتا مولێریش کاری خۆی بەنووسینی شیعرەوە دەست پێکرد. بەڵام ئەو بەخێرایی رویکردە نووسینی بابەت. بەڵام لەکۆمەڵگایەکدا کە بەتەواوی لەژێر چاوەدێریدا بوو و سانسۆڕ و خۆسانسۆرکردنی زاڵ بوو، ئەم کارەی مولێر کارێکی زۆر دژوارو تاقەت پڕووکێن بوو. بەم بۆنەوە هێرتا مولێر لەنووسینەکانی خۆیدا بەدوای گەڕانی کەشێکی ئازاد بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی خۆی بوو و ئەم کەشەش، کەشی قۆناغی منداڵی بوو. کەشی گوندەکانی قۆناغی منداڵی ئەو بوو کە لەودا هەموو شتێك راوەستاو و نەگۆڕ و ئەبەدی و بێ کۆتایی دەینواند. هەر ئەم نەگۆڕانەش گرینگیو قورساییەکی وەهمیانەی پێ دەبەخشی.
لەوسەردەمەدا توانایی هەڵبژاردنی ئێمە بەرتەسك بوو بەجۆرێك کە یان دەبوا ئەو رۆڵە بێ جەوهەرەمان قەبووڵ بکردایەتو یان ملمان بە دروشمەکانی رژێم بدایە یان ئەوەی کە وەکوو زۆربەی رۆشنبیرانی رۆمانیایی گۆشەنشینیمان هەڵبژاردایە. بەڵام هەموو سەرجەم ئەو رێگایانەی کە سەرەڕۆیی خستبوویە بەردەمان وەلاناو رێگەیەکی دیکەمان دۆزیەوە کە نە تەنیا لەو کاتەدا نەناسراو بوو، بەڵکوو ئاسۆکەشی بۆ گشتمان نارۆونو پێشبینی کردنی ئەستەم بوو. ئەم رێگەی لەلای هێرتا مولێر لە بازنەی داکۆکی لە بوونی خۆیو بایەخە دەروونیەکانی خۆی نواند. لەساڵی ١٩٨١و لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی "ئادام مولێر گوتنبرۆن" هێرتا مولێر وتی:" من ناهێڵم ئەم کەرەسەو دۆخی سەپێنراوەی دەوروبەرمان ئێمە لەخۆیدا هەڵووشێتو بتوێنێتەوە". کاتێك لە رۆمانیا بووین، هێرتا موولێر بە ئامێرێکی تایپ کە لەلایەن یەکێك لەکەسانی نزیکی بە دیاری وەریگرتبوو، نووسراوەکانی تایپ دەکرد. بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ئامێری تایپە لای خۆی بهێڵێتەوە دەبوایە مۆڵەتی لەپۆلیس وەربگرتایە. بەم بیانووەوە داواکارییەکی نووسیو





لەودا بەو شێوەی کە لەو سەردەمدا باو بوو نووسی: من بۆ رێکوپێك کردنو نووسینی دەقەکانم پێویستم بەم ئامێری تایپە هەیە. رۆمانییەکان ئێستاکەش شانازی بەوە دەکەن کە کاتی خۆی مۆڵەتی ئیشکردن بەو ئامێری تایپەیان بە مولێر داوە.
شاعێریکی ناسراوی خەڵکی رۆمانیا کە ماوەیەك لەوە پێش بەهۆی رەخنەگرتنی ناڕاستی ئێمە لەکۆمۆنیزم سەرزەنشتی دەکردینو بەقەولی خۆی دەیوست رێگەی راستمان نیشان بدات دەیوت: ئامادەم تەنانەت نیوەشەویش لەخەو هەڵسێنن تاکوو هەموو شتێکتان سەبارەت بە مولێر بۆ باس بکەم. دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێم کە ئەم قسەی زۆر ناڕاستە، بەهۆی ئەوەی کە تەنانەت "سکریتات" رێکخراویی ئاسایشی وڵاتی رۆمانییا کە شەو رۆژ گشتمانی لەژێر چاوەدێری دابوو، لافی ئەوەی لێ نەدەدا کە ئاگاداری هەموو شتەکانە. دووکەس لە مەئموورانی پێشووی رێکخراوی ئاسایشی رۆمانیای ئەمڕۆکە سەرکەوتنی زۆریان لەبواری بازرگانیدا بەدەستهێناوە. یەکێك هەر لەم بەرپرسانی رێکخراوی ئاسایشی رۆمانیای ئێستا کە بەرپرسی شارەوانی شارە و یەکێکی دیکەشیان مەداڵیای دەوڵەتیو کەلتووری وەرگرتووە. تا ئێرە هەوڵدا کە لە نیشتمانی باوکی هێرتا مولێر وێنایەکتان بخەمە بەردەست. سەبارەت بەخەڵکی ئاسایی ناوچەی "پانتا" کە هێرتا مولێریان وەك "حەرامزادە"و سپڵە ناو لێدەبرد، لێرەدا هیچ باس ناکەمو بەهۆی ئەوەی شتێك بۆ وتنو نووسین نییە.

سەرچاوە:

http://zamaaneh.com/literature/2009/10/post_550.html

# سارتەر:

# لە نێوان شەیتان و خودادا مرۆڤ هەڵدەبژێرم



و: سەرگوڵ خودا یار

شریخەی هەور، هاواری هەڕەشە ئامێزی ئاسمان و نووری هەورە برووسکە،... چەتەکە لە مۆرە هەڵداندا دەدۆڕێت و هەموو تەمەنی تەرخان دەکات بۆ ئەنجامی کاری چاکە. دواتر ئێمە وەك راهێبێك دەیبینین کە هاتووە بۆ تەڵقین دادانی لەشفرۆشێك و ئەمە لە حاڵێکدایە ئەو بڕیاریداوە کە بەرپرسایەتییەکی و بە گرتنی جۆرێك نەخۆشی قانقاریا، گوناهەکانی ئەو لەشفرۆشە بگرێتە ئەستۆ.

*** خودا تووشی قارقانیای کرد و ئەمە هەر ئەو شتەیە پێی دەوترێت پەڕجوو؟**

راست هەر وایە، هەڵبەت لە شانۆنامەکانی مندا شتێکی لەم شێوە بوونی نییە.لە بنەڕەتدا گۆتێز(Gotez) - -پاڵەوانی من- سەرەتا کۆمەڵێك کاری شەیتانانە ئەنجام دەدات و دواتر بە هۆی تاس خستن(مۆرە هەڵدانەوە)، بڕیار دەدات کە تا هەتایە خۆی تەرخان بکات بۆ کاری چاکە. بەڵام لە راستییدا ئەم لە (مۆرە هەڵهاویشتن)دا قۆپیەی کردووە: نەك خودا بەڵکو خۆی بوو ئەمەی هەڵبژادنەی خستە بەردەستی. لە





چەشنی ئەمە، کە لە کۆتاییدا ئەو بۆ رزگاری ژنێك ، داوای جۆرێك قانقاریا دەکات لە خودا، بۆ جاری دووهەم قوپیە دەکات، هەموو شانۆنامەکە باس کردنە لە پەڕجوو و موعجیزەیەك کە هیچکات رووی نادات.

*** لە بەر ئەمەیە گۆتێز قۆپیە دەکات؟**

گۆتێز قۆپیە دەکات چونکە پرسەکە ناڕاستە. رووداوەکان ئەمەی پێ نیشان دەدەن. بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئەو کاری باش ئەنجام بدات یان خراپ، ئەنجامەکەی وەك یەك وایەو سەختی و دژواری وەك یەکی بۆ دێتە پێش بۆچی؟ لە بەر ئەوەی لە هەردوو حاڵەتتدا کردەوەکانی بە هۆی پێوەندی ئەو لەگەڵ خودادایە کە دیاری دەکرێت نەك لە رێگای پێوەندی ئەو لەگەڵ مرۆڤەکان و سەرەتا ئاکاری توندووتیژانە ئەنجام ئەدات بۆ ئەوەی سەرپێچی کردبێت لە فەرمانەکانی خودا، کە وایە رەشۆکییەکان لە تاڵان کردنەکانی ئازار دەبینن. دواتر بە نیشانەی ملکەچ بوون بۆ خودا دەستبەرداری کارە خراپەکانی دەبێت، بەڵام ئەو هێشتا رەشۆکییەکان بە پەسەند نەکردنی رێکخستنی شۆڕشەکەیان، تووشی شکست و بەدبەختی دەکات، تا ئەو شوێنەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ئەو بۆ خۆی، بەهۆی ملکەچ بوونی بەردەوامی بۆ فەرمانە ئیلاهییەکان لایەنی مرۆڤانەی خۆی لە دەست دەدات یان بێ هێ. دەبێت، ئەگەر بڕیارە مرۆڤەکان سەر لە نوێ لەسەر وێرانەکانی خۆیان زیندوو ببنەوەو هەستنەوە، دەبێت خۆیان وێران بکەن، گۆتێز چونکە چاکە هەڵدەبژێرێت، زۆر ئاسان دەتوانێت خۆی وێران بکات تا سەردەمی پیری.

***تێداچوونی پیری؟ چەند چارەنووسێکی ناخۆش...**

هەڵبەت تا سەر سنووری لەناوچوون، بۆ ئەوەی دیمەنێکی کۆتاییش هەیە، ئێمە هەمدیسان دەگەینەوە بە کۆتاییەکی مەرگ هێنەرو دەزانین خودا بە دڵنیاییەوە مرۆڤەکان کەمتر لە شەیتان وێران دەکات. کە وایە هەڵبژاردنێکی بنەڕەتی تر دەخرێتە بەردەم گۆتێز، ئەو بڕیار دەدات کە (خودا بوونی نییە). ئەمە گۆڕانی باوەڕی گۆتێزە، گۆڕانی باوەڕی ئەو بەرەو مرۆڤایەتی، بە رزگاربوون لە کۆتوبەندی ئەخلاقی سەرچاوە گرتوو لە موتڵەق و رەهاکان، ئەو بنەمایەکی ئەخلاقی مێژوویی، ئینسانی تایبەت دەدۆزێتەوە. ئەو پێشتر توندوتیژی لەبەرئەوە خۆشدەویست کە لە فەرمانەکانی خودا لا

دەدات، دواتر دەستبەرداری توندووتیژی بوو بۆ ئەوەی خودا لە خۆی رازی بکات. بەڵام ئێستا دەزانێت دەبێت هەندێك جار لە بەرامبەر توندوتیژیدا بوەستێتەوە، بە ئارامی لەگەڵ دیتراندا هەڵسووکەوت بکات. ئەو دەبێت بە هاوپەیمانی هاورێکانی و پەیوەست دەبێت بە شۆڕشی وەرزێرەکانەوە، ئەو لە نێوان خودا و شەیتاندا مرۆڤ هەڵدەبژێرێت.

*** کە وایە تۆ بۆ یەکە مجارە رێگە چارەیەك بە ئێمە نیشان دەدەیت. ئاخۆی ئەمە جۆرێك پێشەکی نییە بۆ نامیلکەی ( ئەخلاق )ی ئێوە کە بڕیار بوو هەشت ساڵ لەوە پێش چاپ و بلاوبێتەوە. ئاخۆ بەشی کۆتایی( رێگاکانی ئازادی )یە؟، هەروەها پرسی کردە کە لە ( دەستە پیسەکان )دا باسی لێوە کراوە بەلام چارەسەر نابێت...**

بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەی وێنا دەکرێت من لە دەستە پیسەکاندا دژ بە (هودەرر) خەبات دەکەم و لەگەڵ ئەو لە شەڕدام نە لەگەڵ هۆگۆ. هۆگۆ لاوێکی بۆرژوای ئایدیالیستە کە لە پێویستی کردە تایبەتەکان ناگات. گۆتێز، هۆگۆیەکە کە ئەخلاق و هەڵسووکەوتی گۆڕراوە.

***کە وایە کەسایەتییەکانی ئێوە هەردەم رەنگە روانگەو هەڵسووکەوتی جیاوازیان هەبێت و ئەمەیان پێخۆشە...**

راست هەر وایە. بەڵام پێویستە بە یادی بێنمەوە ئەم روانگە و هەڵسووکەوتانە بە هۆی هەلوومەرجی تایبەتی سەدەی شازەیەمەوەیە، لە روانگەی ئێمەوە ئەمە شتێکی ئاڵۆزو نەناسراوەو من راست هەوڵم ئەوەیە جارێکی تر داینرێژمەوە. بە تایبەت ئەوەی کە بوونی هەموو مرۆڤەکان لەناو کەشوهەوایەکی ئایینیدا قەتیسە. رێگای گۆتێز، رێگایەکە بەرەو ئازادی، چونکە ئەو پشتی لە خودا کردوەو بەرەو گوناه دەڕوات، چونکە ئەو لە بنەما ئەخلاقییەکان کە کات و شوێن ناناسن، دوورکەوتۆتەوەو بەرەو پێبەند بوون و دەربەست بوونێکی بابەتییانە دەڕواتە پێش. لە تەنیشت ئەوەوە کەسایەتییەك هەیە بەناوی (ناستی) ، کە دەبێت شۆڕشگێڕ بێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە سەدەی شازدەیەمدا دەژی، هەڵگری لایەنێکی ئایینییە، کە وایە خۆی بە پێغەمبەر دەزانێت، ئەگەر ئەو کەسایەتییە لە سەردەمێکی تردا بووایە، دەیتوانی دامەزرێنەری حزبێکی سیاسی بێت.

کە پرسی ریفۆرم لێکدەدەینەوە، ئەوەی من دەهەژێنێت ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا هیچ داهێنانێك، لەگەڵ شێوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا ناسازێت و هەموو داهێنانێك لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکە، بەڵکو ئەو داهێنانانە تەنها بە شێوەی ئایدۆلۆژیای





گونجاوی سەردەمی خۆیان دەردەکەون. کاتارەکان، ئاتاباپتیستەکان، لۆتەرییەکان و دیتران، بە شێوەیەکی نەگۆڕ لەو دەستە چەوساوانەن کە دەیانەوێت بوونی خۆیان رابگەیەنن، بەڵام ئەم کارە بە شێوەی ئاینی ئەنجام دەدەن، چونکە لەگەڵ سەردەمدا گونجاو بوو.

***کە وایە ئەگەر گۆتێز و ناستی لە سەردەمی ئێمەدا بووایە ئەو کات ناکۆکی نێوانیان دەبوو بە ناکۆکی نێوان خەباتگێڕو مەترسی کەر( adventurer )ێك؟**

گۆتێز هیچکات مەترسی گەرێك نییە کە لەبەرئەوەی شکستی هێناوە بووبێت بە خەباتگێڕ، بەڵکو گەڕیدەیەکی مەترسی خوازە کە لەگەڵ خەباتگێڕ بووندا تا مەرگ هاوپەیمان دەبێت. گۆتێز و ناستی سەرەنجام لەبەرئەوەی لە دۆئێلدا شکست دێنن پێکەوە ئاشت دەبنەوە، ئەو خەباتگێڕە لە مانای مەترسیکردن و ریسککردن دەگات و تێدەگات رەنگە بە هەڵەدا چووبێت، ئەمەش لە حاڵێکدایە گۆتێزی مەترسی خوازیش بەوە دەگات، لە راستیدا ئەوەی ئەنجامی دەدات دەبێت بە هۆی پاراستنی پرەنسیپی کۆن. شکستی گۆتێز شتێکە وەك ئەو ئانارشیزمەی لە لایەن مامۆستایانی کلاسیکەوە باسی لێدەکرا. بۆ وێنە ئەو سوور بوو لەسەرئەوەی زەوییەکانی لە نێوان وەرزێرەکاندا بەش بکات بەڵام ئەمکارە کە کارێکی تەواو تاکەکەسی و تایبەتییە، شکست دێنێت و هیچ پێوەندییەکی نییە لەگەڵ سەرکەوتنی راستەقینەی ئەودا. تەنیا رێگا چارە، رێگا چارەی گشتی و بە کۆمەڵە.

***هەروەها دۆئلی گۆتێز و ناستی...**

لە تەنیشت ئەوانیشدا هاینریش هەیە کە قەشەیە. لە حاڵێکدا کە روانگەی گەشبینانەی شانۆنامە، بە تەواوەتی روو لە گۆتێزە، لایەنی تاریك تری ئەم روانگەیە لە هاینریشدا دەردەکەوێت. باوکانی ئێمە ئەم باوەڕەیان بەلاوە پەسەند بوو، کە مرۆڤ دەتوانێت کەمتەرخەم بێت بەرامبەر هەلومەرج و دۆخەکان. ئەمڕۆ کە ئێمە دەزانین هەندێك دۆخ هەیە دەبێت بەهۆی گەندەڵ بوونی تاکێك بە تەواوی. من یەکێك لەم دۆخانەم لەبەرچاو گرتووە. هاینریش قەشەیەکی هەژارە کە لە سەدەی شازەیەمدا دەژی، لەلایەن کەنیسەوە لە ناوچەیەك بە پلەی قەشە گەیشتووە، ئەو هەموو باوەڕو وەفاداری خۆی تەرخان کردوە بۆ خزمەتی کەنیسە. بەڵام لە سەدەی شازدەیەمدا بە هۆی پێگەی کەنیسە لە شاری ۆرمێز، ئەو دەکەوێتە سەر دوو ڕێیانێك: ئەگەر لایەنی هەژارو فەقیرەکان

بگرێت خیانەتی لە کەنیسە کردووەو ئەگەر لایەنی کەنیسە بگرێت خیانەتی کردووە بە هەژارو فەقیرەکان. تەنها ئەوە بەس نییە بڵێین لە دەروونی ئەودا ململانێ و پارادۆکس بوون بوونی هەیە، بەڵکو خودی خۆی پارادۆکسە. کێشەکەی بە تەواوی چارەسەر هەڵنەگرە، چونکە ئەو بە تەواوی سەری لێ شێواوە. ئەو لەبەر ترسی خۆی شەروور بوون هەڵدەبژێرێت. هەندێك لە دۆخەکان بە ناچار بەسەر ئێمەدا دادەسەپێن.

***دەوترێت لە کاتی خووڵقاندنی ئەم کەسایەتییەدا بیرت لای ژێنە بووە.**

بە هیچ شێوەیەك وا نییە. ژێنە وەك یەکەم دەورەی گۆتێز دەچێت، ئەوەی سەبارەت بە ژێنە زیاتر لە هەر شتێك من دەورووژێنێت بنەما وردەکان شەروور بوونە کە بە سەریدا زاڵ بووە. گۆتێزیش هەر وایە.

***هەڵبەت پرسی ژنانیش لە ئارادایە...**

دوو کەس لەوانە رووخساری گۆتێز بە تەواوی دەردەخەن. سەرەتا خراپە بوونی و دواتر چاکە بوونی. ژنی دووهەم، هێلدا، هەوڵی ئەوەیە پێوەندییەکی ئینسانی لەگەڵ بگرێت بەڵام سەرکەوتوو نابێت. چونکە لەو روەوە کە گۆتێز تەنها پێوەندی لەگەڵ خودا هەیە، مرۆڤ بوونی لە دەروونی خۆیدا دەکوژێت. ئەو هەمان ئەو شتانە بەو ژنە دەڵێت کە کلۆدێل دەڵێت: ( ئەگەر منت خۆش دەوێت ئازارم بدە)

**سەرچاوە:**

http://www.theatrema.com/index.php?module=pagesetter
&func=viewpub&tid=1&pid=2904





# جیاوازی




**رەسوڵ یۆنان**

**وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی**

**شوان**

**مەرە ونبووەکەی**
**لە فڕێزەری سەلاجەدا ئەدۆزێتەوە**
**دەست ئەکات بە گریان**
**شارەکان ئەو نیشانی یەکتر ئەدەن و**
**پێ ئەکەنن.**

قەفەس

لاسایی باڵندەکانمان کردەوە
دامان لە شەقەی باڵ و
فرین بۆ ئەودیو سنوورەکان
کاتێ گەڕاینەوە
خستینیانە قەفەسەوەو
نەمانتوانی بیسەلمێنین کە ئێمە باڵندە نین.

(قەراخ دەریا...)

لە قەراخ دەریادا
عاشق بی
عاشقتر ئەبیت
ئەگەر شێت بی
شێتتر ئەبی
ئەمە تایبەتمەندی دەریایە.
پانتاییەك لە شێتی ئەبەخشێ بە هەموو شتێ
شاعیرەکان
بە زیندوویی رزگاریان نابێ
لەو شارانەی کە دەریایان هەیە.

مۆنۆلۆگی دووپاتبووەوەی ئەو پیاوەی کە ناچار بوو شەوانە زوو بڕواتەوە بۆ ماڵەوە

زۆر بێ مانایە
شەوانە ڕۆشتنەوە بۆ ماڵەوەو





بەیانیان هاتنەدەرەوە
ئێمە ئەبێ
لەگەڵ هەتاودا جیاوازیمان هەبێ!

دووری

سەرزەویە دوورەکان جوانن
پراگ
ئەستەمبوڵ
شانگهای
ئەمیستەردام...
تۆش
وەك سەرزەمینە دوورەکان جوانیت
دوری جوانییە
نزیك مەبەرەوە خۆشەویستەکەم!

بەبێ رستە زیادەکان

نەك لەبەر شیعر
نەك لەبەر جۆرێکی تری ژیان
ماڵەکەم
بۆ دوو کەس بچووك بوو
هەر لەبەر ئەمەش بە تەنیا مامەوە!

# لەماڵی نزار قەبانی-دا

مەحمود دەروێش
و: ئاوات حەسەن ئەمین

ماڵێك لە شیعر- ماڵێکی دیمەشقی
هەر لە زەنگی دەرگاکەوە...
تا رووپۆشی سەرجێگاکە.
لەوێ... قەسیدە داڵدەبوو بۆ هەور
بەبێ مێز ئەینوسی... لەسەر سەرینەکەی شەوانە
خەونەکانیشی تەواو ئەکرد بە یادگاری بۆ کۆتر
لە خەو هەڵئەسا لەگەڵ هەمان ژنا
کە پارچەیەك بوو لە دارخورمای عێراق
گوڵی بۆ ئەخستە ئینجانەوە.





وەکو پەری تاوس - رێکپۆش بوو
بەڵام، دۆن جوان نەبوو.
ژنی بۆ خزمەتی واتاکانی بەکار دەبردو
دواتر لە وشەی گۆرانیا... ئەگوزەران.

بەتەنیا... رێگای ئەکرد، ئەگەر شەو بگەشتایە
نیوەی خەو رێگای پێئەگرت:

لە ناخما چەندان ژوور هەیە
کە کەس پیایاندا گوزەر ناکا
تەنانەت بۆ سڵاوکردنیش.

لەو ساتەوە دیمەشقم جێهێشتووە
زمانم قامیشی تیادا زاوە، فراوان بووە
من شاعیری رووناکیم... نەك سێبەر
سێبەر لە زمانمدا نییە.
هەموو شتێك وەکو یاسەمین خۆی ئەنوێنێ.
من خۆڕسکم، بەخۆ نازم، وەکو ئەسپی
رامنەکراو سەما ئەکەم،
سەما ئەکەم، لەسەر سەربانەکانی گۆرانی

هەورێکیش... مەستم ئەکا.
وێنەکەم... یادگاریمی نووسیوەو
دووری خستووومەتەوە
بۆ ژوورە کەنارییەکان.

مالێکی دیمەشقی... مالێك لەشیعر
زەوییەکەی شین... روون،
شەوی وەکو چاوەکانی شین
...گولدانەکانی شین
پەردەکانی شین.
فەرشی ژوورەکەی شین.

فرمێسکەکەی کاتێ ئەگری
کۆچی کوڕەکەی لە ڕاڕەوەکەدا، شین.

پاشماوەی ژنەکەی کە لە کەنتۆرەکەدا، شین.

ئیتر زەوی پێویستی بەئاسمان نەما.

چونکە کەمێك دەریا... لە شیعردا بەسە بۆ
بلاوکردنەوەی شینایی بەسەر پیتەکانا.

کاتێ بەیەکەوە مردین، پێموت: بەتەنیا
پێموت:
تۆ پێویستت بە هەوای دیمەشقە!

وتی: کەمێکی تر باز هەلئەیەم تا لە یەکێك لە چالەکانی
دیمەشقا پالئەکەوم، تا چاك ئەبمەوەو
دوا وتەی تۆش ئەگوێزمەوە، چاوەڕوانم کەو



ئێستا مەڕۆ، تاقیم مەکەرەوەو بەتەنیا
خەم مەخۆ.
وتی: تۆ چاوەڕوان کە، تۆ دوای من بژی، چونکە
ئەبێ هەر شاعیرێك چاوەڕوان بێت.

بۆیە منیش چاوەڕوان بووم و مردنی خۆمم دواخست

سەرچاوە:

دوایەمین دیوانە شیعری (مەحمود دەروێش) (لا أريد لهذا القصيدة أن تنتهي) چاپی یەکەم،
٢٠٠٩- بیروت.

# چۆن ماچکردنێك



ئیریش فرید
و. جەواد حەیدەری

ماچت دەکەم
نە تەنها زمانت
نە تەنها سنگت
نە تەنها ئەژنۆکانت
بەڵکو تکاکانیشت ماچ دەکەم!!!
ماچت دەکەم
ئارەزووەکانت
بیرکردنەوەکانت



شك و گومانەکانت
بوێریی و ئازایەتیت
ماچت دەکەم
بە هەمانشێوە کە هەیت
بە هەمانشێوە کە دەبیت
سبەی و ڕۆژانی تر
کاتێك کە ئیتر من نەماوم.

## مەحال

دەبێ ڕامووسم
ئەو سەرینەی کە تۆ سەرت کردۆتە سەری
دەبێت ماچی کەم
سەری پەنجەکانی دەستم
کە تۆیان لاواندۆتەوە
دەبێ ماچیکەم
زمانی خۆم
بەڵام نا... ناتوانم!!!

## سنووری گومان

وەها تۆم گەرەکە
وەها تۆم خۆشدەوێت
کە لە ڕێژەکەی دەترسم.






**دەترسم**
**بەبێ تۆ شتێك لە ژیانم نەمێنێتەوە!!!**
**بە چی بنازم**
**بۆ چ شتێك بمێنمەوە**
**گەڕان بە دوای چیدا!!**
**ئیتر بۆ چی بنووسم**
**ئیتر بۆ کێ ببم بە هاوڕێ**
**چۆنە ئێستاش لە پرچە درۆینەو بێ بەزەییەکان**
**بەبێ تۆ راستییەکان دەدرەوشێنەوە!**
**ئێستا تۆ هەیت و**
**ئەوانی تریش وەك تۆ دەبن**
**بەڵام بێئەوەی من بوویێتم!**

ئەریش فرید شاعیری بە رەگەز نەمساویی ساڵی ١٩٢١ لە شاری ڤیەننا لە نەمسا لەدایکبووەو ساڵی ١٩٨٨ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، شاعیرێکی ئازادیخواز بووەو هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ خەبات لە دژی نازیزم و دیکتاتۆرییەت.

**سەرچاوە:**
**کتێبی (شعر عاشقانە برای ازادی)**

# هونەر



## عەبدولی حەمە جوان:
## ئێستاش کە دەچمە
## سەرشانۆ، دەترسم

سازدانی: موحسین یاسین



## غەمگین فەرەج:
## سڵ لەوە دەکەمەوە بەرهەمێکی نوێ
## دروستبکەم و فڕێیدەمە نێو ئەو فەزا
## دژوارو ئاڵۆزەوە

دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن

## موعجیزەی سینەما

و. دلێر محەمەد

## دەستگیرکردنی پۆلانسکی،
## سینەماکاران دووچاری شۆك دەكات

ئامادەکردنی: چنور محەمەد



### عەبدولی حەمە جوان:

# ئێستاش کە دەچمە سەرشانۆ، دەترسم

سازدانی: موحسین یاسین

شانۆکاری نێو شانۆکارانی کورد (عەبدولکەریم محەمەد تۆفیق) ناسراو بە(عەبدولی حەمە جوان) تاکو ئێستاکە ماوەی چل ساڵ دەکات، لە ٧٣ بەرهەمدا بەشداریکردووەو بەردەوامە، یەکەم بەشداریشی لەشانۆگەری (بڕیارو ئەنجام)دا بوو، کە لە نووسینی خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم) بووە. ساڵی ١٩٧١ لە ڕێی شانۆیی جەنابی موفەتیشەوە دەرگای بەختی کراوەتەوەو لەلای جەماوەر ناسراوە، تاکو ئەمڕۆش یەکێکە لەو شاکارانەی کە بینەر بەتامەزرۆوە سەیری دەکەن، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە دەرگامان لەسەر بەشێك لە کارە هونەرییەکانی کردەوەو دوواندمان.





***یەکەم شانۆگەری کە بەشداریت تێدا کرد ناوچی چی بوو، لە ساڵی چەند نمایشتان کرد؟**

شانۆگەری (بڕیارو ئەنجام) بوو، کە لەنووسینی خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم) بوو و من کارەکتەری هاوڕێیەکی بەدمەستم بەرجەستە دەکردو لە ساڵی ١٩٦٩ بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە پەیمانگە نمایشمانکرد.

***کاتێك کە چوویتە سەر شانۆ نەترسایت؟**

نەك ئەو کاتە ئێستاش کە دەچمە سەر شانۆ دەترسم، چونکە ترسم لەوە بوو کە نەتوانم ڕۆڵەکەم ببینم، بەڵام کە لەگەڵ کارەکتەرەکان ئاوێتەبووم هەستی ترسم نەما، بەڵام ترسی ئێستا گەورەترە لەبەرئەوەی گەیاندنی نمایشەکە بەبینەر بەرپرسیارێتییەکی گەورەیەو بەرجەستەکردنی ئەو کارەکتەرەی کە تۆ ڕۆڵی دەبینیت، دەبێت لە ئاستی کارەکەدا بێت و کەموکوڕیی نەبێت، وەك نواندن و پەیامی خۆی بگەیەنێت.

***جگە لەنواندن، ماوەیەکیش سەرقاڵی کاری دەرهێنان بوویت، بەڵام دواتر بەئەکتەر ناسرایت؟**

من دەرهێنەر نیم، بەڵکو ئەکتەرم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم کاری دەرهێنان ئەنجامبدەم بەپێی شارەزاییم لە بنەماکانی دەرهێنان و بەشداریم لەخولی دەرهێنان کردووە، جگە لە خوێندنەوەم لەسەر قوتابخانەو ستایلە جیاوازەکانی هونەری دەرهێنان، بەڵام جارێکیتر دەیڵێمەوە من دەرهێنەر نییم، هەرچەندە کاری دەرهێنانم بۆ شانۆگەرییەکانی (هەڵەی دکتۆر ساڵی ١٩٧٧)و (کچی خۆمەو ئەیفرۆشم-ساڵی ١٩٧٠)و (دکتۆری تیلای مۆلێر- ساڵی ١٩٧٨)و چەند شانۆگەرییەکی تر، تەنها وەکو ئەزموونێك و هیچی تر.

***هۆکاری چییە ماوەیەکە لە کاری شانۆ دوورکەوتوویتەوە، زیاتر لە درامادا دەبینرێیت؟**

من هەر شانۆکارم، لە شانۆش دوورنەکەوتوومەتەوەو دوا کاری شانۆییشم لە ساڵی ٢٠٠٦دا بوو کە لەنووسینی ئەرسەر میللەرو دەرهێنانی مامۆستا شەفیق بوو، ڕووکردنە دراماش زیاتر لەسەر داوای دەرهێنەر بووەو بڕیاری بەشداریکردنم لە درامادا وەکو پێویستییەکی سەردەم تەماشام کردووە، چەند جارێکی تریش داوای بەشداریکردن لە زنجیرە درامای تریان لێکردووم و جگە لەو درامایانەی کە بەشداریم تێداکردوون، کە کارباش و ڕۆڵەکانیش باش بوون، بەڵام خۆم نەمتوانیوە بەشداری بکەم و کاربکەم.

***ئایا هەڵبژاردنی تۆ لە ڕۆڵی کارەکتەری (شێرکۆ) لە شانۆیی جەنابی موفەتیش لەو سەردەمە لەلایەن مامۆستا ئەحمەد سالارەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

هەرچەندە زۆر کەسی تر هەبوو داوای ئەو کارەکتەرەیان کردبوو، بەڵام مامۆستا ئەحمەد سالارو لیژنە منیان بە پەسەند زانی، چ وەکو نواندنی ڕۆڵەکە، چ وەك فیگەری من، کە دەگونجا لەگەڵ کارەکتەری شێرکۆ کە کەسایەتی جەنابی موفەتیش بوو، لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵەکەم لای جەماوەر پەسەند بوو، بەڵام ئەو کارە توانی بەهۆی دەرهێنەرو سەرجەم ئەکتەرەکانەوە ئەو نەمرییە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، جگە لە بەکوردیکردنی دەقەکە کە ڕووسی بوو، لەلایەن کاك ڕەئوف حەسەنەوە، کاریگەریی زۆری هەبوو، کە یەکێك بوو لە خاڵە گرنگەکانی سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە، بە ڕاستی هەر یەکێك لەو ئەکتەرانە زامنی سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە بوو، لە سەروو هەمووانەوە دەرهێنەرو دەق.

***هۆکاری مانەوەی ئەو شانۆییانە تاکو ئەمرۆ بە نەمریی بۆچی دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی کاری ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان؟**

کاری حەفتاو هەشتاکان پەیامێکی پێشکەش بە جەماوەر کرد لە دووتوێی هونەری شانۆداو لەگەڵ ئەوەشدا شانۆگەرییەکان ئەکادیمی بوون و هەموو ستایل و مەرجەکانی شانۆی تێدا بەرجەستە دەکراو شیعارات نەبوو وەکو هەندێك کەس لەملاو ئەولا ئاماژەی پێدەدەن، لەبەرئەوەی ئەو خەڵکانەی لەو بوارەدا کاریان دەکرد زۆربەیان ئەکادیمی بوون، یان دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوون یان خەڵکانی بەئەزموون و لێهاتوو بوون، ئەو سەردەمە شاکاری زۆر نمایشکرا ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ئەو سەردەمەدا جیاوازی زۆر هەیە کە هۆکارەکانیش هونەرمەندانی شانۆکار خۆیانن.

***دوا پرۆژەی هونەریت چییە؟**

دوا پرۆژەم فیلمی (کەواتە چاوەڕوان بە)یە، کە بەرهەمی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەو بەسیستمی ٣٥ملم و سیناریۆو دەرهێنانی جوان بامەڕنییەو هێشتا مۆنتاژ نەکراوە.





٥



**غەمگین فەرەج:**

# سڵ لەوە دەکەمەوە بەرهەمێکی نوێ دروستبکەم و فڕێیدەمە نێو ئەو فەزا دژوارو ئاڵۆزەوە

دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن

هونەرمەندی میوزسیۆن غەمگین فەرەج ناوێکی دیاری نێو هونەری میوزیکی کوردییەو پێویست بە ناساندن ناکات، ئەم هونەرمەندە جگە لە بەرهەمهێنانی چەندین بەرهەمی هونەریی ماوەیەکی زۆریش فێرکاری مۆزیك بووە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و خاوەن چەند بەرهەمێکی بڵاوکراوەشە لە بواری هونەری مۆزیکدا، کە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی باشی مۆزیکی هەمیشە ئاماژەی بۆ بکرێت. بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر چەند پرسێکی گرنگی هونەریی ئەم دیدارەمان بە پێویستزانی.

*** تا چ ڕادەیەك میوزسیۆنی كورد توانیویەتی بەشێوەیەكی زانستی لە تیۆری موزیك و دانان و دابەشكردن و ئیداكردن، لە شێوازە جیاجیاكانی موزیك تێبگات، سەدەكانی موزیك لەیەك جیابكاتەوەو ئامێرە موزیكییەكان بەكاربهێنێت وەكو كەسێكی پسپۆڕو شارەزا لەسەر بنچینەیەكی زانستی، پاشان چ جۆرە ستایلێك هەڵدەبژێرن بۆ كارەكانیان و چ جۆرە بۆچوونێك و زانیارییەكیان هەیە بۆ دارشتنی كارەكانیان بە شێوەیەكی زانستی؟**

ئاشكرایە كە میوزسیۆنی كورد بۆ خۆی تەمەنێكی هونەریی و موزیكی هێندە درێژی نییە، ڕەنگە تەمەنی ئاشنابوونی میوزسیۆنانی ئێمە بە هونەری موزیك و سەرەتایەك لەڕووە زانستییەكانی ئەم هونەرە بگەڕێتەوە بۆ نیو سەدە لەمەو بەر، بە بڕوای من میوزسیۆنی ئێمە تارادەیەكی بەرچاو زۆر ئاشنا نەبووەو نییە بە ڕووە زانستی و تیۆرییە قووڵەكانی موزیك بەپێی پێویست، خۆ دەكرێت ئەمەش تا ئەندازەیەك لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دی جیاواز بێت، چونكە هەموو كات خواست و ویست و بە دواداچوونی تاكەكان جیان لە یەكتری، بەڵام وەكو هێڵی گشتیی زۆر بە ڕاشكاوانە دەكرێت بڵێین كە میوزسیۆنی ئێمەی كورد بەسەرجەم نەسل و نەوەكانییەوە بە دواداچوونمان بۆ لایەنە زانستی و تیۆرییەكانی موزیك بە دواداچوونێكی كاتیی و زۆریش بەرتەسك بووە، ئەمەش بۆ خۆی بێ شك پەیوەستە بە زۆر هۆكارەوە، لەوانەش میوزسیۆنی ئێمە لەكاتی فێربووندا ڕازی و قایل بووین بە كەمترین زانیاریی و هەردەم پێمانوابووە كە تەواو ئاشناین بە تازەترین زانست و تیۆری موزیك، هەر بەو زانیارییە كەمەش هەوڵمان بۆ داهێنان و كاری جدیی داوە، هەر بۆیە زۆرینەی كارو بەرهەمە موزیكییەكانمان لە ڕووی زانستی و تیۆری موزیكییەوە زۆر چرو پڕ نەبوون و دەتوانم بڵێم كە لە ڕووی زانستی موزیكییەوە لاوازیی بە زۆربەی بەرهەمە موزیكییە گۆرانی ئامێزەكانمانەوە بەڕوونی دیارە، لێرەدا بۆیە بابەتی گۆرانی ئامێزم هێنایە نێو بابەتەكەوە، تا بتوانم لە دەرگای ئەو ڕاستییە بدەم كە بزووتنەوەی موزیكی كوردی بە درێژایی تەمەنی دووچاری هاتووە، ئەویش ئاوێتەبوونی موزیكی كوردیە لە نێو تەنها فۆرمێكی سادەو وەستاودایە، كە ئەویش فۆرمی (گۆرانی) و (دەنگبێژی)یە!، هەر فۆرمی گۆرانییە كە بووەتە پێوەری موزیكی ئێمە، خۆ ئەگەر میوزسیۆنی ئێمە كەسێكی پڕ بووینایە لە زانستە بنەڕەتی و قووڵەكانی دنیای موزیك، دەبوایە بە جۆرێك گۆڕان بەسەر ئەم فۆرمەی موزیكی كوردیدا بهێنین، خۆ ئەگەر ئێمە زانیارییەكی قووڵمان سەبارەت بە ئنسترومێنتە موزیكییەكان هەبوایە، دەكرا بیر لە فۆرم و بۆتەیەكی موزیكی ڕووت و تەنهاو دوور لە ڕەگەزی دەنگ بكەینەوە، من پێموایە وروژاندنی ئەم خاڵانەو چەندینی تریش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چەق و ناوەڕۆكی پرسیارەكەی بەڕێزتانەوە، بەڵێ، ڕەنگە ئێمە لە سەردەمێكدا توانیبێتمان





ئەو بەرهەمە گۆرانیئامێزانەی كە نمایشی دەكەین تارادەیەك نزیك بێت لە ڕۆحی خەڵك و گوێگر، بەڵام هەرگیز نەمانتوانیوە لەو فۆرمە وەستاوەی موزیكی كوردی تێپەڕین، ئێمە بە ڕادەیەك ئاشنا نەبووین بە زانست و تیۆرەكانی موزیكی دنیایی، تا لە ڕێگەیەوە بتوانین گوێگرانی موزیكی كوردی هۆشمەند بكەین بە هونەری موزیك وەك پێویستییەكی ڕۆژانەو دانەبڕاو لە ژیانیان، ئێمە نامانتوانیوە ئەو پردە لەنێوان موزیك و خۆمان و خەڵكدا بنیادنێین، هەر بۆیە زۆرجار وەڵامی پرسیارە بەریئەكانی گوێگرانی خۆمان بۆ نەدراوەتەوە، زۆرجار ئەو پرسیارە سادەیە كراوە كە (بۆ گوێگری كورد ئەگەر بخوازێت

گوێ لە موزیكێكی كوردی ڕاگرێت، نائومێد دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوێگرتن لە گۆرانییەك)، زۆر لە نووسەران و شاعیرانی كورد خوازیاری ئەوە بوون بە موزیكێكی كوردی سروتێك و تەقسیك بۆ ساتەكانی نووسینیان بخولقێنن و نائومێدبوون، ئەمانە پرسیارە بێ وەڵامەكانن تا هەنووكەش، لێرەدا جێی خۆیەتی كە ڕێز لە سەرجەم ئەو هەنگاو و هەوڵانە بگیرێت كە بۆ ئەم مەبەستە پیادە كراوە، دیارە لە پشت هەر یەك لەو هەوڵانەوە ڕەهەندێكی فیكریی و توانایەكی موزیكی ئەكادیمی هەبووە، بەڵام ئەو هەوڵانەش نەیانتوانیوە گۆڕانێكی بنەڕەتی و جەوهەریی بەسەر فۆرمی وەستاوی موزیكی كوردیدا بهێنن.

با زۆر لە ناوەڕۆكی بابەتی پرسیارەكەی بەڕێزتان دوورنەكەومەوە، من بەگشتیی پێموایە كە خوێندنەوەی میوزسیۆنی كورد بۆ زانست و تیۆرە موزیكییەكان، زۆر سەرپێییانەو خێرا بووە، ئێستاش زۆر بواری زانستی موزیك هەیە كە میوزسیۆنی ئێمە پێیان ئاشنا نییە، خۆ

◆

**بە لاتانەوە سەیر نەبێت من بۆ ماوەی چەندین ساڵەو تائەمڕۆش نموونەیەك لە گۆرانی كوردی ئەم سەردەمە نەبووە كە پێمخۆشبووبێت چەندجارێك لەسەریەك گوێبیستی ببمەوە**

◆

رەنگە یەكێك لە هۆكارە گرنگەكانی تریش نەبوونی سەرچاوەی موزیكی بووبێت بەو زمانانەی كە ئێمە توانامان بۆ تێگەیشتنی هەبووەو هەیە، ئەمەو چەندین هۆكاری تر هەن، بەڵام سەراپای ئەمەش ئێمەی میوزسیۆنی كورد نەمانزانیوە چۆن سوود لەو زانست و تیۆرە موزیكییە سەرەتاییانە وەربگرین كە فێریان بووین، ئێمە هەردەم بێئاگا بووین لەوەی كە موزیكی كوردی بۆ خۆی پێویستی بە هەڵوەشانەوەو دیسانەوە بنیادنان و دارشتنەوە هەبووە، زەمەن دێت و دەڕوات، كەچی تا ئەم ساتەش شوناسی موزیكی ئێمە هەر ونە و بنەما بنەڕەتییەكانی موزیكمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو نەمان و فەوتاندن دەچێت، بەڕاستی نەهامەتییەكی زۆر قورس و گرانە كە ئێمە تا ئێستا بێئاگابین لەوەی كە ئێستاو سەرەتاو ئایندەی موزیكمان چۆن بووەو چۆنەو چۆن ڕێ دەكات و بە چ ئاقارێكدا دەڕوات، گوناهێكی گەورەیە تائێستا دوو پەرتووكی چڕ نەبێت كە بە نموونەو بەڵگەوە بە شرۆڤەكارییەكی موزیكلۆژیانە مێژووی موزیكی كوردی تیا یاداشت كرابێت، بەهەرحاڵ ئەم پرسانەی من باسیان لێوە دەكەم لە ڕەشبینییەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵكو ئەمانە دیالۆگێكی بەردەوام و ڕۆژانەی نێوان میوزسیۆنە كوردەكانەو تا ئەمرۆش بە شێوەیەكی جدیی و بە بەرپرسیارێتییەوە بیر لە داهاتووی نەكراوەتەوە، خۆ ڕەنگە ئەمە كاری تاكەكەس نەبێت و وا پێویست بكات كە دەزگاو دامەزراوەی حكومیی خەمی لێ بخۆن، بەڵام كەی و چۆن؟

دیسانەوە ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ناوەرۆكی پرسیارەكەی بەڕێزتان، ئەگەر بەوردیی بڕوانینە بزووتنەوەی موزیك و گۆرانی كوردی لەم نیو سەدەیەی رابردوودا، دەبینین كە موزیك و گۆرانی ئێمە لە فۆرمێكی مىللی و دێهاتیدابووەو نەیتوانیوە ئەو سنوورە ببڕێت و ڕووەو جیهانیبوون هەنگاو بهاوێژێت، دەكرێت هەوڵ و تەقەللای تیپە موزیكییە ناودارەكانی كوردستان بۆخۆی هەڵگرتنی هەنگاوێكی تارادەیەك باش بووبێت بۆ نمایشكردنی موزیك و گۆرانی كوردی لە شێوازو بەرگێكی تارادەیەك جیادا، هەروەها تەمەنی ئاشنابوون و ناسینی میوزسیۆنی كورد بۆ زانست و تیۆرە موزیكییەكان و ئنسترومێنتە موزیكییە نوێكان هەر دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی سەرهەڵدانی ئەو تیپە موزیكییانە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم بۆ كرد زانیاری میوزسیۆنی كورد بۆ زانستەكانی موزیك لەو سەردەمەداو ئێستاشی لەگەڵدا بێت سنورداربووەو بەو قەوارە كەمەی كە میوزسیۆنی كورد هەیبووە لە زانستەكانی موزیك، بەرهەمە موزیكییە گۆرانیئامێزەكانی دروستكردووە، كە جێگەی ستایش و دەستخۆشی لێكردنە، دواتر نەوەیەكی نوێ سەریان هەڵداوە، كە دەتوانم بڵێم نەسڵی ساڵەكانی هەشتاكانی موزیكی كوردین، تەنها سەرچاوەی فێربوونی ئەمانیش مامۆستایان و میوزسیۆنانی نەوەی پێشتر بووە، جگە لە هەندێك هەوڵی تاكەكەسیی بۆ پەیبردن بە زانست و تیۆری نوێی موزیكی و هەوڵدان بۆ شێوازی كارو چالاكی موزیكی نوێ، كە ئەم هەوڵانەش بۆ خۆی بوونەتە قوربانیی ململانێی نێوان نەوەكان و هەردەم بیرۆكەی نوێ و هەنگاوی





جیا لە هەوڵەكانی پێشووتر سەركوتكراوەو نەگەیشتووەتە ئاكام. هەرچۆنێك بێت بۆ ئەوەی بزانین كە میوزسیۆنی كورد تا چەند سوودی لە زانست و تیۆرە موزیكییە دنیاییەكان وەرگرتووەو تاچەند خوێندنەوەیەكی قووڵی بۆ سەرجەم بوارە زانستی و مێژووییەكانی موزیكی دنیا هەبووە، ڕەنگە ئەگەر بە ڕاستگۆیی و بێ چاوبەست لەخۆكردن بڕوانینە كارەكانمان، زۆر بە ڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارە بە سیماو ناوەرۆكی كارو بەرهەمە هونەرییەكانمانەوە ببینین. هاوكات لە یادمان نەچێت ئەو كارو بەرهەمە موزیكییانەی كە لەو سەردەمەدا دروستكراوە زۆر پڕترو هەڵگری ناوەرۆكێكی زۆر جوانترو موزیكیانە ترن لەو بەرهەمە موزیكییانەی ئەمرۆی موزیكی كوردی، ئەو بەرهەمانەی كە من بە بەرهەمی سەرپێی و كاتیی ناوزەندیان دەكەم، ئەو بەرهەمانەی كە ناچنە هیچكام لە خانەكانی شوناس و ناساندنی موزیكی كوردییەوە. بە بڕوای من ئەمرۆ میوزسیۆنی كورد لە هەموو ساتێكی تر زیاتر دەكارێت خۆی پڕ لە زانستی موزیكی بكات و سەرجەم ئەو بۆشاییانەی كە بە سیمای موزیكی كوردییەوە دیارە پڕ بكاتەوە، جێی داخە كە ئەم ساڵانەی دوایی كە من بە ساڵانی ڕاكشان و سستی موزیكی كوردی دادەنێم، زۆرینەی موزیكسیۆنانی ئێمە خەمی گەورەیان بووە نان و بژێویی ژیان، ئێمە بەرادەیەك موزیكمان بەخشییە نان و پووڵ، كە ئێستا زۆرینەمان تێرین، كەچی سەرجەم پرسە گرنگەكانی پەیوەنددار بە موزیكمان وەلاوە ناوە، تێرین و كەچی چاومان پڕ نابێت، ئەمرۆ كە دەبێت بە كۆكردنەوەو شرۆڤەكردنی ئەو موزیك و میلۆدی و ئاوازانەوە سەرقاڵ بین، كە دواجار دەبنە شوناس بۆ موزیكی نەتەوەكەمان، ئەوەتا هەریەكەو بەرپرسە لەدەزگایەكی هونەریی بێ چالاكی و خەریكە وەزیفەی بنەڕەتی خۆمان لەبیر بكەین، كە موزیككارییە، ئەگەر میوزسیۆنی كورد بەم ئاقارەی ئەورۆ بەردەوام بێت، دڵنیابن كە هەموو ئەو دیاردە دزێوانەی كە ئەمرۆ چوار دەوری موزیكی كوردییان تەنیوە، دەبنە دیاردەیەكی زۆر ئاسایی، ئەمرۆ هیچ بە سەیری مەزانە كە میوزسیۆنی زۆر خراپ و هیچ نەزان ببێتە سەرقافلەو پێشڕەوی موزیسیۆنانی كورد، هیچ سەیر نییە سبەینێ ژمارەی سترانبێژانی كورد لە ژمارەیەكی زۆر خەیاڵی تێپەڕێت، بەڕادەیەك كە لەهەموو خانەوادەیەكدا سترانبێژێك سەرهەڵبدات، لە هەمووی سەیرتر بڕوا بكە هاورێم هیچ بە دووری مەزانە لە داهاتوویەكی زۆر نزیكدا بنەمای زانستی و تیۆری تایبەت بە میوزسیۆنی كورد سەرهەڵبدات و سەرجەم زانست و تیۆرە بنەڕەتییەكانی موزیكی دنیا هەڵبوەشێتەوە، هیچ دوور نییە سەرجەم تیۆرەكانی وەچەكانی (باخ) و تیۆریزانەكانی سەردەمی گریكیەكان و دواجار زانای موزیك (فارابی)ش بەهەڵە بێنە ناساندن.

*** ئایا میوزسیۆنی كورد توانیویەتی بە تەواویی هونەرەكەی خۆی وەكو كەسێكی پسپۆڕ ( پرۆفیشناڵ ) بناسێت، یان وەكو كەسێكی ئەماتیۆرو نیمچە شارەزا ( هاوی ) كاردەكات؟**

ڕەنگە تاکوتەرا میوزسیۆنی وامان هەبێت کە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ پێگەیشتبێت، ئەمانیش زیاتر ئەو بەڕێزانەن کە دەرفەتی خوێندنە باڵاکانیان بۆ فەراهەم بووەو توانیویانە تا ئاستێکی بەرزی خوێندن لە بوارەکانی زانستە موزیکییەکاندا هەنگاو هەڵبێنن، ڕەنگە ژمارەشیان زۆر کەم بێت و تا ڕادەیەکیش نەناسراو بن، ئەمەش شتێکی سروشتییە کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم بەڕێزانە بەرهەمیان کەم و دانسقەیە، لە ڕاستیدا ئەو ئەرزییەتەی بۆ جێبەجێکردنی دانراوە موزیکییەکانی ئەوان پێویستە لە کوردستان فەراهەم نابێت، هەر بۆیە کە ئەم موزیسیۆنە کوردانە بە ماوەیەکی درێژ کارێکی موزیکیان بۆ دێتە ئەنجام . وەکو تر میوزسیۆنی تری کورد زۆرن کە بەشێوەیەکی باش شارەزاو بە سەلیقەن لە کاری خۆیاندا ، بە تایبەتی موزیکژەنەکان یان ئاوازدانەرو ئامادەکاری موزیکی گۆرانییەکان، بەڵام بە پێوەرە جیهانییەکان بەم میوزسیۆنانە ناوترێت (پرۆفیشناڵ)، بەڵکو دەکرێت بە موزیککارێك بناسێنرێن کە بەردەوامیان هەیە، هاوکات زۆر میوزسیۆنیشمان هەیە کە بەشێوەیەکی ئەماتیۆرانە کاردەکەن، بە بڕوای من بوونی ئەمجۆرانە لە میوزسیۆن لەنێو هەموو میللەتانی دنیادا هەیەو پێویستیشە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە هەریەك لەوان بە کاری تایبەتی خۆیەوە سەرقاڵ بێت و جۆری کارو چالاکییەکان هەرگیز تێکەڵ نەکرێن. لە ناوەندی موزیکی کوردیدا یەکێك لەو شتانەی کە کاری بۆ نەکراوە، ناساندنی پسپۆڕی میوزسیۆنەکانە، ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت نەتوانراوە میوزسیۆنی کورد پۆلێن بکرێن، کێ ژەنیارە؟ کێ ژەنیاری سۆلیستە؟ کێ کۆمپۆزیتۆرەو

◆

**گوناهێکی گەورەیە تائێستا دوو پەرتووکی چڕ نەبێت کە بە نموونەو بەڵگەوە بە شرۆڤەکارییەکی موزیکلۆژیانە مێژووی موزیکی کوردی تێدا یاداشت کرابێت**

◆



کێ ئاوازدانەرو کێ و کێ چییە؟، بۆیە دەبینیت هەموومان لەیەك ساتدا بە هەموو لایەنەکانەوە خەریکین، هەر ئەمەشە وایکردووە کە میوزسیۆنی پرۆفسمان زۆر بە کەمیی تیا هەڵکەوێت، ڕاستە وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد خوێندنە باڵاکان بنەمایەکی زۆر گرنگە بۆ درووستبوونی میوزسیۆنی پرۆفیشناڵ، بەڵام هاوکات ئەزموونی دوورو درێژو بەردەوامیش بۆ خۆیان جۆرێك لە شارەزایی و پرۆفیشناڵیی دەبەخشنە میوزسیۆن، دیارە ئەمەش لە تەنها بوارێکدا بە تایبەت ئەو بوارانەی کە هەوڵ و ڕاهێنانی پراکتیکی کەسەکە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت، زیندوو ترین نموونەش بواری ژەنینی ئنسترومێنتە موزیکییەکانە. من پێموایە کێشەیەکی گەورەتر لە نێو میوزسیۆنانی کورددا ئەوەیە کە تواناکان کۆناکرێنەوە تا پێکەوە بنیادی کارو بەرهەمی گەورە بنرێت، بەڵکو هەستدەکەم زەمەنی ئەمڕۆ وایکردووە کە هەر کەسەو لەلای خۆیەوە سەرقاڵی کارو چالاکی خۆیەتی بەپێی ئەو بیروبۆچوونەی کە خۆی بە پەسەندی دەزانێت، ئاخر خۆ دەکرێت میوزسیۆنە پرۆفیشناڵەکانی کورد ببنە پێشڕەو بۆ ئەوانی دی و سەرجەم پێکەوە کار بۆ ڕابردوو و ئێستاو ئایندەی موزیکمان بکەین، خۆ دەکرێت هەموو پێکەوە کار بۆ بەرگرتن لەو تەوژمە ترسناکە بکەین کە موزیکی نەتەوەیەك بەرەو هەڵدێر دەبات، خۆ دەکرێت پێکەوە دیالۆگێك ساز بکەین بۆ تاووتوێکردنی سەرجەم پرسە گرنگەکانی موزیك و گۆرانی کوردی.

*** ئایا دەکرێت بڵێین کە میوزسیۆنی کورد بەشێوەیەکی زانستی موزیکی کوردی نەناسیوە؟ ئەگەر وایە ئایا ئەمە بۆ کەموکورتی لە بواری نووسین و کتێب دانان لە بواری موزیکی کوردی ناگەڕێتەوە؟**

من هەستدەکەم تا ئێستا پرسیارەکانی بەڕێزتان خۆی لەیەك تەوەری گرنگ دەدات، لە ڕاستیدا میوزسیۆنی کورد وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ، هێندەی ئەو قەوارە زانستییە موزیکییە مامەڵەی لەتەك موزیکیدا کردووە کە زانیاری لەسەری هەبووە، ئەو قەوارەی زانینەشی لە بواری زانستە موزیکیەکاندا سنووردراربووە، ئاشکرایە کە موزیك بۆ خۆی دنیایەکە پڕ لە زانستی فیزیای دەنگی و ماتماتیکی، خوێندنەوەو نووسینی نۆتەی موزیك هەموو شتێك نییە، ئەوە بەتەنها زمان و لۆژیکی موزیکە، وەکوتر زانستەکانی موزیك لە ڕووی (ژەنین، دانان و داڕشتنی موزیك) دنیایەکی هێندە چڕو بێ کۆتایە کە ئێمەی میوزسیۆنی کورد تا ئێستا بەوردیی ڕۆنەچووینەتە نێو ئەو دنیا بەرینەوە، تا لە نهێنییەکانی موزیك تێبگەین، ئێمەی میوزسیۆنی کورد لەسەر بنەمایەکی سەرەتایی لە زانستەکانی موزیك، بەرهەمە موزیکی و گۆرانییەکانی خۆمان داڕشتووە، خۆ ئەگەر بەردەوام ئامادەیی فێربوونمان هەبێت، بێ شك ئەو کات تێفکرین و هەنگاونانمان بۆ بەرهەمەکانمان چڕترو فراوانترو ئەکادیمیتر دەبێت. دواتر بە زانستیکردنی موزیکی کوردی بۆ خۆی بنەماو دەزگاو دامەزراوەی تایبەت بە خۆی

پێویستە، دیارە وەك بەڕێزتان ئاماژەتان پێداوە بێگومان نەبوونی سەرچاوە بەزمانی کوردی لەو بوارەدا بۆ خۆی هەردەم درێژکردنەوەی ڕێگاکان بووە لەبەردەم میوزسیۆنی کورددا، هاوکات ئێمەی میوزسیۆنی کوردیش لەگەڵ ئەوەی کە ئاشناییەکی وامان لەگەڵ بنەما زانستییەکانی موزیکدا نەبووە، بۆ خۆشمان هەڵگری پەیام و بیرۆکەی نوێ نەبووین لە بواری موزیکداو هەردەم خۆمان دووبارە کردووەتەوە، هەر بۆیە موزیك و گۆرانی کوردی بەردەوام هەڵگری فۆرم و ستایلێکی وەستاو و نەگۆڕ بووە.

بە لاتانەوە سەیر نەبێت من بۆ ماوەی چەندین ساڵەو تائەمڕۆش نموونەیەك لە گۆرانی کوردی ئەم سەردەمە نەبووە کە پێمخۆشبوبێت چەندجارێك لەپاش یەك گوێبیستی بمەوە، هەر بەتەنها جارێك و یەکەم گوێگرتن، لە تەواوی موزیك و گۆرانییەکە حاڵی بووم و هیچ شتێکی وای لا بەجێنەهێشتووم کە جارێکیتر بگەڕێمەوە سەری و بە ڕۆح و سۆزی خۆمی ئاشنا بکەمەوە، ئەمەیە بەرهەمی کاتیی و ستایلی وەستاو و دووبارە، زۆرجار ئەگەر بمەوێت ڕۆحم بە موزیك ئاشنا بکەم، دەگەڕێمەوە لای (پەپوولەی ئازادی) خالقی، ئەمە یەکێکە لەو بەرهەمە دانسقانەی نێو موزیکی کوردی، کە دەکرێت بە ستایلێکی زۆر جیاو زانستی بناسێنرێت.

بە راستی زانستیبوونی موزیك پێویستە خەمی گشت میوزیسیۆنێك بێت، ئەو بەرهەمەی بە پشتبەستن بە زانستە موزیکییەکان دادەڕێژرێت زۆر تەمەن درێژ دەبێت.

دیسانەوە نەبوونی کتێب و سەرچاوە لەسەر بابەتە زانستییەکانی موزیك و کەموکورتی نووسین لەسەر ئەم بابەتانە، ڕەنگە نووسین بۆ خۆی لەسەر ئەم بابەتە زانستییانەی موزیك کارێکی هەروا سادەو سانا نەبێت، میوزسیۆنی ئێمە تارادەیەکی زۆر نامۆین بە بابەتە زانستییە موزیکییەکان و زانیاریمان لەسەریان دیاریکراوە، ئیتر کێ بنووسێت؟ خۆ دەکرێت وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەگەر کاروچالاکییەکانی میوزیسیۆنی کورد پۆلێن بکرێت، ئەو کات دەکرێت چەند میوزسیۆنێك لە خۆ ببوورن و تایبەتمەندبن بە بواری نووسین، کە راستتر وایە بڵێم زیاتر بواری وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی، کە بە دڵنیاییەوە چەندین سەرچاوەو میتۆدی خوێندنی گرنگی موزیکی هەن کە زۆر گرنگە بوونیان هەبێت لە کتێبخانەی موزیکی کوردیدا.

*** ئاستی وەرگێڕان لە بواری موزیکی جیهانی بۆ سەر زمانی کوردی چۆن دەبینیت؟ ئایا لەو پرۆسەیەدا بە واتای وەرگێڕان و نووسین لە بواری موزیکدا چ گرنگییەك هەیە؟**

بەڵێ، وەك لە وەڵامی پرسیاری پێشووتردا ئاماژەم پێدا، دەکرێت چەند میوزسیۆنێکی کورد لە بواری وەرگێڕانی بابەتە موزیکییە زانستییە جیهانییەکاندا تایبەتمەندی وەرگرن بۆ ئەو مەبەستە، دیارە چەند هەوڵێکی جدیی و زۆرباش





بەدیدەکەین لەو بوارەدا کە سەرجەم هەوڵەکان جێگەی ستایشە، من بۆ خۆشم لەو بوارەدا کتێبێکم لەسەر بۆتەو فۆرمە موزیکییە جیهانییەکان بڵاوکردووەتەوە کە بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکەم هەوڵ و دوا هەوڵم نابێت لەو بوارەدا، پێموایە کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بەو شۆڕشە ڕۆشنبیرییە هەیە لە بواری نووسین و وەرگێڕانی سەرچاوەو میتۆدی موزیکیدا، لە یادیشمان نەچێت کە ئەو هەوڵانەی لەو بوارەدا دراوە، زیاتر هەوڵی تاکەکەسن کە من پێموایە دەبێت دەزگاو دامەزراوەی حکومەت تایبەت بەم لایەنە هەبێت با چیتر فێرخوازانی موزیکمان بێ هیوا نەبن، من نازانم ئەرکی بەڕێوەبەرێتییەکانی موزیکی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە کوردستان چییە؟ بۆ دەبێت سەرجەم تواناو چالاکی وان لە وەدا کۆببێتەوە کە سترانبێژانی دەرەوە بانگهێشتی کوردستان بکەنەوە بۆ سازدانی ئاهەنگی کاتیی کە بەهەڵە بە (کۆنسێرت) بە خەڵکی دەناسێنن، من لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزی زۆرم بۆ سترانبێژانی کوردو بەڕێوبەرێتییەکانی موزیکیش هەیە، خۆ ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لە ئەرکەکانیان!

بەڵام ئەی بنیادنان و پشتگیریکردن لە پرۆژەیەك کەساڵانە چەندین میتۆدی گرنگی خوێندنی موزیك ئامادە بکاتە سەر زمانی کوردی ئەرکی ئەوان نییە؟ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی تایبەت بە موزیك بە گشتیی و موزیکی کوردی بە تایبەتی ئەرکی کێیەو بۆ تا ئێستا بوونی نییە؟ درووستکردنی مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی دەنگە ڕەسەنە کوردییەکان و ئنسترومێنتە موزیکییە دێرینەکان ئەرکی کێیە؟ زۆر شتی تریش!

بەهەرحاڵ من بەهیوام کە گرنگی بە بواری نووسین و وەرگێڕانی بابەتی زانستی موزیك بدرێت، ڕەنگە ئێمەی میوزسیۆنی کورد زۆر لە دوورەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ سەرەداوێکی بابەتە زانستییە موزیکییەکاندا هەبێت، چەندین ژەنیاری لێهاتوو و ئاستبەرزی ئنسترومێنتە موزیکییەکانمان هەیە، بەڵام تەنها سەرچاوەیەکمان نییە بە زمانی کوردی تیشك بخاتە سەر زانستی ئنسترومێنتە موزیکییەکان لە ڕووی ژەنین و تەکنیکی ژەنینی ئنسترومێنتەکەو مەودای دەنگیی و گرنگیی و وەزیفەی لە نێو گروپە موزیکییەکاندا، لە لایەکیترەوە ئەوە زۆر ئنسترومێنتی موزیك هەیە ئێمە نەك زانیاریمان لەسەر لایەنی تیۆریی و چۆنێتی ژەنینییەوە نییە بگرە تەنانەت بە ڕواڵەت سیماو شێوەی ئنسترومێنتەکەشمان نەدیوە.

بە راستی ئەمانە هەمووی خاڵ و پرسیاری جەوهەریی و جدیین کە کاریگەرییان راستەوخۆ بەسەر بزووتنەوەی موزیکی کوردییەوە دەبێت لە ئێستاو لە ئایندەشدا.

***ئەو بێ سەروبەرییەی کە لە کوردستان و تەنانەت لە نێو کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان بەدیدەکرێت لە پەخشکردنی بەرهەمی گۆرانی و موزیکی نازانستی،**

**بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟ ئایا هۆی نەبوونی بابەتی باش و چاك كەمتەرخەمی كێیە؟ كۆمەڵگا یان حكومەت یان دانەری موزیك و میوزسیۆنەكانە؟**

ئازیزم ئەوە بێئاگایی و تەمەڵیی و سستی ئێمەی موزیسیۆنە كە ئەو بێ سەروبەرییەی لە میدیاكاندا خوڵقاندووە، ئەوە دروستبوونی ئەو بۆشاییە گەورەیەیە كە لە پاش راپەڕینەوە بە هۆی ئەوەی كە هەمموو بووینە لێبووك و زورناژەنی تێڤییەكان لە بزربوونی ئێمەدا دەلاقەیەكی گەورە دنیای موزیكی كوردی گرتەوەو ئێستاش رۆژ بەرۆژ ئەو بۆشاییە گەورەیە بە میوزسیۆنی ئەمـاتێورو گۆرانیبێژی بۆنەو ئاهەنگەكان پڕ دەكرێتەوە، بەڵێ، ئەوە غیابی میوزسیۆنە ئەكادیمییەكانە كە ئەمڕۆ لە شاشەی تیڤییەكانەوە مێزگرد بۆ ئەوانە دەبەسترێت كە ئەمڕۆ خۆیان بە داهێنەری بواری موزیكی كوردی دەزانن و ئەوانن كە ئێستا باس لە ئێستاو ئایندەی موزیكی كوردی دەكەن هێندە رێگەیان پێدراوە زۆرجار بێباكانەو زۆر بێ منەت زەربێكی راست و چەپ بەسەر سەرجەم كارو بەرهەمە موزیكییەكانی پێشوودا دێنن، ئەو بەرهەمە موزیكییانەی كە بە توانای میوزسیۆنی جدیی و ئەكادیمی و بە هەوڵی چەندین تیپ و گروپی موزیكی خاوەن ئەزموون درووستبوون.

ئەو ساڵەی كە بە ساڵی هیجرەتی عەقڵ ناسرا كەم نەبوون ئەو توانا و بەهرەمەندە میوزسیۆنانەی كە نیشتمانیان بەجێهێشت و پاش ئەوانیش ئەوی مایەوە میدیای حیزب هەرهەمموویانی بۆ خۆی قۆرخكردو هەر ئەو میوزسیۆنە بەهرەوەرو بەسەلیقانەن كە تا ئەمڕۆش دەستیان لە بەرۆكی تیڤییەكان نابێتەوەو بەجۆرێك ئیدمان بوون بە پیشەكەیان كە وازهێنانیان و گەرانەوەیان بۆ نێو دنیای داهێنان و جوانیی موزیك ستەمە بۆیان، ئەمڕۆ لە پرۆگرامە دووبارەكانی تیڤییە كوردییەكانەوە لە پشت گۆرانیبێژانی سودفەوە تۆ ئەو میوزسیۆنە بەسەلیقانە دەبینیت كە دوێنێ هەڵگری پەیامێك بوون بۆ داهێنان و نوێكاریی، ئەوان بۆ

پێیانوا نەبێت كە گۆرانیبێژێكی پرۆفیشناڵ و دانسقەن كاتێك ئاور بۆ پشتەوەی خۆیان دەدەنەوە میزسیۆنە داهێنەرەكانی دوێنێی نێو بزووتنەوەی موزیكی كوردی دەبینن. ئەو میوزسیۆنانەی مامۆستای پەیمانگەو خوێندكاری كۆلێژی هونەرو بەرێوەبەرو بەرپرسن لە دەزگایەكی هونەریی!!!

ئازیزم خەمی گەورەی ئێمە ئەوەیە راستگۆ نین، ئەگەر كەسێك لەمڕۆدا بە راستگۆیانە لەدەرگای پرسەكان بدات، بەدووری مەزانە رەجم بكرێت و بەهەموو شێوەیەك پەراوێز بخرێت. من بۆ گوناهـ بخەمە ملی كۆمەڵگەیەك كە ئەمڕۆ سەرمەست دەبێت بەو گۆرانی و موزیكەی كتومت و راستەوخۆ كۆپییەكی پاك و تەمیزی توركی و فارسی و عەرەبییە، ئەی كوا داهێنانی ئێمە، ئێمە چیمان خستووەتە سەر خوانی كۆمەڵگە تا ئەوانیش دووره پەرێز بووەستن لە بەرهەمی كاڵ و كرچ، كوا زەمەنی فێستیڤاڵە هونەرییەكان كە بەردەوام ماڵی نوێكاریی و هاوكات بەرهەمی خۆماڵی





بوون و جێ ژوانی ئێمەو گوێگرانمان بوون؟ بۆ چەندین ساڵە چی بۆ گەنجی ئێمە كراوە لە موزیك و گۆرانی، تا ئەوانیش بتوانن جۆرێك لە بەراووردكاریی بكەن و موزیكی رەسەن و موزیكی خوازراو لێك جیاكەنەوە، ئاخر ئەمانە هەمووی پرسیارن ؟!!! ئاخر ئەمانە هێندەیتر ئایندەی موزیكی كوردی بەرەو دارمان دەبات، ئەی حكومەتی هەرێم و لایەنی پەیوەندیدار بۆ هێندە بێباكن و بێ خەم؟؟؟ بۆ ناتوانن ئەم هەمموو دەزگاو بەرێوەبەرێتییانەتان بخەنە بەردەم لێشاوی ئەم هەمموو پرسیارە جەوهەرییانەوبیر لە چارەسەر بكەنەوە؟

نازانم دنیای ئەمڕۆی موزیكی كوردی بۆ هێندە ئاڵۆزبووە، من بۆ خۆم سڵ لەوە دەكەمەوە بەرهەمێكی نوێ درووستبكەم و فرێی دەمە نێو ئەو فەزا دژوارو ئاڵۆزەوە، چونكە دڵنیام لە مردنی خێرای بەرهەمەكەم، من پێموایە هەر بەرهەمێكی موزیك یان گۆرانی كە دەكرێت، پێویستوایە جێگەیەك بۆ خۆی لای كۆمەڵگەو دواتر لە ئەرشیفی موزیكیدا بكاتەوە، پێموایە هەموو بەردەوامییەك لە دنیای هونەردا بەگشتیی دەبێت ئەم پەیامەی لە پشتەوە بێت دەنا بەردەوامیی و كاركردن بۆ خۆی هێندە ستەم نییە لەهەر جێیەكی دنیا بیت، ئێمە زووتر كە بەرهەمێكی موزیكمان دروستدەكرد بۆیە چالاك بووین و مەبەستمان بوو بەردەوام كاربكەین، چونكە دەمان دیت لە ناوەندەكەدا چەندین كارو چالاكی و بەرهەمی باش دێنە نمایشكردن، ئێمەش دەمانخواست لەو بەرهەمە نوێترو جوانتر درووست بكەین، بەردەوام لە كێبركێیەكی هونەریدا بووین، بەڵام ئەمڕۆ ئەو فەزای جوانیی و داهێنانە كوا؟ كوا پێوەرەكانی بەرهەمی باش و خراپ؟ بەهەرحاڵ من ئێستا زۆرجار پێم باشترە میلۆدیی و ئاوازەكانم بۆ خۆم بڵێم!!!!

هەستدەكەم قسەكردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت، من نامەوێت زیاتر بڵێم، چونكە ناتوانم جیا لە راستی شتی دی بڵێم، زۆرجار بەهۆی دركاندنی راستییەكانەوە هەندێك خراپ لێم حاڵیبوون، بۆیە دەخوازم هێندەیتر درێژەی نەدەمێ، نەبادا شعوری كەسانێك بریندابكەم، من هەردەم حورمەت و رێزم هەیە بۆ سەرجەم هاورێ میوزسیۆنەكانم، دڵنیام ئەوەی من دەیڵێم خەمی ئێوەشە.

*** خوێندن لە ئەكادیمیاو پەیمانگەی هونەرەجوانەكان مەرجە بۆ ئەوەی كەسێكی پرۆفیشناڵ و بەتوانامان هەبێت لە بواری موزیكدا؟**

خوێندن بۆخۆی لە بواری هونەر بەگشتیی و موزیك بەتایبەتی بەسەرجەم قۆناغەكانییەوە، هەر لە پەیمانگەوە تا دەگاتە خوێندنە بالاكان، هۆكارێكی زیندووە بۆ برەودان و بەئاگابوون لە زانستە نوێكان، دیارە توانا و سەلیقەی خۆرسكی موزیكیش لایەنێكە كە دەكرێت بەهەند وەرگیرێت و بە گرنگییەوە تێی بڕوانین، بەڵام وەك ئاشكرا بووە هەمموو توانایەكی خۆرسك پێویستییەكی زۆری بە پەروەردەكردن و گەشەسەندن هەیە، ئەمەش بە تەنها لە رێگەی خوێندنەوە دەكرێت، بەڵام خۆ زۆرجاریش روویداوە

کە خوێندن نەیتوانیوە هیچ تواناو سەلیقەیەکی داهێنان و نوێکاریی لە میوزسیۆندا بخولقێنێت، ئەمەش ئاشکرایە بەهۆی ئەوەوە کە ئامادەیی ئەو کەسە بۆخۆی ئامادەییەکی بەردەوام نەبووەو جۆرێك لە تەمەڵیی و بێباکیی وایکردووە کە زۆر میوزسیۆن هەن لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرچووی پەیمانگەو ئەکادیمیای موزیکین، کەچی تواناو سەلیقەی موزیکییان زۆر سنووردارە. بەگشتیی بە بڕوای من خوێندنی موزیك و زانستەکانی بە شێوەیەکی ئەکادیمی واتا ڕۆشنفکربوونی میوزسیۆن و فراوانبوونی مەودای کارو چالاکییە موزیکییەکانی و هەنگاونان بەرەو پرۆفسی و ئاشنابوون بە نهێنییەکانی داهێنان و جوانکاریی لە دنیای موزیکدا.

***ئەی ئاستی پەروەردەیی و زانستی پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان (بەشی موزیك) چۆن دەبینیت لە بواری پەروەردەکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزادا؟**

لە ڕاستیدا من بۆ خۆم یەکێکم لە دەرچووانی بەشی موزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و دواتریش بۆ ماوەی چوار ساڵ مامۆستای بەشی موزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووم. ڕاستە پەیمانگە وێستگەی یەکەمینە بۆ ئاشنابوون بە زانستەکانی موزیك و ناسینی ڕەوت و بزووتنەوەی موزیکی جیهانی، بەڵام هاوکات سەرجەم ئەو بابەت و وانەو میتۆدانەی خوێندن کە لە بەشی موزیکی پەیمانگەدا دەخوێنرێن، سەرەتایەکن و خۆ ئەگەر خوێندنەوەو بەدواداچوونی خوێندکار خۆی لەگەڵ نەبێت، دەرئەنجامێکی بەو شێوەیەی نابێت کە وەك بەڕێزتان دەڵێن کەسی پسپۆڕو شارەزا بەرهەم بهێنێت.

من وەك لە دوورەوە ئاگادارم ئێستا پەیمانگەکانی کوردستان لە ئاستێکی پێویستدا موزیککار بەرهەم ناهێنن، میتۆدەکانی خوێندنیش بە شێوەیەکی گشتیی جێگیر نین و میتۆدی پێویست بە زمانی کوردی نەخراونەتە بەردەست فێرخوازو قوتابیانی موزیك لە پەیمانگە، دواتر ڕەنگە نەبوونی کادیرو مامۆستاش بۆ خۆی یەکێك بێت لە گەورەترین کێشەکان، هەر بۆیە ئاستی وتنەوەی وانەکانیش لە ئاستێکی پێویستدا نین، خۆ ڕەنگە هەوڵی جدیی لەلایەن زۆر لە هاوڕێ میوزسیۆنە مامۆستاکانەوە پیادە بکرێت، بەڵام لە یادمان نەچێت کە زۆرجار ئەزموونی مامۆستایی و فێرکاریی هۆکارێکی گرنگ و بەرچاوە لە پرۆسەی پەروەردەکردنداو بە تایبەتیش پەروەردەکردنی موزیکی. دیارە قۆناغی پەیمانگە لە ئێستادا قۆناغێکی زۆر گرنگ و هەستیارە بۆ میوزسیۆن، ئێستا پاش پەیمانگە لە کوردستاندا ئەگەری بەردەوامبوون و زیاتر قاڵبوون هەیە بۆ فێرخواز لە ڕێگەی ئەکادیمیاوە، بۆیە ئەگەر بنەماکانی پەروەردەو فێرکردن لە پەیمانگە لەسەر ئاستێکی بەرزو پەروەردەیی بێت، دواتر دەکرێت ئەو ئاستە بەرزە بەردەوامیی پێبدرێت لە کۆلێژو بە ئاقارێکی زۆر باشترو گەشەدارتردا ببرێت.



*** بیستوومانە ماوەیەکە سەرقاڵی تۆمارکردنی بەرهەمێکی ئۆرکسترالیت بۆ کارەساتی (ئەنفال)، دەکرێت بە هێڵە گشتییەکانی ئەم بەرهەمەمان ئاشنا بکەیت؟ ئەی ڕات چییە بەرامبەر قسەی ئەو کەسانەی کە پێیانوایە لە نێو کەلتوورو ڕۆشنبیریی کوردی و هونەری کوردیشدا کەمتر کار بۆ ئەم کارەساتە کراوەو کارکردنەکان لە ئاستی گەورەیی ئەو کارەساتەدا نەبووە؟**

بەڵێ، لەڕاستیدا من هێشتا نەگەیومەتە قۆناغی تۆمارکردنی ئەو کارە، ئەمە پرۆژەیەکی گەورەی منەو پاش چەند ساڵێك لە بێدەنگی خوازیارم بتوانم لە (گۆڕستانی چراکان)دا حیکایەتی (ئەنفال)ی کوردان بە موزیك و ستران بگێڕمەوە. بیرۆکەی کارەکە درووستکردنی کارێکی موزیکی کۆراڵی و کەرنەڤاڵی دەنگییە، کە دەخوازم بە هاوبەشی ئۆرکسترایەکی سیمفۆنی و لە ئاستێکی بەرزو شیاودا بێتە ئەنجام، دیارە بەرهەمەکە لە چەند تێکستێکی ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)ی مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) وەرگیراوە، لەم بەرهەمەدا موزیك و دەنگ هاوتای یەك، ڕۆڵیان دەبێت و چەند دەنگێکی جیای سترانبێژان میلۆدی گۆرانییەکان دەبێژن. ئەوەی ماوە بیڵێم من خودی خۆم توانای ئەوەم نییە لە ڕووی تێچوونەوە ئەم بەرهەمە ئەنجام بدەم، دیارە کارێکی بەم شێوەیە تەنها بەو ئیمکانیات و توانەیە فەراهەم دەبێت کە لە ئەورووپا لەبەردەستدایە، هەربۆیە ئەم کارەم کردووەتە پرۆژەیەك و پرۆژەکەم خستووەتە بەردەست وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانم، دیارە لە نزیکەوە بەڕێز مامۆستا (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری ڕۆشنبیریی بیرۆکەی ئەم بەرهەمەی زۆر پێ پەسەندەو پشتگیریی تەواوی کردووە، دواجار بزانین وەڵامی حکومەت چی دەبێت. بەهەرحاڵ ئەم بەرهەمە خەونی چەندین ساڵەی منەو بە هیوام بتوانم جێبەجێی بکەم.

بەڵێ، من پێموایە لێرەو لەوێ هەندێك کار بۆ کارەساتی (ئەنفال) کراوە، بەڵام هاوکات پێموایە کە تا ئێستا لە بواری هونەرو ڕۆشنبیریی کوردیدا جگە لە ڕۆمانە شیعرییەکەی کاك (شێرکۆ)و جگە لە قەسیدەی (وەرزە ئاڵەکانی عەدەم)ی هاوڕێم (جەمال غەمبار)و جگە لە چرپە خەمناکەکەی هاوکارم (دیاری قەرەداغی) چ کارێکی وا نەکراوە لەئاست گەورەیی ئەو کارەساتەدا، دەبێت خوێندنەوەی کەلتوورو هونەرو ڕۆشنبیریی کوردی خوێندنەوەیەکی زۆر زۆر لەوە قووڵترو فراوانتربێت کە تائێستا بۆ ئەم مەرگەساتە وتراوە.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا سوپاس و خۆشەویستیم بۆ ئێوەی ئازیزو هیوادارم بە درکاندنی ڕاستییەکان دڵی کەسم نەڕەنجاندبێت، ئێمە دەبێت هەردەم دەست بخەینە سەر برینەکان تا توانای سارێژکردنیانمان هەبێت، دووبارە سوپاس بۆ بەڕێزتان.

# موعجیزەی سینەما

و. دلێر محەمەد

لەسەرەتادا من پێموابوو کە خامۆشکردنی گڵۆپەکان لەهۆڵی سینەمادا بۆ ئەوەیە ئێمەی بینەرو جەماوەر لەتواناماندا بێت بەشێوەیەکی چاکتر تەماشای وێنە جووڵاوەکانی سەر شاشەکە بکەین، پاشان کە بەقووڵی و سەرنجەوە سەیری بینەرەکانم کرد کە لەسەر کورسییەکانیان بەدڵخۆشی و ئارامییەوە دانیشتبوون، تێگەیشتم کە فاکتەرێکی گەلێ گرنگتر لەخامۆشکردنی رووناکییەکەدا بوونی هەیە: تاریکی ناو هۆڵەکە ئەوەی بۆ هەر بینەرێك (وەرگرێك) دەڕەخساند، کە خۆی لەوانیدیکە گۆشەگیربکات و ببێتە بینەرێکی تەنیا.. واتە ئەو لەهەمانکاتدا دەکرا لەگەڵ ئەوانیترو دووریش بێت لێیانەوە.

❊❊❊

کاتێك جیهانی فیلمێك بۆ تاکەکان لەبینەران و جەماوەر کەشف دەکەین، ئەوا هەر یەکێك لەوان فێردەبێت کە جیهانی تایبەتی خۆی لەڕێگەی غەریزەکانی و دەوڵەمەندی ئەزموونە تایبەتەکەیەوە بخولقێنێت.

❊❊❊



وەك فیلمسازێك، من پشت بەم دەستێوەردانە ئەفرێنەرە دەبەستم، ئەگینا لەهەندێك لایەنی ترەوە، هەم فیلم و هەم جەماوەر پێکەوە لەناو دەچن، چیرۆکە کامڵەکان کە هیچ خەوش و کەموکوڕییان تێدا نەبێت و خۆیان لەسەر ئاستێکی ئایدیالی و نموونەیی پێشکەشبکەن، بەدەست یەك کەموکوڕی سەرەکییەوە دەناڵێنن: ئەویش ئەوەیە کە لەسەر ئاستێکی باش کاردەکەن، بەجۆرێك کە هیچ هاتنە ناوەوەو بەشدارییەك بۆ بینەرو وەرگر ناڕەخسێنن.

ئە وفیلمانەی کە لەناوەڕۆکدا هیچ چیرۆکێك لەخۆناگرن، لەلای جەماوەرو بینەر، ڕەواجێکی زۆریان نییە، ئەمە راستی و حەقیقەتە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمانشێوە چیرۆکیش پێویستی بەکەلێن و بۆشاییەکان هەیە، پێوەرگەلێکی خاڵی، وەك ئەو بۆشاییانەی کە لەگەمەی تانوپۆ (كلمات متقاطعة)دا پەی پێدەبەین، بۆشاییگەلێك کە پێویستە لەسەر جەماوەرو بینەر خۆی پڕیان بکاتەوە، وشەی پێویستیان بۆ زیادبکات، یاخود بیاندۆزێتەوە، وەك کارێك کە پشکنەری تایبەت لەفیلمە پۆلیسییەکاندا دەیکات.

من بڕوام بەو نموونەیە هەیە لەسینەمادا، کە کۆمەڵێك ئەگەرو گریمانەی گەورەو کاتێکی فراوان دەبەخشێت بەجەماوەرو بینەران، ئەمەش سینەمایەکی فەراهەمکراوە بەشێوەیەکی پەرتی، سینەمایەکی نوقسانە کە کامڵبوونی خۆی لەڕێگەی ڕۆحی خولقێنەرەوە لەلای جەماوەری بینەر دەستەبەردەکات، سینەمایەك کە بەسەر سەدان فیلمدا دەکشێت، ئەمەش سینەمایەکە، کە سەر بەتاکگەلێکە لەجەماوەری بینەرو لەگەڵ جیهانی ئەوانیشدا دەگونجێت.

❊❊❊

جیهانی هەموو بەرهەمێك، هەموو فیلمێك، حەقیقەتێکی نوێ دەخاتەڕوو، لەهۆڵی تاریکی سینەمادا، ئێمە هەلێك دەبەخشین بەهەموو کەسێك بۆ ئەوەی خەون ببینێت و بەئازادیش گوزارشت لەخەونەکەی بکات، ئەگەر هونەر بتوانێت سەرکەوتووبێت لەگۆڕینی شتەکان و پێشنیازکردنی بیرۆکەی تازەدا، ئەوا ناتوانێت ئەمە دەستەبەر بکات، تەنیا بەیارمەتی ئەو وزە داهێنەرە خولقێنەرەی لای وەرگرو جەماوەر نەبێت کە ئێمە دەیدوێنین و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەین، ئاراستەی هەموو تاکێك لەجەماوەری بینەر دەکەین.

❊❊❊

لەنێوان جیهانی ئەفرێنراو و خەیاڵی هونەرمەندو جیهانی کەسێکدا کە قسەی لەگەڵدا دەکات و دەیدوێنێت، ڕێککەوتنێکی تۆکمەو هەمیشەیی لەئارادایە، هونەر ڕێگە خۆشدەکات بۆ تاکەکەس کە حەقیقەتەکەی بەپێی ئاواتەکان و پێوەرەکانی خۆی بخولقێنێت، هەروەها هونەر ئەوەشی بۆ دەڕەخسێنێت کە راستییە سەپێنراوەکانی تر

ڕەتبکاتەوە، هونەر هەڵێکیش دەبەخشێتە هەموو هونەرمەندێك و جەماوەرەکەی بۆ بوون بەخاوەنی ڕوانینێکی گەلێك ورد بۆ حەقیقەتی پەردەپۆشکراوی ئەودیوی ئازارو خەمەکان، کە هەموو ڕۆژێك کەسانی ئاسایی دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرمدەکەن یاخود ئەزموونی دەکەن.

پابەندبوونی فیلمساز لەهەوڵی گۆڕینی ژیانی ڕۆژانـەدا ناکرێت بکاتە ئاستی فەراهەمبوون، تەنیا لەڕێگەی بەشداریکردنی جەماوەرەوە نەبێت، هەروەها جەماوەریش ناکرێت چالاك و کاریگەربێت، بەتەنیا گەر فیلمەکە جیهانێکی سەرشارو لێوان لێو لەناکۆکی و دژایەتییەکان بخولقێنێت کە لەتوانای ئەو جەماوەرەدا بێت، پێی هۆشیاربێت و درکی پێبکات.

***

فۆرمەکە ئاسانە: جیهانێك هەیە کە بەجیهانێکی ڕاستەقینەی دادەنێین، بەڵام بەشێوەیەکی هەمەکی جیهانێکی نادادپەروەرە، ئەم جیهانە بەرهەمی هزرمان نییەو گونجاو نییە بۆمان، یاخود هەموومان بەهەمان پلە ڕازی ناکات، بەڵام لەڕێگەی تەکنیکە سینەماییەکانەوە ئێمە جیهانێك دەخولقێنین کە بەسەدجار زیاتر لەجیهانی دەوروبەرمان، ڕاستەقینەترو دادپەروەرانە ترە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە جیهانەکەی ئێمە وێنەیەکی ساختە بۆ عەدالەت دەخاتەڕوو، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، جیهانەکەی ئێمە، جیهانێکە لەسەر ئاراستەیەکی باشتردا، تیشکێکی بەهێز دەخاتەسەر جیاوازییە باڵادەستەکانی نێوان جیهانە ئایدیالەکەی ئێمەو جیهانی واقیعی، لەناو ئەم جیهانەدا ئێمە دەربارەی ئومێدو خەم و خەفەت و خۆشەویستی دەدوێین.

***

سینەما پەنجەرەیەکە، کە دەڕوانێت بەسەر خەونەکانماندا، لەڕێگەی ئەویشەوە بەشێوەیەکی ئاسانتر خۆمان دەناسین، بەیارمەتی مەعریفەو سۆزو خۆشەویستی بەدەستهێنراو، ئێمە ژیان دەگۆڕین بەپێی مەودای سوودمەندییەکەی بۆ خەونەکانمان.

***

کورسی ناو هۆڵی سینەما، خاوەنی هاوکارییەکی گەورەترە لەکورسی کەسی دەرونشیکار، بەدانیشتنمان لەسەر کورسییەکانمان لەناو هۆڵی سینەمادا، ئێمە لەگەڵ هۆکارو ئامرازە تایبەتییەکانماندا بەجێهێڵراوین، ئەم جێگایە لەوانەیە تاکە شوێنێك بێت کە دەکرێت ئێمە بەشێوەیەکی توند پێیەوە پەیوەستبین، لەهەمانکاتیشدا دەکرێت ئێمە لەم جێگایەشدا دووربین لەیەکترییەوە: هەر ئەمەش بریتییە لەموعجیزەی سینەما، لەسەدەی داهاتووی سینەمادا*، ڕێزگرتنی جەماوەر (بینەر) وەك ڕەگەزێکی بونیادنەرو هاوسەنگی زەین، کارێکی بەڵگەنەویستە کە ئەستەمە فەرامۆشبکرێت، بۆ دەستەبەرکردنی ئەمەش، لەوانەیە پێویستبێت لەسەر مرۆڤ کە دووربکەوێتەوە لەو بیرۆکە گشتییە، کە بەسیفەتی دادوەری ڕەها تەماشای جەماور (بینەر) دەکات، هەروەها پێویستە لەسەر دەرهێنەریش کە ببێتە یەکێك لەبینەرانی فیلمەکەی خۆی..

***

بۆ ماوەی سەد ساڵە، کە سینەما دەبەسترێتەوە بەفیلمسازو دروستکەرانی فیلمەوە، لێگەڕێن ئومێدەواربین، کە بۆ ئێمە کاتی ئەوە هاتووە، تاکو جەماوەرو بینەر لەسەدەی دووەمی سینەمادا بەشداربکەین..



*پەراوێز: مەبەستی عەباسی کیاروستەمی لەسەدەی داهاتوو ئەم سەدەیەیە کە تێیدا دەژین، چونکە ناوبراو ئەم وتارەی لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و دروست لەساڵی ١٩٩٥دا، بەبۆنەی یادی سەدساڵەی سینەماوە لەشاری پاریس نووسیووە.

*سەرچاوە:

نووسینی/ عەباس کیارستمی

ماڵپەڕی عەرەبی (الجهة)

www.jehat.com



هونەر

# دەستگیرکردنی پۆلانسکی، سینەماکاران دووچاری شۆك دەكات

ئامادەکردنی: چنور محەمەد

بە بڕوای زۆربەی رەخنەگران و رووناکبیران و بینەرانی سینەمای جیهان، رۆمان پۆلانسکی بە یەکێك لە داهێنەرترین و بەناوبانگترین دەرهێنەرانی سینەمای جیهان ریزبەند دەکرێت.

ئەم هونەرمەندە لە خێزانێکی جوولەکە لە ساڵی ١٩٣٣هاتووەتە دنیاوە، پاش ئەوەی نازییەکان پۆڵەندا داگیردەکەن، باوکی بە ناچاریی پۆلانسکی منداڵ دەسپێرێت، بە خێزانێکی جوتیاری پوڵەندی، بۆخۆیشی بە نارەحەتییەکی زۆر لە دەستی نازییەکان هەڵدێت، بەڵام دایکی دەستگیر دەکرێت و وەك هەزاران جوولەکە لە ئۆشویتز رەوانەی مەرگ دەکرێت، هەڵبەت رێڕەوی کاری هونەریی پۆلانسکی چ وەك





نواندن و دواتریش وەك دەرهێنەریکی ناوازە لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو بە دواوە دەستپێدەکات و تاهەنووکەش خاوەنی چەندین بەرهەمی قووڵ و جیدییە لە هەردوو بواری نواندن و دەرهێناندا، یەکەمین فیلمی درێژی کە سەرنجی رەخنەگران و سینەماکارانی بەلای ئەودا راکێشا بریتیبوو لە فیلمی (چەقۆ لە ناو ئاودا)، کە لە ساڵی ١٩٦١و لە پۆڵەندا بەرهەمهێنرا، دواتریش کاری دەرهێنانی بۆ گەلێك فیلمی تری وەك (بێزاریی، کۆرپەی رۆزماری، ماکبێس، شارۆچکەی شینا، چەتەکانی دەریا، پیانۆژەن و ئۆلیڤەرتویست و... هتد) ئەنجامداوە.

## پۆلانسکی، بۆ دەستگیرکرا؟

دەرهێنەری پۆڵەندی جوولەکە پۆلانسکی بە مەبەستی رێزلێنان لە بەرامبەر سەرجەم بەرهەمەکانیدا، لەلایەن فێستیڤاڵی فیلمی (زوریخ)ی سویسری رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٦ لە فەرەنساوە رووەدەکاتە وڵاتی سویسرا، کاتێك کە دەگاتە فڕۆکەخانەی زوریخ دەستبەجێ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە، لەسەر داوای وەزارەتی دادی ئەمریکا دەستگیری دەکەن، هۆکاری دەستگیرکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تۆمەتێکی ساڵخوردەی ساڵی ١٩٧٧ کە مومارەسەی سێکسی نایاسایی لەگەڵ کچێکی تەمەن سیانزە ساڵەی ئەمریکیدا کردبوو. کە لەو سەردەمەداو لەسەروبەندی دەرچوونی سزای دەستگیرکردنەکەیدا بە شێوەیەکی فەرمی لە ئەمریکا هەڵاتووەو لە فەرەنسا نیشتەجێ بووە، چونکە پێیوابووە، کە دادوەری کەیسەکەی پەنجا ساڵ حوکومی بەسەردا دەدات، هەڵبەت پۆلانسکی بۆخۆشی دانی بە تاوانەکەیداناوە. لەم بارەیەوە فۆڵکۆ جالی وتەبێژ بە ناوی وەزارەتی دادی سویسرییەوە دەڵێت: لە روانگەی ئێمەدا هێشتا مەترسییەکی گەورە لە تواناو ئەگەری هەڵاتنی ئەم دەرهێنەردا هەیە، هەر بۆیە رزگارکردنی بەپێی کەفالەتی ماددی یاخود بەپێی هەر رێوشیوێنێکی دیکەی یاسایی ناکرێت زەمانەتی ئامادەبوونی پۆلانسکی مسۆگەر بکات، لە کاتی چاوخشاندنەوە بە تەسلیمکردنەوەی دۆسیەکەیدا. پاشان ناوبراو دەڵێت: نووسینگەی وەزارەتی داد داوا لە دەستەی دادگای سویسری دەکات، کە هەموو هەوڵ و پەیوەندییەك رەتبکاتەوە بۆ رزگارکردنی ئەم دەرهێنەرە، بەپێی ئاژانسی سی ئێن ئێن ئەمریکاش، ئەم تۆمەتەی لە ساڵی ١٩٧٧دا رووبەرووی ئەم دەرهێنەرە کردووەتەوە پاش دڵنیا بوونی دادگاو سەلماندنی تۆمەتەکەی، بەڵام سەرەڕای نارەزایەتییە هونەریی و رووناکبیریی و تەنانەت سیاسییەکانیش

هێشتا بە دڵنیاییی نازانرێت، کە ناوبراو تەسلیم بە ئەمریکا دەکرێتەوە یاخود نا، بۆئەوەی بە سزای یاسایی خۆی بگات. وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا سینەماکاران و بڕێك لە سیاسییەکان لەسەر ئاستی جیهانی داوای ئازادکردنی ئەم دەرهێنەرە دەکەن، لەم بارەیەوە هەندێك دەرهێنەرو سینەماکاری ناودار یاداشتێکیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی سویسرا کردووە، بە مەبەستی بە پەلە ئازادکردنی پۆلانسکی لە نێو ئەوانەشدا کە یاداشتنامەکەیان واژۆکردووە، ناوی گەلێك دەرهێنەرو سینەماکاری جیهانی ناوداری وەك (کۆستاگافراس، وۆنگ کار، مۆنیکا بیلۆچی، ئیتۆری سکۆلاو، جۆزێف تۆرناتۆری و ... هتد) بەدیدەکرێت. هەروەها کۆمەڵەی سویسری بۆ نووسەرانی سیناریۆو دەرهێنەرانی فیلم ئیدانەی ئەم ئابڕوچوونە دادوەرییەیان کردووەو پێیانوایە، کە پێگەی سویسرای لەسەر ئاستی جیهان لەکەدارکردووە. دەربارەی هەمان کێشە چەند سیاسەتمەدارێك لە هەوڵی ئازادکردنی پۆلانسکیدان، فردریك میتەران-ی وەزیری رۆشنبیری فەرەنسا لە یەکەمین کاردانەوەیدا رایگەیاند، کە بۆخۆی دووچاری شۆك و هێدمە بووە، کاتێك کە گوێبیستی هەواڵی دەستگیرکردنی ئەم دەرهێنەرە بووە لە سویسرا، ئەویش لەبەرامبەر دۆزێکی کۆن و بێمانادا، پاشان دەڵێت: سەرۆك سارکۆزی بە بایەخێکی گەورەوە چاودێریی ئەم کەیسە دەکات و تەمەننای چارەسەرێکی خێراشی بۆ دەکات، هەر لەم بارەیەوە هەردوو وەزیری دەرەوەی پۆڵەنداو فەرەنسا نامەیەکیان ئاراستەی هیلاری کلنتۆن-ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کردووەو داوای ئازادکردنی ئەم سینەماکارە داهێنەرەیان کردووە، بەڵام خاتوو هیلاری لە وەڵامدا پێیوایە، کە دۆزەکەی پۆلانسکی تایبەتە بە بواری دادوەرییەوە.

بەڕای چاودێران ئەوەی زیاترجێگای سەرسامیە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە، کە پۆلانسکی لە رابردوودا چەندینجار سەردانی سویسرای کردووە بەبێ هیچ جۆرە کێشەیەك، تەنانەت لە هاوینەهەوارێکی ئەو وڵاتەشدا ڤێللای خۆی هەیە.

بۆیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە بۆچی سویسرا پێشتر ئەم دەرهێنەرەیان دەستگیر نەکردووە، خاتوو ئیڤیلین ڤێڵدمەر-ی وەزیری دادی سویسرا دەڵێت: جگە لە دەستگیرکردن هیچ چارەسەرێکی دیکە لەبەردەمدا نەبووە، سەرەڕای ئەمەش دەڵێت: دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی لە رابردوودا ئەم پلانەی رووبەڕوو نەکراوەتەوە، هەروەها لە رابردووشدا پێشوەخت ئاگاداری سەردان و هاتوچۆکانی دەرهێنەری ناوبراو نەبوون.





## سەرنجێك لەمەڕ فیلمی پیانۆژەن

ئاشکرایە سینەمای پۆلانسکی بە فرەچەشنی بابەت و پشتبەستنی بە سیناریۆگەلی جیاواز جیادەکرێتەوە بۆ نموونە، ئەو جیهانی دراکۆلا بە شێوەیەکی کۆمیدی و تەنزئامێز لە یەکێك لە بەرهەمەکانیدا دەخاتە روو، پاشان لە فیلمی (کۆرپەی رۆزماری)دا روودەکاتە فەزای فیلمە ترسناك و تۆقێنەرەکان، هەروەها لە فیلمی (ماکبێس)یشدا جیهانی تراژیدی نمایشدەکات و دواتریش بە فیلمی (کرێگرتە) جارێکیتر دەگەڕێتەوە سەر فیلمە ترسناکەکان، بەڵام بە رووپۆشێك لە ورووژاندن و ئاڵۆزییەوە. بە فیلمی (Tess)یش دەگوازێتەوە نێو جیهانی رۆمانسیەت، بە هاوکاری ئەکتەری کۆمیدی ئەمریکی واڵتەرماسێۆ لەساڵی ١٩٨٦دا روو لە جیهانی کۆمیدیی دەکات و فیلمە تەنزئامێزییەکەی بە ناوی (چەتەکانی دەریا)وە بەرهەم دەهێنێت. لە دوا ساڵی سەدەی رابردووشدا بە فیلمی (دەروازەی نۆیەم) سەر لە نوێ دەگەڕێتەوە نێو فەزای فیلمە ترسناکەکان.

هەرچی فیلمی (پیانۆژەن ٢٠٠٢)ە زۆرترین خەڵات و ناوبانگی بۆ دەرهێنەرو ستافەکەشی دەستەبەرکردووە، سیناریۆکەی لە ژیاننامەی پیانۆژەنێکی جوولەکەی پۆڵەندی بە ناوی (فاڵدیك ساسبیلمان)ەوە، کە ئەکتەری بەناوبانگ (ئەدریان برۆدی) رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم فیلمەدا دەرهێنەر بە شێوەیەك لە شێوەکان ویستویەتی لە رێگەی تراژیدیای تاکە کەسێکی هونەرمەندی جوولەکەوە گوزارشت لەو مەرگەساتەی قڕکردنی جوولەکەکان بکات، کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لەسەر دەستی نازییەکان دووچاری بوون، دیارە لە سەرنجێکی خێراو سەرپێیی فیلمەکەدا دەکرێت بڵێین، ئەم فیلمە دابەشکراوە بەسەر سێ قۆناغی گێڕانەوەی وێنەییدا، واتە لە چلوپێنج خولەکی یەکەمی فیلمەکەدا بینەر ئاشنای ئەو تراژیدیە گشتییە دەبێت، کە جوولەکەکان بە گشتیی و جوولەکەکانی پۆڵەندا بە تایبەتی لە سەردەستی نازییەکان رووبەڕووی دەبنەوە، پاش ئەوەی شاری وارشۆ داگیردەکەن. واتە لە کۆی ئەم قۆناغەدا گێڕانەوە تەنیا تایبەت نییە بە کارەکتەری سەرەکی کە لە دیمەنی یەکەم و دوا دیمەنی فیلمەکەدا سەرقاڵی عەزفکردنی پیانۆکەیەتی، بە کورتی دەرهێنەر لەم قۆناغەدا دەیەوێت ئەو بیرۆکەیە بگەیەنێتە بینەر، کەوا ئەو تراژیدیاو ئازارەی (ساسیبلمان) دووچاری دەبێت، بەهای نییە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بخرێتە ناو سیاقی تراژیدیای گشتیی جوولەکەکانەوە لە هۆڵۆکۆستدا، کە خێزانی پیانۆژەنەکەش

یەکێك بووە لەو هەزاران خێزانەی کە دووچاری هەمان تراژیدیا بوونەتەوە. بەم پێیە تێدەگەین کە چل خولەکی سەرەتای فیلمەکە نمایشکردنی وێنەیەکی سەراپاگیرە بۆ کۆی تراژیدیای جوولەکەکان، بەڵام ئەوەی کە لە دیمەنی یەکەمدا وەك شتێکی بنەڕەتی دەبینرێت گوێپێنەدانی کارەکتەری سەرەکیە بە بۆردوومانی نازییەکان بۆ شاری وارشۆ، ئەو کاتەی کە لە رادیۆیەکی پۆڵەندیدایەو سەرقاڵی ژەندنی پیانۆیە، تەنانەت بۆردوومانەکەش، کە هەواڵی هاتنە ناوەوەی نازییەکان رادەگەیەنێت، نابێتە مایەی ئەوەی، کە ئەم کارکتەرە دەستبەرداری پیانۆژەندنەکەی بێت، بەڵکو ئەو بە زەردەخەنەوە درێژە بە عەزفەکەی دەدات، هەر ئەمەش پاڵنەری سەرەکی ئەو دەربڕینەیەتی، کە پاشان دەڵێت: (پێویستە هەمیشە سەیری لایەنی پۆزەتیڤی شتەکان بکەین)، هەر سەبارەت بە قۆناغی یەکەم ناکرێت ئەوە لەبیر بکەین، کە لە رەهەندێکی تردا دەرهێنەر لە رێگەی هەڵچوون و کارتێکردنەوە هەوڵی ئامادەکردنی سایکۆلۆژیانەی وەرگرو بینەر دەدات، ئەویش بەهۆی پیشاندانی چەندین دیمەنی تراژیدییەوە، کە رووبەڕووی ژنان و پیاوان و تەنانەت منداڵانی جوولەکەش دەبێتەوە، کۆی ئەم دیمەنە تراژیدییانەش بە وریاییەوە نمایشکراون، ئیدی لە دیمەنی کوشتنی توندڕەوانەی ئافرەتێکەوە بیگرە تاوەکو تەقەکردن لە منداڵێك و ئیهانەکردن بە پیرەمێردێك و ... هتد.

هەرچی قۆناغی دووەمی فیلمەکەیە، بە راگواستنی جوولەکەکان دەستپێدەکات و لە قوتاربوونی پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکەدا بەرجەستە دەبێت بە شێوەیەکی نارەحەت و ئەستەم لە راگواستن، دیمەنی بە هێزی ئەم قۆناغە ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت، کە کامێرا دەچێتە سەر (ساسبیلمان)، کە بە تەنیا لە پەنا دیوارە دارماوەکانەوە وەستاوەو وەك خاڵی ناو فەزایەکی وێرانە دەردەکەوێت، کە ئاسمانەکەی بە هەورو دووکەڵێکی خۆڵەمێشی تەنراوە.

دوا قۆناغی فیلمەکەش بە دەرکەوتنی ئەو ئەفسەرە ئەڵمانییە دەستپێدەکات، کە لەگەڵ پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکەدا هاوسۆزە، ئەمەش پاش ئەوەی کە گوێبیستی عەزفی پیانۆکەی ئەم کاراکتەرە دەبێتو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی مۆرکی غەمناك و رۆحانی مۆسیقاکەیەوە، دەرهێنەر بەم هاوسۆزییە لە فیلمەکەدا، لەلایەك وەك لەبەینچوونی بەشێك لە ئازارەکانی پیانۆژەنەکە وێنادەکات، لەلایەکی تریشەوە بەم هاوسۆزییە دەیەوێت ئەوە بسەلێنێت، کە هەموو نازییەکان دڵڕق و بێبەزەیی نەبوون، دواجاریش کە سوپای سوری روسیا شاری وارشۆ لە دەستی نازییەکان رزگار دەکات،





ئیدی لە دوا دیمەندا پیانۆژەنەکە دەچێتەوە ناو باڵەخانەی هەمان رادیۆو وەك یەکەمین دیمەن دەست بە ژەندنی پیانۆکەی دەکاتەوە.

دواجار فیلمی پیانۆژەن چەندین خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەماییە جیهانییەکاندا بەدەستهێناوە، کە گرنگترینیان بریتین لەم خەڵاتانە:

*خەڵاتی ئۆسکاری وەك باشترین دەرهێنان و باشترین ئەکتەر لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەدەستهێنا.

*خەڵاتی باشترین فیلمی بەدەستهێنا لە فێستیڤاڵی کان-ی ٢٠٠٢دا.

ئەمە سەرەڕای چەندین خەڵاتی دیکەش...

**سەرچاوە:**

١- قضية رومان بولانسكي، الاخبار والمقالات google.

٢-الشرق الاوسط.

٣- سايتي بی بی سی.

٤-راديو فردا.

**دەتوانیت گۆڤاری هەنار لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:**

www.dengekan.com
www.chrakan.com
www.chra.tv



نرخی ١٠٠٠ دینارە